# شانۆنامه و گفتوگۆ

ناوی کتێب: شانۆنامە و گفتوگۆ
نووسینی: کۆمەڵێ نووسەر
وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
بابەت: شانۆ
پێداچوونەوەی زمانەوانی: نەورۆز حاجی سەیدگوڵ
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 4500 دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی 2012
کوردستان ــ سلێمانی
**www.serdam.org**
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە: **kteb@serdam.org**
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە (1152) ی ساڵی 2012 پێدراوە

**(مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە)**

# شانۆنامە و گفتوگۆ

**(سامۆئێل بێکیت – ئێدوارد ئەلبی – ئۆجین ئۆنێڵ– دۆن ئیلیلۆ**
**بێتی کێڵەر – هارۆڵد پینتەر – ئۆجین یۆنیسکۆ – هۆمەر هانسن)**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:**

## عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**سلێمانی 2012** 201122222

# ناواخن


1- پێشکەشە 7
2- دەستپێک 9
3- شانۆگەری وەرە و برۆ- سامۆئیل بێکێت 17
4- شانۆگەری هەناسە- سامۆئیل بێکێت 24
5- شانۆگەری کارەسات- سامۆئیل بێکێت 26
6- شانۆگەری چی؟ کوێ؟- سامۆئیل بێکێت 35
7- شانۆگەری پێش قاوەڵتی- ئۆجین ئۆنێڵ 51
8- شانۆگەری ئاهەنگی چا خواردنەوە- بێتی کێڵەر 72
9- شانۆگەری کەلێن- ئۆجین یۆنسکۆ 88
10- شانۆگەری ساغکردنەوەی دوایین دانە- هارۆڵد پینتەر 105
11- شانۆگەری ڕەش و سپی- هارۆڵد پینتەر 110
12- شانۆگەری سندوقی لم- ئێدوارد ئەلبی 119
13- شانۆگەری مەرگی بەسێ سمیس- ئێدوارد ئەلبی 131
14- شانۆگەری ناودار و لاو- ئێدوارد ئەلبی 183
15- شانۆگەری نهێنییەک لەناوجەرگەی ژیانێکی ئاساییدا – دۆن دیلیلۆ 198
16- شانۆگەری کۆمەڵگە - هۆمەر مانسن 204
17- چاوپێکەوتنی ئەندریە بێکا لەگەڵ شانۆنامەنووسی کەنەدی ئێڵن چۆڕلی 217
18- چاوپێکەوتنی مایک کوڵمان لەگەڵ شانۆنامەنووسی ئەمریکی ئەمیری بەراکە 223
19- چاوپێکەوتنی سارا کاسیدی لەگەڵ ئان – ماری 233

مەكدۆناڵد
20- چاوپێكەوتن لەگەڵ شانۆنامەنووسی كەنەدی ڕۆن مۆرین 239
21- چاوپێكەوتنی ستیڤن دروكمان لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی 249
22- چاوپێكەوتنی تینا – تارا پێترۆڤا لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی 257
23- چاوپێكەوتنی ئەكادیمیای دەستكەوتی ئەمەریكی لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی 262
24- چاوپێكەوتنی بێری فۆكس لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی 283
25- پرۆفایلی عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) 292

# پێشکەشە

*** بە نووسەری شانۆگەری " خۆشەویستی ئەبیدۆس" یەکەمین شانۆگەری میسۆدۆلۆژی لە مێژوودا، کە لە میسر هاتۆتە نمایش کردن.**

*** بە تیسپیس یەکەمین ئەکتەر و یەکەمین شانۆنامەنووس لە مێژووی مرۆڤایەتی.**

# پێشگۆتن

سـەرەتا ئەمەوێـت ئەوە بڵـێم، مەبەسـت لەم پێشـگۆتنە ناسـاندنی نووسەرانی ناو ئەم کتێـبە نیـیە، ئەو نووسـەرانەی کە خـوێنەر لەم کتێـبەدا ڕووبەڕوویـان دەبێـتەوە نەک هەر نەناسـراو نـین، بەڵکـو هەنـدێکیان لەهەرە ناودارەکانی دونیای نووسین و شانۆن. ئێدوارد ئەلبـی و سـامۆئێل بێکیـت و ئـۆجین ئۆنێـل و هارۆڵـد پینـتەر لەئاسـتی جیهانـدا هێنـدە ناسـراون کە نە پێویسـتیان بە کەسـێکی وەکـو مـنە بیانناسـێنێت و نەمنـیش بەنیـازم لەم پێشگۆتنەدا ئەو شانۆنامەنووسانە بخەمە بەر بـاس و لێکـۆڵینەوەی هـونەری و بونیـادی. ئامـانج لەم کـورتە پێشـگۆتنە باسـکردنێکی کـورتی چـۆنیەتی دروستبوونی ئەم کتێبەیە.

ئەم کتێـبە بـریتییە لە چـواردە شـانۆگەری و هەشـت چـاوپێکەوتن کە لە سـەرچاوەی جیاجیـاوە وەرمگێـڕاون و پاشـانیش بە هـۆی گەڕان لەسـەر تـۆڕی ئەنتەرنێت هەوڵم داوە کورتەیەک لەژیاننـامەی ئەو نووسـەرانەش پەیـدا بـکەم و وەریـان بگێـڕم. سـەرەتا ئەم کتێـبە دوو کتێـب بـوو، شـانۆگەرییەکانی ئێـدوارد ئەلبـی کە کتێبێکـی سـەربەخۆیە و وەرمگێـرا و دواتـریش چـوار چـاوپێکەوتنی ئێـدوارد ئەلبـیم وەرگێـڕا و لەشـێوەی کتێبێـک ئامـادەم کـرد بـۆ چـاپ. شـانۆگەرییەکانی تـریش کە لێـرە و لەوێ وەرمگێڕابـوون و لەهەنـدێ ڕۆژنـامە و گۆڤاری کوردیدا بڵاو ببوونەوە ئەویش کتێبیکـی تـر بـوو خەریکـی ئامـادەکردنی بـووم بـۆ چـاپ. بەڵام کاتێـک بینـیم کە ئەو دوو کتێـبە دەکرێـت لەیەک کتێبـدا

بگوونجێن، هەستام ئەو کارەم کردو ئەوەی بەردەستیشتان ئەو گونجاندنەیە. واتە ئەم کتێبە لەبنچینەدا کتێبێک نییە تا وەرمگێڕابێ، بەڵکو لەکۆمەڵێ سەرچاوەوە ئەم کتێبە هاتۆتە بوون. خاڵی هاوبەشی نێوان دەقەکان ئەتوانم بڵێم کە دەقە شانۆییەکان ئاو لە ئەبشوردیزمەوە ئەخۆنەوە و گەر هەمووشیان نا، ئەوا زۆربەیان لەو ڕێبازە هونەرییەوە لەدایکبوون و نووسراون. چاوپێکەوتنەکانیش تیشک خستنە سەر کۆشش و ئەزموونی نووسەرگەلێکن لەبواری نووسینی شانۆ. واتە شانۆ و ئاریشەکانی شانۆ، بنەچە و پێکهاتەی ئەو گفتوگۆیانەن کەهەریەک لەتێڕوانینی خۆیەوە و لەگۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە خەریکە تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی تاریک و شاراوەی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی. خستنە بەر چاوی ئەو ئەزموونانەش ڕەنگە بەجۆرێک لە جۆرەکان کۆمەکی پرۆسەی نووسین لای نووسەران و شانۆنامەنووسانی کورد بکات. سەبارەت بە تێبینییەکانیش دوو جۆر تێبینی لەم کتێبەدا بەرچاو دەکەون. هەندێکیان لەپەراوێزی دەقەکاندا هەبوون و منیش وەرمگێڕاون و هەندێکی تریشیان خۆم بەپێویستم زانیون و دامناون و لەسەرم نووسیون، تێبینی وەرگێڕ. لەدوا دێری ئەم کورتە پێشگۆتنەشدا ئومێدم ئەوەیە بەم هەوڵە بچووکەم توانیبێتم کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردیم پڕ کردبێتەوە و خزمەتێکم بە بزاڤی شانۆ لە کوردستان گەیاندبێت.

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**2011**

ڤانکۆڤەر- کەنەدا

# دەقە شانۆییەکان

# چوار شانۆگەریی زۆر کورتی سامۆئیل بێکێت


- وەرە و بڕۆ

- هەناسە

- کارەسات

- چی؟ لەکوێ؟

# ده ربا ره ی سامۆئێل بێكێت



سـامۆئێڵ بـارکڵەی بێکێـت –ی نووسـەری پێشـڕەو و شـانۆنامەنووس و ڕۆماننووس و دەرهێنەری شانۆیی لە سیازدەی نیسانی 1906 لە شاری دبلـن لە ئێرلەندە لە خێزانێکی پرۆتستانت لەدایـک بـووە. سـامۆئێڵ دووەم کـوڕی خێزانەکەیان بووەو لە قوتابخـانە زۆر زیـرەک بـووە و بایەخیشـی بە وەرزش داوە. هەروەهـــا حەزی لە تەماشـــاکردنی فیلمـــی بێـــدەنگ هەبـــووە. وەک قوتـــابییەک و هـــاوڕێیەکی جەیمـــس جـــۆیس، ســـامۆئێڵ بە دوا نووســـەری مۆدرێنیتە یان یەکەمین نووسـەری پۆسـتمۆدرێنیتە دائەنرێـت و هەروەهـا لە لایەن ماترین ئیشلین بەکلیلی شانۆی ئەبشورد ناوزەد کـراوە. بێکێـت سـاڵی 1969 خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب وەرئەگرێت.

سامۆئێڵ لە ساڵانی نێوان 1923 تا 1927 ئەچێتە کـۆلێژی ترینیتـی. هەر لەو سـاڵانە بێکێـت یەکەمـین وتـاری ڕەخنەیـی خـۆی نووسـی کە بەرگـری بـوو لە جەیمس جۆیس و میتۆدی ئیشکردنی جۆیس. ساڵی 1930 سامۆئێڵ ئەگەڕێـتەوە کۆلێژی ترینیتـی و وانە ئەڵێـتەوە. سـاڵی 1931 واز لە وانە گـوتنەوە ئەهێنـێ و دەستدەکات بە سەفەرکردن بە ئەورووپادا. ئەچێـتە لەنـدەن و دواتـریش کـۆمەڵـێ وتار بـڵاو ئەکـاتەوە. بێکێـت لە سـاڵی 1935 کـۆمەڵە شـیعرێک بـڵاو ئەکـاتەوە. ساڵی 1940 لە ئەنجـامی داگیرکردنـی فەڕەنسـا لە لایەن ئەڵمانیـاوە، پەیوەسـت ئەبێت بە هێزەکانی بەرگـری فەڕەنسـاوە. سـامۆئێڵ زۆرتـر بە زمـانی فەڕەنسـی ئەینووسی و هەر خۆشی وەری ئەگێڕایە سەر زمانی ئینگلیـزی. بێکێـت جـگە لە وەرگێڕانـی پێـنج کتێـب، بیسـت شـانۆگەری و هەشـت ڕۆمـان و هەشـت کـورتە ڕۆمان و شەش کـۆمەڵە شـیعر و پێـنج کـۆمەڵە کـورتە چیـرۆک و چـوار کتێبـی نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە.

# وەرە و بڕۆ

شانۆگەرییەکی یەک -پەردەیی کورت
سامۆئێڵ بێکێت، ئەم شانۆگەرییەی پێشکەش کردووە بە جۆن کالْدەر

**ئەم شانۆگەرییە لە سەرەتای ساڵی 1965 بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە. یەکەمجار بە زمانی فەرەنسی لە پاریس لە ساڵی 1966 لەلایەن ئەدیسۆنس دی مینویت بڵاوکراوەتەوە. بەزمانی ئینگلیزیش یەکەمجار لە لەندەن لە ساڵی 1967 لە لایەن کالْدەر و بۆیەرس بڵاوکراوەتەوە. بە زمانی ئەڵمانیش بۆ یەکەمجار بە ناوی 'وەرە و بچۆ ژوورەوە' بەرهەم هێنراوەو لە وەرگێڕانی 'ئێلمار تۆپهۆڤن' بووە و لە 14ی جانیوەری 1966 لە بەرلین نمایش کراوە. بە زمانی ئینگلیزیش لە 28ی شوباتی 1968 لەسەر شانۆی 'پیکۆک' لە دوبلن پیشاندراوە و پاشانیش لە لەندەن لە 9ی دیسەمبەری 1968 و دواتریش لە هۆڵی فێستیڤاڵی ڕۆیاڵ نمایش کراوە.**

## کارەکتەرەکان

**فلۆ**

**ڤی**

**ڕو**

(تەمەن دیاری نەکراوە)

لە ناوەڕاستی شانۆکە شانبەشانی یەکتر لە ڕاستەوە بۆ چەپ فلۆ و ڤی و ڕو، دانیشتوون. زۆر وریان، ڕوو لە جەماوەرن. دەستی یەکتریان گرتووە.
**(بێدەنگی).**

**ڤی:** کەی بوو دواجار پێکەوە بووین؟

**ڕو:** با قسە نەکەین. **( بێدەنگی، ڤی بەلای ڕاستدا ئەچێتە دەرەوە)**

**فلۆ:** ڕو.

**ڕو:** بەڵێ.

**فلۆ:** چۆن لە ڤی تێ ئەگەیت؟

**ڕو:** تۆزێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. (**فلۆ ئەچێتە کورسیی ناوەڕاست و بە گوێی ڕو ئەچرپێنێ: تۆقیون.)** ئۆی! **(تەماشای یەکتر ئەکەن، فلۆ پەنجەی لەسەر لێوەکانی دائەنێ.)** ئەی هەستی پێ نەکردووە؟

**فلۆ:** خوا نەیبەخشێ. (**ڤی دێتە ژوورەوە، فلۆ و ڕو پشت لە جەماوەر دەکەن، ڤی لە لای ڕاست دائەنیشێت). (بێدەنگی).** با وەکو جاران دابنیشین. هەروەک چۆن لە شوێنی گەمەی وەیدس خانم دائەنیشتین.

**ڕۆ:** لەسەر دار دابنیشین. ( **بێدەنگی. فلۆ لەلای چەپی شانۆوە ئەچێتە دەرەوە، بێدەنگی.)** ڤی.

**ڤی:** بەڵێ.

**ڕۆ:** چۆن فلۆ هەڵ ئەسەنگێنیت؟

**ڤی:** وەکو خۆیەتی هیچ نەگۆڕاوە.(**ڕۆ ئەچێتە کورسیی ناوەڕاست، بە گوێی 'ڤی'دا ئەچرپێنێ. تۆقیون.)** ئۆی! (**تەماشای یەکتر ئەکەن، ڕۆ پەنجەی لەسەر لێوەکانی دائەنێ.)** ئەی تا ئێستا پێی نەگوتراوە؟

**ڕۆ:** خوا نەکا یا خوا.(**فلۆ دێتە ژوورەوە، ڕۆ و ڤی ڕوو وەرئەگێڕن. فلۆ لە لای چەپەوە دائەنیشێت.)** (بەو شێوەیە ...دەست ئەگرن).

**فلۆ:** خەون بینین بە خۆشەویستییەوە.(**بێدەنگی. ڕۆ لەلای ڕاستەوە ئەچێتە دەرەوە. بێدەنگی.)**

**ڤی:** فلۆ.

**فلۆ:** بەڵێ.

**ڤی:** تۆ ڕۆ چۆن ئەبینیت؟

**فلۆ:** مرۆڤ بەم ڕووناکییەوە بچکۆلەی وا نابینێت. (ڤی **ئەچێتە کورسیی ناوەڕاست، بەگوێی فلۆ دا ئەچرپێنێ. تۆقیون.)** ئۆی! (**تەماشای یەکتر ئەکەن. ڤی پەنجەی ئەخاتە سەر لێوەکانی.)** ئەی خۆی نازانێت؟

**ڤی:** خوا نەکا یاخوا. ( **ڕۆ دێتە ژوورەوە. ڤی و فلۆ ڕوو وەرئەگێڕن. ڕۆ لە لای ڕاستەوە دائەنیشێ. بێدەنگی.)**

ئایا باسی ڕۆژانی ڕابردوو بکەین؟ (**بێدەنگی)** لە دوای چییەوە هاتووە؟ (**بێدەنگی)** دەستمان وەکو جاران بگرین؟

**(پاش خولەکێک، دەستیان بەم شێوەیە ئەگرن: دەستی ڕاستی 'ڤی' بە دەستی ڕاستی 'ڕۆ'وە، دەستی چەپی 'ڤی' بە دەستی چەپی 'فلۆ'وە،**

**دەستی ڕاستی 'فلۆ'ش بە دەستی چەپی 'ڕۆ'. قۆڵی 'ڤی' لەسەر قۆڵی چەپی 'ڕۆ' و قۆڵی ڕاستی 'فلۆ'وەیە. هەرسێ جووتە دەستەکان لەسەر هەر سێ تێک چرژانەکانن. بێدەنگی.)**

**فلۆ:** هەست بە ئەنگوستیلەکان ئەکەم.

**( بێدەنگی.)**

پەردە دادەرێتەوە.

## تێبینییەکان:

ڕیزبەندی جێگاکان

1. فلۆ ڤی ڕو
2. فلۆ ڕو


فلۆ ڕو

3. ڤی فلۆ ڕو
4. ڤی ڕو
5. ڤی ڕو فلۆ
6. ڤی فلۆ

ڤی فلۆ

7. ڕو ڤی فلۆ

دەستەکان:



ڕووناکی کزە. لە سەرەوەڕا تەنیا لەسەر شوێنی نواندنەکە ئەدات، باقی شانۆکە تا ئەتوانرێت تاریک بێت.

جلوبەرگ؛ پاڵتۆی درێژیان لە بەردایەو قۆپچەکانیان تاسەر داخراوە. ڕەنگ وەنەوشەیی کاڵ، ڤی سووری کاڵ، فلۆ زەردی کاڵ. یەکی کڵاوێکی بۆری چوونیەکیان لە سەردایە کە هێندە قەراغیان هەیە کە سەر چاویان داپۆشێت. بەجیا لە جیاوازی ڕەنگەکان، هەرسێکیان لێک ئەچن. پێڵاوەکانیان سووکە و لە لاستیکی نەرم دروست کراوە. دەستەکانیان وا داناوە کە بەباشی ببینرێن. هیچ ئەڵقەیان لە پەنجەدا نییە.

کورسی:

کورسییەکی دارینی درێژی بێ-پاڵپشت کە بەشی سێ فیگەر بکات خۆیانی لەسەر بگونجێنن. زۆر بە کەمی دیارە. کە بە تەواوەتی نازانرێ لەسەر چی دانیشتوون.

چوونە دەرەوە:

فیگەرەکان نابینرێن شانۆ بەجێبهێڵن. هەر تەنها چەند هەنگاوێک لە شوێنی ڕوناکییەکە دوور دەکەونەوە. ئەگەر تاریکی بەش نەکات، ئەوا پەنا بۆ داپۆشینی سکرین، یان بە پەردە داپۆشین ببرڕێت. چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوە لەسەرخۆیە. بێ ئەوەی دەنگی پێ ببیسترێ.

سەرنج:

هەرسێکیان دەنگیان جیاوازە لە یەکتر.

دەنگەکان

کەمترین گونجانیان لەگەڵ بیستندا هەیە. هەموو بێڕەنگن، تەنیا بۆ سێ 'ئۆی' یەکەو دوو دێرەکانی دواتریان.

## تێبینی وەرگێڕی کوردی:

1- هەر سێ کاراکتەرەکە لە ڕەگەزی مێن. چونکە ڕاناوەکانی (He/ She) لە زمانی ئینگلیزیدا ڕەگەزیان تێدایە، بەڵام لەزمانی کوردیدا هیچ شتێک نییە بۆ ناسینەوەی ڕەگەزی مرۆڤ تەنها وشەی (ئەو) بەکاردەهێنرێت. مەگەر بڵێی کچەکە یان کوڕەکە، ئەویش ( ناو+ ئامرازی دانەپاڵی ی+ کچەکە) بۆ نمونە: وێنەی کچەکە، یان کۆمپیتەری کوڕەکە. یان ناوی کەسەکە بدرکێنرێ، بۆ نمونە: کراسەکەی شیرین، یان چاویلکەکەی سۆران. سەرباری ئەمەش ئەگەر ڕاناوەکان لە دۆخی (حاڵەتی) هەبوویی (Possessive) دا بن لە چەشنی (Her/His ) ئەوا لەو دۆخەدا ڕەگەز لە زمانی ئینگلیزیدا دیارە. کەچی لە زمانی کوردی بەهەمان شێوەی ڕاناو کچەکە یان کوڕەکە یان ناوی کەسەکە دەنووسرێ.

2- هێڵکارییەکە تەنها بۆ ڕوونکردنەوە دامناوەتەوە.

# هەناسە

ئەم شانۆگەرییە بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە، ماوەیەک پێش ناردنی بۆ نیویۆرک لە سالّی 1969، وەک وەلاّمدانەوەیەک بە داخوازی "کێنس تاینان"بۆ بەشداریکردن لە گۆڤاری "ئۆهـ کالّکوتا". یەکەمجار تێکستی ئەسلّی لە "گامبیت" سالّی چوارەم، ژمارە شازدەی سالّی 1970 بلاّو بۆتەوە. بۆ یەکەمجاریش لەسەر شانۆی 'ئێدن' لە نیویۆرک لە شازدەی حوزەیرانی 1969 دەرهێنراوە، یەکەم نمایشی لە بەریتانیا لە 'کلّۆس تیەتەر کلّەب' لە گلاسکۆ لە ئۆکتۆبەری 1969دا بوو.

پەردە لائەبرێ

1- ڕووناکییەکی کز لەسەر شانۆ لەگەلّ پاشماوەی جۆرەها زبلّ و خاشاک، بۆ ماوەی پێنچ چرکە.

2- کورتە گریانێکی کز و نیگایەکی خێرا لەگەلّ زیاد بوونی لە سەرەخۆی ڕووناکی کە پێکەوە تا بەرزترین ئاست بۆ ماوەی 10 چرکە، بێدەنگی بۆ ماوەی 5 چرکە.

3- کۆتایی پێهێنان و کەمکردنەوەی ڕووناکی پێکەوە تا نزمترین ئاست. (ڕووناکی تا وەکو دەگاتە سەر ژمارە 1) لە ماوەی 10 چرکەداو گریـانێکی دەستبەجێی وەکو جارەکەی پێشوو، بێدەنگی بۆ ماوەی 5 چرکە.

پەردە دائەدرێتەوە

زبڵ و خاشاک

بە شێوەی ئەستوونی نین. هەموو لەو ناوە بڵاوبوونەتەوە.

گریان

ئامادەو تۆمارکراوبێ. زۆر گرنگە هەردوو گریانەکە بناسـرێنەوەو بەتەواوی بە گەڕخستنی ڕووناکی و هەناسە پێبکات و بکوژێنێتەوە.

هەناسە

بە درێژ تۆمار بکرێن

زۆرترین ڕووناکی

زۆر ڕووناک نەبێت. ئەگـەر0= تـاریکی و 10 = زۆر ڕوونـاک بێـت، ئەوا ڕووناکی پێویستە لە نێوان 3 و 6 لە بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەدا بێت.

❊ ❊ ❊

# کارەسات

پێشکەشە بە ڤاکلاڤ هاڤێڵ

ئەم شانۆگەرییە لە 1982 بە زمانی فەڕەنسی نووسـراوە، یەکـەمجار لـە فێستیڤاڵی ئاڤیگنۆن لە 1982 نمایشکرا، یەکەمجاریش بە زمانی ئینگلیـزی لە لەندەن لەساڵی 1984 بڵاو کرایەوە.

دەرهێنەر.... دال

کچە یارمەتیدەری دەرهێنەر.... ئەلیف

پاڵەوان........ پێ

لوک: لێپرسراوی ڕووناکی. لە دەرەوەی شانۆیە.... لام

مەشـق و پـەراوە. دوا دەسـتکاری دوا دیمـەن ئـەکرێت. شـانۆ خاڵییـە. ئەلیف و لام خەریکی ڕێکخستنی ڕووناکین. دالیش تازە ئەگاتە جێ.

دال لـه لای چـەپی بینـەران لـه خـوارەوەی شـانۆ لەسـەر ئەسـکەمیلێکی دەسکدار دانیشتووە، پاڵتۆیەکی خوری و کلێتەیـەکی خوریشـی لـه سـەردایە کـه تـەباو هـاوڕەنگی پاڵتۆکەیـە. تەمـەن و شـێوەی بـەدەن (جەسـتە) زۆر گرنگ نین.

ئـەلیف لـه تەنیشـت دالـەوە ڕاوەسـتاوە. سـپی- پۆشـە. سـەری ڕووتـە. قەڵەمێکی ڕەساسی ناوەتە بـن گوێیـەوە. تەمـەن و شـێوەی جەسـتە گرنـگ نین.

پێ له ناوەڕاسـتی شـانۆ لەسـەر سـندووقێکی ڕەشـی 18 ئینجـی بـەرزدا وەسـتاوە. کڵاوێکـی قـەراغ پـانی ڕەشـی لـه سـەردایە. تـا سـەر قولـەپێی ڕەشپۆشە. پێی پەتییە. سـەری کەوانەییـە. دەستەکانیشـی لـه گیرفانیـدان. تەمەن و شێوەی جەستە گرنگ نین.

دال و ئەلیف له پێ ورد ئەبنەوە. وچانێکی درێژ.

**ئەلیف:** (**دواجار**) ڕێک وەکو تەماشاکردنی ئەوە؟

**دال:** تەقریبەن. (**وچانێک**) بۆچی ژێردانەکە؟

**ئەلیف:** بۆ ئەوەی ڕیزەکانی پێشەوە نووکی پێکان ببینن.

**(وچانێک)**

**دال:** ئەی کڵاوەکە بۆچی؟

**ئەلیف:** بۆ شاردنەوەی دەموچاو.

**(وچانێک)**

**دال:** ئەی کراسی شۆڕ بۆ؟

**ئەلیف:** تا تەواو ڕەش بنوێنێ.

**( وچانێک.)**

**دال:** ئەی پێویستە چی لە ژێرەوە لەبەر بکات؟ (**ئەلیف بەرەو لای پێ ئەڕوات**) بیڵێ.

**(ئەلیف دەمی تێکدەئاڵێ)**

**ئەلیف:** جلی شەوانە (جلی خەو).

**دال:** چ ڕەنگێک بێ؟

**ئەلیف:** خۆڵەمێشی.

**(دال جگەرەیەک دەرئەهێنێ)**

**دال:** شقارتە. ( **ئەلیف ئەگەڕێتەوە، جگەرەکە دائەگیرسێنێ، هەر بە پێوەیە. دال جگەرە ئەکێشێ.**) کەللە سەرەکە چۆنە؟

**ئەلیف:** بینیوتە.

**دال:** لەیادم چوو. (**ئەلیف بەرەو لای پێ ئەجوڵێ**) بیڵێ.

(**ئەلیف دەمی تێکدەئاڵێ)**

**ئەلیف:** چەند کڵافە قژێک فڕێ ئەدا.

**دال:** چ ڕەنگێک بێ؟

**ئەلیف:** خۆڵەمێشی.

**(وچانێک)**

**دال:** بۆ دەستەکانی لەنێو گیرفاندان؟

**ئەلیف:** بۆ ئەوەی سەرتاپا ڕەش بنوێنێ.

**دال:** بەڵام پێویست ناکات.

**ئەلیف:** وەک تێبینی یاداشتی دەکەم.

(**دەفتەرێکی بچوک دەردەهێنێ و بە قەڵەمی ڕەساس تێبینییەکە دەنووسێ**)

دەستەکان دەبێت لە دەرەوە بن.

(**قەڵەم و دەفتەرەکە دەخاتەوە باخەڵی**)

**دال:** چۆنن؟ (**ئەلیف لە حاڵەتی سەرسوڕماندایە. بەهەڵچوونەوە**) دەستەکان، دەستەکان چۆنن؟

**ئەلیف:** خۆت بینیتن.

**دال:** لەیادم چووەوە.

**ئەلیف:** لەگۆ کەوتووە. لیمفەکانیشی لەکار کەوتوون.

**دال:** وەکو چڕنووک.

**ئەلیف:** گەر پێت خۆش بێت.

**دال:** دوو چڕنووک.

**ئەلیف:** مەگەر چنگەکانی لێ گیربکات.

**دال:** نابێت شتی وا بکات.

**ئەلیف:** وەک تێبینی یاداشتی ئەکەم. (**دەفتەرێکی بچوک دەردەهێنێ و بە قەڵەمی ڕەساس تێبینییەکە دەنووسێ**) دەستەکانی دەلەرزن. (**قەڵەم و دەفتەرەکە دەخاتەوە باخەڵی**)

**دال:** ڕووناکی. (**ئەلیف دەگەڕێتەوە. جگەرەکەی دال دادەگیرسێنێتەوە. هەر بە پێوە وەستاوە. دال جگەرە دەکێشێ**) زۆرباشە. ئێستا با تەماشایەک بکەین. (**ئەلیف دوودڵە. بە هەڵچوونەوە.**) ئەڕوات. ئەو بەرگەی دادەماڵێ. (**کرۆنۆمیترەکەی میقات دەکات**) پێی پیادەنێت. کۆبوونەوەم هەیە. (**ئەلیف بەرەو لای پێ دەڕوات. جلەکانی دادەکەنێ. پێ دەچێتە پێشێ. خاو و**

**خلیچکە. ئەلیف هەنگاوێک دەگەڕێتە دواوە. جلەکانی بەسەر دەستییەوەن. پێ بێجامەیەکی ڕەساسی کۆنی لەپێدایە. سەری خوار کردۆتەوە. چنگی لێ گیرکردووە. وچانێک)**

**ئەلیف:** ئاوا ڕووت بێ باشترە؟ **(وچانێک)** هەڵئەلەرزێ.

**دال:** بەس کـڵاوەکە ئـاوا، نـا. **(ئـەلیف پێشـڕەوی دەکـات. کڵاوەکـەی دادەکەنێ. دەگەڕێتە دواوە. کڵاوەکەی لە دەستدایە. (وچانێک)**

**ئەلیف:** وەکو ئەو کەللە سەرە؟

**دال:** پێویستی بە سپیکردنەوە هەیە.

**ئەلیف:** وەک تێبینی یاداشتی ئەکەم. **(دەفتەرێکی بچوک دەردەهێنـێ و بە قەڵەمی ڕەساس تێبینییەکە دەنووسێ)** کەللە سەرەکە سپی بکرێتەوە.

**(قەڵەم و دەفتەرەکە دەخاتەوە باخەڵی)**

**دال:** دەسـتەکانیش. **(ئـەلیف لـە حاڵـەتی سـەر سـوڕماندایە. بەهەڵچوونەوە)** چنگەکان. خـەریکی ڕۆیشـتنە. **(ئـەلیف پێشـڕەوی دەکـات. چنگەکانی دەکاتەوە. دەگەڕێتەوە دواوە)** هەروەها سپیش بکرێنەوە.

**ئەلیف:** وەک تێبینی یاداشتی ئەکـەم (دە**فتەرێکی بچووک دەردەهێنـێ و بـە قەڵـەمی ڕەسـاس تێبینییەکـە دەنووسـێ)** دەسـتەکان سـپی بکرێنـەوە (**قەڵەم و دەفتەرەکە دەخاتەوە باخەڵی. دەست دەکەن بە بیرکردنەوە لـە پێ)**

**دال:** **(لەکۆتاییدا)** خەلەلێک هەیە **(پێی دەبڕێ)** ئەمە چییە؟

**ئـەلیف:** **(بەترسـەوە)** چـی دەبـێ ئەگـەر ئێمـە ... ئێمـە... پێیانـەوە پەیوەست بین؟

**دال:** هەوڵدان زیانبەخش نییە. (**ئەلیف بەرەو پێشەوە ئەڕوات. پەیوەست بوون بە تیپەکانەوە، ئەگەڕێتەوە دواوە**) بەرزتر. (**دەچێتە پێشەوە، ناوقەدی بەرز ئەکاتەوە تا ئاستی تیپەکان، ئەگەڕێتەوە دواوە**) هەندێ زیاتر (**ئەچێتە پێشەوە، سینگی بەرز ئەکاتەوە تا ئاستی تیپی مۆسیقا، ئەگەڕێتەوە دواوە**) بوەستە! (**هەنگاوێ ئەچێتە دواوە**) ئێستا باشترە. بەو جۆرە دێت. (ڕووناکی)

(**ئەلیف ئەگەڕێتەوە، جگەرەکەی دال دائەگیرسێنێتەوە ، هەر بەپێوەیە. دال جگەرە ئەکێشێ**)

**ئەلیف:** ئەوە ئەلەرزێ.

**دال:** خوا ڕەحم بە دڵی بکات.

(**وچانێک**)

**ئەلیف:** (**بەترسەوە**) ئەی دەربارەی خنکاندنە ... بچووک... بچووکەکە؟

**دال:** بۆ خاتری خوا! ئەمە بەئاشکرا شێتییە! ئەگەری مردنی ئەکەم. خنکانە بچووکەکە، بۆ خاتری خوا.

**ئەلیف:** بێگومان نایەوێ دەری ببڕێ.

**دال:** دە زیقەزیق مەکە. (**تەماشای ئامێری پێوانی کات ئەکات**) وەختییەتی. ئەڕۆم بزانم لە هۆڵەکەوە چۆن دیارە. (**دال ئەچێتە دەرەوە، جارێکی تر دەرناکەوێتەوە، ئەلیف لە جێگای دال لەسەر ئەسکەمیلە دەسکدارەکە دائەنیشێ، هەر یەکسەر دوای دانیشتن لەسەر ئەسکەمیلەکە هەڵئەبەزێتەوە، پارچە پەڕۆیەک دەرئەکات، خێرا خێرا ئەکەوێتە سڕینەوەی پشت و سەر ئەسکەمیلەکە، پارچە پەڕۆکە فڕێ ئەدا، دووبارە دائەنیشێتەوە**).

(**وچانێک**)

**دال:** (**لە دەرەوە، غەمگینانە**) نووکی پێکان نابینم. (**بەهەڵچوونەوە**) من لەیەکەم ڕیز دانیشتووم و نووکی پێکان نابینم.

**ئـەلیف:** (**هەڵئەسـتێتە سـەر پـێ**) وەک تێبینـی یاداشـتی ئەکـەم. (**دەفتـەرێکی بچـوک دەردەهێنـێ و بـە قەڵـەمی ڕەسـاس تێبینییەکـە دەنووسێ**). (بنەی گوڵدانەکە بەرز ئەکاتەوە).

**دال:** شوێنەواری دەموچاو دیارە.

**ئەلیف:** وەک تێبینی یاداشتی ئەکەم. (**دەفتەرێکی بچوک دەردەهێنێ و بە قەڵەمی ڕەساس تێبینییەکە دەنووسێ**)

**دال:** سـەری نـەوی ئـەکات. (**ئـەلیف لـە حاڵـەتی سەرسـوڕماندایە، بەهەڵچوونەوە**) ئەڕوا. سـەری نـەوی ئـەکا (**ئـەلیف قەڵـەم و دەفتەرەکـەی دەخاتەوە بەر باخەڵی. بەرەو لای پێ ئەڕوات، سـەری زیـاتر نـەوی ئـەکا، ئەگەڕێتـەوە دواوە**) بوەسـتە! (**ئـەلیف ئەگەڕێتـەوە دواوە**) زۆرباشـە. ئـەوا دێت. (**وچانێک**) ئەتوانی بە ڕووتی زیاتر وا بکەی.

**ئەلیف:** وەک تێبینی یاداشتی ئەکەم. (**دەفتەرێکی بچوک دەردەهێنێ و بە قەڵەمی ڕەساس تێبینییەکە دەنووسێ**)

**دال:** ئـەڕوا، ئـەڕوا! (**ئـەلیف قەڵـەم و دەفتەرەکـەی دەخاتـەوە بـەر باخەڵی، بەرەو لای پێ ئـەڕوات، دوو دڵـەو وەسـتاوە**) ملـی ڕووت ئـەکات. (**ئەلیف دووگمەکانی سەرەوە ئەکاتەوە، جلەکە ئەدڕێنێ، ئەگەڕێتەوە دواوە**) لاقەکان. لولاقەکان. (**ئەلیف ئەچێتەوە پێشەوە، قاچێکی پـانتۆڵێکی هـەڵ ئـەکات، ئەگەڕێتـەوە دواوە**) ئـەوی تـر. (**هـەمان شـت بـۆ قاچەکـەی تـر، ئەگەڕێتـەوە دواوە**) بـەرزتر تـا سـەر چـۆک. ( **ئـەلیف ئەچێتـە پێشـەوە. پانتۆڵەکەی تا سـەر چـۆکی هـەڵ ئـەکات. ئەگەڕێتـە دواوە**) ئەبـێ سـپیش بکرێتەوە.

**ئەلیف:** وەک تێبینی یاداشتی ئەکەم. (**دەفتەرێکی بچوک دەردەهێنێ و بە قەڵەمی ڕەساس تێبینییەکە دەنووسێ.**) هەموو لەش سپی بکرێتەوە.

**دال:** ئەوە دێت. ئەرێ لوک لەم ناوەیە؟

**ئەلیف:** ( **بانگ ئەکات**) لوک! ( **وچانێک. ئینجا بەرزتر**) لوک!

**لام:** (**لە دوورەوە**) گوێم لێتە. (**وچانێک. نزیکتر**) چی قەوماوە؟

**ئەلیف:** لوک لەم ناوەیە.

**دال:** شانۆکە تاریک بکە.

**لام:** چی؟ (**ئەلیف لە ڕێگەی دەستەواژە تەکنەلۆژییەکانەوە مەبەستەکە ئەگەیەنێت. ڕووناکییە سەرەکییەکە کز ئەبێ. ڕووناکی بە تەنیا لەسەر لەشی پێیە، ئەلیف لە تاریکییدایە**)

**دال:** تەنها سەرەکە.

**لام:** چی؟ (**ئەلیف لە ڕێگەی دەستەواژە تەکنەلۆژییەکانەوە مەبەستەکە ئەگەیەنێت. ڕووناکی لەسەر پێ کز ئەبێ. ڕووناکی بە تەنیا لەسەر سەری پێیە. وچانێکی درێژ**).

**دال:** زۆر جوانە.

(**وچانێک**)

**ئەلیف:** (**بەترسەوە**) چی ئەبێ ئەگەر... سەری بەرز بکاتەوە... بە پەلە... دەموچاوی دەربخە... بە پەلە.

**دال:** بۆ خاتری خوا! ئینجا چی بکەین؟ سەری بەرز بکەوە. ئەوە بیرکردنەوەت لە کوێیە؟ لە پاتاگۆنیای؟ سەری بەرز بکەوە؟ بۆ خاتری خوا! ( **وچانێک**) باشە. ئەوە کارەساتەکەمانە. لەناو جانتاکەدایە. یەکجاری تر و من تەواو ئەبم.

**ئەلیف:** (**ڕوو لـە لام ئـەکات**) جـارێکی تـرو ئـەو تـەواو ئـەبێ. (**ڕوونـاکی لەسەر جەستەی پێ کز ئەبێ. ڕووناکی سەرەکیش کز ئەبێ**)

**دال:** ڕاوەستە! ( **وچانێک.**) ئێستا ... بیاندەرێ. ( **ڕووناکی سەرەکی کـز ئەبێ، وچانێک. ڕووناکی لەسەر جەستەش کز ئەبێ، ڕووناکی تەنیا لەسـەر سەری پێیە. وچانێکی درێژ**) زۆر قەشـەنگە! پـێ لـەسـەر پێیـەکانی ئـەبێ و لێرەوە گوێم لێیە. (**وچانێک. لە دوورەوە تەوژمی چەپڵەیەک ئەبیسترێ، پێ سەری بەرز ئەکاتەوە، بینەران چاک ئەکاتەوە، چەپڵەکە لاڵ و پەتی ئەکات، ئەمرێ**).

**(وچانێکی درێژ).**

**(ڕووناکی لەسەر دەموچاوی کز ئەبێ.)**

* * *

# چی؟ لە کوێ؟

یەکەمین نمایشی ئەم شانۆگەرییە لەسەر شانۆی هارۆڵد کلورمان بوو لە نیویۆرک، لە پازدەی حوزەیرانی 1983 . یەکەمجاریش بە زمانی ئینگلیزی لە لەندەن لە ساڵی 1984 دا بڵاوکرایەوە.

کارەکتەرەکان

بام

بێم

بیم


بۆم

دەنگی بام (ڤی)

تێبینی: کارەکتەرەکان زۆر لەیەک ئەچن.

هەموو هەمان جبەی ڕەنگ بۆزیان لەبەردایە.

هەموو هەمان قژی سپی و درێژیان هەیە.
ڤی لە شێوەی مێگافۆنێکی بچوکە کە لە ئاستی سەری مرۆڤ دایە.




شـــوێنی نمایشـــی (شـــانۆ) لاکێشەیەکی دوو مەتر بـە سێ مـــەترە، ڕووناکییـــەکی کـــزی لەسەرە کـە بـە تـاریکی دەورە دراوەو لای ســەرەوەی ڕاســتی شـــــانۆوەیە وەکــــو لــــەناو بینەرانـەوە دەبینـرێ. ڤـی لای خوارەوەی چەپی شـانۆیە کـە ڕوونـاکی کـزی لەسـەرە و بـە تـاریکی دەورە دراوە.

شانۆ بە گشتی تاریکە و ڕووناکی لەسەر ڤی یە.

(وچانێک).

**ڤی:** ئێمە دوا پێنجەمین کەسین
لە ئێستادا هەین وەکو هەبووین
ئەوە بەهارە
زەمەن ئەڕوا
یەکەمجار بەبێ هیچ وشەیەک.
ڕووناکییەکە پێئەکەم.

**(ڕووناکی لەسـەر (ش)ە، بـام لـە جـێ شـوێنی 3 یـەو سـەری بـەرز کردۆتەوە، بۆمیش لە جێ شوێنی یەک سەری نەوی کردووە. وچانێک)**

باش نییه . ئەیکوژێنمەوە .

**(ڕووناکی لەسەر (ش) ئەکوژێتەوە)**

دووبارە دەست پێئەکەمەوە .

ئێمە دوا پێنجەمین کەسین

لە ئێستادا هەین وەکو هەبووین

ئەوە بەهارە .

زەمەن ئەڕوا .

یەکەمجار بەبێ هیچ وشەیەک

ڕووناکییەکە پێئەکەم .

**(ڕووناکی لەسەر (ش)ە، بام تەنیایەو لە جێ شوێنی 3یە و سەری بەرز کردۆتەوە . وچانێک)**

باشە

من تەنیام .

ئەوە بەهارە .

زەمەن ئەڕوا .

یەکەمجار بەبێ هیچ وشەیەک

لە کۆتاییدا بۆم دەرئەکەوێ .

دووبارە دەرئەکەوێتەوە .

**(بۆم لە جێ شوێنی N ەوە دێتە ژوورەوە . لای 1 ئەوەستێ و سەری نەوییە .**

**وچانێک .**

**بیم لە جێ شوێنی E ەوە دێتە ژوورەوە . لای 2 ئەوەستێ و سەری نەوییە .**

وچانێک.

بیم له جێ شوێنی E ەوه ئەڕواته دەرەوەو بۆمیشی به دوایەوه.

وچانێک.

بیم له جێ شوێنی E ەوه دێته ژوورەوه. لای 2 ئەوەستێ و سەری نەوییە.

وچانێک.

بێم له جێ شوێنی N ەوه دێته ژوورەوه. لای 1 ئەوەستێ و سەری نەوییە.

وچانێک.

بێم له جێ شوێنی N ەوه ئەڕواته دەرەوه و بیمیش بەدوایەوه.

وچانێک

بێم له جێ شوێنی N ەوه دێته ژوورەوه. لای 1 ئەوەستێ و سەری نەوییە.

وچانێک.

بام له جێ شوێنی Wەوه ئەڕواته دەرەوه و بێمیش بەدوایەوه.

وچانێک.

بام له جێ شوێنی Wەوه دێته ژوورەوه. لای 3 ئەوەستێ و سەری نەوییە.

وچانێک.)

باشه.

ڕووناکییەکه ئەکوژێنمەوه.

(**ڕووناکی لەسەر ش ئەکوژێتەوه)**

جارێکی تر دەست پێئەکەمەوە.

ئێمە دوا پێنجەمین کەسین

ئەوا بەهارە.

زەمەن ئەڕوا.

یەکەمجار بەبێ هیچ وشەیەک

ڕووناکییەکە پێئەکەم.

**(ڕووناکی لەسەر ش ه. بام تەنیایە و لە جێ شوێنی 3یە و سەری بەرز کردۆتەوە. وچانێک.)**

باشە.

من تەنهام.

ئەوە بەهارە.

زەمەن ئەڕوا.

بێ هیچ وشەیەک

لە کۆتاییدا بۆم دەرئەکەوێ.

دووبارە دەرئەکەوێتەوە.

**(بۆم لە جێ شوێنی N ەوە دێتە ژوورەوە. لای 1 ئەوەستێ و سەری نەوییە)**

**بام:** ئێ.. ئینجا چی؟

**بۆم:** **(لەهەموو شوێنێک سەری نەوییە)** هیچ.

**بام:** هیچی نەگوت؟

**بۆم:** نەخێر.

**بام:** ئیشەکانت پێ سپارد؟

**بۆم:** بەڵێ.

**بام:** ئینجاش هیچی نەگووت؟

**بۆم:** نەخێر.

**بام:** گریا؟

**بۆم:** بەڵێ.

**بام:** ئەی هاواری کرد؟

**بۆم:** بەڵێ.

**بام:** پاڕایەوە بۆ لێ خۆشبوون؟

**بۆم:** بەڵێ.

**بام:** ئینجاش هیچی نەگووت؟

**بۆم:** نەخێر.

**ڤی:** باش نییە.

دووبارە دەستی پێئەکەمەوە.

**بام:** ئێ ئینجا چی؟

**بۆم:** هیچ.

**بام:** نەیگوت؟

**ڤی:** باشە.

**بۆم:** نەخێر.

**بام:** ئیشەکانت پێ سپارد؟

**بۆم:** بەڵێ.

**بام:** ئینجاش هیچی نەگووت؟

**بۆم:** نەخێر.

**بام:** گریا؟

**بۆم:** بەڵێ.

**بام:** ئەی هاواری کرد؟

**بۆم:** بەڵێ.

**بام:** پاڕایەوە بۆ لێخۆش بوون؟

**بۆم:** بەڵێ.

**بام:** ئینجاش هیچی نەگووت؟

**بۆم:** نەخێر.

**بام:** ئەی بۆ وەستا؟

**بۆم:** چونکە بوورایەوە.

**بام:** تۆش نەتهێناوە هۆش خۆی؟

**بۆم:** هەوڵم دا.

**بام:** ئێ ئینجا چی؟

**بۆم:** نەمتوانی.

**(وچانێک)**

**بام:** ئەوە درۆیە. (**وچانێک**) پێی گوتی.(**وچانێک**) دانی پیا نا کە پێی گووتووی.(**وچانێک**) بێگاریت پێئەکرێ تا دانی پیا ئەنێی.

**ڤی:** باشە. لە کۆتاییدا بیم دەرئەکەوێ. ( **بیم لە لە جێ شوێنی E ەوە دێتە ژوورەوە. لای 2 ئەوەستێ و سەری نەوییە.**)

**بام:** (**ڕوو لە بیم ئەکات**) دەستت بەتاڵە؟

**بیم:** بەڵێ.

**بام:** دووری بخەرەوە و بێگاری پێبکە تا دانی پیائەنێ.

**بیم:** دان بەچیدا بنێ؟

**بام:** ڕێک ئاوای پێ گوت.

**بیم:** هەر ئەوەندە؟

**بام:** بەڵێ.

**ڤی:** باش نییە. دووبارە دەستی پێئەکەمەوە.

**بام:** دووری بخەرەوە و بێگاری پێ بکە تا دانی پیائەنێ.

**بیم:** دان بە چیدا بنێ؟

**بام:** ڕێک ئاوای پێ گوت.

**بیم:** هەر ئەوەندە؟

**بام:** چی تر.

**ڤی:** باشە.

**بیم:** ئەمە هەموو شتێکە؟

**بام:** بەڵێ.

**بیم:** پاشان بوەستێ؟

**بام:** بەڵێ.

**بیم:** باشە. (**ڕوو لە بۆم ئەکات**) وەرە. (**بیم لە جێ شوێنی E ەوە ئەڕواتە دەرەوە و بۆمیش بەدوایەوە)**

**ڤی:** باشە.

من تەنهام.

ئەوا هاوینە.

زەمەن ئەڕوا.

لەکۆتاییدا بیم دەرئەکەوێ.

دووبارە دەرئەکەوێ.

(**بیم لە لە جێ شوێنی E ەوە دێتە ژوورەوە. لای 2 ئەوەستێ و سەری نەوییە.)**

**بام:** ئێ ئینجا چی؟

**بیم:** ( **لەهەموو شوێنێک سەری نەوییە**) هیچ.

**بام:** هیچی نەگوت؟

**بیم:** نەخێر.

**بام:** ئیشەکانت پێ سپارد؟

**بیم:** بەڵێ.

**بام:** ئینجاش هیچی نەگووت؟

**بیم:** نەخێر.

**ڤی:** باش نییە.

دووبارە دەست پێئەکەمەوە.

**بام:** ئێ ئینجا چی؟

**بیم:** هیچ.

**بام:** نەیگوت  لە کوێ؟

**ڤی:** باشە.

**بیم:** لە کوێ؟

**ڤی:** هاە!

**بام:** نەیگووت لە کوێ؟

**بیم:** نەخێر.

**بام:** ئیشەکانت پێ سپارد؟

**بیم:** بەڵێ.

**بام:** ئینجاش نەیگوت لە کوێ؟

**بیم:** نەخێر.

**بام:** ئەی گریا؟

**بیم:** بەڵێ.

**بام:** ئەی هاواری کرد؟

**بیم:** بەڵێ.

**بام:** پاڕایەوە بۆ لێخۆشبوون؟

**بیم:** بەڵێ.

**بام:** بەڵام هیچی نەگوت؟

**بیم:** نەخێر.

**بام:** ئەی بۆ وەستا؟

**بیم:** چونکە بوورایەوە.

**بام:** تۆش نەتهێناوە هۆش خۆی؟

**بیم:** هەوڵم دا.

**بام:** ئێ ئینجا چی؟

**بیم:** نەمتوانی.

(**وچانێک**)

**بام:** ئەوە درۆیە. (**وچانێک**) پێی گوتی لەکوێ. (**وچانێـک**) دانـی پیـا نـا کە پێی گوتووی لە کوێ. (و**چانێک)** بێگاریت پێ ئەکرێ تا دانی پیا ئەنێی.

**ڤی:** باشە.

لە کۆتاییدا بێم دەرئەکەوێ.

( **بێم لە لە جێ شوێنی Nەوە دێتە ژوورەوە. لای 1 ئەوەستێ و سەری نەوییە)**

**بام:** ( **ڕوو لە بێم ئەکات)** دەستت بەتاڵە؟

**بێم:** بەڵێ.

**بام:** دووری بخەرەوە و بێگاری پێ بکە تا دانی پیائەنێ.

**بێم:** دان بە چیدا بنێ؟

**بام:** ڕێک ئاوای پێگوت.

**بێم:** ئەمە هەموو شتێکە؟

**بام:** بەڵێ.

**ڤی:** باش نییە.

دووبارە دەستی پێ ئەکەمەوە.

**بام:** دووری بخەرەوە و بێگاری پێ بکە تا دانی پیائەنێ.

**بێم:** دان بە چیدا بنێ؟

**بام:** ڕێک لەوێدا پێیگوت لە کوێ.

**بێم:** ئەمە هەموو شتێکە؟

**بام:** ئەی کوێی تر.

**ڤی:** باشە.

**بێم:** ئەمە هەموو شتێکە؟

**بام:** بەڵێ.

**بێم:** ئینجا بوەستێ؟

**بام:** بەڵێ.

**بێم:** باشە. ( **ڕوو لە بیم ئەکات)** وەرە.

**(بێم لە جێ شوێنی Nەوە ئەڕواتە دەرەوە و بیمیش بەدوایەوە)**

**ڤی:** باشە.

من تەنهام.

ئەوا پاییزە.

زەمەن ئەڕوا.

لەکۆتاییدا بێم دەرئەکەوێ.

دووبارە دەرئەکەوێ.

**(بێم لە جێ شوێنی N ەوە دێتە ژوورەوە. لای 1 ئەوەستێ و سەری نەوییە)**

**بام:** ئەی ئینجا چی؟

**بێم:** (**لەهەموو شوێنێک سەری نەوییە**) هیچ.

**بام:** نەیگوت لەکوێ؟

**بێم:** نەخێر.

**ڤی:** ئیتر ئاوا.

**بام:** ئەوە درۆیە. (**وچانێک**) پێی گووتی لە کوێ.(**وچانێک**) دانی پیا نا کە پێی گووتووی لە کوێ.(**وچانێک**) بێگاریت پێ ئەکرێ تا دانی پیا ئەنێی.

**بێم:** دان بە چیدا بنێم؟

**بام:** رێک لەوێدا پێی گووتی لە کوێ.

**بێم:** ئەمە هەموو شتێکە؟

**بام:** کوێی تر.

**بێم:** ئەمە هەموو شتێکە؟

**بام:** بەڵێ.

**بێم:** ئینجا بوەستێ؟

**بام:** بەڵێ. وەرە.

**( بام لە جێ شوێنی W ەوە ئەڕواتە دەرەوە و بێمیش بەدوایەوە)**

**ڤی:** باشە.

ئەوا زستانە.

زەمەن ئەڕوا.

لەکۆتاییدا من دەرئەکەوم.

دووبارە دەرئەکەومەوە.

**(بام لە جێ شوێنی W ەوە دێتە ژوورەوە. لای 3 ئەوەستێ و سەری نەوییە.)**

**ڤی:** باشە.

من تەنهام.

لە ئێستادا هەم وەک هەبووم.

ئەوا زستانە.

بەبێ سەفەر.

زەمەن ئەڕوا.

ئەمەش هەموو شتێکە.

ئەمەش مانا بەخشە بۆ کەسێک کە بیری لێبکاتەوە.

ڕووناکی ئەکوژێنمەوە.

**(ڕووناکی لەسەر (ش) ئەکوژێتەوە، وچانێک. ڕووناکیش لەسەر ڤی ئەکوژێتەوە)**

## تێبینییەکانی وەرگێر:


1- وەرگێرانێکی کوردی کوردی ئەم شانۆگەرییەی بێکێت لە گۆڤاری ئایندە ژمارە 78 ی ساڵی 2008 لەلایەن ئەدیبی ناسراو کاک مەحموود زامدارەوە بڵاو کراوەتەوە، پاش بەراوردکردنی وەرگێرانەکەی خۆم و ئەوەی کاک مەحموود زامدار و دەقە ئینگلیزییەکە، بۆم دەرکەوت وەرگێڕانەکەی کاک مەحموود زامدار پڕە لەهەڵە و تەنانەت نزیک بە 60 حیوار لەدەقەکەی کاک زامداردا ونە، من نازانم کاک زامدار لە چ سەرچاوەیەکەوە ئەو وەرگێڕانەی ئەنجام داوە، بەڵام ئەم وەرگێڕانەی من کتومت دەقە ئەسڵییەکەی بێکێتە.

2- لەبەر ئەوەی هێڵکارییەکەی سەرەوەم داناوە کەلەدەقە ئینگلیزییەکەدا بوو. و لەو هێڵکارییەش شوێنەکانی W و N و E و V دیاریکراون، بۆیە منیش ئەو پیتە ئینگلیزییانەم وەک خۆیان بە ئینگلیزی دانایەوە V شم کردە ڤی تا ئەگەر ئەم دەقە بواری دەرهێنانی هەبێت، ئەوا بۆ ئەکتەرەکان و دەرهێنەرەکە ئاسان بێت.

سەرچاوەکان:


1- **Collected Shorter plays**
2- **http://en.wikipedia.org/wiki/Samuel_Beckett**

# ئۆجین ئۆنیڵ



ئـۆجین گلادسـتۆن ئۆنێـڵ-ی شانۆنامەنووسـی ئـەمریکی و وەرگـری خـەڵاتی نۆبڵ لە یەکێک لە ژوورەکانی ئوتێلی برادوەی لە شـاری نیویـۆرک لـە ئەمـەریکا لـە شـازدەی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی 1888 لـەدایک بـووە. بـاوکی ئـۆجین ئەکتەری ئێرلەندی جەیمس ئۆنێڵ و دایکیشی ماری ئێڵن کوینلانە، ئۆنێـڵ نێـررا بـۆ قوتابخـانەی کاسـۆلیک و دەسـتی بەخوێنـدن کـرد تـا گەیشـتە زانکـۆی پرنستۆن، کاتێکیش لە زانکۆ دەردەکرێت، ئۆجین چەند ساڵێک بە ئیشـکردن لە دەریـادا بەسـەر دەبـات کە لەو مـاوەیەدا دووچـاری خەمـۆکی و ئەلکهـول بـووە. دایک و باوکی و برا گەورەکەی لەمـاوەی سـێ سـاڵدا یەک لەدوای یەک ئەمـرن. بـۆیە ئـۆجین وەک ڕاکـردن لە واقیـع پەنـا بـۆ نووسـین ئەبـات، سـەرباری خەمۆکییەکەی، ئۆجین خۆشەویستییەکی زۆری هەبووە بۆ دەریا. ئۆجین سـاڵی 1912 – 1913 بوو کە لە نەخۆشی چاک ئەبێتەوە و بڕیـار ئەدات وەک نووسـەری شـانۆگەری دەسـتبەکار بێـت و لە لەنـدەن تەلەگـراف دائەمەزرێـت. ئـۆجین لە ساڵی 1909 تا 1912 هاوسەرگیری لەگەڵ کاترین جێنکیس ئەکات و کوڕێکی لـێ ئەبێت. پاشان لە ساڵی 1918 لەگەڵ ژنە نووسەر ئەگنێس بـۆڵتن هەوسـەرگیری ئەکـات و لەمەشـیاندا دوو منـداڵی ئەبێـت، سـاڵی 1929 لە ژنـی دووەمـی جیـا ئەبێتەوە و کارلۆتا مۆنتێری ئەخوازێت.

یەکەمین شانۆگەری بڵاوکراوەی ئۆجین ئۆنێڵ 'لەودیو ئاسۆوە' لە سـاڵی 1920 لە برادوەی نمایشکراو خەڵاتی پۆلیتزەری درامای پێ بەخشرا. ئـۆجین 32 شانۆگەری درێژی نووسیوە لەگەڵ 19 شانۆگەری کورت و یەک پەردەیی. ئۆجین ساڵی 1953 لە تەمەنی 65 ساڵیدا لە یەکێـک لە ژوورەکـانی ئوتێلێـک ئەمرێـت، لە دواسـاتەکانی ژیانیـدا و لە سـەرەمەرگدا بەهێواشـی گووتبـووی: "ئەمزانی، ئەمزانی لە ئوتێل لەدایک بووم و بەر نەفرەتـی خـوا بکەوێـت هەر لە ئوتێلیش ئەبێ بمرم".

شانۆگەری

# پێش قاوەڵتی

نووسینی: ئۆجین ئۆنێڵ

کارەکتەرەکان

خاتوو ڕۆلاند. ژن

ئەلفێرد ڕۆلاند. مێرد

دیمەن

ژوورێکی بچوک، هەم موبەق و هەم شوێنی نانخواردنە لەسەر شەقامی کریستۆفەر لە شاری نیویۆرک، لای پشتەوە و لە لای ڕاستەوە دەرگایەک هەیە بەرەو دەرەوەی ڕاڕەوەکە. لەلای چەپی دەرگاکەوە دەستشۆرێک و تەباخێکی دوو چاوە هەیە. لە سەرووی تەباخەکەوە و بەلای دیواری چەپدا کەوانتەرێکی دارین هەیە بۆ قاپ و قاچاخ و... تاد. لە لای چەپەوە دوو پەنجەرە بەسەر حەوشەیەکی بەربەرەڵادا ئەڕوانن کە ژمارەیەک نەمامی لە

ئینجانەدا نێژراو هەن کە لە فەرامۆشیدا خـەریکن وشـک ئـەبن، لـە بـەردەم پەنجـەرەکانیش مێزێـک دانـراوە و بـە مشـەمما (نـایلۆن) داپۆشـراوە. دوو کورسیی ژێر لە قامیش دروستکراویش لای مێزەکەوە دانراون. لای پشـتەوەو لە لای ڕاستی دەرگاکەوە دۆلابێک هەیە. لای پشتەوەو لەسەر دیواری ڕاستی شانۆ دەرگایەک هەیە بەرەو ژووری نووستن. لەولاتریش چەندین جلی ژنان و پیاوان بە عەسقییەوە هەڵواسراون. جلـەکان بـە ڕیـز لـە گۆشـەی پشـتەوەی چەپەوە بەرەو پێشەوەی ڕاست ڕیز کراون.

دەوروبەری دەمژمێری هەشت و نیوی سـەر لەبەیانییـەکی ئاسـمان ڕوون. ڕۆژێکی خۆرەتـاوی سـەرەتای پـاییزە. خـاتوو ڕۆلانـد لـە ژووری نووسـتنەوە دێتە ژوورەوە، باوێشک ئەدا، هەردوو دەستی بـە تەوقـە لەقژدانـەوە گیـراون کە تازە لە قژداهێنـان بۆتـەوە لـە ژێـر خاولییـە بۆرەکـەی سـەرییەوە. بـالا مامناوەندییەو تۆزێک بە لای عینادییـەوە لای داوەو بـە جلـە شـینە شـڕوپڕو لەبەرکراوەکانیـەوە دەرئەکـەوێت. لەگـەڵ سـیمای بچـوک و ئاسـایی و چـاوە شـینە لـە وەسـف نـەهاتووەکانی کـە دەموچـاوی بێتاوانانـە دیـار ئەخـەن. دەربڕینێکی کێماسییانە لە ئارادایە سەبارەت بە چاو و لوت و لاوازیی و دەم پیسییەکەی. تەمەنی لە سەرەتای بیستەکاندایە، بەڵام پیرتر ئەنوێنێ.

دێتە ناوەڕاستی ژوورەکەوەو باوێشک ئـەدات و خـۆی لێـک ئەکێشـێتەوە. چاوە خەواڵووەکانی بە تووڕەییەوە ئەبڕێتە ژوورەکەو وەک کەسێک کـە ئـەو هـەموو خەوتنـە هێشـتا پشـوویەکی درێـژی پـێ نەبەخشـیبێ. بـە بـێ-تاقەتییەوە بەرەو جلەکانی لای ڕاسـت ئـەڕوات و بەروانکەکـە لـە عەسـقیەکە ئەکاتـەوە. بەروانکەکـە لـەناو قـەدی ئەبەسـتێ. تـووڕەیی لـە دڵـی خـۆی دەرئەکا.

"بە نەفرەت بێ".

وەختێ پەتەکە پەنچە ناقۆڵاکانی ئەخاتە ژێرەوە. دواجار ئەیبەستێ و بەهێواشی بەرەو لای فڕنە غازەکە ئەڕواو چاوێکی پێئەکات. قۆرییەکە لە بەردەم دەستشۆرەکە پڕ لەئاو ئەکات و ئەینێتە سەر تەباخەکە. پاشان لەپڕ بەسەر کورسییەکی لای مێزەکەدا ئەکەوێ و دەستی ئەخاتە سەر ناوچەوانی تا بزانێ ئاخۆ ژانەسەری هەیە یا نا. لە ناکاودا دەموچاوی دەکرێتەوە، وەک ئەوەی شتێکی هاتبێتەوە یادو خێرا چاوێک لە کەوەنتەرەکە ئەکاو ئینجا تیژ لە دەرگای ژووری نووستنەکە ئەڕوانێ و بە مەبەستەوە بۆ ماوەی خولەکێک گوێ هەڵئەخا.

**ڕۆلاند خانم**: (**بەدەنگێکی نزم**) ئەلفرێد! ئەلفرێد! (**لەژوورەکەی تەنیشتەوە هیچ وەڵامێک نەبوو و خانمیش بە گومانەوە بەردەوامەو بە دەنگی بەرزەوە**) پێویست ناکات خۆت بکەیتە خەو. (**هیچ وەڵامێک لە ژووری نووستنەوە نییە و دووبارەی ئەکاتەوە، خانم لەسەر کورسییەکەی هەڵئەسێ و بە وریاییەوە بەرەو لای کەوەنتەرەکە ئەچێ. بەهێواشی دەرگاکە ئەکاتەوە بۆ ئەوەی هیچ تەقەتەقێک نەکات، بوتڵی جن و پەرداخێک لە پشی قاپەکانەوە دەرئەهێنێ. لەکاتی دەرهێنانیاندا بەر قاپێک ئەکەون و تەقەیان لێوە دێ. لەم دەنگەوە خانم هەست بە خەتایەک ئەکات و دەموچاوی بەیەکدا ئەدا و ئەڕوانێتە دەرگای ژوورەکەی تەنیشت**).

(**ئینجا دەنگی ئەلەرزێ**) ئەلفرێد!

(**دوای وچانێک. لەو ماوەیەی کە گوێ-قولاخ بوو بۆ بیستنی هەر دەنگێک، پەرداخەکەی هەڵئەگرێ و پێکێکی گەورە تێئەکات و هەڵی ئەقوڕێنێ. پاشان پەرداخ و بوتڵەکە ئەگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان. دەرگای کەوەنتەرەکە بەهەمان بایەخی کردنەوەی، پێوەی ئەدا و هەناسەیەکی قووڵ**

**هەڵئەمژێ. جارێکی تر ڕۆئەچێتەوە نێو کورسییەکەی. ئەو برە ئەلکهولـەی کە خواردوویەتیەوە یەکسەر کاریگەری داناوە. سیمای زۆرترین گۆڕانی تێدا ڕووئـەدا. پێئـەچێ تاقـەت بێنێتـەوە بـەر خـۆی، بـە پێکـەنینێکی گـەورەو تۆڵەخوازی کە لەسەر لێوەکانێتی، تەماشایەکی دەرگای ژووری نووستنەکە ئەکات. بە خێرایی چاوێک بە ژوورەکەدا ئەگێڕێ و نیگای لەسەر پاڵتۆیەک و هێلەکێکی پیاوانە لەلای ڕاستەوە هەڵواسراون، ئەگیرسێتەوە. بە خشپەوە بەرەو ڕاڕەوە کراوەکە ئەڕوا لەوێـدا و بێئـەوەی لەبـەرچاوی هـیچ کەسـێکی ژوورەوە بێ، ڕائەوەستێ و گوێ بۆ هەر جوڵەیەک هەڵئەخا).**

**(بە نیمچە چرپەوە بانگ ئەکات)** ئەلفرێد!

**(جارێکی تر وەڵام نـەبوو. بەپەلـە پـاڵتۆ و هێلـەکەکـە لـە ئەسـقییەکە ئەکاتەوەو بە جلەکانەوە ئەگەڕێتەوە سەر کورسییەکەی. دائەنیشێ و لەهەر گیرفانێـک وتـاری جۆراوجـۆر دەرئـەهێنێ بـەڵام خێـرا ئەیخاتــەوە نێـو گیرفانەکان. لە دواجاردا لە گیرفانی هێلەکەکە نامەیەک ئەدۆزێتەوە).**

**(سەیری دەست و خەتەکە ئەکات — بەهێواشی و لەبەرخۆیەوە)** ئممـم. ئەمزانی.

**(نامەکە ئەکاتەوە و ئەیخوێنێتەوە. لەیەکەم گوزارشتیدا ڕق و تووڕەیی، بەڵام کە ئەگاتە کۆتایی نامەکە ئەگۆڕێت بۆ سەرکەوتنێکی بەدخوازانە. بۆ خولەکێک لـە بیرکردنەوەیـەکی قووڵـدا ئەمێنێتـەوە تەماشـای پـێش خـۆی ئەکات نامەکەی بە دەستەوەیەو پێکەنینێکی دڵڕەقانەی لەسەر لێوە. دوایی نامەکە ئەخاتەوە گیرفانی هێلەکەکەو هێشتا وریایە تا خەوتووەکە بەخەبەر نەهێنێ. جلەکان بە هەمان عەسقییەوە هەڵئەواسێتەوە و ئـەڕوا بـەرەو لای دەرگای ژووری نووستنەکەو تەماشا ئەکات)**

(**بەدەنگێکی تیژو بەرز**) ئەلفرێد! ( **دەنگی هەر بەرزە**) ئەلفرێد! ( **دەنگێکی نزم و ناڕوون، وەک مرەی باوێشک لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دێت**) پێت وا نییە وەختی هەستانە؟ ئەتەوێ هەموو ڕۆژەکە لەناو جێگادا بمێنیتەوە؟ (**وەرئەچەرخێ و ئەگەڕێتەوە بۆ لای کورسییەکەی**) هیچ گومانێکم نەبوو لەوەی هێندە تەمەڵ بوویتە کە بۆ هەمیشە لەناو جێگا بمێنیتەوە.

(**دائەنیشێ و بە توڕەییەوە لە پەنجەرەکەوە ئەڕوانێتە دەرەوە** ) خوا ئەزانێ سەعات چەندە. تەنانەت شێوازێکی کات بە یەکترگوتنمان نەدۆزیوەتەوە لەو ساوەی گەمژانە کەوتویتەتە یاری بە دەمژمێرەکەی مەچەکت. وەک خۆت ئەتزانی بەبەهاترین شتێک بوو کە هەمان بووبێت. هیچ شتێک نەبوو جگە لە یاری، یاری، یاری لەگەڵ تۆدا هەر شتێک کە بووبێتە باعیسی ئیش نەدۆزینەوە. هەر شتێک کە ببێتە هۆی ئەوەی وەکو پیاو بچیتە دەرەوەو کارێک بکەی. (**بێ ئارامانە بە ئاسپایی پێیەکانی بە ئەرزەکەدا ئەکێشێ و لێوەکانی ئەکرۆژێ**).

(**دوای وچانێکی کورت**) ئەلفرێد! هەستە.. گوێت لێمە؟ ئەمەوێ پێش ئەوەی بچمە دەرەوە، عیلاجی ئەو تەختەخەوە بکەم. من بێزارم لەم ماڵە پیس و پۆخڵەت. (**بە حەز لە تۆڵەکردنەوەیەکی تایبەتەوە**) ئاوا نا زۆر لێرە ئەمێنینەوە مەگەر بچی هەندێ پارە لە شوێنێک پەیدا بکەی. خوا ئەزانێ من ئیشەکانی خۆم ئەکەم -بەزیادیشەوە- و هەموو ڕۆژێ ئەڕۆم بۆ دوورمانکردن. وەختێ جەنابت لەگەڵ ژمارەیەک لەهونەرمەندە بێخێرەکانی "واشنتۆن سکوێر" لە دەوروبەری بارەکان خەریکی فشەفش و کات بەفیرۆدانی.(1)

( **وچانێکی کورت لەگەڵ یاریکردنی شڵەژانانەی خانم بە ژێر پیاڵەکەی سەر مێزەکە**)

حەز ئەکەم بزانم پارە لـەکوێ دێنـی؟ ئـەم هەفتەیـە ئـەبێ کرێـی خـانوو بدەین و خۆشت ئەزانی خاوەن خانوو یانی چی؟ لێناگەڕێ یەک خولـەک لـە وەختی خۆی زیاتر لێرە بمێنینەوە. تۆ ئەڵێی ئیشت دەست ناکـەوێ. ئـەوە درۆیە و خۆشت ئەمە زۆر چاک ئەزانی. تۆ قـەت لـە ئیشـێک نەگـەڕاوی. بـە درێژایـی ڕۆژ خـەریکی نووسـینی شـیعر و چیرۆکـی بێمانایـت کـە نـە کـەس ئـەیانکڕێ و نـە کەسـیش بیـر لـە کڕینیـان ئەکاتـەوە. تێبینـیم کـردووە مـن هەمیشە جێ و شوێنێکم دەست ئەکەوێ وەکـو ئـەوەی ئێسـتا کـە لـە برسـا مردن ڕزگارمان ئەکات.

(**هەڵئەستێ و ئەچێتە لای تەباخەکە- سەیری ناو قۆرییەکە ئەکات بۆ ئـەوەی بزانـێ ئاوەکـە ئـەکوڵێ یـان نـا؟ پاشـان ئەگەڕێتـەوە و دیسـانەوە دائەنیشێ**)

ئەبێ ئەمڕۆ لە هەر شوێنێک بێ پـارە پەیـدا بکـەی. مـن نـاتوانم هـەموو شتێک بکەم و ناشمەوێت بیکەم. ئەبێ بێیتەوە هۆشی خۆت. ئـەبێ لـە هـەر جێیەک بێ پەیدای بکەی ئینجا سواڵ ئەکەی، قەرز ئەکەی، ئەیدزیت، گرنگ نییە. (**بە پێکەنینێکی بێ ئابڕوویانەوە**) بەڵام حەز ئەکـەم بـزانم لـە کـوێی ئەهێنی؟ تۆ زۆر شانازی بە سـواڵکردنەوە ئەکـەی، زۆریشـت قـەرز کـردووەو هیچیشت پێ نادزرێ.

(**پـاش وچانێـک، بـە تووڕەییـەوە هەڵئەسـتێ**) ئـەڕێ بـۆ خـاتری خـوا هەڵناستی؟ وەک ئەوە وایە دووبارە خەوتووبێتیتـەوە، یـان خـۆت وا نیشـان ئـەدەی کـە خـەوتووی. (**بـەرەو لای دەرگـای ژووری نووسـتنەکە ئـەڕوا و تەماشـایەکی ژوورەوە ئـەکات**) ئـا ئـەوە هەسـتاوی، بـە هـەرحاڵ وەختـی

هەستانە. پێویست ناکا ئاوا لێم بڕوانی. سۆزەکانت چی تر هەڵم ناخەڵەتێنن. تۆ چاک ئەناسم باشتر لەوەی کە پێتوایە ئەتناسم. تۆ و ئەوەی بە تایبەتیش ئەگوزەرێ. ( **لە دەرگاکە دوور ئەکەوێتەوە – بە مەبەستەوە)** ئازیزم زۆر شت ئەزانم. گوێی مەدەرێ ئێستا چی ئەزانم، پێش ئەوەی بڕۆم پێت ئەڵێم. پێویست بە دوودڵی ناکات .( **دێتە ناوەڕاستی ژوورەکەو بەگرژییەوە ئەوەستێ)**

(**بەتووڕەییەوە**) ئمم! من ئەبێ قاوەڵتی ئامادە بکەم. نەک هیچی ترت نەبێ. (**بەپرسیار کردنەوە)** مەگەر هەندێ پارەت هەبێ؟ (**وچانێک ئەکات بۆ ئەوەی وەڵامێکی لە ژوورەکەی تەنیشتەوە گوێ لێ بێ کەچی وەڵام نابیستێ)** پرسیارێکی گەمژانە بوو! (**پێکەنینێکی کورت و گەورەی بۆ ئەکات)** ئەبوایە ئێستا تۆم باشتر بناسیبایە. کە دوێ–شەو ئێرەت بە دڵشکاوی بەجێهێشت زانیم چی ڕووئەدا. بۆ چرکەیەکیش جێی متمانە نیت. تۆ لە کەش و هەوایەکی جواندا هاتییەوە ماڵەوە! ئەو شەڕەی کردمان تەنها بیانوویەک بوو بە دەستتەوە تا ڕەفتاری ناپەسەند بنوێنی. ئەوە چی بوو وای لێ کردی کاتژمێرەکەی مەچەکت لە ڕەهن دابنێی و ئەتویست ئەو پارەیەش بە کڕینی خواردنەوەوە بەفیڕۆ بدەی؟

(**بەدەم قسە کردنەوەوە ئەچێتە لای کەوەنتەرەکە و هەندێ قاپ و کوپ دەرئەهێنێ)**

پەلە بکە! ئەم ڕۆژانە قاوەڵتی خێرا ئامادە ئەبێ، سوپاس بۆ تۆ. ئەوەی ئەم بەیانییە هەمانە نان و کەرە و قاوەیە. تەنانەت ئەوەشت نەدەبوو، ئەگەر بەم پەنجانە دوورمانم نەکردایە. (**لوولە سەمونێک ئەکێشێ بە مێزەکەیا)** سەموونەکەش کۆن و بێتامە. هیوادارم بەدڵت بێ. شایانی لەوە باشتر نیت، بەڵام نازانم بۆ ئەبێ ئازار بچێژم.

(**ئەڕواتە لای تەباخەکە**) قاوەکە خولەکێکی تر ئامادە ئەبێت. چاوەڕوانی ئەوەشم لێ مەکە لە سەرت بوەستم.

(**لە پڕێکدا بە تووڕە بوونێکی زۆرەوە**) باشە ئەو ماوەیە لەسەر زەوییەکە چی ئەکەی؟ (**ئەڕواتە لای دەرگاکەو تەماشای ژوورەوە ئەکات**) بەهەرحاڵ تۆ بە هەر جۆرێک بێ ڕووت نیت. پێشبینیم ئەکردی چوویبێتیتەوە ناو جێ. ڕێک وەک ئەوەی کە کردووتە. ئەم بەیانییە چەند ناشیرین دیاری. بۆ خاتری خوا هەستە ڕیشت بتاشە! بۆگەنت لێ دێ! مردووت مرێ، ئەڵێی قەرەجی. بێخەم بە کەس ئیشت ناداتێ. لۆمەیان ناکەم ئیشت نەدەنێ وەختێ تەنانەت لە بەشەر نەچیت. (**بەرەو لای تەباخەکە ئەڕوات**) ئاوێکی گەرمی زۆر لێرەیە. هیچ بیانوویەکت بەدەستەوە نییە. (**مەنجەڵەکە هەڵئەگرێ و هەندێ ئاوی ناو قۆری قاوەکە ئەکاتە ناوییەوە**) ئەوەتا.

(**مێردەکە دەستی ئەگەێنێتە دەرگاکە. دەستێکی هەستیارە بە پەنجەی باریکەوە. ئەلەرزێ و هەندێ ئاویش ئەڕژێتە سەر زەوییەکە**)

(**بەتووڕەیی و شاڵاو بردنەوە**) سەیری دەستی لەرزۆکی خۆت بکە! باشترە واز لە خواردنەوە بهێنی. تۆ بەرگە ناگری. ئەوە کەسانی وەکو تۆن کە تووشی D.T. ئەبن. کە لەوانەیە دوا قامیشی مژۆک بێ! (**تەماشای زەوییەکە ئەکات**) تەماشا ئەم ناوەت چۆن پیس کردووە- قونکەجگەرەو سۆتکە ئەم ناوەی داپۆشیوە. بۆ نایخەیتە ناو قاپێکەوە؟ نەخێر ئەقڵت پێ نەشکاوە ئەوە بکەی. تۆ قەت بیر لە من ناکەیتەوە. نابێ ژوورەکە گسک بدەیت و ئەمەش تەنها شتێکە کە بۆت گرنگە. [2]

(**گسکەکە هەڵئەگرێ و دەست ئەکاتە گسکدانێکی شەڕانی و تۆزو خۆڵ بەرز ئەکاتەوە. لە ژوورەوە دەنگی موس دێت کە تیژ ئەکرێ**) [3]

(**بە دەم گسکدانەوە**) خێرا بکە! کاتی ڕۆیشتنم هاتووە. ئەگەر دوا بکەوم ئیشەکەم لەدەست ئەدەم و ئیتر ناتوانم کۆمەکیت بکەم. (**وەک بیرۆکەیەکی درەنگ بۆ هاتوو گاڵتەئامێزەوە**) ئەوسا ئەبێ بچی کار بکەی یان شتێکی تۆقێنەری لەو جۆرە. (**ژێر مێزەکە گسک ئەدات**) ئەمەوێ ئەوە بزانم کە ئایا ئەمڕۆ ئەچی بە دوای ئیشدا بگەڕێی یان نا! خۆت ئەزانی خێزانەکەت ئیتر یامەتیمان نادەن. ئەوانیش تەواو بێزار بوون لێت. (**دوای خوولەکێک بێدەنگی لە گسکدان**) من لەم ژیانە بێزار بوومە. بیرۆکەیەکی باشم هەیە بۆ چوونە ماڵ گەر زۆر شانازیم نەکردبێ بەوەی کە بزانن تۆ چ شکست خواردوویەکی، تاقانە کوڕی ڕۆلاندی ملیۆنێر، دەرچووی زانکۆی هارڤارد، شاعیر، نێچیری شار- ها. (**بە بێزارییەوە**) ئەوەندە نابن ئیرەیی بە نێچیرەکەم بەرن ئەگەر ڕاستییەکان بزانن. حەز ئەکەم بزانم زەماوەندەکەمان چی بوو؟ تەنانەت پێش ئەوەی باوکە ملیۆنێرەکەشت بمرێ کە پارەی دونیای هەبوو، بە دڵنیاییەوە کاتی خۆت بە هاوسەرەکەتەوە بەفیڕۆ نەدا. ئەبوایە شادمان بوومایە بەوەی کە شانازیت بەوەوە کردووە کە زەماوەندم لەگەڵدا بکەی دوای ئەوەی تووشی گێچەڵت کردم. تۆ بەهۆی منەوە لەبەردەم هاوڕێکانتا خەجاڵەتبار دەبووی چونکە باوکم دوکاندار بوو. تۆ ئەمە بووی. لانی کەم باوکم سەر ڕاستە، زیاتر لە هەر کەسێکی تر کە وەسفی تۆ ئەکات.

**(بە ڕێکی بەرەو لای دەرگاکە گسک ئەدات بۆ ماوەی خوولەکێک بەسەر گسکەکەدا ئەچەمێتەوە)**

ئاواتەخواز بووی هەموو کەس وا تێبگەن کە بە ناچاری منت هێناوەو بەزەییان پیاتا بێتەوە، وا نەبوو؟ تۆ قەت دوودڵ نەبووی لەوەی پێت ئەوتم خۆشم ئەوێی. وات لێکردم بڕوا بە درۆکانت بکەم پێش ئەوەی ڕوو بدەن، وا

بوو؟ وات لێکردم. تۆ ناتەوێ باوکت بمکرێ هەر وەک ویستی وا بکات. ئێستا باشتر ئەزانم ئەو ماوەیە بە بەلاش لەگەڵتا ژیام. **(بە ڕووگرژییەوە)** بەختەوەرییە دوای هەموو شتێ، شتە هەژارەکان بە مردوویی لەدایک ئەبن. چ باوکێکت هەبوو!

**( بێدەنگی، بۆ ماوەی خولەکێک میزاجیانە تێ ئەفکرێ پاشان لەسەر دەم هارییەکەی خۆی بەردەوام ئەبێ)**

بەڵام من تەنیا کەس نیم سوپاست بکەم کە دڵخۆش نیت. لانی کەم کەسێکی تر هەیە و ئومێدەوارە ئێستا شووت پێبکات. **(سەرێک ئەکێشێ بە ژوورەکەی ترا)** ئەی هێڵین؟ ( **لای دەرگاکەوە ئەگەڕێتەوە، نیمچە تۆقیوە**)

ئاوا تەماشام مەکە! بەڵی نامەکەیم خوێندەوە. چییەتی؟ حەقی خۆمە. من هاوسەرتم. هەموو ئەوانەی ئەبێ بزانرێ، ئەیزانم. ئیتر درۆ مەکە. پێویست ناکا بەم جۆرە بەم بەیانییە زووە بە ناشتا لێم بڕوانی. **(بە دەم پرتەو بۆڵەوە گسکەکە لە قوژبنەکە هەڵئەپەسێرێ)** من هەرچییەکم کردووە تۆ پێت نەزانیوە. **(دێتە لای تەباخەکە و قاوە ئەکاتە ناو قۆرییەکەوە)** قاوە ئامادەیە. من چاوەڕێت ناکەم. **(لەسەر کورسییەکەی خۆی دائەنیشێتەوە)**

**(پاش وچانێک — دەست بە سەرییەوە ئەگرێ و نیگەرانە)** ئەم بەیانییە سەرم دێشێ. شەرمەزارییە بەم وەزعەوە ڕۆژ تا ئێوارە لەو ژوورە داخراوەدا ئیش بکەم. نەدەچووم بۆ ئیش ئەگەر تۆزێک غیرەتت هەبوایە. بەحەق بێ ئەبێ من لە جیاتی تۆ لەسەر پشت ڕاکشێم. ئەزانی ئەمساڵ چەند ماندووم. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر بۆڵەت دێ ئەگەر شتێک بخۆم کە ببێتە هۆی ئەوەی ڕۆحم سەرحاڵ ڕاگرێ. تەنانەت ناتەوێ چالاک کەرەوەیەکیش بخۆم کە لە دەرمانخانە کڕیومە. **(بە پێکەنینێکی گەورەوە)** ئەزانم حەز ئەکەی بمرم و لەسەر ڕێت لابچم و ئینجا سەربەستانە بەدوای ئەو کچە ناقۆڵایانە

بکەوی کە وا ئـەزانن تـۆ بایـەخ پێنـەدراوی و نمونـەت نییـە، وەک هێڵـین و ئەوانی تر.

**(لەژوورەکەی تەنیشتەوە ناڵینێکی تیژو سەیر دێتە بەرگوێ)**

**(بەئاسوودەییەوە)** گیانە، ئـەمزانی خـۆت ڕیشـی خـۆت ئـەبڕی. ئـەوەش دەرسێکە بۆت. ئەزانی نابێ شەو تا بەیان بە ئەعسابەوە بەم شکڵ و شـێوە ناڕێکەت بخۆیتەوە.( **بەرەو لای دەرگاکە ئەڕواو سەیرێکی ژوورەوە ئەکات)**

چی وا بێڕەنگی کردوویت؟ بـۆ لـە ئاوێنـەوە بـەم جـۆرە تەماشـای خـۆت ئەکەیت؟ بۆ خاتری خـوا، ئـەو خوێنـەی سـەر دەم و چـاوت بسـڕەوە. **(بـە مووچڕک پیاهاتنەوە)** وەختە بتۆقم. **( بە نەغمەیەکی سوکەوە)** گیانـە ئـاوا باشترە. قەت ناتوانم ڕاوەستم و تەماشای خوێن بکەم. **(تۆزێک لە دەرگاکە دوور ئەکەوێتەوە)** باشترە خۆت زیاتر ماندوو نەکەیت و بچیتە لای سەرتاش. ئەها دەستەکانت چۆن پڕ مەترسی و لەرزۆکن! بۆ ئاوا تەماشـام ئەکـەی؟ ( **یاخیبووانە)** هەرچۆنێک بێ من بەمافی خۆمی ئەزانم کـە خوێندمـەوە، ئـاخر من هاوسەری تۆم.

**(ئەگەڕێتـــەوە لای کورســـییەکەی و دیســـانەوە دائەنیشـــێتەوە. دوای وچانێک)**

هەمیشە ئەمزانی لەگەڵ کەسێکدا جرت و فرتتە. بیـانووە بێبایەخەکـەت بەوەی کە کات لە کتێبخانەی گشتی بەسەر ئەبـەی، هـەڵم ناخەڵـەتێنێ. بـە هـەرحاڵ هێڵـین کێیـە؟ یەکێکـە لـەو هونەرمەندانـە؟ یـان ئـەویش شـاعیرە؟ نامەکەی وای نیشان ئەدا. مـەرجت لەگـەڵ ئەکـەم وەک درۆزنێـک شـتەکانی خۆی پێ گوتووی وەک ئەوەی باشترین شت بن و تۆش بڕوات پـێ کـردووە. ئایا جاحێڵ و جوانە. منیش جوان و جاحێڵ بووم وەختێ بە قسـە جـوان و

شیعراوییەکانت هەڵتخەڵەتاندم؛ بەڵام ژیان لەگەڵ تۆ جا هەر کەسێک بێ بە زوویی تێکی ئەشکێنێ. من بەم ڕێیەدا تێپەڕیم.

**(ئــەڕوا قاوەکــە لەســەر تەباخەکــە لا ئــەدات)** قــاوەڵتی ئامادەیــە. **(بــەڕوانینێکی تێفکرانــەوە)** قــاوەڵتی! **(کوپێـک قـاوە بـۆ خـۆی تێئـەکا و قۆریەکەش لەسـەر مێزەکـە دائـەنێ)** قاوەکـەت سـارد ئەبێتـەوە. ئـەوە چـی ئەکەی بۆ خاتری خوا هەر خەریکی ڕیش تاشینی؟ باشترە واز بێنی. ڕۆژێک دێ خراپ دەموچاوت ئەبڕی.

**(نانەکە کـەرت ئـەکاو چـەوری ئـەکات. لـە مـاوەی ئـەم قسـەکردنانەی خوارەوە نان ئەخوا و قاوەکەی فڕ ئەکات)**

هەر کە قاوەڵتییەکەم بخۆم یەکسەر ئەبێ بڕۆم. خۆ یەکێ لە ئێمە ئـەبێ ئیش بکات. **(بەتووڕەییەوە)** ئایا ئەمڕۆ ئەچی بە دوای ئیشێکدا بگەڕێی یان نا؟ لەو بڕوایەشدام هەندێ لەو هاوڕێ هونەرمەندانەت یارمەتیت بدەن ئەگـەر بە ڕاستی ڕێزی تۆیان لا هەبێ. بەڵام پێموابێ بەس حـەزیان لـە قسـەکانتە. **(بۆ ماوەی خولەکێک بێدەنگ دائەنیشێ)**

داوای لێبوردن لە هێڵین ئەکەم جا هەر کەسێک بێت. تۆ هیچ هەسـتێکت نییــە بــۆ خــەڵکانی تــر؟ ئــەی بنەماڵەکــەی چــی ئــەڵێن؟ ئــەبینم باســی بنەماڵەکەی لە نامەکەیدا ئەکات. ئەی بەتەمای چییە منداڵ دروسـت ئـەکات یان ئەڕوا بۆ لای یەکێ لەو دکتۆرانە؟ ئەبێ بڵێم جوانە. ئەی پارە لـە کـوێ دێنێ؟ ئەرێ دەوڵەمەندە؟ **(چاوەڕوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بەنەفرەتبووانە ئەکات)**

ئمم! تۆ هیچم سەبارەت هێڵین پێ ناڵێی، وا نییـە؟ زۆرم بـەلاوە گرنگـە. بیری لێ بکەرەوە. من سکم پێـی ناسـووتێ، ئـەو ئـەزانێ چـی کـردووە. لـە ڕوانگەی نامەکەیەوە ئەو کچە قوتابی نییە وەک مـن، ئـەو کاتـەی مـن. ئایا

ئـەزانیٚ ژنـت هەیـە؟ بێگومـان ئـەبیٚ بزانـیٚ. هـەموو هاوڕێکانـت ئاگـاداری هاوسەرگیرییە نائاسوودەکەتن. ئەزانم بەزەییان پێتدا دێتەوە، بەڵام ئاگاداری دەردە دڵی من نین. ئەگەر ئاگاداری بن شتی تر ئەڵێن.

(**بۆ ماوەی چرکەیەک زۆر سەرقاڵە بەخواردن کە بواری نییە هیچ بڵیٚ**)

ئـەم هێڵینـە ئـەبیٚ زۆر دڵتـەڕ بـیٚ. ئەگـەر بزانـیٚ ژنیشـت هەیـە. ئـەی پێشبینی چی ئەکات؟ وائەزانیٚ خۆم بەتەڵاقدان ئەدەم و ئەهێڵم شـووت پـیٚ بکات. بۆ وا ئەزانیٚ ئەوەندە شێتم شتی وا بکەم دوای ئەوەی دووچاری ئـەو هەموو پەتپەتیەت کردم؟ پێموا بیٚ نا! تۆ خۆشت ئەزانی کە ناتوانی تـەڵاقم بـدەی. چونکـە کـەس نـاتوانیٚ بڵـیٚ شـتێکی هەڵـەم کـردووە. (**دوا فـڕی قاوەکەی ئەنێتە سەرەوە**)

ئەوەی ئەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە هێڵین شایانی ئەو ئازارەیە. پێـت ئـەڵێم بیر لە چـی ئەکەمـەوە. لـەو بڕوایـەدام هێڵـین لـە کچـە حوسحوسـێکی سـەر جادەکان باشتر نییە. من ئاوای بۆ ئەچم. (**دەنگی خنکەخنک لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دێت**)[4]

ئەوە دیسانەوە دەموچـاوی خـۆت بـڕی؟ جـوان بیتاشـە. (**هەڵئەسـتیٚ و بەروانکەکە لەخۆی ئەکاتـەوە**) باشـە ئـەبیٚ بـڕۆم (**بـە هەڵچوونـەوە**) ئەمـە خۆشـترین ژیانمـە کـە بەسـەری ئەبەم. مـن خـوا داینـەناوم هـەر خـەریکی جادەپێوان بم. (**گوێی لە شتێک ئەبیٚ و چاوێک دائـەگریٚ و بـەوردی گـویٚ ئەگریٚ**) گیانەکەم، ئاوت بەرداوەتەوەو هیچی ئەو ناوەت نەهێشـتووە. نـەڵێی بەرم نەداوەتەوە. گوێم لێیە ئەڕژێتە سەر زەوییەکە. (**گوزارشێکی نادیار لـە ترس سیمای دائەپۆشیٚ**) ئەلفرێد! بۆ وەڵامم نادەیتەوە.

**(بەهێواشی بەرەو ژوورەکە ئەڕوات. دەنگێک لەسەر کورسییەکەوە دێت و تـەنێکی قـورس وەرئەگـەڕێ و ئەکەوێتـە سـەر زەوی. ئەوەسـتێ و بـە ترسەوە ئەلەرزێ)**

ئەلفێرد! ئەلفرێد! وەڵامم بدەرەوە! ئەوە چیت خستە خوارەوە؟ ئێسـتاش سەرخۆشی؟

**(ناتوانێ بۆ یەک چرکەی زیاتر تەحەمولی ئەو گرژییە بکات و بە پەلـە بەرەو دەرگای ژووری نووستنەکە ئەڕوات)**

ئەلفرێد!

**(لای دەرگاکەوە ڕائەوەستێ و تەماشای زەوییەکەی ژوورەکە ئەکات. لە ترسـا لـە پـەل و پـۆ کـەوتووە. پاشـان سەرشـێتانە هـاوار ئـەکا و بـەرەو دەرگاکەی تـر ڕائـەکات و ئەیکاتـەوە و شـێتگیرانە ئەیخاتـە سـەر پشـت و سەرشێتانە ڕوو بە ڕاڕەوەکەی دەرەوە هاوار ئەکا)**

**(پەردە دائەدرێتەوە)**

## پەراوێزەکان:

(1) واشـنتۆن سـکوێر گۆڕەپانێکـە لەناوەڕاسـتی گونـدی گـرین وچ لە شاری نیویۆرک.

(2) ئەلفرێد قایشی چەرمی بۆ تیژکردنـی گوێزانەکـەی بـەکار ئـەهێنێ، ئەو جۆرەی کە سەرتاشەکان بـەکاری ئـەهێنن لەگـەڵ سـاتورێکی ئاسـن کـە ئەخرێتە ناو کیفەکەوە.

(3)

## دوو تێبینی وەرگێڕ:

(4) D.T. حاڵـەتێکی تەندروسـتییە کـە توانـای کـۆنترۆڵکردنی لـەرزینی نامێنێ.

(5) حوسحوس یانی بێحەیاو دەمهـار و جـرت و فـرت کەر. ئەم وشـەیە لە دەڤەری هەولێر زۆر بەکار دێت.

## سەرچاوەکان:


1- Literature
An introduction to reading and writing
Fourth Edition
Edgar V. Roberts and Henry E. Jacobs
Printed in the USA pages 1054-1059

2- http://en.wikipedia.org/wiki/Eugene_O'Neill


❊ ❊ ❊

# بێتی کارۆڵ کێڵەر



بێتی کارۆڵ کێڵەر، ساڵی 1930 لە شاری ڤانکۆڤەر لـە کەنـەدا لـەدایک بـووە، بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە زمـانی ئینگلیـزی و درامـای لـە زانکـۆی بــریتیش کۆڵۆمبیــا وەرگرتــووە. هــەروەها بڕوانامــەی وانــە وتنەوەشــی بەدەستهێناوە. لە نێوان ساڵانی 1962-1975 وانەکانی زمانی ئینگلیـزی و درامـای لـە قوتابخانـە ئامادەییەکانـدا وتۆتـەوە و لـە سـاڵانی 1975-1976 و 1978-1979دا ئەنـدامی دەسـتەی وانـەبێژی بـووە لـە زانکـۆی سـایمۆن فرەیـزەر. هـەروەها لـە سـاڵانی 1981-1982 و 1985 وەک مامۆستای خول لە بەشی داهێنـانی نووسـین لـە زانکـۆی بـریتیش کۆڵۆمبیـا خـەریکی وانـە وتنـەوە بـووە. بێتـی لـە سـاڵانی 1977-1978مامۆسـتای زمـانی ئینگلیـزی بـووە لـە کـۆلیژی مامۆسـتایانی ژنـان لـە نیاگـارا. بێتـی دامەزرێنەر و بەرهەمهێنەری فێستیڤاڵی "سـەن شـاین کۆسـت"ە بـۆ هونـەری نووسین لـە نێـوان سـاڵانی 1983-1994.ئێسـتاش مامۆسـتایەو وانـە بـە حەڤدە نووسەر ئەڵێتەوە.

## کتێبە بڵاوکراوەکانی بێتی کێڵەر

1- دارستان و دەسەڵات و سیاسەت پرنس جۆرج 1997

2- دەریا ڕۆشنەکان و ڕۆحەپێشەنگەکان ڤیکتۆریا 1996

3- دەریای زیوین کێڵگەی ساڵمۆن لەکەناری ڕۆژئاوا ساڵی 1996

4- دەرگا فێڵبازەکان و دەموچاوەکانی تر ڤانکۆڤەر 1974 و کۆلۆرادۆ لە ئەمەریکا 1988

5- ئیرتیجالیەت لە داهێنانی دراما لەساڵی 1974

6- پاوڵین... ژیاننامەی پاوڵین جۆنسۆن ڤانکۆڤەر 1982 و ئەمەریکا 1986

7- لەلای سێبەرەکەوە 1886-1914 ڤانکۆڤەر 1986

8- گورگی ڕەش ژیاننامەی ئێرنێست سۆمسۆن سیتۆن ڤانکۆڤەر 1984 و ئەمەریکا 1984

## خەڵاتەکان:

1- خەڵاتی تاڵەویند بۆ ئەدەبی بەشداریکردن لە کۆمەڵگە 1996

2- خەڵاتی پلە سێی وەرزنامەی مێژوویی بۆ کتێبی دەریا ڕۆشنەکان و ڕۆحە پێشەنگەکان 1996

3- مەدالیای ئاهەنگی بیرەوەری 125 ساڵەی کۆنفیدراسیۆنی بەشداری کولتووری.

4- خەڵاتی لێسکاربۆرت بۆ بەشداری کولتووریی لە لایەن کۆمینیوکەیشنی کەنەدا.

5- مەدالیای ژیاننامەی کەنەدییەکان لە لایەن ئەدەبی کەنەدییەوە.

## سەبارەت بە دەقی شانۆگەری
## ئاهەنگی چا خواردنەوەی بێتی کێلەر

بێتی کێڵەر، ئەزموونێکی فراوان و هەمەچەشن لەنێو کارە شانۆییەکانیدا ئامادەیە، وەکو ئەو کارە ڕێ تێنەچوانەی لە چەشنی بیمەی ڕێکخەر، جوتیار، یارمەتیدەری وێنەگر یان بەڕێوەبەری بەندیخانەی ژنان. بێتی وەکو مامۆستا لە گەلێ وۆرک شۆپی شانۆیی لە ڤانکۆڤەر خزمەتی کردووە، لەوانە چوار ساڵ خزمەتی "پلەی هاوس هۆلیدەی" کردووە. بێتی وانەی دراماو شانۆی لە قوتابخانەی ئامادەیی ویندزەر لە شاری نۆرس ڤانکۆڤەر تا ساڵی 1974 وتۆتەوە، ئەو ساڵەی کە کتێبی "ئیرتیجالیەت لە داهێنانی دراما"ی تێدا بەچاپ گەیاند، کە کۆمەڵێ دەقی شانۆیی کورتن کە ئاهەنگی چا خواردنەوە لەو کتێبەدا بڵاو کراوەتەوە. هەروەها بێتی وانەی لە زانکۆی سایمۆن فرەیزەرو زانکۆی بریتش کۆلۆمبیا وتۆتەوە. بێتی دامەزرێنەرو بەرهەمهێنەری پرۆگرامی وۆرک شۆپ و فێستیڤاڵی نووسەرانی ڕۆژئاوای کەنەدایە، فێستیڤاڵی هونەری نووسین کە لە ساڵی 1983 تا ساڵی 1994 بەردەوام بوو.

بێتی سەرباری کارە دراماییەکانی، کاری ژیاننامەنووسین و مێژووشی بەرهەم هێناوە، لەوانە ژیاننامەی پاوڵین جۆنسۆن ساڵی 1982و گورگی ڕەش کە ژیاننامەی ئێرنێست سیتۆن ە ساڵی 1984، لە لای سێبەرەکەوە 1886-1914 ساڵی 1986و دەریای زیوین کێڵگەی سەلەمۆن لە کەناری

ڕۆژئـاوا سـاڵی 1996و دەریـا ڕۆشـنەکان و ڕۆحـە پێشـەنگەکان سـاڵی 1996.

کورتەی شانۆگەریی ئاهەنگی چا خواردنەوە ڕوونکردنەوەی هێزی درامایـە بـۆ نیشـاندانی کارەکتـەرو بـارودۆخ و گواسـتنەوەی هەسـت. کارەکتـەرە سـەرەکییەکان دوو خوشـکی پیـری تـەنیان کـە لـە دەرەوەی هـاوڕێ و کەسوکاردا دەژیـن و هـیچ کەسـێکیان نییـە، تـەنیا ئـەو کەسـانەی کـە جـار بەجار دێن بۆ ماڵیان بۆ جێبەجێ کردنی کارێکی تایبەت وەکو ڕۆژنامەهێنەر یان پێوەر-خوێنـەر. ئـەم شـانۆگەرییە کورتـە زۆر بـە کـورتی و کارامەییـەوە کێشەکانیان دەرئەخات و بە سۆزێکی زۆرەوە پەنجە ئەخاتە سەر تەنیاییان.

ئاهــەنگی چــا خواردنــەوە، شــانۆگەرییەکی زۆر کورتــە بــۆ نیشــاندانی هەڵبژاردنە قورسەکانی کارەکتەرەکان، بۆیە زۆر بە زەحمـەت دەرفـەت، یـان بواری ئەوەیان ئەبێت تا لە میانی ئەو وەڵام و گۆڕانانـەدا ڕێ بکـەن کـە لـە شانۆگەرییەکی درێژدا هەن. ئەڵما و هەستێر هەردوو جیان لە یـەکتر، بـەڵام هەردووکیشیان خەریکی مشتومڕێکی لاوەکین سەبارەت بە نـاو و مێـژوو لـە ڕابردوویەکی شاراوەی درێژیاندا. دوای ئەمەش، لـە دوا قسـەی ئـەڵما-دا کـە وێنە سەرنجڕاکێشەرەکە تەواو ئەبێ، ئەشێ کەسێک هێمایـەکی هۆشـیاریی و ددان پیانــان ببینــێ کــە ئێمــە لــە چــاوەڕوانی تــەواو بوونــداین، کــەچی کارەکتـەرەکان گەشـە ئەکـەن. تەنانـەت کـوڕە ڕۆژنامـە گەیەنەرەکـەش کـە بەشێک نییە لە قسەکردن، دڵڕەقییەکەشی بەرامبـەر خوشـکەکان بـە ڕوونـی دەرئەکەوێ. بـەم شـێوەیە کێڵـەر بـارودۆخی ئـەو مرۆڤانـەی بـە شـێوەیەکی درامی کاریگەر داڕشتووە کە ژیانێکیان کردووە. ئاسـان نییـە شـانۆگەرییەک پەیدا بکەی کە ژیان و هەستێکی زۆر لە ماوەیەکی زۆر کورت و لـە کـارێکی خێرادا بگوێزێتەوە و بگەیەنێت.

شانۆگەری

# ئاهەنگی چا خواردنەوە

نووسینی: بێتی کێڵەر

کارەکتەرەکان:

**ئەڵما ئیڤانس**: تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵە، زۆر بچکۆلەو لەڕو لاوازە. جلەکانی سادەن، بەڵام مۆدێلیان ماوە. قژە سپییەکەی کورت و جوان بڕیوە. بە یارمەتی گۆچانەکەی ئەڕوات بەڕێوە، وەکو پەک کەوتەیەکیش نایەتە ئەژمار.

**هێستەر ئیڤانس**: تەمەنی حەفتاو نۆ ساڵە. تۆزێک جیاوازی جەستەیی لەگەڵ خوشکەکەیدا هەیە. جگە لەوەی پێئەچێ دەموچاوی هەندێ زیاتر

لۆچ و زەرد هەڵگەڕاو و ژاکاوتر بێ. لەسەر عەرەبانەیە. گەرچی قاچەکانی شەلن، بەڵام بە دڵنیاییەوە عەقڵی ساغە.

**کوڕێک**: لە سەرەتای باڵق بوونیایەتی. زۆر بەکەمی ئەبینرێ.

دیمەن: ژووری دانیشتنی ماڵی خوشکەکانە، ئەو دەرگایەی بە ڕووی کۆڵانەکەدا ئەکرێتەوە، کەوتۆتە لای چەپی دیواری سەرەوەی پشتەوەی شانۆ. پەنجەرەیەکی گەورەش ڕوو بە کۆڵانەکە کەوتۆتە ناوەڕاستی دیواری پشتەوەی شانۆ. لەسەر دیواری لای ڕاستی سەرەوەی شانۆ دەرگایەک هەیە بەرەو موبەق. لەسەر دیواری لای چەپیش دەرگایەک هەیە کە بەرەو بەشەکانی تری خانووەکە ئەکرێتەوە. لای چەپی خوارەوەی شانۆش کورسییەک دانراوە، لای ڕاستی سەرەوەش قەنەفەیەک و لای ڕاستی خوارەوەش عەرەبانەیەکی چا هەیە. ژوورەکە پڕە لە خشڵی گرانبەهاو قەرەباڵغە بە ژیانی سێچارەکە سەدەیەک لە ژیان.

**(لای سەرەوە ئەڵما ڕوو لە عەرەبانەکەی هەستێر ئەکات، کە کەوتۆتە لای چەپی سەرەوەی شانۆ. گۆچانەکەی ئەڵما لەسەر کۆشی هەستێرە)**

**هەستێر:** ئاوا.

(**ئەڵما گۆچانەکەی لە هەستێر وەرئەگرێ، هەردووکیان چاوێک بە ژوورەکەیا ئەگێڕن**).

**ئەڵما:** لەو بڕوایەدام لەسەر قەنەفەکە... لەسەری ئەو سەرەوە دائەنیشم.

**هەستێر:** بەڵێ: خراپ نییە. ئینجا ئەو ئەتوانێ لە نێوانماندا دابنیشێ.

**(ئەڵما لەسەر قەنەفەکەی لای ڕاستی خوارەوەی شانۆ دائەنیشێ، هەردوو ئەکەونە تاوتوێکردنی ئاکامەکە)**

**ئەڵما:** بەڵام ئینجا ئەو زۆر لەدەرگاکەوە نزیکە، هەستێر!

(**هەستێر سەر ئەلەقێنێ، لە کێشەکەیا تواوەتەوە)**

**ئەڵما:** ( **بەرەو ئەوسەری قەنەفەکەی لای ڕاستی خوارەوەی شانۆ ئەڕوات.**) ئینجا باشترە لێرە دابنیشم.

**هەستێر:** ئەڵما، بەڵام ئێستا زۆر لە منەوە دوورە.

**(ئەڵما هەڵدەستێتە سەر پێ؛ هەردووکیان جارێکی تر ئەکەونەوە تاوتوێکردنی ژوورەکە)**

**ئەڵما:** بەڵام ئەگەر عەرەبانەی چایەکە بەرەو لای تۆ پاڵ بنێم، ئیتر ئەو بەرەو لای تۆ دێت، وا نییە؟

**(لای چەپی سەرەوەی شانۆ، بۆ بینینی شوێنەکانی شانۆ وا دابنرێ کە ئاراستەکانی شانۆ لە گۆشەنیگای ئەکتەرێکەوە کە ڕوو بە بینەران ڕاوەستاوە. وەسفکراوە. هەرچەند "ڕاست" لە هەقیقەتدا لای چەپی بینەرانەو "چەپ"یش لای ڕاستە. "لای خوارەوەی شانۆ" هێمایە بۆ پێشەوەی شانۆ، لە کاتێکدا لای سەرەوەی شانۆ هێمایە بۆ بەشی پشتەوە. دەستەواژەکانی خوارەوەو سەرەوە ئەو کاتە مانا پەیدا ئەکەن کە شانۆ ڕوو بە بینەران بێ، لەبەرئەوە تەماشاکەر لەسەر زەوییەکەوە لە توانایدا ئەبێت سەرتاپای شانۆکە ببینێت)**

**هەستێر:** ئۆی، باشە ئەڵما. تۆ دڵنیای کە ئەمڕۆیە؟

**ئەڵما:** ( **عەرەبانەی چایەکە بەرەو لای هەستێر پاڵ ئەنێ کە کوپ و دەستەسڕ و شتی تری لەسەرە**) یەکەمین پێنج شەممەی مانگ.

**هەستێر:** خۆ بسکیتە قاوەدارەکانت لەبیر نەکردووە؟

**ئەڵما:** نەخێر ئازیزم وان لەناو قاپەکەدان، لەگەڵ چایەکە دایان ئەنێم. (**ئەڕواتە لای پەنجەرەکەوە، بەوردی تەماشای لای ڕاستی کۆڵانەکە ئەکات)**

**هەستێر:** ئەی کاکاو؟

**ئەڵما:** لە یادمە.

**هەستێر:** تۆ لە سەردانەکەی چارڵی لە بیرت چوو!

**ئەڵما:** هەستێر، چارڵی چای ئەخواتەوە. کاکاوم بۆ دروست نـەکرد لەبـەر ئەوەی چایی ئەخواتەوە.

**هەستێر:** ئۆی. بە هەرحاڵ دووایین–جار نەشمایەوە.

**ئەڵما:** ئەو ڕۆژە زۆر مەشغوڵ بووین...

**هەستێر:** ئـاوا بـە پەلـە ئەچوویتـە ژوورەوەو ئەهاتیـە دەرەوە. دەربـارەی باوکی و بەینبرج قسەم بۆ ئەکرد... ئەویش نەمایەوە.

**ئەڵما:** بەینبرج چیی بوو؟

**هەستێر:** یەکەم گەشتی بۆ دەرەوەی لیڤەرپوڵ... کاتێ باوکی بۆ مـاوەی سێ مانگ ڕۆیی و ئێمەش وامان زانی کە لەگەڵ کەشتییەکەدا ڕۆیشتووە.

**ئەڵما:** ئەوە بەینبرج نەبوو.

**هەستێر:** بەڵێ، خۆی بوو. بەینبرج بوو. لەیادمە لەناو ئەو بەفرەو لەسەر شۆستەی لەنگەرگاکە وەستابووین و وەختێ هات و لەنگەری گرت. ئەوە ئەو ساڵە بوو کە پۆلی یەکەمی قوتابخانەم دەست پێکرد و ئـەمتوانی پیتـەکانی سەر تەنیشتەکەی حونجە بکەم.

**ئەڵما:** ئەوە پاپۆڕی دەستەخوشکی بوو، هادینگام.

**هەستێر:** بەینبرج بوو. تۆ منداڵ بووی و لەبیرت نـەماوە. بـا بـزانین ئـەو ساڵە بوو کە...

**ئەڵما:** دایکم جار بەجار ئـەو چیرۆکـەی بـۆ ئەگێڕامـەوە. هادینگـام بـوو. مەکینەکەی لە کەیپ ۆرس لەودیوی هێبریدزەوە شکا.

**هەستێر:** ساڵی 1902 بوو. تۆ ئەو کات تەمەنت تەنها چوار ساڵ بوو.

**ئەڵما:** هادینگام بوو. لە پێنجی کانوونی دووەم شەقوشڕانە خۆی کرد بە بەندەرەکەیا.

**هەستێر:** چواری کانوونی دووەم بوو. دوای سەعات نۆی بەیانی بوو. ئێمە لەناو بەفرەکە وەستابووین و تەماشای بەینبرجمان ئەکرد کە پاڵی دابوو بەشۆستەکەوەو من گریام و فرمێسکەکانم لەسەر ڕوومەتەکانم بەستنی.

**ئەڵما:** هادینگام بوو.

**هەستێر:** ئەڵما، ئەزانی دایە نەگریا. باوەڕ ناکەم قەت گریابێت. بیرم سەبارەت بە ناو و شوێن زۆر تیژە بۆیە لێم تێک ناچن وەک هەندێ کەس، ئەتوانم باسیان بکەم، بەڵام هەندێ شتی ترم نایەنەوە بیر وەک ئەوەی خەڵکی چ پەرچە کەردارێکیان هەبوو. بەڵام ئەو ڕۆژەم لەبیرە. فرمێسکی بەستوو لەسەر ڕوومەتەکانم بوون و دایە نەگریا.

**ئەڵما:** (**سەر ئەلەقێنێ**) دایە گوتی یەک وشە چییە لە دەمی نەهاتە دەرێ. ڕێک شانبەشانی دایە بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

**هەستێر:** (**پێئەکەنێ**) قەت زۆر بڵێ نەبووە... ئەی ئێستا دێت؟

**ئەڵما:** نەخێر، نابێ لەوە زیاتر دوا بکەوێ، ئەوا نزیکەی سەعات چوار و نیوە.

**هەستێر:** باشترە چایەکە بێنیت، پاشان شتەکانی تر سروشتی ئەبن.

**ئەڵما:** بەڵێ ئازیزم، ئەزانم. (**لەدەرگای لای ڕاستی سەرەوەی شانۆ ئەڕواتە دەرەوە**) هەموو شتێک ئامادەیە.

**هەستێر:** ئەی دەربارەی چی ئەدوێی؟

**ئەڵما:** ( **بەقۆرییەکەوە دێتەوە ژوورەوە**) لەو بڕوایەدا بووم کە لەوانەیە... (**بە وریاییەوە قۆرییەکە دائەنێ**)... لەوانەیە براکەی جۆرج بێت!

**هەستێر:** ئەی تۆرپیدۆ، ئەو بۆمبا گەورە خۆهاوێژە؟ نا، ئەڵما، هێندە تەمەنی نییە بۆ گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە!

**ئەڵما:** ئەوەندە تەمەنی هەیە بزانێ ئازایەتی چییە. وامزانی مەدالیای نیشان ئەدەم. (**بەرەو لای پەنجەرەکە ئەڕوات، بە نیگەرانییەوە لە هەردوو لای کۆڵانەکە ئەڕوانێ پاشان بەرەو لای موبەقەکە ئەڕوات.**)

**هەستێر:** هێشتا نا؟ ئەمشەو وا دواکەوت. تۆ دڵنیای ئەمڕۆیە؟

**ئەڵما:** دێت. یەکەم پێنج شەممەیە. (**ئەڕواتە دەرەوە**)

**هەستێر:** پارەکەیت لایە؟

**ئەڵما:** ( **بە قاپێ بسکیتەوە ئەگەڕێتەوە**) بیست دۆلارییەکم پێیە هەستێر.

**هەستێر:** ئەڵما!

**ئەڵما:** بەهەرحاڵ، ئەوەندەمان لێی سەرف نەکردووە. ئەوە دەنیس بوو ئاخیر جار وردەی پێ بوو. بەم شێوەیە ئەتوانین دوو میوانداریمان هەبێ، هەستێر.

**هەستێر:** لەوانەیە دەنیس پێی گووتبێ کە وردەی بیست دۆلاری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ.

**ئەڵما:** ئەوە دێنێ هەوڵی بۆ بدرێ. (**دووبارە بەرەو لای پەنجەرەکە ئەڕوات**) ئایا ئەڕۆی باسی هادینگامی بۆ بکەی؟

**هەستێر:** بەینبرج بوو. لەوانەیە... یان لەوانەیە دەربارەی ڕۆژی تەواو بوونی جەنگی جیهانی بدوێم. ئەڵما، هەراو هوریا و شریتە کاغەزییە ڕەنگاو ڕەنگەکانت لەیادە.

**ئەڵما:** "بابە"ش لەسەر کورسییەکەی خۆی بێدەنگ دانیشتبوو.

**هەستێر:** وەکو ئەوە نەبوو کە جۆرج ڕۆیشت. ئێستا دێت یان نا؟

**ئەڵما:** نەخێر ئازیزم، لەوانەیە لە شوێنێکا وەستابێ بە قسەوە مەشغوڵ بێ. (**سەیری لای ڕاست ئەکات**)... نا... نا ئەوەتا وا لە بەردەم دالآنەکەی داڤییە!

**هەستێر:** ئەوا چایەکە تێ ئەکەم، ئەڵما کاکاو بۆ تۆ تێ ئەکەم.

**ئەڵما:** (**ئەڕواتە دەرەوە**) هەموو شتێک ئامادەیە، ئەبێ هەندێ ئاوی گەرمی تێ بکەم.

**هەستێر:** حەلوای سپیت لەبیر نەچێ!

**ئەڵما:** (**دەرئەکەوێتەوە**) ئۆی، هەستێر، ئەی ئەگەر بێتە ژوورەوە و لای قاپییەکەوە دانیشێ؟ خۆ قەت ناشمێنێتەوە!

**هەستێر:** ئەبێ زۆری لێ بکەی. ئەڵما بۆ خاتری خوا کاکاوی بۆ بێنی!

**(ئەڵما لەو ناوە نامێنێ)**

**هەستێر:** ئەبێ زۆر لێرە نزیک بووبێتەوە. ئەو ناڕوا بۆ لێشینسکی و بلاک بێرنز کە تا دوای سەعات شەش ناگاتەوە ماڵ.

**ئەڵما:** (**ئەگەڕێتەوە و کاکاوێکی پێیە**) ئەوەتا! یەکسەر لە...

(**کوڕەکە بەلای پەنجەرەکەدا ڕەت ئەبێ. دەنگی فڕێدانی ڕۆژنامەیەک دێت لەبەردەم هەیوانەکە**)

**( ئەڵما و هەستێر تەماشای دەرگاکە ئەکەن و چاوەڕێ ئەکەن. بەو هیوایەی گوێیان لەدەنگی دەرگا بێت. بەڵام هەردووکیان ئەو ڕاستییە ئەزانن. دواجار ئەڵما بەرەو لای دەرگاکە ئەڕوا و ئەیکاتەوە و تەماشای ڕۆژنامەکەی سەر زەوییەکە ئەکات)**

**ئەڵما:** خۆ ئەوە تێپەڕی و ڕۆیی.

**هەستێر:** ئەبێ ڕۆژەکەت لێ تێک چووبێ.

**ئەڵما:** نەخێر، لە دالآنەکەی داڤیس خەریکی کۆکردنەوەی پارە بوو.

**هەستێر:** (**دوای وچانێکی درێژ**) خۆ نابێ ئێمەی لەیاد چووبێ.

**ئەڵما:** (**هێشتا کاکاوەکەی بە دەستەوەیە، لـە دەرگاکـەوە ئەگەڕێتـەوە**) ئێستا وا لە کێریگانس خەریکی کۆکردنەوەیە.

**(دەرگاکە پێوەئەدا و کلۆڵانە ئەوەستێ)**

**هەستێر:** باشـە بـە کاکاوەکـەوە لـەوێ مەوەسـتە! زۆر دەبـەنگ دێیتـە بـەرچاو. (**ئـەڵما کاکاوەکـە ئەهێنێتـە سـەر عەرەبانـەی چایەکـە**) ئـەوە چایەکەتە. (**ئەڵما کوپێ چا هەڵئەگرێ و لەسەری ئەوسەری قەنەفەکە لای چەپی سەرەوەی شانۆ دائەنیشێ، بێدەنگییەکی درێژ دێتە ئاراوە**)

**هەستێر:** وابزانم چیرۆکەکە بۆ پێوەر خوێنەکە ئەگێڕمەوە.

**ئەڵما:** هادینگام بوو؟

**هەستێر:** بەینبرج بوو.

ئوڵمـا: (**دوای وچانێـک**) بـۆ دوو هەفتـەی تـریش تەماشـای پێوەرەکـە ناکەن.

(بەهێواشی تاریک دادێت)

## سەرچاوەکان:

1- Literature An Introduction to Reading and Writing
Fourth Edition
Edgar V. Roberts and Henry E. Jacobs
U.S.A. 1993
Pages 1049 – 1053

2- http://www.abcbookworld.com/view_author.php?id=183

❊ ❊ ●

# ئۆجین یۆنسکۆ

## (شانۆنامەنووسی بلیمەتی ڕۆمانی – فەڕەنسی 1909 – 1994)



ئۆجین یۆنسکۆ لە بیست وشەشی تشرینی دووەمی 1909 لە شاری سەلاتینا لە ڕۆمانیا، هەندێ سەرچاوەش ئەڵێن لە ساڵی 1912 لەدایک بووە. باوکی پارێزەرێکی ڕۆمانی بوو کە ئەویش پێی دەوترا ئۆجین یۆنسکۆ و دایکیشی ترێسە ئیپکار کچی ئەندازیارێکی پرۆتستانی فەرەنسی بوو کە بە هۆی کارەکەیەوە لە ڕۆمانیا گیرسابۆوە. کاتێ هاوسەرگیری ئەکەن دایکی ئەبێتە ئۆرسۆدۆکس و کوڕەکەشیان تا مردن هەر بە ئەرسەدۆکسی ئەمێنێتەوە.

دوای لەدایکبوونی ئۆجین بە ماوەیەکی کەم، خێزانەکەیان ئەگوێزنەوە بۆ پاریس، بۆ ئەو شوێنەی کە باوکی تیایدا درێژە بە خوێندن ئەدا و ئەبێتە دکتۆر لە بەشی یاسا. لە ساڵی 1911 مارلینیای خوشکی لەدایک ئەبێ و ساڵی دواتریش مێرسیەی برای لەدایک ئەبێ کە دواتر لەتەمەنی هەژدە مانگیدا ئەمرێت. ساڵی 1914 لە گۆڕەپانی ڤاوجیرارد لە پاریس نیشتەجێ ئەبن.

ساڵی 1916 باوکی ئەگەڕێتەوە بۆ بوخارست، ئەو ساڵەی ڕۆمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە تێوەگلا، هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەی لە پاریس ئەمێننەوە و ئەبوایە مشوری ژیانی خۆیان بخۆن، هەرچەندە لە لایەن کەسوکاری ترێساوە هەندێ کۆمەک ئەکرێن. پاش تەواو بوونی جەنگ هیچ هەواڵێکی باوکی نابێت و وا ئەزانن لە بەرەکانی جەنگدا کوژراوە.

ترێسا و منداڵەکان لە ئوتێلی دی نیڤیر لە شەقامی بلۆمێت ئەژین. تەندروستی ئۆجین بەرەو نالەباری ئەڕوات. دایکی ئەینێرێ بۆ لادێ تا لەگەڵ کەسوکاریدا بژی. ئەو دوو ساڵەی ژیان لە لادێ 1917- 1919 لەگەڵ خوشکەکەی مارلینیا جێگا و ڕێگایەکی گرنگیان ئەبێ لە نووسینەکانی ئۆجین.

ئۆجین و خوشکەکەی ئەگەڕێنەوە بۆ پاریس و لە شوقەیەکی بچوک و تاریک لە شەقامی دی سوراڤیر لەگەڵ دایکی و نەنک و باپیرەی ئەژین. لەو شوقەیە ئۆجین شانۆگەری دوو پەردەیی "قارەمان" و سیناریۆیەکی پێکەنین ئامێزی تێدا نووسی، کە بەداخەوە ئەو تێکستانە ون بوونە.

باوکی ئۆجین لە شەڕدا نەمردبوو، تەنانەت سەربازیش نەبوو، بەڵام پۆستی پشکنەری سەلامەتی هەبوو لە پۆلیسی بوخارست. لە ساڵی 1917 دووبارە ژن ئەهێنێ و ئەبێتە ژەنەڕاڵی پشکنەر. ئەو هەمیشە پشتیوانیی دەسەڵاتی کردووە (ئەفرێسکۆ، کۆردیانۆ، پاسەوانی ئاسنین، نازییەکان، کۆمۆنیستەکان) چونکە پێی وابوو دەسەڵات هەمیشە لەسەر هەقە. بەهۆی خراپ بەکارهێنانی پۆستەکەی لە پۆلیس و نیشتەجێ بوونی ماڵ و منداڵی لە دەرەوەی سنووری ڕۆمانیا تەڵاقدانی ژنەکەی لێ ئەکەوێتەوە و پێ لەسەر وەرگرتنەوەی منداڵەکانی دائەگرێ.

پاش ئەوەی ئۆجین وەک هەرزەکارێک گەڕایەوە ڕۆمانیا دایک و باوکی لێک جیا بوونەوە. کەوتە خوێندنی ئەدەبی فەڕەنسی لە زانکۆی بوخارست. یۆنسکۆ لەگەڵ ڕۆدیسیا بوریلینۆ هاوسەرگیری کرد و کچێکیان بوو کە ژمارەیەک چیرۆکی منداڵانی نائاسایی بۆ نووسی. خێزانەکە جاریکی تر گەڕانەوە فەڕەنسا و لە شاری مارسیلیس لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم نیشتەجێ بوون. دوای جەنگیش جارێکی تر چوونەوە پاریس.

یۆنسکۆ لە لایەن ڕەخنەگرانەوە وەکو شانۆنامەنووسێک ئاماژەی پێدەکرا تەنانەت پێش ئەوەی یەکەم شانۆگەری خۆی (سۆبرانۆی کەچەڵ) لە ساڵی 1950دا بنووسێت. لە تەمەنی چل ساڵیدا بڕیاری دا فێری زمانی ئینگلیزی بێت. یۆنسکۆ ئیلهامی لە هەموو شتێک وەردەگرت.

کـاره بەناوبانگـەکانی یۆنسـکۆ 'وانـە 1951' و 'کورسـییەکان 1952' و 'کەرگەدەن 1959'.

شـانۆگەرییەکانی یۆنسـکۆ یـان وەک خـۆی نـاوی نـابوون 'دژە شـانۆ' ترادیســیۆنی شــانۆییان لــە ڕووی گرێچنــە و ئەنجامــەوە تێکشــکاند. بەرهەمــەکانی یۆنســکۆ بەرهەمگــەلی مــۆدێرنن. شــانۆنامەکانی ســۆراخی دۆزینــەوەی قوربــانی و نهێنییــەکانی وجــودن لەگــەڵ خــەیاڵ و زۆرجــاریش خــەیاڵی گاڵتــەئامێز. هێڵــی جیاکــەرەوەی نێــوان خــەیاڵ و واقیــع بــەردەوام لەکەدار ئەبێ هەروەک یونسکۆ جیهانەکانی بێمانا وەسف کـردووە و پێیوایـە ڕێکەوت بەڕێوەیان ئەبات.

لــە ســاڵی 1962 مــارتین ئەســلین پێناســەی یۆنســکۆی کــرد وەک نووسەرێکی ڕابەر لە شانۆی ئەبشورد (بێمانا)، شانبەشانی نووسەرانی تـری وەک سـامۆئیل بێکێـت و ڤـین جێنێـت و ئارسـەر ئـادەمۆڤ. هـەموو هـەمان تێگەیشتنیان هەبوو بۆ ژیان، زیاتر لەمەش ژیانیان بـە بێمانـا دەزانـی. ئـەم نووسەرانە نەک هەر ترادیسـیۆنی شـانۆییان گـۆڕی، بـەڵکو شۆڕشـێکیان لـە هونەری نووسینیش بەرپا کرد.

ساڵی 1926 یۆجین پاش مشتومڕو گاڵەگاڵ و شەڕ، ماڵی باوکی بەجێ ئەهێڵێ و ڕوو لە ماڵی دایکی ئەکات کە ئـەوکات لـە بوخارسـت فەرمانبـەری بانـک بـوو، خوشکەکەشـی کـە لـە دووجـار هاوسـەرگیریدا بەختـەوەر نـەبوو لەدوای گەڕانەوەی ئـۆجین بـۆ فـەڕەنسا لـە 1938 پەیوەندییـەکی وای بـە ئۆجینەوە نامێنێ. ئۆجین ژوورێک لە ماڵی میمکی (پووری) دەست ئەکەوێ باوکیشی جاربەجار هەندێ پارەی ئەداتێ. باوکی ئەیویست ئـۆجین ببـێ بـە ئەندازیار، بەڵام ئـۆجین حـەزی لـە ئـەدەب و شـیعر بـوو. لـە سـاڵی 1928 وەک شاعیرێک دەرکەوت لـە ڕۆژنامـەی 'بێلّییـەت دی بەبـەگال' و لـە نێـوان

سالآنی 1929 تا 1933 ئەدەبی فەڕەنسی ئەخوێنێ لە زانکۆی بوخارست. لە 1930 یەکەمین وتاری لە 'زۆداک ریڤیو' بڵاو کردەوە. لەساڵی 1931 شیوەنی زیندەوەرە بچوکەکانی لەژێر کاریگەری فرانسیس جەیمس دا نووسی.

ساڵی 1934 'نەخێر' وتار و یاداشت بڵاو ئەکاتەوە . لە 1937وە تا 1938 ئەبێتە بەرپرسی بەشی ڕەخنەی فاکلاڕیڤیو. هەروەها لە یونیڤێرساڵ لیترەر و ڕۆژنامەی ڕۆژانەی شانۆو بیروڕای ئازاد نووسینی بڵاو ئەکردەوە. ئۆجین لە ساڵی 1938 دەستەواژە ڕەخنەییەکان لە 'ڤێرمە'دا بڵاو دەکاتەوە. هەمان ساڵ دەوڵەتی ڕۆمانیا مینحەی سەفەرکردنی بۆ فەرەنسا ئەداتێ بۆ نووسینی تێزی نامەکەی (کە هەرگیز تەواوی نەکرد) بە ناونیشانی 'گوناهـ و ناونیشانی مەرگ لە شیعری بۆدلێردا'. لە پاریسیش کەوتە خولیای نووسین لەسەر ئیمانوئێل ماونیەر، بێردیڤ، جەیکۆب مارتەین، و گابرێل مارسیل.

ئۆجین ساڵی 1939 هێنری تۆماس و گروپی پشت ئیسپرت ڕیڤیوی ناسی. دوای جەنگی جیهانی دووەمیش ئەگەڕێتەوە ڕۆمانیاو وەکو مامۆستای زمان و ئەدەبی فەرەنسی لە بوخارست دەستبەکار ئەبێت. بەڵام هەل و مەرجی ڕۆمانیا زۆر نالەبار ئەبێ و بە یارمەتیی هاوڕێکانی دۆکیومێنتی سەفەرکردن پەیدا ئەکاو لە ساڵی 1942 لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەچێتەوە فەرەنسا. سەرەتا لە ئوتێل ئەمێننەوە و پاشان وەزعی داراییان زۆر خراپ ئەبێ و ئوجین ڕۆمانی 'قەدیس ئورکان'ی پاڤێڵ دان (1909- 1937) وەرئەگێڕێ. ساڵی 1945 ئەچێتەوە پاریس. لەبەر بێکاری و دەستکورتی لە دەزگایەکی چاپەمەنی کار ئەکات و کەوتە وەرگێڕانی کارەکانی شاعیری

ڕۆمانیا ئورمۆز (1883-1923) کە ڕابەرێکی سوریالیزم بوو. لەو ماوە تەنگەشە داراییەدا خزم و کەس یارمەتی ئەکردن.

ساڵی 1948 باوکی کۆچی دوایی ئەکات، هەر ئەو ساڵە ئۆجین دەست ئەکات بە نووسینی شانۆنامەی 'بریما دۆنای کەچەڵ'، کە دواتریش لە 11ی ئایاری 1950 بۆ یەکەمینجار نمایش ئەکرێ و سەرکەوتنێکی وا بەدەست ناهێنێ جگە لە دەستخۆشیی چەند ڕۆشنبیرێک. هەر لە ساڵی 1950 ئۆجین ئۆنسکۆ ڕۆڵ ئەبینێ لە 'دەرمان خواردوو کراو' ی 'دیستۆڤسکی' دا کە لە دەرهێنانی نیکۆلاس باتاڵی بوو. هەروەها زەوقی سەرکێشی و چێژ و نیهیلیزم ئەیکەنە ئەندامی کۆلێجی پاتافیزیکس و ساڵانی دواتریش زۆربەی بەرهەمەکانی ئۆجین لە بڵاوکراوەی ئەو کۆلێجە بڵاو بوونەوە.

ئۆجین لە 8ی ئایاری ساڵی 1969 مەدالیای مۆناکۆی وەرگرت و لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ خەڵاتی شانۆی نەتەوایەتیی مەزنی وەرگرت، ساڵی 1970 ئەبێتە ئەندامی کۆڕی زانیاری فەڕەنساو هەروەها خەڵاتی مەزنی نەمسا بۆ ئەدەبی ئەورووپی وەرئەگرێ. ساڵی 1973 خەڵاتی ئۆرشەلیم و شاری ڤیچی وەرئەگرێ. ساڵی 1974 بڕوانامەی فەخری دکتۆرا لە زانکۆی وارویک لە بەریتانیا و ساڵی 1975یش لە زانکۆی ئۆرشەلیم وەرئەگرێ. ساڵی 1976 مەدالیای ماکس ڕینهارتدی پێ ئەدرێ. ساڵی 1984 باری تەندروستی یوجین تێک ئەچێ و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە خەستەخانە ئەخەوێ. لە 16ی نیسانی ساڵی 1985 دوو مەدالیا وەرئەگرێ: مایینی و لافلێش. لە مانگی ئایاری هەمان ساڵیش خەڵاتی نێونەتەوەیی مۆنتیکارلۆ بۆ هونەری هاوچەرخ وەرئەگرێ و لە 22ی تشرینی دووەمی هەر ئەو ساڵە خەڵاتی ت. س. ئەلیۆت – ئینگەرسۆڵ لە شیکاگۆ وەرئەگرێ.

ئینجا ئەچێتە شاری بێرن و وەک چالاکەوانێک بەشداری کۆبوونەوەکانی پشتیوانی مافی مرۆڤ ئەکات. لە 23ی شوباتی 1987 شانۆی دی لا هەشێت یادی سێیەمین ساڵی نمایشکردنی بەرهەمەکانی ئۆجینی کردەوە. لە ئازاری هەمان ساڵیش مەدالیای شارەوانیی پاریسی وەرگرت و لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵیش دوو مەدالیای زێڕ وەرئەگرێ.

لە مانگی شوباتی 1989 ئۆجین جارێکی تر ئەکەوێتە نەخۆشخانە، ئەمەش ئەبێتە ڕێگر لە بەشداری داکۆکی مافی مرۆڤ لە ڕۆمانیا. کچەکەی لەبری خۆی وتارە تۆمەتبارکەرەکەی لە دژی ڕژێمی ڕۆمانی بۆ ئەخوێنێتەوە. لە سەرەتای مانگی ئازار حەوت سەد و دە (710) نووسەر، لە نێویاندا ئۆجین یونسکۆ و سامۆیل بێکێت ئیمزا ئەکەن لەسەر ڕاگەیاندنی مافی ڕادەربڕین. لە حەوتی ئایار ئۆجین یونسکۆ و جاکی ماوکلێر خەڵاتی مۆلێر وەرئەگرن. لە 30ی کانوونی یەکەمیش یونسکۆ و سیۆران ئەبنە ئەندامی فەخریی یەکێتی نووسەرانی فەڕەنسا.

لە بیست و حەوتی تشرینی دووەمی 1992 زانکۆی سیلیسیا کاتۆفیتشی لە پۆڵەندە لە مەراسیمێکدا لە پاریس دکتۆرای فەخری ئەبەخشێتە ئۆجین یونسکۆ. یونسکۆ ئەندامی لیژنەی نێونەتەوەیی نووسەرانی ئازاد بوو کە چاودێری مافی مرۆڤی ئەکرد لە سەرجەم وڵاتان و بۆ ئازادیی زانایان و نووسەران و هونەرمەندان تێدەکۆشا.

ئۆجین یونسکۆ لە 28ی ئازاری 1994 لە ماڵەکەی خۆی لە پاریس بۆ هەمیشە چاو لێک ئەنێ و لە گۆڕستانی مۆنتپارناس ئەنێژرێ.

شانۆگەری

# کەڵین

نووسینی: ئۆجین یونسکۆ

وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە بۆ ئینگلیزی: ڕۆسێت لامۆنت

کارەکتەرەکان:

هاوڕێ

کاکی ئەکادیمی (ئەندامی کۆڕ)

هاوسەری کاکی ئەکادیمی

بەردەست

شوێنکات

ژوورێکی دانیشتنی بورژوازییانەی دەوڵەمەندی ڕازاوە بە کاری هونەریی، یەک دوو قەنەفەو چەند ئەسکەمیلێکی دەسکدار لە ناویاندا ئەسکەمیلێکی سەوزی سەردەمی فلیپ پاشا، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانراون، دیوارەکان بە بڕوانامەی لەچەرچووپە-گیراو داپۆشراوە، کەسێک ئەتوانێ نووسینەکان

بخوێنێتەوە کە بە گەورەیی و لە سەرەوەی بە تایبـەتی لەسـەر گەورەکـەیان نووسراوە 'دکتۆرای فەخری'. لە تەنیشت ئەوەشەوە نووسینی لاتینی کـە بـە گران ئەخوێنرێتەوە، دانەیەکی تری سەیری هاوتای دبلۆمی دەولی 'دکتـۆرای فەخری'. دیسانەوە لە تەنیشت ئەوەوە دانەیەکی تری لێیە کە بە تێکستێکی درێژ و بە گران ئەخوێنرێتەوە، بڕوانامەی بچوکتریشی لێن کە هـەر یەکـەیان بەڕوونیی لەسەری نووسراوە 'دکتۆرا'.

دەرگایەک لەلای ڕاستی بینەرانەوەیە.

کـە پـەردە لائـەدرێت هاوسـەری کـاکی ئـەکادیمی ڕۆبێکـی چرچولـۆچی لەبەردایـە کـە پێـوەی دیـارە تـازە لـەنێو جێگـا هاتۆتـە دەرەوە و بـواری خۆگـۆڕینی نـەبووە، هـاوڕێ کـە قـاتی لەبـەرە ڕووی تـێ ئـەکا. کـڵاو و چەترەکـەی بـە دەسـتەوەیە، ملیـوان ڕەق، چاکـەتێکی ڕەش و پـانتۆڵێکی خەتخەتی لە بەردایەو پێڵاوەکانیشی بریقەیان دێ.

**هاوسەر:** هاوڕێی ئازیز ئادەی بۆم باس بکە.

**هاوڕێ:** نازانم چی بڵێم.

**هاوسەر:** ئەزانم.

**هاوڕێ:** دوێنـێ شـەو گـوێم لـە هەواڵـەکان بـوو. نەمویسـت زەنگـت بـۆ لێبدەم. لەهەمان کاتیشدا نەمتوانی لەوە زیاتر چاوەڕێ بکەم. تکایە بمبوورە ئاوا زوو و بەم هەواڵە ناخۆشەوە هاتووم.

**هاوسەر:** نەیتوانی سەرکەوتوو بێ! چ نەگبەتییەکە! ئاواتەخواز بووین.

**هاوڕێ:** ئەزانم زەحمەتە. دەرفـەتێکی لـە بەردەمـدا مـابوو. لـە دەرفـەتێ زیاتر نا. ئەبوایە پێشبینیمان بکردایە.

**هاوسەر:** پێشبینیم نەدەکرد. ئەو هەمیشە سـەرکەوتوو بـووە. بـەردەوام بەهەر جۆرێک بووە توانیویەتی لە دوا خولەکیشدا بێت شتێک هەر بکات .

**هاوڕێ:** لەم دۆخە تاقەت پڕوکێنە نەدەبوو ڕێی بدەی.

**هاوسەر:** چیمان پێ ئەکرێ، چی... چەند جەرگبڕە!

**هاوڕێ:** دەی هاوڕێی ئازیز غیرەت بدە بەر خۆت. ئیتر ژیان وایە.

**هاوسەر:** هەست ئەکەم وا ئەبووریێمەوە. خەریکە لە هۆش خۆم ئەچم. **(ئەکەوێتە سەر یەکێک لە کورسییەکان)**

**هاوڕێ:** **( ئەیگرێتە باوەش، و بە هێواشی زللە لە ڕوومەت و دەستەکانی ئەدات)** نە ئەبوو هەروا بەو جۆرەو بێ بیرکردنەوە پێم بمگوتایە. داوای لێبووردن ئەکەم.

**هاوسەر:** نەخێر، تۆ دروست هەڵسوکەوتت کرد. ئەبوایە بە هەر جۆرێکە زانیبام.

**هاوڕێ:** ئەبوو بە ورياييەوە ئامادەم بکردیتایە.

**هاوسەر:** ئەبێ بەهێزتر بم. ناتوانم بیر لەو پیاوە داماوە نەکەمەوە. هیوادارم لە ڕۆژنامەکان بڵاوی نەکەنەوە. ئەمەش لەسەر زرنگیی ڕۆژنامەنووسەکان وەستاوە.

**هاوڕێ:** دەرگاکەت دابخەی. وەڵامی تەلەفۆن نەدەیتەوە. هێشتاش لەبیر ناچێتەوە. ئەتوانی بڕۆی بۆ لادێ. دوای دوو مانگ کە دۆخەکە باشتر بوو بگەڕێوەو دەست بەژیانی خۆت بکەرەوە. خەڵکی شتی وایان لەبیر ئەچێتەوە.

**هاوسەر:** خەڵکی بە خێرایی بیریان ناچێتەوە. چاوەڕێی شتی لەم بابەتە ئەکەن. هەندێ برادەر غەمبار ئەبن. بەڵام ئەوانی تر، ئەوانی تر...

**(کاکی ئەکادیمی دێتە ژوورەوە، تەواو پۆشتەیە: قاتی لەبەرە، سەر سینگی بە نەخش و نیگار داپۆشراوە، شمشێرەکەشی بە قەدەوەیە)**

**کاکی ئەکادیمی:** بۆ وا زوو هەستاوی ئازیزم؟ **( ڕوو لە هاوڕێ ئەکات)** تۆش زوو هاتووی. چی ڕووی داوە؟ ئەنجامی کۆتاییت لایە؟

**هاوسەر:** چ ئابڕوو چوونێکە!

**هاوڕێ:** هاوڕێی ئازیزم نەئەبوو بەو شێوەیە دابەزیتە سەری. **(ڕوو لەکاکی ئەکادیمی ئەکات)** دەرنەچووی.

**کاکی ئەکادیمی:** تۆ تەواو دڵنیای؟

**هاوڕێ:** ئەبوو قەت هەوڵت نەدایە بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا.

**کاکی ئەکادیمی:** دەریان نەچواندم! قسەی قۆڕە. چۆن ئەتوانن کاری وام لەگەڵدا بکەن!

**هاوڕێ:** دوێنێ ئێوارە درەنگ نمرەکانیان هەڵواسی.

**کاکی ئەکادیمی:** لەوانەیە لە تاریکیدا باش نەخوێنرێنەوە. چۆن توانیت بیانخوێنیتەوە؟

**هاوڕێ:** گڵۆپیان لێ دانابوو.

**کاکی ئەکادیمی:** هەموو شتێک ئەکەن بۆ نابوود کردنم.

**هاوڕێ:** بەیانی بە تەنیشتیدا ڕەت بووم هێشتا بە دیوارەکەوە مابوون.

**کاکی ئەکادیمی:** ئەبوایە بەرتیلت بدایە بە دەرگەوانەکە تا دایانگرێتە خوارەوە.

**هاوڕێ:** ڕێک هەر وام کرد. بەداخەوە پۆلیس لەوێ بوو. ناوی تۆش لە سەرەوەی لیستی دەرنەچووەکانەوە بوو. هەموو ڕیزیان بەستبوو تا تەماشای بکەن. شتێکی ناخۆشیش لە ئارادایە.

**کاکی ئەکادیمی:** کێ لەوێ بوو؟ دایک و باوکی دەرچووان؟

**هاوڕێ:** نەک هەر ئەوان.

**هاوسەر:** هەموو ڕکەبەرەکانت و هاوپیشەکانت لەوێ بوون، هەموو ئەوانەی لە ڕۆژنامەکانەوە نەزانانە هێرشت ئەکردە سەریان. قوتابییەکانت، کۆنە قوتابییەکانت و هەموو ئەوانەی کە دەرت نەچوواندن کاتێ لە لیژنەی تاقیکردنەوەکاندا بووی.

**کاکی ئەکادیمی:** متمانەم لەدەست دا! بەڵام وازیان لێ ناهێنم. ئەبێ هەندێ هەڵە لە ئارادا هەبن.

**هاوڕێ:** لیژنەی تاقیکردنەوەکەم بینی. قسەم لەگەڵیان کرد. نمرەکانتیان پێ دام. 'سفر'ت لە ماتماتیک وەرگرتووە.

**کاکی ئەکادیمی:** هیچ مەشقێکی زانستیم نەبووە.

**هاوڕێ:** لە زمانی یۆنانی 'سفر' و لە زمانی لاتینیش هەر 'سفر'ت هێناوە.

**هاوسەر:** **(ڕوو لە مێردەکەی ئەکات)** تۆ خۆت مامۆستای بابەتی مرۆڤی نیت، دەمڕاستی فەلسەفەو ڕێبازی مرۆڤایەتی و دانەری تێزی بڕوانامەی بەناوبانگی 'بەرگریکردن لە مرۆڤایەتی و لە شیعر'یت.

**کاکی ئەکادیمی:** بە داوای لێبووردنەوە، کتێبەکەم جەخت لەسەر فەلسەفەی ڕێبازی مرۆڤایەتی سەدەی بیستەم دەکاتەوە. **(ڕوو لە هاوڕێ دەکات)** ئەی دارشتن؟ چەندم لە دارشتن وەرگرتووە؟

**هاوڕێ:** نۆسەدت وەرگرتووە. نۆسەد خاڵت وەرگرتووە.

**کاکی ئەکادیمی:** زۆر چاکە. تێکڕای نمرەکانم یەکسەر بەرز ئەکاتەوە.

**هاوڕێ:** بەداخەوە نەخێر. دارشتن لەسەر دوو هەزار خاڵ بوو. دەبووایە هەزار خاڵت هەبێ تا دەربچیت.

**کاکی ئەکادیمی:** دیارە ڕێنماییەکانیان گۆڕیوە.

**هاوسەر:** هەر بە تەنیا بۆ تۆ نەیانگۆڕیوە. تۆ دووچاری چەوساندنەوەیەکی ئاڵۆزی خراپ بوویتە.

**کاکی ئەکادیمی:** پێت ئەڵێم گۆڕیویانە.

**هاوڕێ:** گەڕاونەتەوە بۆ سەر کۆنترینیان، بۆ ئەوانەی سەردەمی ناپلیۆن.

**کاکی ئەکادیمی:** بەتەواوەتی کاتیان نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڕینەیان کەی کردووە؟ ئەوە یاسایی نییە. من خۆم ئەندامی لیژنەی بەکەلۆریای گشتیم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری. پرس و ڕایان پێ نەکردووم. وە بەبێ قایل بوونی من ناتوانن هیچ گۆڕینێک ئەنجام بدەن. من بەگژیاندا ئەچمەوە. من لای 'میری' شکاتیان لێ ئەکەم.

**هاوسەر:** خۆشەویستم خۆشت نازانی چی ئەکەیت. تۆ خەڵەفاوی. ئەی نایەتەوە بیرت پێش وادەی تاقیکردنەوەکان نامەی وازهێنانت دایە دەستیان. لەبەر ئەوە هیچ کەس ناتوانێ گومان لە بابەتییانەی لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکات.

**کاکی ئەکادیمی:** نامەی وازهێنانەکەم وەرئەگرمەوە.

**هاوسەر:** ئەبوو هەرگیز ئەو تاقیکردنەوەیەت نەکردبا. پێشتر ئاگادارم کردیتەوە. پاشان هیچ پێویستیت پێی نەبوو، بەڵام جەنابت ئەبێ ئەو هەموو بڕوانامانەت هەبێ، وا نییە؟ تۆ قەت دڵت ئاو ناخواتەوە. ئەم بڕوانامە دبلۆمەت بۆ چییە؟ بزانە ئێستا هەموویت لەسەر دانا. دکتۆرات هەیە، ماجستێرت هەیە، دبلۆمی ئامادەییت هەیە. بڕوانامەی سەرەتاییت هەیەو تەنانەت یەکەمین بەشی بەکەلۆریاشت هەر هەیە.

**کاکی ئەکادیمی:** کەلێنێک لە ئارادا بوو.

**هاوسەر:** کەس هەستی پێ نەکردبوو.

**کاکی ئەکادیمی:** بەڵام من ئەمزانی. ڕەنگ بوو خەڵکی تریش زانیبایان. چوومە نووسینگەی تۆمارکردن و داوای نوسخەی ئەسڵی تۆمارەکەم کرد. پێیان گوتم "بەدڵنیاییەوە جەنابی پرۆفیسۆر. جەنابی سەرۆک، ئەی

پایەبەرز..." پاشان تەماشای فایلەکەم (دۆسییەکەم)یان کردو بەڕێوەبەری نووسینگە گەڕایەوەو شەرمەزار دیار بوو، لەڕاستیدا زۆر شەرمەزار بوو، گوتی؛ "شتێکی ناوازە هەیە... زۆر ناوازەیە. بەدڵنیاییەوە تۆ ماجستێرت هەیە، بەڵام چی تر مەفعولی نەماوە". بێگومان منیش پرسیم بۆچی؟ وەڵامی دایەوە "کەلێنێک هەیە لە پشت بڕوانامەی ماجستێرەکەتەوە، نازانم ئەوە چۆن ڕووی داوە، ئەبێت خۆت تۆمار کردبێت و قەبووڵیش کراوی لە زانکۆ بێ ئەوەی لەبەشی دووەمی تاقیکردنەوەی بەکالۆری دەرچووبیت".

**هاوڕێ:** ئەی دوایی؟

**هاوسەر:** ماستەرەکەت چی تر نایخوات؟

**کاکی ئەکادیمی:** نەخێر وا نییە. هەڵپەسێرراوە. "دوو وێنە لە نوسخە ئەسڵییەکەت بۆ ئەنێرین هەرکاتێ تاقیکردنەوەی بەکەلۆریت تەواو کرد. بەدڵنیاییشەوە بەبێ گرفت لە تاقیکردنەوەکان دەرئەچیت". ئاوام پێ گوترا. ئێستا ئەزانی بۆ تاقیکردنەوەکانم دا.

**هاوڕێ:** هاوڕێی ئازیز، مێردەکەت ئەیویست ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە. ئەو کەسێکی بە ویژدانە.

**هاوسەر:** ئەوە ئاشکرایە کە تۆ وەکو من نایناسی. ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە.. ئەو بە دوای ناوبانگ و بڕوانامەوەیە. قەت تێر ناخوات لێیان. دبلۆمێک کەمتر یان زیاتر کەی کێشەیە؟ کەس هەستیان پێناکات. بەڵام ئەم شەوان زمانیان پیادا ئەهێنێ و بەسەری پەنجە ئەچێتە ژووری دانیشتنەوە تا لێیان بڕوانێ و بیان ژمێرێ.

**کاکی ئەکادیمی:** چی ترم پێ ئەکرێ وەختێ خەوم بزڕێ؟

**هاوڕێ:** پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا پێشتر ئەزانران. تۆ بە ویستی خۆت بە دوای ئەم جۆرە زانیاریانەوە بوویت. ئەشتتوانی کەسێک

لەبری خۆت بنێریتە هۆڵی تاقیکردنەوەکان تا تاقیکردنەوەت لە جیاتی بدات. ئەکرا قوتابییەکی خۆت ناردبا. یان ئەگەر بتویستایە بێ ئەوەی کەس هەستت پێ بکات کە تۆ پرسیارەکان ئەزانی. ئەتتوانی بەردەسەکەت بنێریتە بازاڕی ڕەش تا بۆتی بکڕێ.

**کاکی ئەکادیمی:** تێناگەم چۆن لە داڕشتن دەرنەچووم. سێ لاپەڕەم پڕ کردبۆوە. بابەتەکەم تەواو پشت ئەستور بە پاشخانی مێژوویی. من زۆر بە وردی بارودۆخەکەم لانی کەم ماقووڵانە شی کردبۆوە. شایانی ئەو نمرە خراپە نەبووم.

**هاوڕێ:** بابەتەکەت لەبیر ماوە؟

**کاکی ئەکادیمی:** ئهم... با بزانین...

**هاوڕێ:** تەنانەت لەبیری نەماوە چ شتێکی نووسیوە.

**کاکی ئەکادیمی:** با... لە بیرمە... ڕاوەستە...ئهم.

**هاوڕێ:** ئەو بابەتەی کە ئەبوو لە سەری بنووسرایە ئاوا بوو 'کاریگەریی شێوەکارانی ڕێنیسانس لەسەر ڕۆماننووسانی کۆماری سێهەم باس بکە' من وێنەی لەبەرگیراوەی وەڵامی تاقیکردنەوەتم لایە، ئەوەتا بزانە چیت نووسیوە.

**کاکی ئەکادیمی: ( وەڵامەکە وەرئەگرێ و ئەیخوێنێتەوە)** 'دادگاییکردنی بنیامین. دوای ئەوەی بنیامین دادگایی کرا و بێتاوان دەرچوو، یاریدەدەری دادپرس تێڕوانینێکی جیاوازی هەبوو لەسەر ئەوەی کە سەرۆک کوشتوویەتی و سەرکۆنەی بنیامین ئەکرێ و لە مافە مەدەنییەکانی دەستکۆتا ئەکرێ و نۆ سەد فرانکیش سزا ئەدرێ.

**هاوڕێ:** ئەو نۆ سەد خاڵە لێرەوە هاتوون.

**کاکی ئەکادیمی:** "بنیامین پەروەندەکەی تێهەڵچواندەوە... بنیامین پەروەندەکەی تێهەڵچواندەوە..." ناتوانم پاشماوەکەی بخوێنمەوە. من هەمیشە دەستوخەتی ناشیرینم هەبووە. من ئەبێ بەردەوام ئامێرێکی چاپکردن لەگەڵ خۆم بگێڕم.

**هاوسەر:** دەست و خەتێکی ناقۆڵا، شەڕەپشیلە، وشەی خەت بەسەردا هێنراو، پەڵەی مەرەکەبیش فریات نەکەوتووە.

**کاکی ئەکادیمی: (لەسەر خوێندنەوەکەی بەردەوام ئەبێ دوای ئەوەی ژنەکەی تێکستەکەی لەدەست دەردێنێ)** بنیامین پەروەندەکەی تێهەڵچواندەوە. لەتەنیشت پۆلیسەوە ڕاوەستێنراو بەرگی زاوفەی لەبەرکرا، بەرگی زاوفە..." وا تاریک داهات. چاوم ئیتر نابینێ. چاویلکەکەم پێ نییە.

**هاوسەر:** ئەوەی تۆ نووسیوتە هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نییە.

**هاوڕێ:** هاوسەرەکەت تەواو ڕاست ئەکات، هاوڕێ گیان. ئەوەی نووسیوتە هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نییە.

**کاکی ئەکادیمی:** بەڵێ، ناڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە.

**هاوڕێ:** تەنانەت نا ڕاستەوخۆش نییەتی.

**کاکی ئەکادیمی:** لەوانەیە دووەم پرسیارم هەڵبژاردبێ.

**هاوڕێ:** تەنها یەک پرسیار بوو.

**کاکی ئەکادیمی:** ئەگەر تەنانەت یەک پرسیاریش بووبێ زۆر بەتێر و تەسەلی وەڵامم داوەتەوە. تا کۆتایی چیرۆکەکە ڕۆیشتم لەگەڵیا. بایەخم زۆر بە خاڵە گرنگەکان، شیکارکردن، هاندانی کارەکتەرەکان و دەرخستنی ڕەوشتیان داوە. نهێنییەکەم شی کردۆتەوە و سادەم کردۆتەوە و وەک پیازی پاککراو خستوومەتە بەرچاو. تەنانەت لەکۆتاییدا دەرئەنجامیشی هەیە.

نـــاتوانم لـــەوە زیـــاتر باســـی بکـــەم (**ڕوو لـــە هـــاوڕێ ئـــەکات**) ئـــەتوانی بیخوێنیتەوە؟

**هاوڕێ:** ئەوە ناخوێنرێتەوە. منیش چاویلکەکەم پێ نییە.

**هاوسەر:** (**تێکستەکە وەرئەگرێ**) من دوو چاوی بێ عەیبم هەیەو کەچی پێم ناخوێنرێتەوە. تۆ وا نیشـان ئـەدەی کـە نووسـینت نووسـیوە، نـا تـەنها شەڕە پشیلەت کردووە.

**کاکی ئەکادیمی:** ئەوە ڕاست نییە. تەنانەت دەرئەنجامیشـم بـۆ دانـاوە. ئـــەوەتا لێـــرە بـــەڕوونی و گـــەورەیی نووســـیومە: دەرئـــەنجام یـــان ســـزا... دەرئـــەنجام یـــان ســـزا..." هـــەروا بەئاســـانی بۆیـــان ناچێتـــە ســـەر. ئـــەم لێکۆڵینەوەیەم ڕەت کراوەتەوە و وەلا نراوە.

**هاوسەر:** لەو کاتەوەی بابـەتێکی هەڵـە بـاس ئەکـەی و خـراپ مامەڵـەی لەتەکدا ئەکەی. تەنها ناونیشانەکانت نووسـیوەو هـیچ شـتێکت لـە نێوانیانـدا نەنووسیوەو ئەو نمرەیەی کە داویانە پێت، هێشـتا باشـە. تـۆ پەروەندەکـەت تازە دۆڕاند.

**هاوڕێ:** گومانی تێدا نییە کە دۆڕاوی. واز بهێنە. وچانێک بدە.

**کاکی ئەکادیمی:** تۆ هەمیشە لایەنی ئەوانی تر ئەگری.

**هاوسەر:** پاش هەموو شتێک ئینجا ئەم پرۆفیسۆرانە ئەزانن چی ئەکەن. لەخۆڕایی پلەو پایەیان وەرنەگرتووە. لە تاقیکردنەوەکان دەرچـوون، مەشـقی جیددیان بینیوە و یاساکانی داڕشتن ئەزانن.

**کاکی ئەکادیمی:** کێ لە لیژنەی تاقیکردنەوەکاندا بوو؟

**هاوڕێ:** بۆ ماتماتیک ئەکتـەرێک دانرابـوو، بـۆ زمـانی یۆنـانی ئەنـدامێکی بیتڵز و بۆ زمانی لاتینی پێشـبڕکێ کـەرێکی پێشـبڕکێی ئۆتۆمبێـل دانرابـوو، هەروەها خەڵکی تریش.

**کاکی ئەکادیمی:** بەڵام ئەم خەڵکانە لە من موستەحەق تر نین. ئەی بۆ دارشتن؟

**هاوڕێ:** ژنێک دانراوە کە سکرتێرەیە لە بەشی دەستەی نووسەرانی 'ڕانانی دوێنێ، ڕۆژێک پێش دوێنێ و سبەینێ".

**کاکی ئەکادیمی:** ئێستا ئەزانم. ئەو کلۆڵە لە کینەوە نمرەی کەمی داوە پێم، چونکە نەبوومە ئەندامی حیزبە سیاسییەکەی. ئەمە تۆڵە سەندنەوەیە. بەڵام من شێوازو ڕێگای خۆم هەیە بۆ ڕەتکردنەوەو وەلانانی تاقیکردنەوەکان. تەلەفۆن بۆ سەرۆک ئەکەم.

**هاوسەر:** شتی وا نەکەی. خۆت گەمژەتر نیشان ئەدەی. **(ڕوو لە هاوڕێ ئەکات)** تکایە هەوڵ بدە ئارامی بکەرەوە. ئەو گوێ لە تۆ زیاتر ئەگرێ وەک لە من. ( **هاوڕێ شان ئەجوڵێنێ ناتوانێ بەرگری بارودۆخەکە بکات، هاوسەر بەرەو لای مێردەکەی وەرئەچەرخێ کە تازە دەسکی تەلەفۆنەکەی گرتۆتە دەست)** تەلەفۆن مەکە!

**کاکی ئەکادیمی: ( لەتەلەفۆن قسە ئەکات)** ئەلو! چۆن؟ ئەوە... من... چی؟ چیت گوت؟.. بەڵام هاوڕێی ئازیزم گوێ بگرە... بەڵام گوێم لێ بگرە.. ئەلو! ئەلو! **(تەلەفۆنەکە دائەنێتەوە)**

**هاوڕێ:** ئەی چی گوت؟

**کاکی ئەکادیمی:** گوتی... گوتی..." نامەوێ قسەت لەگەڵدا بکەم. دایکم ناهێڵێ هاوڕێیەتی کوڕگەلێک بکەم کە تەمبەڵن لە پۆلدا" ئینجا دایخستەوە بە ڕوومدا.

**هاوسەر:** ئەبوو پێشبینیت بکردایە. هەموو شتێکمان لەدەست چوو. چۆن توانیت وام لێبکەی؟ چۆن توانیت؟

**کاکی ئەکادیمی:** بیری لیٚ بکەرەوە! وانەم لە سۆربۆن و ئۆکسفۆردو لە زانکۆکانی ئەمریکا وتۆتەوە. دەیان هەزار تێز و نامە لەسەر کارەکانم و سەدان ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئیشەکانم نووسراون. من هەڵگری بڕوانامەی فەخریی دکتۆرام لە ئەمستردام و هەروەها ئەندامی نهێنیی زانکۆم لەگەڵ دۆقی لۆکسەمبۆرگ. سێجار خەڵاتی نۆبڵم وەرگرتووە. خودی پاشای سوید سەرسام بوو بە زانابیم. دکتۆرای فەخری... دکتۆرای فەخری...کەچی لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆری دەرنەچووم!

**هاوسەر:** خەڵک هەموو پێمان پیٚ ئەکەنن!

**(کاکی ئەکادیمی شمشێرەکەی دەرئەهێنیٚ و بە چۆکی ئەیشکێنیٚ)**

**هاوڕیٚ:** **( هەردوو پارچەکە هەڵئەگرێتەوە)** هیوادارم ئەمانە لە یادەوەری شکۆمەندی ڕابردوومان بپارێزم.

**(کاکی ئەکادیمی لەو کاتەی کە ئاگری لیٚ ئەباریٚ خشڵ و دیکۆری سەر سینگی لێئەکاتەوە و ئەیدڕێنیٚ و فڕێیان ئەداتە سەر زەوییەکە و بە پیٚ بە سەریان ئەکەویٚ)**

**هاوسەر:** **(هەوڵ ئەدا پاشماوەکان کۆبکاتەوە)** وا مەکە! مە! هەرئەوەندەمان بۆ ماوەتەوە.

پەردە دائەدرێتەوە

## تێبینی وەرگێر:

بەرگـــی زاوفە جـــۆرە بەرگـــێکە کە ســـەربازانی فەرەنســـا لە کـــاتی خزمەتکردنی سەربازیی لە باکووری ئەفریقیا لەبەریان دەکرد کە لە شـەرواڵ و پوزەوانە و کورتەکی کوردی دەچێت.

سەرچاوەکانی ژیاننامەی ئۆجین یونیسکۆ :

1- http://www.ionesco.org/vie-en.html
2- http://www.imagi-nation.com/moonstruck/clsc19.html

سەرچاوەی دەقی شانۆگەرییەکە:

**1- Drama Second Edition**
**Printed in U.S.A. 1983 page 965- 971**

❊ ❊ ●

دوو شانۆگەری هارۆڵد پینتەر

(ساغ کردنەوەی دوایین دانە ـ ڕەش و سپی)

# کورتەیەک لەژیانی هارۆڵد پینتەر



هارۆڵـد پینتــەر ی شـانۆنامەنووس و ئەکتــەرو دەرهێنــەری شـانۆیی و شــاعیرو هەڵســوڕاوی چــەپ لــە 10ی ئۆکتۆبــەری 1930 لــە هــاکنی، لەڕۆژهەڵاتی لەنـدەن، لـەدایک و بـاوکێکی جولەکـەی کرێکـار لـەدایک بـووە. باوکی جاک پینتەر بەرگدرووی ژنان بووەو دایکیشی فرانسـیس ژنـی ماڵـەوە بووە. هارۆڵد، تاقانـەی دایـک و بـاوکی بـووە. هارۆڵـد ئەچێتـە قوتابخانـەی 'هـاکنی داونـس' و پاشـانیش لـە نێـوان سـاڵانی 1944-1948 ئەچێتـە قوتابخانەی لەندەن بۆ ڕێزمان. جۆزیـف بریلـی مامۆسـتای زمـانی ئینگلیـزی کاریگەریی زۆری هەبووە بەسەر هارۆڵدو گەلـێ گفتوگۆیـان لـە نێوانـدا بـووە سەبارەت بـە ئـەدەب. هـەر بـە سەرپەرشـتی مامۆسـتا جۆزیـف بـوو هارۆڵـد کەوتە نووسین لە گۆڤاری قوتابخانەکەی و نواندن و ڕۆڵ بینینـی "ڕۆمیـۆ" و "ماکبێس" لـە سـاڵەکانی 1947 و 1948 کـە هـەردوو ئـەو بەرهەمانـە لـە دەرهێنانی مامۆستا جۆزیف خۆی بوون.

هارۆڵد پینتـەر حـەزی لـە ڕاکـردن بـووەو یەکـەمی قوتابخانەکـەی بـووە. هـەروەها زۆر ئـارەزووی یـاری کریکێـت بـووە. وەک خـۆی ئـەڵێ کـە یـاری کریکێتــی کــردووە و تەماشــای یــاری کــردووە و بــەردەوامیش لەبارەیــەوە خوێندوێتیەوە. ئارەزووەکانی تری هارۆڵد وەک لە چاو پێکەوتنەکانیدا باسی ئــەکات خێــزان و خۆشەویســتی و ســێکس و خواردنــەوە و نووســین و خوێندنەوە بوونە.

ساڵی 1948 پینتەر ئەچێتە قوتابخانەی 'ئەکادیمیای پاشایەتی هونەری دراما'، بـەڵام زۆری ڕق لـە قوتابخانـە بۆتـەوە بۆیـە سـاڵی 1949 واز لـە قوتابخانە دێنێ. ساڵی 1951 بۆ ماوەی شەش مانگ ئەچێتـە قوتابخانـەی

'مەڵبەندی وتار و دراما'. هارۆڵد گەلێ ڕۆڵ لە گەلێ شانۆگەری دەبینێ و لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەری کار ئەکات.

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی 1956وە تا ساڵی 1980 لەگەڵ هاوسەرەکەی (ڤیڤیان مێرچنت ی ئەکتەر) پێکەوە دەژین. ساڵی 1958 'دانیاڵ'ی کوڕیان لەدایک ئەبێ. ساڵی 1969 پینتەر ئەکەوێتە داوی خۆشەویستی 'ئەنتۆنیا فرەیزەر' و ڤیڤیان ساڵی 1974 داوای تەڵاق ئەکات و ساڵی 1980 ڤیڤیان و هارۆڵد جیا ئەبنەوە و هەر ئەو ساڵە لەگەڵ ئەنتۆنیا هاوسەرگیری ئەکات. ڤیڤیان ساڵی 1982 لە تەمەنی پەنجاو سێ ساڵی لەئەنجامی خواردنەوەی زۆرەوە ئەمرێت. هەرچەندە پینتەر زۆر زۆر یارمەتی ڤیڤیانی دا تا مردن، کەچی دانیاڵ ناوی پینتەری لە دوای ناوی خۆی لا برد و 'براند' ی بۆ ناوی بنەماڵە بۆ خۆی هەڵبژارد و تەنانەت بەشداری پرسەی هارۆڵد پینتەریشی نەکرد. پینتەر لە هاوسەرگیری دووەمدا زۆر بەختیار ئەبێ و خۆی بە بەختەوەر ئەزانێ.

پینتەر ساڵی 1948 بە هۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە خزمەتی سەربازیی لە سوپای بەریتانیا ڕەت ئەکاتەوە و لەجەنگی جیهانی دووەمدا دژی نازیەکان وەستایەوە. پینتەر لە دوای 25 ساڵ، لە وتار و چاو پێکەوتنەکانیدا جەختی لەسەر بیروباوەڕی خۆی کردووە. ئەندامی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی پێنووس بووەو لەگەڵ ئارسەر میللەری شانۆنامەنووسی ئەمەریکی ساڵی 1985 ئەچنە تورکیا. پینتەر لە تورکیا ئەزانێ کە زمانی کوردی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە قەدەغەیە. ئەمەش ئەبێتە ئیلهامی شانۆگەری 'زمانی چیا'. ساڵی 1991 بە توندی شەڕی کەنداو و ساڵی 1999 جەنگی کۆسۆڤۆ و ساڵی 2001 جەنگی ئەفغانستان و ساڵی 2003 داگیرکردنی عێراقی ڕەتکردەوە.

هارۆڵـد پینتــەر بیســت و نـۆ شـانۆگەری و پـانزە سـکێچی دراماتیکی نووسیوەو بەشداری دوو کاری بۆ شانۆ و ڕادیـۆ کـردووە. هـەروەها بیسـت و حـەوت سیناریۆشـی بـۆ سـینەماو تەلـەفزیۆن نووسـیوە. پینتـەر ژمارەیـەک خەڵاتی پێدراوە و گـەلێ ڕێزلێنـانی لـێ نـراوە، بـەڵام لـە هـەموویان دیـارتر خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بـوو لـە سـاڵی 2005. پینتـەر لـە کـانوونی یەکـەمی 2001 تووشی شێرپەنجە ئەبێ و سـاڵی 2002 نەشـتەرگەری بـۆ ئەکـەن. ساڵی 2005 باری تەندروستی خراپ ئەبێ تـا لـە بیسـت وپێنجـی کـانوونی یەکــەمی 2008 لــە نەخۆشــخانەی 'هامەرســمیس' لــە لەنــدەن بــەهۆی شێرپەنجەی جگەرەوە بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە شانۆ و نووسین ئەکات.

# ساغ کردنەوەی دوایین دانە

نووسینی: هارۆڵد پینتەر

قاوەخانەیە، ساقی و پیرەمێردێکی ڕۆژنامەفرۆشە، ساقی ئانیشکی داداوەتە سەر کەوەنتەرەکە و پیرەمێردیش بەپێوەیە و چای پێیە.

(بێدەنگی).

**پیرەمێرد:** تۆ پێشتر تۆزێک سەرقاڵ بووی.

**ساقی:** ها.

**پیرەمێرد:** دەوروبەری کاتژمێر دە.

**ساقی:** دە بوو؟

**پیرەمێرد:** لەو دەوروبەرە بوو. **( وچانێک)** دەوروبەری کاتژمێر دە بێرەدا تێپەڕیم.

**ساقی:** بەڕاست؟

**پیرەمێرد:** تێبینیم کرد سەرقاڵی کڕیارەکانت بووی.

**(وچانێک)**

**ساقی:** بەڵێ، دەوری کاتژمێر دە بە هەرمێن بوو.

**پیرەمێرد:** بەڵێ، تێبینیم کرد.

**(وچانێک)**

دوا دانەم لەو دەوروبەرە فرۆشت. بەڵێ. دەوروبەری نۆ و چل و پێنج خولەک بوو.

**ساقی:** دوا دانەت ئەو کاتە فرۆشت، جا وا بوو؟

**پیرەمێرد:** بەڵێ، دوا دانەی هەواڵەکانی ئێواران بوو. لە دەوروبەری دە بیست خولەک کەم، ساغم کردەوە.

**(وچانێک)**

**ساقی:** هەواڵەکانی ئێوارە بوو، وایە؟

**پیرەمێرد:** بەڵێ. **(وچانێک)** هەندێجار رۆژنامەی "ستار" ئەمێنێتەوە.

**ساقی:** ئەها.

**پیرەمێرد:** یان ... ناوی چی بوو؟

**ساقی:** ستاندارد.

**پیرەمێرد:** بەڵێ. **(وچانێک)** ئەوەی ئەمشەو مابۆوە هەواڵەکانی ئێوارە بوو.

**ساقی:** جا ئەوەشت ساغ کردەوە، وایە؟

**پیرەمێرد:** بەڵێ. **(وچانێک)** خێرا وەک گوللە ساغم کردەوە.

**(وچانێک)**

**ساقی:** هیچت نەماوەتەوە، ها؟

**پیرەمێرد:** نەخێر. نەک دوای فرۆشتنی دوا دانە.

**(وچانێک)**

**ساقی:** ئەبێ دوای ئەوە بووبێ هاتبی بۆ ئێرە، وابوو؟

**پیرەمێرد:** بەڵێ، دوای ئەوە هاتم بۆ ئێرە. بزانە دوای ئەوەی خۆم کۆکردەوە.

**ساقی:** خۆ لێرە نەوەستای وا نییە؟

**پیرەمێرد:** کەی؟

**ساقی:** مەبەستم ئەوەیە خۆ لێرە نەوەستای و کوپێ چا بخۆیتەوە؟

**پیرەمێرد:** چی؟! کاتژمێر دە؟

**ساقی:** بەڵێ.

**پیرەمێرد:** نەخێر ئەبوایە بەرەو لای سەرەوە بۆ ڤیکتۆریا چووبام.

**ساقی:** نا پێموابوو تۆم نەبینی.

**پیرەمێرد:** ئەبوایە بەرەو ڤیکتۆریا بۆ لای سەرەوە چووبام.

**(وچانێک)**

**ساقی:** بەڵێ، ئێرە ئەو دەمە بڕێک بە هەڕمێن بوو.

**(وچانێک)**

**پیرەمێرد:** چووم بزانم ئەتوانم جۆرج ببینم.

**ساقی:** کێ؟

**پیرەمێرد:** جۆرج.

**(وچانێک)**

**ساقی:** جۆرج کێیە؟

**پیرەمێرد:** جۆرج... ناوی چییە.

**ساقی:** ئۆی. **(وچانێک)** ئەی بینیت؟

**پیرەمێرد:** نەخێر. نەخێر نەمدۆزییەوە. ماڵەکەیم نەزانی.

**ساقی:** ماوەیەکە نابینرێت. وایە؟

**(وچانێک)**

**پیرەمێرد:** کەی بوو دواجار بینیت؟

**ساقی:** ئۆی، چەند ساڵە نەمبینیوە.

**پیرەمێرد:** منیش نەمبینیوە.

**(وچانێک)**

**ساقی:** جاران خراپ بەدەست ئازاری هەوکردنی جومگەکانییەوە ئەیناڵاند.

**پیرەمێرد:** هەوکردنی جومگەکانی؟

**ساقی:** بەڵێ.

**پیرەمێرد:** قەت ئازاری هەوکردنی جومگەکانی نەبووە.

**ساقی:** با زۆر ئازاری هەبوو.

**(وچانێک)**

**پیرەمێرد:** نەک ئەو کاتەی من ئەمناسی.

**(وچانێک)**

**ساقی:** وابزانم باری کردووە و لێرە نەماوە.

**(وچانێک)**

**پیرەمێرد:** بەڵێ. هەواڵەکانی ئێوارە بوو ئەمشەو دوا دانەیم ساغ کردەوە.

**ساقی:** هەمیشە هەواڵەکانی ئێوارە دوا دانە نییە، بەس ئەمشەو دوا دانە بوو.

**پیرەمێرد:** نەخێر. ئۆی نەخێر. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەندێجار هەواڵەکانە و هەندێجاری تریش شتی ترە. ناتوانی پێشوەخت قەزاوەتی لەسەر بکەی. هەتا دوا دانە ئەمێنێتەوە ئەوسا ئەتوانی قەزاوەتی لەسەر بکەی.

**ساقی:** بەڵێ.

**( وچانێک)**

**پیرەمێرد:** ئۆی بەڵێ. **(وچانێک)** وابزانم باری کردووە و لێرە نەماوە.

### تێبینی:

ڤیکتۆریا وێستگەیەکی شەمەندەفەری سەرەکییە لەشاری لەندەن لە بەریتانیا.

### سەرچاوەی دەقەکە:

**Adventures in English Literature**
**Athena Edition**
**Pages 1072, 1073, 1074**
**U.S.A. 1996**

### سەرچاوەکانی ژیاننامەی هارۆڵد پینتەر :

**1- http://en.wikipedia.org/wiki/Harold_Pinter**
**2- http://ca.images.search.yahoo.com/search/images?_adv_prop=image&fr=yfp-t-715-s&va=harold+pinter**
**3-**

### تێبینی:

ئەم شانۆگەرییە لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە 712 ی 2010 بڵاو کراوەتەوە.

❊ ❊ ❊

## شانۆگەری

# ڕەش و سپی

نووسینی: هارۆڵد پینتەر

پیرێژنی یەکەم لەسەر مێزێکی کۆگاکە دادەنیشێت. باڵا بچکۆلانەیە. پیرێژنی دووەم نزیک دەبێتەوە. باڵا بەرزە. دوو قاپ شۆربای بەدەستەوەیە کە سەری هەر یەکەشیانی بە قاپێک داپۆشیوە و هەر قاپێکیش لەتە نانێکی لەسەرە. قاپەکان لە سەرەخۆ لەسەر مێزەکە دادەنێت.

**پیرێژنی دووەم:** ئەو پیاوە دەبینی هات و لای کەوەنتەرەکەوە کەوتە قسەکردن لەگەڵمدا. **(قاپی سەر شۆرباکان لا دەبات و دوو کەوچک لە گیرفانی دەردەهێنێ و دەیخاتە نێو قاپەکانەوە)**

**پیرێژنی یەکەم:** ئێ باشە نانیشت هێناوە؟

**پیرێژنی دووەم:** نەمدەزانی چۆنیان هەڵبگرم، تا قاپەکانم سەر بەرەو خوار خستنە سەر شۆرباکان.

**پیرێژنی یەکەم:** لەگەڵ شۆرباکەم حەزم لە لەتێک نانە.

**(دەست دەکەن بە شۆربا خواردن. وچانێک.)**

**پیرێژنی دووەم:** ئەوەت بینی کە هات بۆ لام و لای کەوەنتەرەکە کەوتە قسەکردن لەگەڵما.

**پیرێژنی یەکەم:** کێ؟

**پیرێژنی دووەم:** هاتە لام گوتی سڵاو. ئینجا گوتی لای تۆ سەعات چەندە؟ چەند چاو قایم بوو. من لەوێ وەستابووم شۆرباکەت وەربگرم.

**پیرێژنی یەکەم:** ئەوە شۆربای تەماتەیە.

**پیرێژنی دووەم:** پرسی لای تۆ سەعات چەندە؟

**پیرێژنی یەکەم:** دڵنیام وەڵامت داوەتەوە.

**پیرێژنی دووەم:** پێمگوت گوێ بگرە. هەر بۆ خۆت بڵێ. گوتم بۆچی ناگەڕێیتەوە بۆ کەلاوەکەت و لەسەر دەق و مۆری خۆت دابنیشی پێش ئەوەی تەلەفۆنی پۆلیس بکەم.

**(وچانێک)**

**پیرێژنی یەکەم:** زۆرم پێناچێت بێم بۆ ئێرە.

**پیرێژنی دووەم:** بە پاسی ئۆڵ-نایت نەهاتیت بۆ ئێرە؟

**پیرێژنی یەکەم:** یەکسەر بە پاسی ئۆل-نایت هاتم بۆ ئێرە.

**پیرێژنی دووەم:** لە کوێوە؟

**پیرێژنی یەکەم:** لە ماربڵ ئارکەوە.

**پیرێژنی دووەم:** کامەیان؟

**پیرێژنی یەکەم:** بە پاسی دوو سەدو نەوەدو چوار کە ڕاستەوڕاست دەمبات بۆ شەقامی فلییت.

**پیرێژنی دووەم:** پاسی دوو سەدو نەوەدو یەکیش دەڕوات بۆ ئەوێ. (**وچانێک**) کە هاتمە ژوورەوە بینیمیت لەگەڵ دوو غەریبەدا قسەت دەکرد. تۆ دەبێ واز لە قسەکردن بێنی لەگەڵ خەڵکیدا. پیرە قۆترێکی وەکو تۆ دەزانێ قسە لەگەڵ کێدا بکات؟

**پیرێژنی یەکەم:** لەگەڵ هیچ غەریبەیەک قسەم نەکردووە.(**وچانێک. پیرێژنی یەکەم لە پەنجەرەکەوە سەرنجی خەتی پاسەکە دەدات.**) ئەوە ئۆڵ -نایتێکی ترە بەرەو خوارەوە ڕۆیشت . (**وچانێک**). دەچێتە سەر شەقامێکی تر، شەقامی فولهام. (**وچانێک**) پاسی دوو سەدو نەوەدو حەوت بوو. (**وچانێک.**) من قەت بەو خەتەدا نەڕۆیشتووم. (**وچانێک**). هەر بەرەو خوار بۆ شەقامی لیڤەرپوڵ چوومە.

**پیرێژنی دووەم:** ئەوە خەتێکی ترە.

**پیرێژنی یەکەم:** پێم خۆش نییە بڕۆمە شەقامی فولهام و ئەو شوێنانە.

**پیرێژنی دووەم:** ئە.. ها.

**پیرێژنی یەکەم:** من قەد حەزم بەو ئاراستەیە نەبووە. (**وچانێک**).

**پیرێژنی دووەم:** نانەکەت چۆنە؟ (**وچانێک**).

**پیرێژنی یەکەم:** ها؟

**پیرێژنی دووەم:** نانەکەت ئەڵێم؟

**پیرێژنی یەکەم:** خراپ نییە. ئەی ئەوەی تۆ؟ (**وچانێک**).

**پیرێژنی دووەم:** پارەی نانەکەت لێ ناسەنن گەر شۆربا بکڕیت.

**پیرێژنی یەکەم:** بەڵام گەر چا بکڕیت لێت دەستێنن.

**پیرێژنی دووەم:** ئەگەر چا بکڕیت پارەی نانەکەت لێدەستێنن. (**وچانێک**). تۆ قسە لەگەڵ غەریبە دەکەیت و ئەوانیش دەتبەن. ئەم قسەیەت لەبیر بێت. پۆلیس دەتبات.

**پیرێژنی یەکەم:** لەگەڵ غەریبە قسە ناکەم.

**پیرێژنی دووەم:** جارێکیان منیان بە عەرەبانە برد.

**پیرێژنی یەکەم:** خۆ گلیان نەدایتەوە.

**پیرێژنی دووەم:** گلیان نەدامەوە. بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی پێیـان خـۆش بوو بمخەنە نێو عەرەبانەکەوە و پیاسەیەکم پێ بکەن.

**پیرێژنی یەکەم:** لەو بڕوایەدای حەز بکەن من ببەن؟

**پیرێژنی دووەم:** نازانم.

**(پیرێژنی یەکەم لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێتە دەرێ.)**

**پیرێژنی یەکەم:** دەتوانی بزانی کـەچی لەسـەر ئـەو مێـزەی لای سـەرەوە ڕوو دەدات. **(وچانێک)**. بەهـەرحاڵ باشـترە لـەوەی بچیتـە خـوارێ بـۆ ئـەو شوێنەی لای بەربەستەکە.

**پیرێژنی دووەم:** بەڵێ، زۆر دەنگە دەنگی لێ نییە.

**پیرێژنی یەکەم:** هەمیشە تۆزێک دەنگە دەنگی لێیە.

**پیرێژنی دووەم:** بای دێ لە دەرەوە. **(وچانێک)**.

**پیرێژنی یەکەم:** لام ئاساییە بمێنمەوە.

**پیرێژنی دووەم:** بەڵام لێت ناگەڕێن.

**پیرێژنی یەکەم:** ئەزانم. **(وچانێک)**. سەعات و نیوێکی تـر دایدەخـەن، وا نییە؟ **(وچانێک)**. زۆر نییە. **(وچانێک)**. ئەتوانی بڕۆیت و دوایی بگەڕێیتەوە.

**پیرێژنی دووەم:** من ئەڕۆم. بەڵام ناگەڕێمەوە.

**پیرێژنی یەکەم:** کە دونیا ڕووناک بۆوە دێمەوە. چاکەم بخۆرەوە.

**پیرێژنی دووەم:** من ئەڕۆم. ئەڕۆم بەرەو لای سەرەوە بۆ گاردن.

**پیرێژنی یەکەم:** من ناچمە ئەو خوارەوە. **(وچانێک)** ئـەڕۆم بـۆ سـەرەوە بۆ پردی واتەرلوو.

**پیرێژنی دووەم:** هەر ئێستا دوا پاسی دوو سەدو نەوەدو شەش دەبینی بەسەر ڕووبارەکەوە دێت بەرەو ئێرە.

**پیرێژنی یەکەم:** منیش هەر تەماشا دەکەم ئێستا وەختییەتی. لەوەیە بچمە دەرێ. **(وچانێک).** ئەم پاسە لە پاسی ئۆل-نایت ناچێت کە لە ڕۆژدا دەیبینین، وا نییە؟

1959

**سەرچاوە:**

**The Norton Introduction to Literature**
**Carl E. Bain**
**Jerome Beaty**
**L. Paul Hunter**
**Shorter sixth edition**
**Pages 868-869 United States of America 1995**

**تێبینی:**

ئەم شانۆگەرییە لەگۆڤاری شانۆکار ژمارە 6&7 ی ساڵی 2009 بڵاو کراوەتەوە.

❊ ❊ ❊

## سێ شانۆگەری ئێدوارد ئەلبی
## (سندوقی لم ـ مەرگی بەسێ سمیس ـ ناودار و لاو)

# دەربارەی ئێدوارد ئەلبی



ئێدوارد فـرانكلين ئـەلبی شانۆنووسـی ناسـراوی ئەمـەریكـی، لـە دوازدەی ئازاری 1928 لە ڤێرجینیاو زۆربەی ڕایەكانیش ئەڵێن لـە واشـنتۆن لـەدایک بـووە. دوو هەفتـە دواتـر لەلایـەن بنەماڵەیـەكی دەستڕۆیشـتوو و زەنگـین هەڵگیراوەتەوە و براوە بۆ وێست-چێستەر لە نیویۆرك كە هەر لەوێش گەورە بووە. باوكی، بەخێوكەری ڕید، 'ئە. ئەلبی'یەو كوڕێكی دەوڵەمەندی ئێـدوارد فـرانكلين ئـەلبی دووەم بـوو، كـە خـاوەنی ژمارەیـەك هـۆڵی شـانۆ بـوو لـە نیویۆرك.. دایكی بەخێوكەریشی سێهەم ژنی ڕید بوو. فرانسیس هەوڵی ئەدا ئەلبی لە بازنەی كۆمەڵایەتی خۆیاندا پەروەردە بكات.

ئـەلبی چۆتـە قوتابخانـەی 'ڕای كـەنتری دەی' لـە نیویـۆرك و پاشـان قوتابخانەی"لۆڕانسڤیڵ" لە نیوجێرسی. ئەو قوتابخانەیـەی كـە لێـی دەركـرا. دواتر نێررا بۆ ئەكادیمیای سـەربازی 'ڤـاڵی فـۆرگ' لـە پێنسـیلڤانیا، كـە لـە ساڵی 1947 و لە تەمەنی حەڤدە سـاڵیدا تـەواوی كـرد. ئینجا چـووە نێـو پرۆگرامی خوێندنی دەرچووان لـە چۆتـاو لـە سـاڵی 1946دا تـەواوی كـرد. پاشان خوێندنی فەرمی خـۆی لـە كـۆلیجی ترینیتـی درێـژە پێـداو لـە سـاڵی 1947 دیسانەوە لەسەر نەچوونە پۆل و ڕەتكردنەوەی چوونی بە زۆرەملێـی بۆ كڵێسا دەركرایەوە. لە دژەكرداری دەركردنیدا، ئەلبی شـانۆگەری 'كـێ لـە ڤێرجینیا وۆڵف ئەترسێ؟'ی نووسی و پێ ئەچێت لەسەر ئەزموونی خـۆی لـە كۆلیجی ترینیتی نووسیبێتی.

ئەلبی هەر زوو لە دوا قۆناغی هەرزەكاریدا بۆ یەكجاری ماڵ جێ ئەهێڵێ، دواتر لە چاوپێكەوتنێكدا گـوتی "هـەرگیز هەسـتم بـە ئاسـوودەیی نـەكردووە لەگەڵ دایك و باوكە بەخێوكەرەكەم. لەو بڕوایەدا بـووم نـەیان ئـەزانی ببنـە دایك باوك. لەوانەشـە منـیش نـەمزانیبێ ببمـە كوڕیـان. لـەو دواییانـەش لـە چاوپێكەوتنێكدا بە چاڕلی ڕۆسی گوت گوایە دەركراوە، لەبەر ئەوەی دایك و

باوکی بەخێوکەری ویستویانە ببێتە پیاوکوژ و نەیان ئەویست و ڕازی نەبوون بگات بەو خواستەی خۆی تا ببێ بە نووسەر.

ئەلبی گواستییەوە (باری کرد) بۆ گوندی گرینوچ، ئەو شوێنەی کە توانی بەکاری سەیرو ناوازە کۆمەکی خۆی بکات لە کاتێکدا ئەیویست فێری نووسینی شانۆگەری ببێ. یەکەمین شانۆگەری 'چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان' یەکەمجار لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا هاتە سەر شانۆ. ئەو قوتابییە کەمتەرخەمە زۆربەی کاتەکانی خۆی تەرخان کرد بۆ بەرەوپێش بردنی شانۆ لە زانکۆکانی ئەمریکا. ئەلبی ئێستا پرۆفیسۆرێکی ناسراوە لە زانکۆی هوستن ئەو شوێنەی وانەی تایبەتی نووسینی شانۆگەری لێ ئەڵێتەوە.

## ڕێز لێنانەکان:

ئەندامی ئەنجومەنی درامانووسی گویڵدە، ئەلبی سێ خەڵاتی پۆلیتزەری بۆ دراما وەرگرتووە بۆ شانۆگەرییەکانی هاوسەنگی کارامە 1967، دیمەنی دەریا 1975، سێ ئافرەتی باڵابەرز 1994. هەروەها خەڵاتی تایبەتی تۆنی بۆ دەستکەوتی بەردەوام لە 2005 وەرگرتووە، هەروەها مەدالیای زێڕین بۆ دراما لە ئەکادیمیای ئەمەریکی و پەیمانگەی نامەخانەی هونەر لە ساڵی 1980 پێدراوە، لەگەڵ ڕێزلێنانی مەڵبەندی کەنەدی و مەدالیای میللی بۆ هونەر لە ساڵی 1996.

ئەلبی سەرۆکی دەزگای خێرخوازی ئێدوارد ف. ئەلبییە کە یارمەتی مەڵبەندی داهێنەرانی ولیەم فلاناگان دەکات. هاودەمە لەمێژینەکەی ئەلبی جۆناسان تۆماسی پەیکەرتاش لە دووی ئایاری ساڵی 2005 بەهۆی شێرپەنجەی میزڵدانەوە کۆچی دوایی کرد. ئێدوارد ئەلبی زیاد لە 32 شانۆنامەی نووسیوەو ئەمە بێجگە لە کتێبێکی تر کە تایبەتە بە

چـاوپێکەوتن و وتارەکـانی. لـە سـاڵی 2008 لـە سـاڵیادی هەشـتاهەمین سـاڵرۆژی لـەدایکبوونی ئـەلبی دا ژمارەیـەک لـە شـانۆگەرییەکانی لەسـەر شانۆکانی برادوای ڤینۆس نمایش کـران لەوانـە شـانۆی چێـری لـەین. ئـەلبی دوو بەرهەمی یەک پەردەیی خۆی دەرهێنا، خەونی ئەمەریکی و سندوقی لـم کە یەکەمجار لە 1961 و 1962 دەرهێنراون و بەجیا نمایش کران.

کارەکانی ئێدوارد ئەلبی زۆر بە کارامەیی نووسراون. زۆربەی جار هاوسۆز نەبوونـە لەگـەڵ تاقیکردنـەوەکانی بـارودۆخی مـۆدێرن. کـارە بەراییـەکانی ڕەنگدانەوەی کارامەیی و بەئەمەریکا کردنی شانۆی بێ ماناییە، کـە لوتکـەی ئەم ڕێبازە پێشڕەوانی شانۆنووسی ئـەوروپی وەکـو ژیـن جێنـەت و سـامۆیڵ بێکێـت و ئـوجین یۆنسـکۆ بـوون. شانۆنووسـی گـەنجی ئەمـەریکی خـاوەن خەڵاتی پۆلیتزەر پاوڵە ڤۆگەر دان بە چاونەترسیی 'ئەلبی'دا ئـەنێ لـە تێـک هەڵکێشکردنی ڕێبازی شـانۆیی لەگـەڵ دیـالۆگی تیـژ، هـەروەها یارمەتیـدانی داهێنانـەوەی شـانۆی پـاش جـەنگی ئەمـەریکی لـە سـەرەتای شەسـتەکانی سەدەی ڕابردوو. ئەلبی ئەم ئەزموونەی لە کارە تازەکانیشیدا درێژە پێ داوە وەکـو لـە شـانۆگەریی بزنەکـە یـان سـیلڤیا کێیـە؟ کە لـە سـاڵی 2002 نووسیویەتی.

ئـــەلبی دوای نووســـینی 32 شـــانۆگەری و وەرگرتنـــی 10 خـــەڵات و هەڵبژاردنی 12 جار بۆ ڕێزلێنان و نووسینی ژمارەیەکی زۆر وتار، ئێستا لـە تەمەنی سەرووی هەشتا ساڵییەوە لە ئەمەریکا ئەژی و درێژە بە بەخشـش و داهێنان ئەدات.

شانۆگەری

# سندوقی لم

1959

شانۆگەرییەکی کورتە، بەیادی نەنکم (1876 – 1959)

مۆسیقا ولیەم فلاناگان

ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی جاز گەلەری لە پازدەی نیسانی 1960 لە شاری نیویۆرک نمایشکراوە.

کاراکتەرەکان:

**کوڕێکی گەنج:** بیست و پێنج ساڵە. قۆز، جەستەیەکی پتەو و ڕێکی هەیە و بە جلی حەمامەوەیە.

**دایکە:** پەنجاو پێنج ساڵە. جلێکی جوان و ڕێکی لەبەردایە. ژنێکی بەشکۆ و بەهەیبەتە.

**باوکە:** شەست ساڵە. پیاوێکی باڵا کورتە. قژ ماش و برنج. لەڕو لاوازە.

**نەنکە:** هەشتاو شەش ساڵە. ڕەقەڵەو لەڕو لاوازە. دوو چاوی گەشی پێوەیە.

**مۆسیقار:** بە دیاریکراوی تەمەنی دیار نییە. بەڵام گەنج بێت چاکترە.

تێبینی:

کاتێک لە میانی شانۆگەرییەکە دایکەو باوکە هەر بەو ناوانەوە بانگی یەکتر ئەکەن، نابێ هیچ پێشنیارێک بۆ ناوچەگەری لە ئارادا هەبێ. ئەم ناوانە گوزارشتن لە سۆزی بەتاڵ و نیشانەی پێش پیری و مێشک پووچیی کاراکتەرەکانە.

دیمەنەکە:

(شانۆ چۆڵە، تەنها ئەم شتانەی لێیە. لە نزیک سەرچاوەی ڕووناکیی شانۆکەوە، لەلای ڕاستی بەشی پشتەوەی شانۆ دوو کورسیی سادە لە تەنیشت یەکترەوە ڕوو بە جەماوەر دانراون. لە نزیک سەرچاوەی ڕووناکی شانۆکەوە، لەلای چەپی پشتەوەی شانۆ کورسییەک کە ئامێرێکی مۆسیقای لە بەردەمە ڕوو لە بەشی ڕاستی شانۆ دانراوە. دوورتر لەوەش و لە ناوەڕاستی شانۆکە سندوقێکی لمی لامسەرلایی بەرز و لاری گەورەی مندالآن دانراوە، کە خاکەناز و سەتڵێکی مندالآنەی تێدایە. باکگراوندی شانۆ ئاسمانە کە نیشانەی گۆڕانە لە ڕۆژێکی ڕووناکەوە بەرەو شەوێکی تاریک.

لە سەرەتادا، ڕۆژێکی ڕووناکە، کوڕە گەنجەکە بە تەنیا لای گۆشەی پشتەوەی سندوقە لمەکەوەیە. خەریکی جووڵەی وەرزشییە؛ بەو جووڵە وەرزشییەوە سەرقاڵە تا زۆربەی ڕۆژەکە بەو یارییەوە بەسەر دەبات. ئەم جووڵە وەرزشییە تەنها قۆڵی بۆ بەکار ئەهێنرێ، چاکترە پێشنیاری شەکانەوەو باڵ ڕاوەشاندنی بۆ بکرێ. دواجار کوڕە گەنجەکە جگە لە عزرایل هیچی تر نییە).

**(دایکە و باوکە لەلای چەپی شانۆوە دێنە ژوورەوە. دایکە لە پێشەوەیە)**

**دایکە: (هێمایەک بۆ باوکە ئەکات)** باشە، فەرموو ئەوەتانێ ئەمە کەنارەکەیە.

**باوکە: (بە کڕووزانەوەوە)**. من سەرمامە.

**دایکە: (بە سوکە پێکەنینێکەوە فەرامۆشی دەکات)**. دە بێتام مەبە، ئەوەندە گەرمە وا ئەبرژێین. تەماشای ئەو کوڕە گەنجە قۆزە بکە؛ بیر لەسەرما ناکاتەوە.**(دەستێک بۆ کوڕە گەنجەکە هەڵئەبڕێ)** سڵاو.

**کوڕە گەنجەکە: (بەپێکەنینێکی خۆ خۆشەویستکردنەوە.)** سڵاو.

**دایکە: (چاوێک ئەگێڕێ.)** ئێرە زۆر باشە...تۆش وای نابینی باوکە؟ لمی لێیە... و ئاویش لەولاتر. تۆ ئەڵێی چی باوکە؟

**باوکە: (بە لێڵییەوە)**. تۆ چی بڵێی وایە، دایکە.

**دایکە: ( بەهەمان سوکە پێکەنینەکەی پێشترەوە)**. بێگومان وایە...هەرچییەک من ئەیڵێم جێ ئەکەوێ، وا نییە؟

**باوکە: ( شانی دەجوڵێنێ)**. دایکی تۆیە، هی من نییە.

**دایکە:** ئەزانم دایکی منە. ئێ چیم لێ ئەکەی؟ **(وچانێک)**. باشە ئێستا با بچینەوە سەر بابەتەکە. **(ڕووەو بەشی چەپی شانۆکە هاوار ئەکات)**. تۆ ئەی ئەو کەسەی لەدەرەوەی، ئەتوانی بێیتە ژوورەوە. **(مۆسیقارەکە دێتە ژوورەوە. لەسەر کورسییەک لەلای چەپی شانۆ دائەنیشێ، نۆتەکەی لەسەر لایەکی ئامێرەکە دائەنێ و ئامادەی ئەکا بۆ ژەنین. دایکە سەری ڕەزامەندی ئەلەقێنێ)**.

**دایکە:** زۆر جوانە؛ زۆر جوانە. تۆ ئامادەی باوکە؟ با بڕۆین نەنکە بهێنین.

**باوکە:** هەرچی تۆ ئەیڵێی دایکە.

**دایکە:** ( **بەرەو لای چەپی شانۆ پێش ئەکەوێ بۆ چوونە دەرەوە.)** بێگومان، هەرچی من ئەیڵێم. **(ڕوو لە مۆسیقارەکە ئەکات)** تۆ ئێستا ئەتوانی دەست پێبکەی.

**(مۆسیقارەکە دەست بە ژەنینی مۆسیقا ئەکات. دایکە و باوکە ئەچنە دەرەوە. مۆسیقارەکە لەو ماوەیەی کە مۆسیقا ئەژەنێ، سەر بۆ کوڕە گەنجەکە ئەلەقێنێ)**

**کوڕە گەنجەکە: (بە هەمان پێکەنینی خۆ خۆشەویستکردنەوە)** سڵاو.

**(دوای خولەکێک دایکە و باوکە دووبارە دێنە ژوورەوە و نەنکەیان لەژێر باڵەکانییەوە هەڵگرتووە. نەنکە توند و ڕەق و لاقەکانی بەرز کردۆتەوەو قاچەکانی لە زەوی دابڕاون، وەک گوزارشتێک لە سیمای پڕ لە تەلیسم و ترس).**

**باوکە:** لە کوێی دابنێین؟

**دایکە: (بەهەمان کورتە پێکەنینەوە.)** بێگومان لەهەر شوێنێک کە دەستنیشانی دەکەم... با بزانم... ئێ باشە لێرەی دابنێ... لەناو ئەم سندوقە لمە. **(وچانێک)** دەی باوکە چاوەڕوانی چی ئەکەی؟ لەناو سندوقە لمەکەی دابنێ. **(پێکەوە نەنکە هەڵدەگرن و فرێی ئەدەنە ناو سندوقە لمەکە).**

**نەنکە: (خۆی ڕاست دەکاتەوە تا دابنیشێ. دەنگی لەنێوان پێکەنین و گریانی منداڵدایە.)** ئاهههههههه!گڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ!

**باوکە: (خۆی ئەتەکێنێ)** ئەی ئێستا چی بکەین؟

**دایکە:** ( **ڕوو لە مۆسیقارەکە ئەکات)** ئەتوانی ئێستا بوەستی. **(مۆسیقارەکە ئەوەستێ).** ( **ڕوو لە باوکە ئەکاتەوە)** مەبەستت

چییە. ئەی ئێستا چی بکەین؟ بێگومان ئەڕۆینە ئـەولاوەو دائەنیشـین. (**ڕوو لە کوڕە گەنجەکە ئەکات.**) ئازیز سڵاو.

**کوڕە گەنجەکە: ( دووبارە بەپێکەنینەوە)** سڵاو. **( دایکە و باوکە ئەچنە لای ڕاستی شانۆ و لەسەر کورسییەکان دائەنیشن. وچانێک)**

**نەنکـە:** (**وەک جـــاری پێشـــوو)** ئاهههههه‌ـــە! ئـــا ههههههـــە! گڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ!

**باوکە:** چی ئەڵێی...لەو بڕوایەدای...ئاسوودە بێ؟

**دایکە:** (**بە بێ ئارامییەوە)** ئێ چۆن بزانم؟

**باوکە:** **(وچانێک)** ئەی چی ئەزانین؟

**دایکە:** (**وەک ئەوەی بێتەوە یـادی.)** ئێمـە... چاوەڕوان ئـەبین... ئێمـە لێرە دائەنیشین... چاوەڕوان ئەبین... هەر واش ئەکەین.

**باوکە:** (**پاش وچانێک)** قسان بکەین لەگەڵ یەکتر؟

**دایکە:** ( **بە سـووکە پێکەنینێکـەوە؛ شـتێک لـە کراسـەکەی ئەکاتـەوە)** باشە تۆ ئەتوانی قسـە بکـەیت ئەگـەر بتـەوێت... ئەگـەر بتـوانی بیـر لەهـەر شتێک بکەیتەوە کە ئەتەوێ بیڵێی... ئەگەر بتوانی بیر لەهەر شـتێکی نـوێ بکەیتەوە کە ئەتەوێ بیڵێی.

**باوکە:** (**بیر ئەکاتەوە.)** نا... پێویست ناکات.

**دایکە:** ( بە **پێکەنینێکی سەرکەوتووانەوە.)** بێگومان نا.

**نەنکە:** (**خاکەنازە منداڵانەکە بـە سـەتڵەکەدا ئەکێشـێت.)** هـاەەەەە... ئاهەەەەە!

**دایکە:** (**پڕ بەپانتایی شانۆکە هاوار ئەکات.)** بێدەنگ بە نەنکە... بـەس بێدەنگ بەو چاوەڕوان بە. **(نەنکە دەمە خاکەنازێ لم بە دایکـەدا ئـەکات).** (دایکە **هێشتا هەر پڕ بە پانتایی شانۆکە هاوار ئەکات**) خۆ ئەوە لمم پێـدا

ئەکات. چیتر وا مەکە. نەنکە چیتر لم بەدایکەدا مەکە. ( **ڕوو لە باوکە ئەکات.)** بزانە لمم پێدا ئەکات.

**(باوکە سەیری نەنکە ئەکات و کە نەنکە بەسەر ئەویشدا ئەقیژێنێ)**

**نەنکە:** گرڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ!

**دایکە:** تەماشای نەنکە مەکە. لێرە دانیشە... زۆر هێمن بە ... و چاوەڕوان بە. **(ڕوو لە مۆسیقارەکە ئەکات)** تۆش.. ئا.. فەرموو تۆش ئەو کارە بکە کە ئەبێ بیکەی. ( **مۆسیقارەکە دەست بە ژەنینی ئامێرەکەی ئەکات.)**

**( دایکە و باوکە خۆیان ڕێک خستۆتەوە و تەماشای ئەودیوی پشتەوەی بینەران ئەکەن. نەنکە تەماشایان ئەکات، تەماشای مۆسیقارەکەش ئەکات. لە سندوقە لمەکەش ئەڕوانێ و خاکەنازەکە فڕێ ئەداتە خوارەوە).**

**نەنکە:** ئاە. هاهههههههە! گرڕڕڕڕڕڕڕڕ! **(چاوەڕوانی پەرچەکردارە، بەڵام هیچ ڕوو نادات. ئێستا... ڕاستەوخۆ ڕوو لە بینەران ئەکات.)** لەڕاستیدا ئەوە چ ڕێگایەکە لە بەرخوردکردن لەگەڵ پیرێژنێکدا. پەلی بگری و لەماڵ بهێنیتە دەرێ و فڕێی بدەیتە نێو ئۆتۆمبێلەوە... بیبەیتە دەرەوەی شار... و فڕێی بدەیتە نێو قۆمەتە لمێکەوە... و لەو شوێنە لێی بگەڕێی بیکەیتە فیلم. من تەمەنم 86 ساڵە. لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا شووم کرد بە جوتیارێک. کاتێک مێردەکەم مرد تەمەنم سی ساڵ بوو. **(ڕوو لە مۆسیقارەکە ئەکات)** ئەرێ نایبڕیتەوە زەحمەت نەبێ؟ ( **مۆسیقارەکە دەوەستێت.)** من پیرێژنێکی لاوازم... چۆن پێشبینی ئەوە ئەکەی کەسێک لەم زیقەزیقەدا بتوانێت گوێی لێم بێت! **(لەبەر خۆیەوە بۆ خۆی ئەدوێت)** لەم دەوروبەرەدا هیچ ڕێزێک نییە. **(ڕوو لە کوڕە گەنجەکە ئەکات)** لەم دەوروبەرە هیچ ڕێزێک نییە!

**کوڕە گەنجەکە:** **(بەهەمان پێکەنینی جارانەوە)** سڵاو.

**نەنكە:** (**پاش وچانێک بەردەوام ئەبێ و ڕوو لە بینەران هەستی خۆی دەرئەبڕێ**) مێردەکەم مرد، ئەو کاتەی تەمەنم سی ساڵ بوو. (**ئاماژە بۆ دایکە ئەکات.**) ئەشبوو ئەو مانگا زلە بە خەمۆکی و تەنیایی گەورە بکەم. بیهێننە پێش چاو کە چۆن بووە. ئەی خوا گیان! ( **ڕوو لە کوڕە گەنجەکە ئەکات**) تۆیان لە کوێ پەیدا کرد؟

**کوڕە گەنجەکە:** ئا... بۆ ماوەیەک لەم دەوروبەرە بووم.

**نەنكە:** بەدڵنیاییەوە لێرە بووی! ها ها ها. تەماشایەکی خۆت بکە.

**کوڕە گەنجەکە:** ( **ماسولکەکانی قۆڵی گرژ ئەکات**) ئەی ئەمە هیچ نییە؟ (**لەسەر قۆڵ ڕاوەشاندن بەردەوام ئەبێت**)

**نەنكە:** پەح پەح. من ئەڵێم گەلێ باشە.

**کوڕە گەنجەکە:** (**بە زمانێکی شیرین**) منیش وا ئەڵێم.

**نەنكە:** خەڵکی کوێی؟

**کوڕە گەنجەکە:** باشوری کالیفۆرنیا.

**نەنكە:** (**سەری بۆ ئەلەقێنێ**) ئێ ئێ. ناوت چییە ئازیز؟

**کوڕە گەنجەکە:** نازانم...

**نەنكە:** (**ڕوو لە بینەران ئەکات**) زیرەکیشە!

**کوڕە گەنجەکە:** مەبەستم ئەوەیە... مەبەستم ئەوەیە بڵێم تا ئێستا ناویان لێ نەناوم... ناوم ستۆدیۆیە.

**نەنكە:** (**جارێکی تر بۆی ئەڕوانێ**) تۆ نایڵێی... تۆ نایڵێی. ئێ ئەمەوێ هەندێک زیاتر بدوێم... خۆ ناڕۆی.

**کوڕە گەنجەکە:** نا، نەخێر.

**نەنكە:** (**جارێکی تر ڕوو لە بینەران ئەکاتەوە.**) باشە؛ باش. (**بۆ جارێکی تر ڕوو لە کوڕە گەنجەکە ئەکاتەوە**) تۆ... تۆ ئەکتەری، وایە؟

**کوڕە گەنجەکە:** ( **زەردەخەنەیەک ئەکات**) بەڵێ.

**نەنکە:** (**دیسانەوە ڕوو لـە بینـەران ئـەکات. شـان ئـەجوڵێنێ.**) مـن بـەو شێوەیە زیرەکم... هەرچۆنێک بێ ... ئەبێ لەوێداو بە تـاقی تـەنیا هەسـتمە سەر پــێ، ناشـزانم لـەوێ چـی بەسـەر ئـەو دامـاوەدا دێـت... بۆیـە شـووی کردووە. ڕیچ؟ من پێت ئەڵێم پارە، پارە، پارە. لەکێڵگەکە وەدەریان نـام... کە بەڕاستی چاکـەیان لەگـەڵما کـرد... بردمیـان بـۆ شـار و لەگـەڵ خۆیانـدا دایاننـام. لـە ژێـر زۆپاکـەدا جێگایـەکی باشـییان بـۆ چێکـردم. بەتانییـەکی سەربازی (تەحالوف)یان دامێ لەگەڵ هەندێ قاپ و قاچاخ، قاپ و قاچـاخی تایبەت بەخۆم. ئیتر گلـەیی چـی بکـەم؟ بێگومـان هـیچ. مـن گلـەیی ناکـەم. (**تەماشایەکی ئاسمان ئەکات و بانگی یەکێک ئەکات لـە دەرەوەی شـانۆ.**) ئێسـتا تاریـک دانایـەت ئـازیزم؟ (**ڕوونـاکی کـز ئـەبێ و ئەبێتـە شـەو. مۆسیقارەکە دەست ئەکات بە ژەنینەوەی ئامێرەکەی. ئەبێتە شەوێکی تار**). (**ڕووناکی لەسەر ئەکتەرەکانە بـە کـوڕە گەنجەکەشـەوە کـە بێگومـان هـەر خەریکی قۆڵ ڕاوەشاندنە**)

**باوکە:** (**گورجوگۆڵانە**) خۆ ئەوە شەوە.

**دایکە:** وووسس بە. هەر ... چاوەڕوان بە.

**باوکە:** (**بەکرپوزانەوەوە**) زۆر گەرمە.

**نەنکە:** (**بـۆ خـۆی قسـان ئـەکات.**) ئـاوا زۆر باشـترە. شـەوە. (**ڕوو لـە مۆسـیقارەکە ئـەکات.**) ئازیزەکـەم تـا کۆتـایی هـەر ئـەم بەشـە ئـەژەنیت؟ (**مۆسیقارەکە سەری بەڵێ ئەلەقێنێ.**) ئێ باشە جوان و نەرم بەردەوام بە؛ ئەمـە چ کـوڕێکی باشـە. (**مۆسـیقارەکە سـەری بـەڵێ ئەلـەقێنێ و نـەرمتر ئەژەنێ.**) ئاوا باشە.

**(لەدەرەوەی شانۆوە ڕمپەڕمپێک دێت.)**

**باوکە:** (**بەڕاچڵەکینەوە**) ئەوە چی بوو؟

**دایکە:** ( **دەست بە گریان ئەکات.**) هیچ نەبوو.

**باوکە:** هەورە تریشقە بوو، هەورەتریشقە. یان شەپۆلێک بوو و خۆی کێشا بە کەنارەکەیا. یان شتێکی تر بوو...

**دایکە:** (**لەگەڵ هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانی، ئەچرپێنێ.**) ڕمبەڕمبێک بوو لە دەرەوەی شانۆکە...خۆت ئەزانی یانی چی...

**باوکە:** لەیادم چوو بۆوە...

**دایکە:** (**هەر ئەوەتە ئەتوانێ قسان بکات**) یانی وەختی نەنکە داماوەکە تەواو بووە... و ناشتوانم بەرگری لێ بکەم.

**باوکە:** ( **کەللە پووتانە.**) پێم... پێم وایە ئەبێ ئازا بین.

**نەنکە:** (**بەکاڵتە پێکردنەوە.**) منداڵینە، ڕاستە. ئەبێ ئازا بن. پێویستە بەرگەی بگرن و زاڵ بن بە سەریدا.

**(لەدەرەوەی شانۆ ڕمبەڕمبێکی گەورەتر دێت)**

**دایکە:** ئۆهههههههههه... نەنکەی داماو... نەنکەی داماو...

**نەنکە:** (**ڕوو لە دایکە ئەکات.**) من ساغم، من باشم. تا ئێستا هیچ ڕووی نەداوە.

**(ڕمپەڕمپ و هەرایە لە دەرەوەی شانۆ، گڵۆپەکان هەموو ئەکوژێنەوە. ڕووناکی تەنها لەسەر کوڕە گەنجەکەیە. مۆسیقارەکەش لە ژەنین ئەوەستێ).**

**دایکە:** ئۆهههههههههههههههه...ئۆهههههههههههههههه...

**(بێدەنگی.)**

**نەنکە:** جارێ گڵۆپەکان پێ مەکەن... من ئامادە نیم. من تەواو ئامادە نیم. (**بێدەنگی**) زۆر باشە ئازیزم... من تەواو بووم.

**(گڵۆپــەکان جــارێکی تــر پێئەکرێنــەوە، ئەبێتــەوە ڕۆژی ڕوونــاک. مۆسیقارەکە دەست بە ژەنین ئەکاتەوە. نەنکە ئەبینرێ هەر لەناو سندوقە لمەکەیە و لەسەر تەنیشت پاڵی لێداوەتەوە و سەری خستۆتە سەر مەچەکی و نیوە پۆشراوە. خەریکە لم بە خۆیدا ئەکات)**

**نەنکە:** (**بـە منگەمنگێکـەوە.**) نـازانم چـی بکـەم لەگـەڵ ئـەم خاکـەنازە مندالانەیە!!!...

**باوکە:** دایکە! خۆ ئەوە ڕۆژە!

**دایکە:** (**بە ڕووخۆشییەوە.**) بـەڵێ ڕۆژە. زۆر چاکـە. شـەوە درێژەکـەمان تەواو بوو. پێویستە لە سەرمان فرمێسکەکانمان بسڕین و شـین و شـەپۆڕمان تەواو کۆتایی بێت و ڕوو لە داهاتوو بکەین. ئەمە ئەرکمانە.

**نەنکە:** (**هەر خەریکی لم بەخۆداکردنە؛ لاسایی دایکە ئەکاتەوە)** شین و شەپۆڕمان تەواو کۆتایی بێت و ڕوو لە داهاتوو بکەین.... ئای خوایە.

**( دایکە و باوکە هەڵئەستن و خۆ لێک ئەکێشنەوە. دایکە بەدەست سڵاو لە کوڕە گەنجەکە ئەکات)**

**کوڕە گەنجەکە:** (**بە پێکەنینەوە)** سڵاو.

**( نەنکـە خـۆی ئەکاتـە مـردوو(!). دایکـە و باوکـە ئـەچن بەلایـەوە تـا تەماشـای بکـەن. تـا ئاسـتێک لـە نێـو لمەکـەدا وەک نیـوە نێـژراو وایـە. خاکەنازەکەشی لە دەستدایە و لەسەر سینگی بەشێوەی خاچ دایناوە)**

**دایکە:** (**لەبەردەم سندوقە لمەکـە سـەر بائـەدا.**) بـەخوا جوانـە. ئـەوە.. ئـەوە ئاسـان نییـە دڵتـەنگ بیـت... ئـەبینی... چەنـد دڵـی خۆشـە. ( **بـە شـانازی و قایلبوونـەوە**) حـەقی ئـەوە ئـەدات کـە شـتگەلی چـاک ئـەنجام بدەی. (**ڕوو لە مۆسیقارەکە ئەکات)** زۆر باشە ئەگەر بتەوێ ئیستا ئـەتوانی بوەستی. مەبەستم ئەوەیە ئەتوانی بمێنیتەوە بۆ مەلەکردن یان شتی تر. بە

نسبەت ئێمەوە کێشە نییە. (**هەناسەیەکی قورس هەڵئەکێشێ.**) چاکە باوکە... با بڕۆین.

**باوکە:** دایکە ئازا!

**دایکە:** باوکە ئازا!

**(ئەچنە دەرەوەی شانۆ)**

**نەنکە:** (**دوای ئەوەی دایکە و باوکە ئەچنە دەرەوە، هێشتا پاڵ کەوتووە.**) هەقی ئەوە ئەدرێ کە شتگەلی چاک ئەنجام بدەی... وەی وەی گیانە! (**ئەیەوێت ڕاستبێتەوە تا دابنیشێت.**)... بەخوا جوانە منداڵینە... (**بەڵام بۆی دەرئەکەوێت کە ناتوانێت**)... من... من ناتوانم هەستمەوە... ناتوانم بجوڵێم...

**(کوڕە گەنجەکە واز لە قۆڵ ڕاوەشاندن ئەهێنێ، سەرێک بۆ مۆسیقارەکە ئەلەقێنێ، ئەچێتە لای نەنکەو لەسەر چۆک لای سندوقە لمەکە دائەنیشێ)**

**نەنکە:** من... ناتوانم بجوڵێم...

**کوڕە گەنجەکە:** ووووسسسس... تا ئێستاش ئەتوانی ... بێدەنگ بە.

**نەنکە:** من... من ناتوانم بجوڵێم...

**کوڕە گەنجەکە:** ئاە... خاتوونەکەم، من... من کاری خۆم هەیە لێرە.

**نەنکە:** ئای، بمبوورە ئازیزەکەم تۆ فەرموو کاری خۆت بکە.

**کوڕە گەنجەکە:** من... ئاە...

**نەنکە:** لەسەرخۆبە و هیچ پەلە مەکە، ئازیزم.

**کوڕە گەنجەکە:** ( **خۆی ئامادە ئەکات؛ ئەم دێڕە وەک نەشارەزایەکی عەیار دەرئەبڕێ**) من فریشتەی مەرگم. من ... ئاە... من بۆ گیان کێشانی تۆ هاتووم.

**نەنکە:** چی... چ... (**ئینجا لەگەڵ ملکەچ کردنیدا**).. ئێ... ئێ زانیم.

**(کوڕە گەنجەکە بەسەر نەنکەدا ئەنوشتێتەوەو نێو چەوانی ماچ ئەکات)**

**نەنکـە:** (**چاوەکـانی داخـراون. دەستەکانیشـی لەسـەر سـنگین و خاکەنازەکەشـی هـەر بەدەسـتەوەیە. زەردەخەنەیـەکی جـوانی بەسـەر لێوەوەیە.**) زۆر چاکە... ئەوە شتێکی زۆر جوان بوو ئازیزم...

**کوڕە گەنجەکە:** ( **هەر چەماوەتەوە بەسەر نەنکەدا.**) ووسسسسس بـە... بێدەنگ بە...

**نەنکە:** مەبەستم بوو بڵێم... کارەکەت زۆر بە چاکی ئەنجام دا... ئازیزم.

**کوڕە گەنجەکە:** (**خەجاڵەتبارە و سوور هەڵگەڕاوە**) ... ئا...

**نەنکە:** نا، بە جیددیم بوو. تۆ دەست ڕەنگینی... لە چۆنایەتی کارەکـەت دەست ڕەنگینی.

**کوڕە گەنجەکە:** (**لەگـەڵ پێکەنینـە خـۆ خۆشەویسـتکردنەکەیدا**) ئـا... سوپاس. خانم. زۆر سوپاس.

**نەنکە:** (**لەسەرەخۆ و بەنـەرمی لەگـەڵ ئـەوەی کـوڕە گەنجەکـە دەسـت لەسەر نەنکە دائەنێت.**) شایانی... شایانی نییە ئازیزم.

**( تـابلۆ. مۆسـیقارەکە لەگـەڵ دادانـەوەی پـەردەدا هـەر بەردەوامـە لـە ژەنینی ئامێرەکەی).**

پەردە دائەدرێتەوە.

### شانۆگەری

# مەرگی بەسێ سمیس

شانۆگەرییەکە لە هەشت دیمەن پێکهاتووە و لە 1959دا نووسراوە.

پێشکەشە بە نێد ڕۆرەم

ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەمجار لە 21ی نیسانی 1960 لە بەرلین لە ئەڵمانیا لەسەر شانۆی شلۆسپارک نمایش کراوە.

**کارەکتەرەکان:**

**بێرنی:** ڕەش پێستە، تەمەنی لە دەوروبەری چل ساڵە، لاوازە.

**جاک:** ڕەش پێستێکی پێست قەترانییە. تەمەنی چل و پێنج ساڵە. کەتەو زلە، سمێڵی هەیە و دەنگی گڕە.

**باوک:** لەڕو لاوازە، سپی پێستێکی قژ ڕووتاوەیە. تەمەنی دەوروبەری پەنجا و پێنج ساڵە.

**پەرستاری یەکەم:** کچێکی سپی پێستی خەڵکی باشوورە، تەواو پێگەیشتووە، قژی قەترانی، یان سوورە، جوانە، پێکەنینێکی هارو هاجانەی هەیە، تەمەنی بیست و شەش ساڵە.

**کارمەندی نەخۆشخانە:** ڕەش پێستێکی سووکەڵەو لاوازە، تەراشی پاک و جوانی کردووە. قژی داهێناوەو شەرمنە، تەمەنی بیست و هەشت ساڵە.

**پەرستاری دووەم:** کچێکی سپی پێستی خەڵکی باشوورە، قژ زەرد، چاو شین، زۆر جوان نییە، تەمەنی دەوروبەری سی ساڵە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** پیاوێکی سپی پێستی خەڵکی باشوورە. قژ زەرد و چاوشین، پۆشت و پەرداخ، ڕوو خۆش و تەمەن سی ساڵە.

دیمەن

عەسرێکی درەنگی 26ی ئەیلولی 1937ە. ناوەوەو دەوروبەری شاری مامفیسە لە تێنەسیی لە ئەمریکا.

شوێنکات

سروشتی شوێنکاتی ئەم شانۆگەرییە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، وەک چۆن شانۆیەک لە شانۆیەکی تر جیاوازە. لەبەرئەوە پێشنیارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە خراونەتە ڕوو.

هەرچەندە ئەکرێ وەکو ڕێ نیشاندەرێکی بەسوود بەکاربهێنرێن، بەڵام بیرۆکەی گشتی ئەوەیە وەک چۆن دانەر ئەیبینێ. ئەوەی دانەر ئەیبینێ بەم شێوەیە: ناوەڕاست و بەشی پێشەوەی شانۆ تەرخانکراوە بۆ پرسگەی نەخۆشخانە. بۆ ئەمەش کە زۆرترین بەشی ڕووداوەکان لێرەدا ڕوو ئەدەن.

مێز و کورسی پرسگەکە لەناوەڕاستی شانۆوە ڕوو بە بینەران دانراون. دەرگایەک لەلای ڕاستی شانۆوە ڕوو بە دەرەوەو دەرگایەکی تریش لەلای چەپی شانۆوە هەیە کە ڕوو بە بەشەکانی تری نەخۆشخانەکەیە. تۆزێک لەولا تریش کورسییەکی درێژ و لەوانەشە کورسییەک یان دووانی تر هەبن. لای پشتەوەی شانۆ و بڕێک بەلای تەنیشتەوە، شۆستەیەکی بەرز هەیە کە

لــه زۆر جێیــدا دژ بــەلانی کــەمی پێشــنیارەکانی شــوێنکات و نمایشــکردنی دیمەنەکانی تری شانۆگەرییەکەیە. هــەموو ئەمانــە کــراوەن بــە ڕووی دیــواری پشتەوەی شانۆدا کە ئاسمانە و لە دیمەنێکەوە بــۆ دیمــەنێکی تــر ئــەگۆڕێ. شــینێکی تــۆخ؛ خۆرئــاوابوون، خۆرئــاوابوونێکی ســوور-پرتــەقاڵی-زەرد. هەندێجار پڕ و هەندێ جاری تریش هەر ئاماژەیە.

کە پەردە لائەدرێ سەرتاپای شانۆ ڕوو بە ئاسـمان تاریکـە کـە شـینێکی تۆخە. مۆسیقاش بۆ ماوەی نزیکەی خولەکێک لەگەڵ ڕووناکبوونی شـانۆ کـز ئەبێت.

## دیمەنی یەکەم

گۆشــەی مەیخانەیەکــە، بێرنــی لەســەر مێزێــک دانیشــتووە، بیرەیــەک و پەرداخێکی لەبەردەمدایە. جاک دێتە ژوورەوە، بۆتڵێ بیرەی بە دەستەوەیە؛ بێرنی نابینێ.

**بێرنی:** (**جاک ئەناسێتەوە، بە سەرسامی و خۆشحاڵییەوە**) سلاو!

**جاک:** ها؟

**بێرنی:** سلاو؛ جاک!

**جاک:** ها؟... چی؟... (**ئەیناسێتەوە**) بێرنی!

**بێرنی:** ئەوە چی ئەکەی لێرە، کوڕی باش؟ وەرە دانیشە.

**جاک:** چی بکەین، هەر بە نەفرەت ئەکرێم...

**بێرنی:** جاک، وەرە دانیشە.

**جاك:** بەڵێ... دێم... بەهەرحاڵ. هەر بەنەفرەت ئـەكرێم.(**ئەچێتـە سـەر مێزەكە و دائەنیشێ**). ئایە با، چەند گەرمە بێرنی... ئێ چۆنی چـۆن كـوڕی باش؟

**بێرنی:** باشم باش. ئەوە چی ئەكەی لێرە؟

**جاك:** ئا. سەفەرئەكەم.سەفەر.

**بێرنی:** بـەردەوام لـە هـاتوچۆدا بـووی، وایـە؟ كـوڕە تـۆ دوایـین كەسـی پێشبینیی هاتنتم كردبێت بۆ ئێرە، جیهان بچوكە، وا نییە؟

**جاك:** بەڵێ؛ بەڵێ وایە.

**بێرنی:** هەر لە هاتوچۆدایت، وایە؟ بۆ كوێ ئەڕۆی؟

**جاك:** (**تەقریبەن بەشاراوەیی، بەڵام تەواو نا**) بەرەو باكوور.

**بێرنـی:** (**پێئەكـەنێ**) بـەرەو بـاكوور! بـەرەو بـاكوور؟ هـاوڕێم بـاكوور شوێنێكی گەورەیە.

**جاك:** بەڵێ... ئەزانم وایە، شوێنێكی گەورەیە.

**بێرنی:** (**پاش وچانێك؛ دووبارە پێئەكەنێ**) بەهەرحاڵ بـۆ كـوێ ئـەڕۆی؟ كوێی باكوور؟

**جاك:** (**بە شەرم و شانازییەوە**) نیویۆرك.

**بێرنی:** نیویۆرك!

**جاك:** ئهم؛ ئهم.

**بێرنی:** ئەها، نیویۆرك؟ ئێ باشە چی ئەكەی لەوێ؟

**جاك:** (**دیسـان بـە شـەرمەوە**) ئـا... بەهـەرحاڵ... تۆزێـك ئیشـم هەیـە لەوێ.ئەی تۆ بە چییەوە سەرقاڵ بووی؟

**بێرنی:** نیویۆرك ئەڵێی؟

**جاك:** ( **بەئاشكرا نایەوێ لەبارەیەوە بدوێ**) ئهم.

**بێرنی:** (**زرنگانە**) ئێستا بەهەرحاڵ ئەوە گرنگ نییە. بیرەیەکت ناوێ؟ بیرەیەکت بۆ بێنم؟

**جاک:** نەخێر، ئەبێ بڕۆم... بەهەرحاڵ. نازانم. من...

**بێرنی:** (**لەسەر مێزەکە هەڵئەستێ**) بە دڵنیاییەوە ئەیزانی. بۆ ئەم گەرمایە بیرەیەک یان دوانت پێویستە تا خۆت فێنک بکەیتەوە؟

**جاک:** (**پشت دەداتەوە**) بەڵێ؛ بۆ نا؟ بێرنی، بیهێنە.

**بێرنی:** ( **دۆلارێکی کاغەزی لەنێو دەستیدایە؛ ئەوەستێ**) دوو بیرە ئەهێنم. ئێ ئێ، نیویۆرک ؟ تێناگەم جاک؟

**جاک:** ( **پێئەکەنێ**) ئەوە چییە سەرسام بووی کوڕی باش، سەرسام بووی.

( **ڕووناکی لەسەر ئەم دیمەنە کز ئەبێ، دیمەنێکی تر دەرئەکەوێ**)

## دیمەنی دووەم

بەشێک لە هەیوانی پشتەوە دەرئەکەوێ؛ هەندێ مۆبێلیاتی بەتووڵ چنراو، بڕێک خراپتر لەوەش تەنک و سواون. باوکی پەرستارەکە لەسەر هەیوانەکە دانیشتووە گۆچانێک لە تەنیشت کورسییەکەیەوە دانراوە، مۆسیقا لە فۆنۆگرافەکەی ژوورەوەڕا بەرز دێتە بەرگوێ.

**باوک:** ( **مۆسیقاکە زۆر بەرزە؛ دواجار دەسکی کورسییەکەی ئەگرێ**) بیکوژێنەوە! بیکوژێنەوە! بیکوژێنەوە! بیکوژێنەوە!

**پەرستاری یەکەم:** ( **لەژوورەوەوە**) چییی؟ چیت گوت؟

**باوک:** بیکوژێنەوە!

**پەرستاری یەکەم: ( دەرئەکەوێ، بەرگی کاری پۆشیوە)** گوێم لێت نییە؛ چیت ئەوێ؟

**باوک:** بیکوژێنەوە! ئەو مۆسیقا نەفرەت لێکراوە بکوژێنەوە!

**پەرستاری یەکەم:** ئەوی ڕاستی بێ، باوکە...

**باوک:** بیکوژێنەوە! **(پەرستارەکە زۆر سەیر وەرئەچەرخێ. ئەچێتەوە ژوورەوە. مۆسیقاکە ئەکوژێتەوە)** قەوانی ئەو گۆرانیبێژە ڕەش پێستانە بەنەفرەت بێ. خۆ سەرم دایە ئێش.

**پەرستاری یەکەم: (دووبارە دێتە ژوورەوە)** چیت گووت؟

**باوک:** گووتم سەرم دایە ئێش. تۆ بەردەوام ئەو قەوانە دوابڕاوانەی دەخەیتە سەر. سەرم خەریکە ئەتەقێ. تۆ قەوانی ئەو گۆرانیبێژە ڕەش پێستە دوابڕاوانەی ئەخەیە سەر.. ئەو دەنگە گەورەیە سەرم ئەیەشێنێ.

**پەرستاری یەکەم:** حەبەکانت ئەخۆی؟

**باوک:** نەخێر!

**پەرستاری یەکەم: (ڕووی وەرچەرخان)** ئەڕۆم حەبەکانت بۆ ئەهێنم...

**باوک:** نامەوێت!

**پەرستاری یەکەم: ( بەوپەڕی ئارامییەوە)** باشە؛ حەبەکانت بۆ ناهێنم.

**باوک: (پاش وچانێک؛ زۆر بێشەرمانە)** تۆ بەردەوام ئەو قەوانە دوابڕاوانە لێ ئەدەی...

**پەرستاری یەکەم: (بەبێ ئارامییەوە)** داوای لێبووردن ئەکەم، باوکە؛ نەمزانی سەرت ئەیەشێنێ.

**باوک:** جارێکی تر بەو شێوەیە بەدەنگی بەرز نەدوێی لەگەڵما!

**پەرستاری یەکەم: (هەر بەو ئاستە لە دەنگ)** هیچ بە دەنگی بەرز نەدواوم لەگەڵتا...

**باوک:** ملهوڕیم لەتەکدا مەکە!

**پەرستاری یەکەم:** ملهوڕیم نەکردووە؛ نامەوێ ملهوڕیش بکەم؛ دونیا زۆر گەرمەو بەکەڵکی ملهوڕی نایەت. **(وچانێک). (پاشان لەسەرەخۆ)** کەسێک نابینم بتوانێ دوو قەوان لێبدات بێ ئەوەی...

**باوک:** ئەو دەنگە، دوابڕاوە! پڕ بە مانای دوابڕاو؛ دەنگێکی دوابڕاوە.

**پەرستاری یەکەم:** **(پاش وچانێک)** نەمزانی تۆ ئەمگەێنیتە سەر کار. نەمزانی سەرت ئەیەشێ و ئەتەوێ بمگەێنیتە نەخۆشخانە.

**باوک:** نەخێر.

**پەرستاری یەکەم:** لەوبڕوایەدا نەبووم ئەو کارە بکەی. وابزانم خۆشت پێویستیت بە ئۆتۆمبیلەکە هەیە.

**باوک:** وایە.

**پەرستاری یەکەم:** بەڵێ؛ زانیم ئەو کارە ئەکەی. ئەی بابە بەتەمای چیت؟ بەتەمای تەواوی ئەم دوا نیوەڕۆیە لەم بەرهەیوانە بە ژانە سەرەوە دابنیشی و لە ئۆتۆمبیلەکەت بڕوانی؟ بەتەمای تەواوی ئەم دوا نیوەڕۆیە دابنیشی و لێی بڕوانی؟ بەتەمای دابنیشی و بە تفەنگێکەوە باڵندەی لێ پاس بکەی تا جیقنەی پێدا نەکەن... یان بەتەمای شتی تری؟

**باوک:** پێویستم پێیەتی.

**پەرستاری یەکەم:** بەڵێ، وایە.

**باوک:** گوتم پێویستم پێیەتی.

**پەرستاری یەکەم:** بەڵێ... گوێم لێت بوو. پێویستت پێیەتی.

**باوک:** بەڵێ پێویستم پێیەتی.

**پەرستاری یەکەم:** بـەڵێ بێگومـان. ئـەمڕۆ سـواری سـەیارەکەت ئـەبیت و ئەڕۆی بۆ یانـەی دیموکراتیخـوازان، لەگـەڵ کۆمـەڵێ تـەوەزەل دائەنیشـیت و خۆتیان لێ ئەکەی بە سیاسەتمەدارێکی گەورە؟ وانییە؟

**باوک:** بەسە بیبڕەوە.

**پەرستاری یەکەم:** ئەڕۆیتـە ئـەوێ و لەگـەڵ کۆمـەڵێ تەمـەڵ و بێکـار... یەکێک لـە گرانتـرین چروتـەکان دائەگیرسـێنیت، کـە نـە بـە تـۆ نـە بـە مـن ناکرڕێن، وردتر بڵێم هەمان ئەو چروتەی کە جـەنابی بەڕێوەبـەری شـارەوانی ئەیکێشێ.... لەوێ دائەنیشی و قسەی زل زل ئەکەی دەربارەی ئەو شتانەی کە خۆت و جەنابی بەڕێوەبەری شارەوانی حەزی لێ ئەکـەن... تـۆ وا خـۆت نیشان ئەدەی کە زۆر لەوە گەورەتری کە هەی، کەچی هیچ نیت، بەڵام...

**باوک:** بیبڕەوە!

**پەرستاری یەکەم:** ... مشەخۆری... مەراییکەر.

**باوک:** دەمت داخە!

**پەرستاری یەکەم:** (**بەپەلە**) ئۆتۆمبیلت بۆ ئەمە ئەوێ باوکە، منیش بـەم گەرمایە بەو پاسە بۆگەنە بڕۆم بۆ نەخۆشخانە.

باوک : گوتم بیبڕەوە! (**وچانێک**) من بێزار بووم لە بیستنی سووککردنی پەیوەندی هاوڕێیەتیم لەگەڵ بەڕێوەبەری شارەوانی.

**پەرستاری یەکەم:** (**بێ بایەخانە**) پەیوەندی هاوڕێیەتی!

**باوک:** بەڵێ؛ پەیوەندی هاوڕێیەتی.

**پەرستاری یەکەم:** پێـت ئـەڵێم چـی ئەکـەم ئێسـتا جـەنابی بەڕێوەبـەری شارەوانی نەخۆشە لامان... کە گەیشـتمە نەخۆشـخانە... ئەگـەر بـەو پاسـە دوابڕاوە بگەم... تەلەفۆنی بۆ ئەکەم و لەسەر ئەو پەیوەندییـەتان پرسـیاری لێ ئەکەم. من هەر ...

**باوک:** نارەحەتی نەکەی. گوێت لێم بوو.

**پەرستاری یەکەم:** بۆچی، پێم وایە بەڕێوەبەری شارەوانی خۆشحاڵ ئەبێ کە کچی یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی....

**باوک:** تۆ گرفتمان بۆ دروست ئەکەی!

**پەرستاری یەکەم:** ( **زۆر بە تەوسەوە** ) ، چۆن گرفتت بۆ دروست ئەکەم باوکە؟

**باوکە:** وریای خۆت بە.

**پەرستاری یەکەم:** ئا، ئەبێ ئەوە هاوڕێیەتییەکی ڕاستەقینە بێ. ئەزانی چی شتێکی باشم بە خەیاڵدا هات! ئەتوانی بمگەێنیتە نەخۆشخانە و لە هەمانکاتیشدا سەریش لە هاوڕێ باشەکەت، بەڕێوەبەری شارەوانی، بدەیت. ئەوە بیرۆکەیەکی باشە.

**باوک:** بڕۆ لەکۆڵم بەرەوە. بەس بڕۆ لە کۆڵم بەرەوە.

**پەرستاری یەکەم:** (**لەژێر لێوەوە**) بەخوا ئیزعاجی.

**باوک:** چییی؟ چیت گوت؟

**پەرستاری یەکەم:** (**زۆر بە هێمنییەوە**) گوتم بەخوا ئیزعاجی باوکە.

**باوکە:** بەڵێ ؟ بەڵێ؟

**( گۆچانەکەی هەڵئەگرێ و چەند جارێک بە دەرگاکەیدا ئەکێشێ. ئەم پیادا کێشانە لە تووڕەییەوە دەست پێئەکا و ئینجا لەگەڵ لاواز بوونی زیاتردا پیاکێشانەکە ئەگۆڕێ بۆ زەبوونی و بێدەرەتانی و لێدانی ناخۆش، ئینجا بە ئاشکرا دائەمرکێتەوە؛ پەرستارەکەش بەهێمنی لێی ئەڕوانێ)**

**پەرستاری یەکەم:** ( **بە چاودێری کردنەوە**) تەواو بووی؟

**باوک:** دوور کەوە؛ بڕۆ بۆ ئیش.

**پەرستاری یەکەم:** پێش ئەوەی بڕۆم حەبەکانت بۆ دێنم.

**باوک:** (**بەبێ تینییەوە**) گوتم نامەوێت.

**پەرستاری یەکەم:** گرنگ نییە بە لامەوە ئەتەوێ یان نا...

**باوک:** خۆ نەخۆشی تۆ نیم!

**پەرستاری یەکەم:** ئێ، منیش خۆشحاڵم کە نەخۆشی من نیت.

**باوک:** تۆ زیاتر بایەخ بە نەخۆشەکانی خۆت ئەدەی وەک لە من!

**پەرستاری یەکەم:** ( **بە لووت وەرگێڕانەوە**) من نەخۆشم نییە، باوکە. ئەمە بخەرە مێشکتەوە، خۆ من پەرستاری قاوش نیم. من لە پرسگە دائەنیشم. لەسەر مێزی پرسگە دائەنیشم. کە تۆ ئەمە ئەزانی؛ بۆچی خۆتی لێ گێل ئەکەی؟

**باوک:** ئەگەر تۆ ... ناوی چی بوو... ئەگەر تۆ پەرستاری قاوش بوویتایە... گەر ئەوە بوویتایە، ئەوا زیاتر بایەخت بە نەخۆشەکانی تر ئەدا وەک لە من.

**پەرستاری یەکەم:** تۆ چیت باوکە، تۆ چیت؟ تۆ نەخۆشی یان نا؟ تۆ هەژارێکی پەککەوتەی، یان لە هەوڵی ئەوەدای لەسەر کورسییەکەت قیت بیتەوە دوای ئەوەی کە ئەچم بۆ ئیش تۆش خۆت بکەی بە یانەی دیموکراتخوازاندا و لەگەڵ کۆمەڵێ تەوەزەلا دابنیشی؟ خۆت ساغ کەرەوە باوکە، تۆ ناتوانی چیت بوێ بۆت مەیسەر بێ.

**باوکە:** گوێی مەدەرێ.

**پەرستاری یەکەم:** تۆ ناتوانی، نا.

**باوک:** ئێستاش گوێی مەدەرێ.

**پەرستاری یەکەم:** (**دوای وچانێک**) بە هەرحاڵ ئەبێ بڕۆم بۆ ئیش.

**باوک:** (**بە گاڵتە پێکردنەوە**) بۆچی کوڕە هاوڕێیەک پەیدا ناکەی تا بە ئۆتۆمبێل بتبات بۆ ئیش؟

**پەرستاری یەکەم:** باشە وا ئەڕۆم.

**باوک:** بۆچی واداری ناکەی بێتە ئێرەو هەڵت بگرێ، ها؟

**پەرستاری یەکەم:** گوتم یەخەم بەردە.

**باوکە:** یان جەنابی بەس حەز ئەکات شەوان بتهێنێتەوە... ئەوکاتەی چۆڵ و تاریکە. ئەو کاتەی کە زۆر تاریکە و لەنێو سەیارەکەیدا کاری قۆڕ بکەن؟ هەر بۆ ئەوەندە؟ بۆچی نایهێنی بۆ ئێرە و پێمی پیشان بدەی؟ بۆچی هەندێجار لێم ناگەڕێی لێی بڕوانم؟

**پەرستاری یەکەم:** ( **توڕەیە**) بە هەرحاڵ باوکە...(**بەخێرایی لەدەورو بەری خۆی ئەنۆڕێ**) لەبەرئەوەی نامەوێ تووشی...

**باوک:** گوێم لێتە، شەوان گوێم لێتە، گوێم لێتە قاقا پێئەکەنیت و بە دەستبازییەوە لە ئۆتۆمبیلەکەی دائەبەزیت، گوێم لێتە.

**پەرستاری یەکەم:** ( **بەدەنگێکی بەرز؛ زاڵ بەسەر دەنگی باوکەدا**) من ئەڕۆم باوکە.

**باوک:** باشە؛ بڕۆ پەیدای بکە. ئینجا بۆ خۆت، قەپات بە!

**پەرستاری یەکەم:** بەخوا ڕاست ئەکەی.

**باوکە:** بڕۆ، دەدەی بڕۆ! (**پەرستارەکە بۆ خولەکێک سەرنج لە باوکە ئەگرێ و ڕوو وەرئەچەرخێنێ و ئەڕواتە دەرەوە**) کە هاتیەوە تەواوی شەو، لەدەرەوەو لەناو ئۆتۆبیلەکەیدا نەبەیتە سەر... گوێت لێم بوو؟

**(ڕووناکی لەسەر ئەم دیمەنە کز ئەبێ؛ ڕووناکییەکە لەسەر دیمەنی داهاتوو پێ ئەبێتەوە)**

## دیمەنی سێیەم

شـوێنێکی خاڵییــە. جـاک دێتــە ژوورەوە، ئەکەوێتــە  گفتوگـۆ لەگــەڵ ئاوێنەیەکی نادیاری سەر کەنتۆرێکی نادیـاری دەرەوەی شـانۆ. مۆسـیقا لـەم دیمەنەدا لە دوورەوە ئەبیسترێ.

**جاک:** بەسێ، لەگەڵ تۆمە! دە یاڵڵا دڵەکـەم ئـەوە لەگـەڵ تۆمـە؟ لـەژێر ئەو جێیە وەرە دەرەوە... هەستە لە خەو. دەی ئـەوا عەسـرە؛ ئـەبێ بـەخۆ بکەوین... ئەزانی چی... تەلەفۆنی ئەو کوڕی قەحبەیەم کرد لە نیویۆرک... پێمگـوت... بـە هـەرحاڵ، ئـەوەی تـۆ پێـت گـوتم، پێمگـووت... دە هەسـتە دڵەکەم، با لەم شوێنە ناخۆشە دەرباز بین. بۆ دەمژمێری حەوت ئەتگەێنمـە مێمفیس...پاشان نەجاتمان ئەبێ.

ڕێک بەرەو باکوور ئەیقوچێنین. نیویۆرک خۆت بگـرە وا هـاتین. مـن بـەو کوڕمسـاخەم گـوت... گـووتم؛ بزانـە هـیچ مافێکـت بەسـەر 'بەسـێ'وە نییـە. کەسیش ناتوانێ هەیبێ. بەسێ پیاوەتیت لەگـەڵ ئـەکات... پیـاوەتی ئـەکاو بەس، خـۆ گۆرانیشـت بـۆ نـاڵێ. گـووتم؛ بەسـێ مانـدووە... نایـەوێ ئێسـتا سـەفەر بکـات. ئـەویش گـوتی: بەسـێ خـۆی پێـی گـوتم کـە نایـەوێ لێـی دەربچێت... منیش گووتم: تەماشا... نیگەران مەبە... بەسـێ پێـی گوتـووم ئەتوانێ زۆر شتت لەکۆڵ بکاتەوەو ئەیشیکات... هەموو ئەو شـریتە تازانـەی ئەتـەوێن بـۆتی دروسـت ئـەکات. مەبەسـتم ئەوەیـە بڵـێم ئێسـتاش لـە مافـە تایبەتییەکان حاڵی نەبووی... چونکە کەس ئەو مافانەی نییە.

**( بەژێر لێوەوە پێئەکەنێ)**

ئازیزم پێمگـوت تـۆ وەکـو باڵنـدە ئـازاد بـووی. ئـازاد وەکـو باڵندەیـەکی دوابڕاو. **( لەژێر بەتانییەکەوە تەماشای بەسێ ئەکا، سەر با ئـەدا)** هـەموو

باڵندەیەکیش نا! لە خوارەوە بووم تا حیسابات بکەم. لە خـوارەوە بـووم تـا حیسـابات بکـەم و چوومـە لای بـرادەرێکم... و لـە مەیخانەکـە دانیشـتین و چەند بیرەیەکمان خواردەوە. برادەرەکەم گووتی: "ئەوە چی ئەکـەی لێـرە؟! ئەوە چی ئەکەی لەم ئوتێلە قەڵبە؟ منیش گوتم : باڵندەیـەک لەگـەڵ خـۆم ئەگێڕم.

ئەو ژنە بەرەو باکوور ئەبەم. ژنێکی قەڵەوم لەگەڵدایە و وا لەسـەرەوەیە. دوێنێ شەو خەو نەچۆتە چاوانی! ئەویش گوتی "کـوڕە تـۆ هەمیشـە ژنێکـی قەڵەوت لەسەرەوە لەگەڵدا بووەو قەت نەمبینیوە تەنیا بیت". منـیش گـوتم کـوڕە ئەمـە هـەر تـەنیا ژنێکـی قەڵـەو نییـە لـە سـەرەوە... ئـەوە ژنێکـی بەناوبانگە... ئەوە گۆرانیبێژێکی قەڵەوە... ئەویش دەستی کردە پێکەنین و گوتی "ئەبێ ئەوە کێ بێ لە سەرەوە؟" گـوتم هـەڵی بهێنـە. ئـەویش گـووتی "دە پـێم بڵـێ نـاتوانم هـەڵی بهێـنم". پێمگـوت مـن لەگـەڵ بەسـێ سـمیس خەریکی سەفەرکردنم. ئەویش تەماشایەکی کردم و بە هێمنییـەکی تـەواوەوە گوتی "یا عیسا، کوڕە تۆ لەگەڵ بەسێ سمیس سەفەر ئەکەی؟ منـیش گـوتم بەڕاستی جێگای شانازیشـمە. تـۆ ڕاسـت ئەکـەی مـن لەگـەڵ بەسـێ سـمیس سـەفەر ئەکـەم. ئـەویش حـەزی ئـەکرد بتبینێـت. دە هەسـتەو بـەو لەشـە قەڵەوەتەوە لە جێگاکە وەرە دەرێ. بابچینە خوارەوە، چونکە ئەمەوێ بەوت نیشان بدەم. دە هەستە دەی...

ئـەچم بـەوت نیشـان ئـەدەم چونکـە دواتـر گـووتی بەسـێ چیـی بەسـەر هاتووە؟ منیش گووتم مەبەستت چییە لەوەی چی بەسەر هاتووە؟ ئـەوەتا وا لە سەرەوەیە. ئەویش گووتی "مەبەستم ئەوەیە بپرسم لە چوار پێـنج سـاڵی ڕابردوودا خەریکی چی بووە؟" کوڕە لەوێ لـە شـیکاگۆ و نیویـۆرک... ئـەوە ڕۆژگارێک بوو کە بەسێ یەکێک بوو لە ژنە ناسک و تەڕەکان. ئایا ئێسـتاش

گۆرانی ئەڵێ؟ گوێت لێم بوو؟ ئاوای گوت "ئێستاش گۆرانی ئەڵێ؟؟ منیش گوتم... گوتم ماندوویت و خەریکی پشوودانی. تۆ لەبیر نەکراوی شیرینەکەم، بەڵام پرسیار ئەکەن و دە تۆش هەستە! ئەمشەو بەرەو باکوور ئەڕۆین، چاوەکەم هەر کە گەیشتینە نیویۆرک، نیشانیان بدە لە کوێ بووی. تۆ ئەبیتەوە سەر دەستەو... تۆ ئەبیتەوە سەردەستە...

بە جدییمە... من ئەتبەم بۆ نیویۆرک چونکە ئەبێ بەو مەوعیدەیا بگەی. دڵەکەم، مەبەستم ئەوەیە بڵێم تۆ ئازادی وەکو ئەو باڵندە نەفرەت لێکراوە.

بەو کوڕی قەحبەیەشم گوت کە هیچ مافێکی تایبەتی بە سەرتەوە نییە... بەڵام گیانەکەم... ئەو کوڕمساخە پێی خۆشەو تۆش ئێستا ئەو پاڵەپەستۆیەت لەسەرە. چونکە ئەگەر شتێ نەکەی خەڵکی پرسیاری ئەوە ناکەن لە چوار پێنج ساڵی ڕابردوودا خەریکی چی بووی... خەڵکی بە تەواوی لە پرسیارکردن ئەوەستن، گوێت لێ بوو؟ ئەگەر لە خوارەوە بڵێم دەوڵەمەندی... ئەوا دەوڵەمەند نابیت بەسێ. لەوە زیاتر نا. دڵی من. جا ئەبێ ئەو سەفەرە هەر بکەی... ئەبێ جارێکی تر بڕۆی. (**بەتکاوە**) چی ئەڵێی هەناسەکەم؟ شیرینەکەم؟ تۆ ئەزانی من درۆت لەگەڵ ناکەم؟ دە یاڵڵا؛ هەستە ئەچینە خوارەوەو چەند بیرەیەک ئەخۆینەوە... هاوڕێکەشم ببینە. ئینجا سواری ئۆتۆمبیل ئەبین و ئەڕۆین... چونکە وا درەنگ داهات چاوەکەم... زۆر درەنگ داهات...

( **بەڕوو خۆشییەوە**) بەسێ.. بەخەبەری؟؟ ( **بەرەو لایەکی شانۆکە ئەڕوا**) بەهەرحاڵ... دە یاڵڵا دەی بەسێ... با هەستین... جارێکی تر بەرەو باکوور بڕۆین.

**(ڕووناکی لەسەر دیمەنەکە کز ئەبێ. مۆسیقایەک. تاریکی زاڵ ئەبێ)**

دەنگی **جاک:** ها... ها... سوپاس؛ زۆر سوپاس. (**دەرگای ئۆتۆمبیل دائەخرێ، ئۆتۆمبیل ئەخرێتە ئیش**) باشە؛ بزانە.. ئەوا ڕێی خۆمان گرتۆتەبەر.

(**بزوێنەری ئۆتۆمبیلەکە تەقەتەقی دێ. سەیارەکە ئەڕوا و دەنگەکەش کز ئەبێ**)

(**لای خۆرئاوا تاریک ئەبێ. لەگەڵ ڕووناکبوونەوەی شانۆ، مۆسیقاش کز ئەبێ**)

## دیمەنی چوارەم

پرسگەی نەخۆشخانەیە. پەرستاری یەکەم لەسەر مێزەکەی دانیشتووە؛ کارمەندی نەخۆشخانەش لە لایەکەوە وەستاوە.

**کارمەند:** چوومە ژوورەکەی بەڕێوەبەری شارەوانی مەمفیس، جەنابی بەڕێوەبەر لەوێ بوو، یەک تەختە لەسەر سک (بە دەمدا) ڕاکشابوو... چرووتێکی بە دەمەوە بوو... چرووتێکی بێ قونکەی لە دەمدا بوو و دەیجوو. ئەو چرووتە گەورە بێ قونکەیەی دەجوو... کۆمەڵێ کاغەزی پێ بوو ئەم دەست و ئەودەستی پێ ئەکردن. سەرینێکیش لەژێر سینگیدا بوو تا هەندێ باشتر بتوانێ پەڕە کاغەزەکان تاو و توێ بکات... منیش چوومە ژوورەوە و گوتم "قوربان بەیانیت باش"... ئەویش ڕووی وەرگێڕا و لێی ڕوانیم و هاواری کرد "قوونم دێشێ، ون بە لەپێش چاوم".

**پەرستاری یەکەم:** (**لەقاقای پێکەنین ئەدا**) جەنابی بە دڵنیاییەوە شەقی خواردووە.

**کارمەند:** منـیش هاتمـە دەرەوەو بەپەلـە ئـەوێم بـەجـێ هێشـت و خێـرا دەرگاکەم داخست.

**پەرستاری یەکەم:** بەڕێوەبەری شارەوانی و مایەسیرییەکەی... مایەسیریی ئەمجارەی بەڕێوەبـەر زۆر جێگـەی نیگەرانییانـەو ئـەڵێی ئـەم نەخۆشـخانەیە هەر بۆ ئەو دروست کراوە. جەنابی بەڕێوەبـەر بـە قوونـە مایەسـیرییەکەیەوە لێرەیەو ئەم لێپرسراوەی میری ئێستا لە ژووری دووسەد و شەشدایە... بۆیە ئەبێ زۆر باش و بەڕێز بیت لەگـەڵیا. (**پێئەکـەنێ**) پیـاوێکی تـر هەیـە دوو ژوور لەخوارتر کە دوێنـێ شـەو دوای ئـەوەی ڕۆیشـتیتەوە، داخلیـان کـرد... دەسـتی بـە هەناوییـەوە بـوو بـۆ ئـەوەی نـەهێڵێ ڕیخۆڵـەی بکەوێتـە سـەر مێزەکە...

**کارمەند:** ئەوەم بیست...

**پەرستاری یەکەم:** .... ئەو پیاوە لەوانەیە بژی و لەوانەشە بمرێت، گـرەو ئەکرا لەسەر ئـەوەی کـە زەحمەتـە بـژی... نـەخێر قوربـان. بـەڵام گرەومـان لەسەر ئەو پیاوە نەئەکرد ئەوەندەی لەسەر جەنابی بەڕێوەبەر ئەکرا.

**کارمەند:** (**پێئەکەنێ**) پێمخۆشە بەو جۆرە لێی ئەڕوانی...

**پەرستاری یەکەم:** چیت پێخۆشە؟ پێت خۆشە کە بەو جۆرە لێی ئەڕوانم، وا نییە؟ چاکە، تۆ بەهەڵە لێم حاڵی بووی. مەبەستی من ئەو شتە بـوو کـە بیرت لێ ئەکردەوە؟ ئەوەی من ئەمگوت تۆش وا حاڵی بووی؟

**کارمەند:** بۆچی؟ ئەوە شتێکی ڕێژەییە. بەدڵنیاییەوە تۆ خـۆش نـابی لـە جـەنابی بەڕێوەبـەرو دەسـتو پێوەنـدەکانی و ئـەو پیـاوە دامـاوەی لەوێـدا پاڵکەوتووە...؟

**پەرستاری یەکەم:** خۆشبوون!!! ئـەرێ گـوێ لەمـە نـاگری، خۆشـبوون!!! ئەی خوایە نازانم چی بڵێم! ئەی تۆ کەسـێکی ڕۆشـنبیر نیـت؟ کـوڕی بـاش،

خۆشبوون بەلای تۆوە چی ئەگەیێنێت، ها؟ چی ئەگەیێنێت؟ جاروبار قسە ئەکەی... وا نییە؟ زۆر شت هەیە کە دەبێ فێری ببی. ئەوە ڕاستە ئەو پیاوە داماوەی کە لەوێدا پاڵکەوتووە و هەناوی هاتۆتە دەرێ ڕەش پێستەو هیچ جێگای بایەخ نابێت گەر جەنابی بەڕێوەبەر دەست بکاتە هاتو هاوارو داوای شت بکات. ئەگەر لەسەر مێزی نەشتەرگەریش بن... و هەناوی لەسەر مێزەکە فڕێ ئەدەن و ڕائەکەن بەرەو پیری جەنابی بەڕێوەبەر... با داواکارییەکەی قونکە چرووتێکیش بێ... ئیتر شتەکان بەم جۆرەن. ئەمانەش ڕاستین. دەبوایە خۆت لەگەڵ هەندێ ڕاستی ڕابهێنایە.

**کارمەند:** ئەزانم... ئەزانم جەنابی بەڕێوەبەر... پیاوێکی گرنگ و بە شکۆیە... تەنانەت پاڵکەوتنیشی لەسەر سک وەک ئەوە وایە کە ... پێمخۆشە لەگەڵیا بدوێم.

**پەرستاری یەکەم:** نەتزانی! بدوێی لەگەڵیا! قسەی چی لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبەر ئەکەی؟

**کارمەند:** پێم گوتی. پێم گوتی بەتەما نیم... تاکو ڕیشم درێژو سپی ئەبێ لێرە بم و مەنجەڵی گەورەو ناقۆڵا هەڵبگرم و ژووری نەشتەرگەری بشۆم... من ئەمەوێ واوەتر بچم.

**پەرستاری یەکەم:** (**بەبێ بایەخییەوە**) بەڵێ.

**کارمەند:** من پێم گوتی... ئەمەوێ واوەتر بچم. ئەمە...

**پەرستاری یەکەم:** (**سەر بائەدا و لە بێباوەڕییا گاڵتەی دێ**) ئۆی، خوایە. گوێبگرە... تۆ پێویستە خۆت بە بەختەوەر بزانی کوڕی باش. ئەوەی بیری لێ ئەکەیتەوە بۆت دێتە دی؟ جەنابی بەڕێوەبەر لەسەر قەرەوێڵەکەی هەڵئەستێ و خۆشی دەوێیت. لەوانەیە نامە بۆ سەرۆکی وڵات بنووسێ؟ هەروەها لەدوای تۆ جەنابی ڕوزفێڵت بۆ لای ژنەکەی ئەنێرێ؟ یان ئەوەت

داناوه که بڕوانامەیەکی بەرز لە زانکۆیەکی باکووری جۆنس هۆپکینس بەدەست بهێنی؟ کوڕە تۆ نازانی، من شتێکت پێ ئەڵێم... تۆ بەختەوەری کە بەم شێوەیە ئەژیت، ئیتر بەتەمای چیت؟

**کارمەند:** هەر کە بەڵێنی پێ دام... زیاتر نا. هەرئەوەندە.

**پەرستاری یەکەم:** بەڵێن! بەڵێن! کوڕە من پێت ئەڵێم بەڵێن چییە. تۆ تا ئێستا نازانی کە هەموو شتێک هەر بەڵێنە... بەڵێن... و هیچی تر نا! من خۆم بێزارم لە بەڵێن. حەز ئەکەی گوێت لە شیعرێکی کورت بێت؟ ئەتەوێ چەند دێڕێکیت بۆ بڵێم. ئەمە شیعرە کورتەکەیە.

تۆ ڕەش پێستەکان ماچ بکە و منیش جولەکە

ئەوسا چەندێ بمانەوێ لەکۆشکی سپی ئەمێنینەوە.

ئەوەش... بەو جۆرەی پێم گوتراوە... ئەوەی ڕوزفێڵت و خانمی یەکەم لەناو کۆشکی سپی لەسەر مێزی قاوەڵتی کردن کە شەربەتی پرتەقاڵیان لە بەردەمدایە و گۆرانی بۆ یەکتر ئەڵێن. بەڵێن... بەڵێن ئەمە ئەو شتەیە کە ئەیڵێن.

**کارمەند:** هەندێ کەس هەن باوەڕیان هەر بە بەڵێن نییە.

**پەرستاری یەکەم:** ها؟

**کارمەند:** **(ئێستا وریاترە)** ئەڵێم هەندێ کەس هەن باوەڕیان هەر بە بەڵێن نییە. هەندێ کەس هەن بڕوایان بە کردەوە هەیە.

**پەرستاری یەکەم:** چی چی؟ ئەوە چیت گوت؟

**کارمەند:** کردەوە... کردە... هیچ.

**پەرستاری یەکەم:** نا... نا بەردەوام بە... کردەوە؟ مەبەستت چ کردەوەیەکە؟

**کارمەند:** مەبەستم هیچ نییە... ئەوەی گوتم ئەوە بوو کە...

**پەرستاری یەکەم:** ئەزانی گوێم لێت بوو... ئەزانم چیت ئەکرد. دیسانەوە گوێ لە پزیشکە باشە سپی پێستەکە ئەگری. ئەو قژ زەردی چاوشین و قۆزو کەڵەگەتەی کە زۆر سەرنجتی بەلای خۆیا ڕاکێشاوە چونکە لیبڕاڵانە بیر ئەکاتەوە. وانییە؟ دەزگیرانەکەم؟ ( **پێئەکەنێ**) دەزگیرانم... شۆڕە سوارە سپییەکەم لێرە کاتی خۆی بەفیڕۆ ئەدا بۆ چاککردنەوەی ئەو خەڵکە بێچارەیەی کاتێ لە ئیسپانیا دەمرن. (**زیادە ڕۆیی ئەکا**) ئا، ئا، لە ئیسپانیا ئەمرن. خۆیشی لێرەیە. ئەمە ئەو کەسەیە کە گوێی لێ ئەگری.

**کارمەند:** مەبەستم ئەوە نەبوو... (**بە لاوازییەوە**) هیچ بایەخێک بەم جۆرە قسانە نادەم. من کاری خۆم ئەکەم و ئەشمەوێ لەدەستی نەدەم.

**پەرستاری یەکەم:** (**بە بێ بایەخییەوە**) تۆ ئەتەوێ خۆت لە هەموو کەس بە باشتر دابنێی؟ تۆ لەوێ وەستاوی و ئەو سەرە قژ لوولە بچکۆلەیەت لە بەرامبەر هەر شتێک کە ئەیڵێم ئەلەقێنی و ئەڵێی؛ بەڵێ خانم، بەڵێ خانم. دواتریش کە جەنابی پزیشک پەیدا بوو، ئەڕۆیت و ئینجا لە گۆشەیەکا ئەیدۆزیتەوە و هاوڕاو هاوسۆز ئەبی لەگەڵیا... ئەیدۆزیتەوە تا باسی بەڵێن و مەڵێن و کردارت بۆ بکات! من پێت ئەڵێم ئەو پزیشکە خۆی تووشی گێچەڵێک ئەکات... و تۆش یارمەتی ئەدەیت.

**کارمەند:** ئێستا نا. یارمەتی نادەم...

**پەرستاری یەکەم:** (**بە هەندێ قێز لێبوونەوەوە**) گشت ئەو قسانەی پزیشک دەربارەی کردەوە ئەیکات ... ئەزانم سەبارەت بە چی ئەدوێ. سەبارەت بەو تاقمە ڕادیکاڵەی کە بەهاری ڕابردوو هاتنە ئێرە... کە بوونە هۆی ئاشووبنانەوە و ئاگرخستنەوەو شتی لەم جۆرە. تۆ کەسێکت تیاچوو لەو گێرمە وکێشەیە؟

**کارمەند:** **(دان بەخۆیدا ئەگرێ)** مامم کەوتە ژێر لۆرییەکی پڕ لە پۆلیسەوە.

**پەرستاری یەکەم:** ... ئەوەی کە حکومەت لەبەر ئاشووبەکە هێنابوونیە سەر جادە... ئاگر خستنەوەکە! کردەوە! ئەوە دەستەیەکی کردەیی باش بوون. مەبەستت ئەوەیە؟ لەبەر ئەوە لە گۆشەیەکدا ئەیگری و قسان ئەکەن... وا خۆت نیشان ئەدەی کە حەزت لێیە؟ کوڕە گوێبگرە...ئەگەر بەتەمای بکەویتە دوای ئەو خەڵکە، باشترە بۆ خۆت...

**کارمەند:** من تێکەڵاوی ئەو خەڵکە نابم... بڕوام پێ بکە... من تێکەڵاویان نابم. تەنها ئەمەوێ...

**پەرستاری یەکەم:** من پێت ئەڵێم تۆ چیت ئەوێ... پێت ئەڵێم چیت ئەوێ ئەگەر بتەوێ ئەم ئیشە چاکەت لە دەست نەدەی... تەنها گوێی خۆت کەڕ بکەو دەمیشت توند دابخە. گشت ئەم قسانە سەبارەت بەوەی هەنگاوی دواترت چی ئەبێ! تۆ بەسەر هێڵێکی زۆر باریکدا و بە تاریکی هەنگاو ئەنێی... **(لەژێر لێوەوە پێئەکەنێ)** ... تۆ لە تاریکیدا دەست و مل و دەموچاوت بە فاس ئەشۆی...

**کارمەند:** شتی وام نەکردووە!

**پەرستاری یەکەم:** **(قاقا پێئەکەنێ)**... ئینجا هەر خەریکی خۆسپیکردنەوەی... خ-ۆ-س-پ-ی-ک-ر-د-ن-ە-و-ە ... بەڵام ئەمە لە کاتی خۆتا ئەیکەی...ئەتوانی هەموو ئەم شتانە لە کاتی تایبەتی خۆتا بکەی.

**کارمەند:** **(بەتکا کردنەوە)** شتی وام نەکردووە!

**پەرستاری یەکەم:** شتی وات نەکردووە! تۆ وەکو...

**کارمەند:** ئەم جۆرە گفتوگۆیە زۆر...

**پەرستاری یەکەم:** ... چاک سەرت لێ شێواوە! تۆ خۆت ئەکەیتە فیلم. تۆ لەوێداو لە گۆشەیەکدا فشەی بۆ ئەکەی... بەهەرحاڵ ئەچیت بۆ هەزاران ساڵ خۆت ئەکەیتە سینەما... ئەو ڕێپێوانە جەماوەرییە گێرەشێوێنە گەورەیەی بە شەقامەکەدا ڕەت ئەبێ، بەیداغ بە دەست... بەڵێ ئەو ڕێپێوانە جەماوەرییە مەزنە... جەنابیشت ڕێک لە ناوەڕاستدای... خۆت بە فاس شوشتووە، بە دەموچاوێکی سپی وەک بەفرەوە لەنێو ئەو حەشاماتەدای ...( **لەبەر پێکەنین قسەکەی ئەبڕێ**)... ئای.. ئای، ئای خوایە. پێت ئەڵێم ئەبیتە سینەما.

**کارمەند:** (**غەمگینانە**) هیوادارم بیبڕیتەوە.

**پەرستاری یەکەم:** ڕێک ئەبی بە سینەما.

**کارمەند:** هیوادارم پێم ڕانەبوێری... هیچ بیانوویەکم پێ نەداوی.

**پەرستاری یەکەم:** ئای خوایە... ئای، داوای لێبوردن ئەکەم... داوای لێبوردن ئەکەم.

**کارمەند:** باوەڕناکەم هیچ بیانوویەکم پێدا بیت...

**پەرستاری یەکەم:** پێت نەداوم؟

**کارمەند:** نەخێر.

**پەرستاری یەکەم:** باشە... تۆ بە ڕاستی هێژای، بەدڵنیاییەوە تۆ بەڕێز و بەنەزاکەتی... هەروەها تا ئێستا ماستاوکەرێکی کارامەی وەکو تۆم نەبینیوە. پێمبڵێ...

**کارمەند:** (**نەختێک بەڕەقی**) پێویست ناکات...

**پەرستاری یەکەم:** ( **بە ڕق و بە پەرۆشەوە**) کوڕە، پێمبڵێ ئەوە ڕاستە تۆ مامێکت هەیە بە ناوی "تۆم" کە تۆی لە باوەشی خێزانەکەتانەوە هێناوەتە دەرەوە... و تۆی لە بازنەی خزمایەتی دەرکێشاوە؟ کوڕی گەنج

ئایا ئـەوە ڕاسـتە کـە تـۆ ئێسـتا خـەڵکی خـاکی بێخـاوەنی (حەرامـی)، لـە لایەکـەوە براکانـت لێـی دوور ئەکەونـەوە و حاشـای لـێ ئەکـەن، لـە لایـەکی تریشـەوە بـە سـوک - ڕوانـین و گاڵتـەکردن بـە وەزع باشـیت؟ ئـا ئەمەیـە کێشەکەت کوڕی خۆم؟

**کارمەند:** تۆ... پێویست ناکا ئەوە بکەی. من... ڕەنج ئەدەم... و بایەخ بە خۆم ئەدەم... هەقیشم بەسەر کەسەوە نییە.

**پەرستاری یەکـەم:** من پێت ئەڵێم چی بکەی... بڕۆ بەرەو بـاکوور، بـەرەو شاری نیویۆرک، ئەو شوێنەی کە کەس لە کەس زیـاتر نییـە... کـوڕی بـاش بڕۆ بۆ باکوور، (**لەپڕ تۆنی دەنگی دەگۆڕێ**) بەڵام پێش ئەوەی هیچ شـتێکی لەو چەشنە بکەی، ڕاکە خوارەوە و پاکەتێک جگەرەم بۆ بکڕە.

**کارمەند: (وچانێک. ئەیەوێ قسە بکات. باشتر بیری لێ ئەکاتەوە. بەرەو دەرگای پشتەوە ئەڕوات)** بەڵێ خانم.

**( ئەڕواتە دەرەوە)**

**پەرستاری یەکـەم: (تەماشـای کارمەنـد ئـەکات وەختـێ ئـەڕوا. پـاش ڕۆیشتنی کارمەند، سـەر بـا ئـەدا و پێئەکـەنێ و لاسـایی ئەکاتـەوە)** بـەڵێ خانم... بەڵێ خانم... ها، ها، ها! چۆن بەدەست تـۆی ڕەش پێسـتی سـپی بووەوەوە مردووم.

**(تەلەفۆنی سـەر مێزەکـە هەڵئـەگرێ و لەگـەڵ ڕووناکبوونـەوەی شـانۆ، ژمارەیەک لێ ئەدا)**

## دیمەنی پێنجەم

هەردوو نەخۆشخانەکە بۆ ئەم دیمەنە ئامادەکراون، هەروەها لەسەر شۆستە بەرزەکە مێزی پرسگەی نەخۆشخانەیەکی ترە. مێزەکە هیچی لەسەر نییە. تەلەفۆن دوو جار لێئەدا. پەرستاری دووەم بە هێواشی دێتە ژوورەوەو دەشێ خەریکی نینۆکەکانی بێ.

**پەرستاری دووەم:** (**بە تەمەڵییەوە تەلەفۆنەکە هەڵئەگرێ**) نەخۆشخانەی مێرسی.

**پەرستاری یەکەم:** نەخۆشخانەی مێرسی! لەڕاستیدا مێرسییە. تۆ بەردەوام لەسەر مێزەکەت نیت. هەندێ نەخۆشخانە لە هەندێکی تر باشتر کارەکانیان ڕائەپەڕێنن؛ هەندێ پەرستاریش جێگاکانیان جێناهێڵن.

**پەرستاری دووەم:** ( **بەبێزارییەوە**) ئۆی سڵاو. چیت ئەوێ؟

**پەرستاری یەکەم:** هیچم ناوێ...

**پەرستاری دووەم:** ( **وچانێک**) ئەی باشە تەلەفۆنت بۆ چی کرد؟

**پەرستاری یەکەم:** تەلەفۆنم بۆ هیچ نەکردووە. من (**شان با ئەدا**) هەروا تەلەفۆنم کرد.

**پەرستاری دووەم:** ئێ.

**( ڕووناکی نەختێک لەسەر پەرستارەکان کز ئەبێ. مۆسیقایەک. دەنگی سەیارەیەک دێ)**

**دەنگی جاک:** (**پێئەکەنێ**) دڵەکەم پێمگوتی ئەو، ئەوەی پێخۆش نییە. نەخێر. قوربان پێی خۆش نییە. تۆ مورتاحی دڵەکەم. ها؟ پشت بدەرەوە و چێژ لە سواربوونی سەیارەکە ببینە ڕۆحەکەم. خۆشی ئەگوزەرێنین بەڵێ خۆشی... وریا بە! وریا بە!...

**(دەنگی پێکدادانی سەیارە ئەبیسترێ... بێدەنگی)**

دڵەکەم... ڕۆحەکەم... پێکدادان ڕووی دا... تۆ سـەلامەتی؟... بەسـێ! بەسێ!

**(مۆسیقا جارێکی تر بەرز ئەبێتەوە، لەگەڵ ئـەوەی ڕووناکی دیسـانەوە پڕاو پڕ لەسەر پەرستارەکان ئەگیرسێتەوە. مۆسیقا کز ئەبێ)**

**پەرستاری یەکەم:** ئێ چیی تر؟ ئا، بەڵێ ؛ جەنابی بەڕێوەبەری شارەوانی لێرەیە لە لامان.

**پەرستاری دووەم:** بەخوا جوانە. چی ئەکات لەوێ؟

**پەرستاری یەکەم:** هیچ ناکات؛ نەخۆشە لامان.

**پەرستاری دووەم:** ئـای، بـە هـەرحاڵ، نیسـانی ڕابـردوو خێزانـی جـەنابی بەڕێوەبەرمان لا بوو.

**پەرستاری یەکـەم:** ئەهـا بـە هـەرحاڵ ئێسـتا جـەنابی بەڕێوەبـەر خـۆی لێرەیە.

**پەرستاری دووەم:** ئەها. باشە، خراپ نییە.

**پەرستاری یەکەم:** ( **وەرئەچـەرخێ، پزیشـکی نیشـتەجێ ئـەبینێ دێتـە ژوورەوە**) ئای، ئەو کوڕە قۆزە هاتە ژوورەوە؛ دواتر تەلەفۆنت بـۆ ئەکەمـەوە. باشە؟

**پەرستاری دووەم:** ئێ باشە.

**(هەردووکیان تەلەفۆنەکە دائەخەن. ڕووناکی لەسەر پەرستاری دووەم کز ئەبێ)**

## دیمەنی شەشەم

**پەرستاری یەکەم:** باشە ئەم ئێوارەیە پزیشکە سپی پێستە پایەبەرزەکەمان چۆنە؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**شێتگیرانە**) دە واز لەم قسانە بێنە.

**پەرستاری یەکەم:** ئای خوایە... ئەم ئێوارەیە پێکەنینەکانت لە کوێن جەنابی پزیشک؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**لەبەر خۆیەوە پێئەکەنێ**) چۆن ئەتوانی وا بکەی؟ چۆن ئەتوانی ئەو شتانە لە مێشکی خۆت دەرکەی؟ چۆن ئەتوانی سڵاوێکی ڕووخۆشانە لەیەکێک بکەی... ئەو بیانووە بدەی بەخۆت کە کۆمەڵێ شتی پڕوپووچت لە ئێوارەی پێشترا پێگوترابێ، لەبیر بکەی؟

**پەرستاری یەکەم:** (**بەهێواشی**) هیچم نەگووتووە هەی نامەرد. تۆم لە شوێنی خۆت داناوە... تۆم لە شوێنی خۆت داناوەو هیچی تر. وەک پێشتریش وام کردووەو بەردەوامیش هەر وا ئەکەم.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**لەوەدایە شتێ بڵێ؛ بیر ئەکاتەوە کە نەیڵێ چاکترە؛ هەناسەیەکی سارد هەڵئەکێشێ**) گوێی مەدەرێ،... لەبیری کە... خۆرئاوابوونت بینی؟

**پەرستاری یەکەم:** ( **بە لاساییکردنەوەوە**) نەخێر، خۆرئاوابوونم نەبینی. بۆچی چی بووە؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** **(گاڵتەی پێ دێ. خۆی گران ئەگرێ)** ڕۆژئاوا گڕی گرتووە... ئاگر نیوەی کیشوەرەکەی داپۆشیوە... پریشکی بڵێسەی ئاگرەکە بەرەو ئەستێرەکان ئەکشێ... و... شێوە سوتانێکی تۆقێنەر بەسەر لێواری جیهانەوەیە.

**پەرستاری یەکەم:** ( **پێئەکەنێ**) وەی وەی خوایە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بەجدییـەوە**) بەڕاسـتی دیمـەنێکی قەشـەنگە. بـڕۆ دەرەوەو تەماشای بکە.

**پەرستاری یەکەم:** (**بەنازکردنەوە**) ئۆی جـەنابی پزیشـک، مـن بـە مێـزی ئـازارەوە بەسـتراومەتەوە، بۆیـە ئـەبێ پشـت بـەتۆ ببەسـتم... تـۆ باسـی خۆرئـاوابوونم بـۆ بکـە، تـۆ... تـۆ تۆقێنەرانـە لـەناوەوە لێـواری چێـوەم ئەسوتێنی...ها، ها، ها.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**خۆی بەلای پەرستاردا لار ئەکاتەوە**) کەی؟

**پەرستاری یەکەم:** کەی؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** ( **بەهێواشی**) کەی... کەی ئافرەتەکە لـێم ئەگـەڕێی لێت نزیک ببمەوە؟

**پەرستاری یەکەم:** وەی خوایە!

**پزیشکی نیشتەجێ:** ئـەوەتام... ئـەوەتام هەرچەنـدە پێکـراوم، تـەواو هەرچەنـدە سـەربەرزانە وەک سـەرچاوەیەکی ڕوونـاکی، نـەک ڕووکەشـانە، خزمـەت ئەکـەم، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە ڕاسـتەوخۆ خـۆم فـڕێ ئـەدەمـە نـاو گەرداوی خۆشەویستیتەوە.

**پەرستاری یەکەم:** (**پێئەکـەنێ**) وەی بابـە! پێویسـتە بیـر لـە گێـژاوی خۆشەویستیم نەکەیتەوە... تۆ هەر سەرچاوەی ڕووناکی بە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بەنائومێدییەوە لاسایی ئەکاتەوە**) ئەو پیاوە کێیـە کـە هیواکـانی دێنێتـە دی؟ ئـەوەتا مـن خۆشەویسـتی خۆمـت پێشـکەش ئەکـەم... لـە وشـەی خۆشەویسـتی ورد بـەرەوە... ئـەوەتا خـودی خـۆم... تەختەخەوە ساردو سڕەکەم و...خۆشەویستی خۆمت پێشکەش ئەکەم...

**پەرستاری یەکەم:** ئاگام لە پێشکەش کردنەکەت هەیە... پێشکەش کردنەکەتم یاداشت کردووە. (**تەبەڵەیەک واتا دۆسیەی نەخۆش هەڵئەگرێ**) ئەوەتا... ڕاپۆرتەکانی خۆت دەوێتەوە؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** نەخێر... ڕاپۆرتەکانم ناوێتەوە. ئادەی بمدەرێ. (**تەبەڵەکەی لێ وەرئەگرێ**)

**پەرستاری یەکەم:** جا مادام بەهەناسەی گەرمەوە لێرەی، جگەرەیەکم بدەرێ. ئەو ڕەش پێستەم ناردە خوارەوە بۆ پاکەت کڕین. جگەرەم پێ نەمابوو. (**جگەرەیەکی ئەداتێ**) ئاگرت پێیە؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** برۆ بە خۆرئاوابوون دایگیرسێنە. (**چەرخەکەی بۆ ئاگر دا**) ئەیگووت تۆ سێ پاکەت قەرزاری.

**پەرستاری یەکەم:** (**جگەرەکەی دائەگیرسێنێ**) بەڕاست.. تەختەخەوە.. سارد و سڕەکەت...

**پزیشکی نیشتەجێ:** خانم... دڵ بە تاسەیەو جەستەش ئەسووتێ...

**پەرستاری یەکەم:** وە کاتیشم بۆ پزیشکە نیشتەجێکان نییە.

پزیشکی نیشتەجێ:... دڵ بە تاسەیەو جەستەش ئەسووتێ... و منیش کاتم نییە... ئاخ نازانم... ئێوەی ژنان چۆن شتەکانتان هونەرمەندانە ئەنجام ئەدەن. (**لە نزیکەوە بەڵام بە هێواشی**) قسەت لەگەڵ باوکت کرد؟ بە باوکت گووت کە من بەبێ هیواییەوە خۆشم ئەوێی؟ ئایا پێت گوتووە شەوان چەرچەفەکانی تەختەخەوەکەم وەکو چادرێک وان لە ناوەڕاستەوە و سەر بەرەو لاکان؟ لە نێو خۆشەویستیما بۆت جەمسەربەند بووە.

**پەرستاری یەکەم:** (**بەتەوسەوە**) پێی ئەڵێم... ئەمەی پێ ئەڵێم.. ڕێک ئەوەی پێ ئەڵێم کە پێت گووتم... لە ڕاستیدا ئەویش بە دواتدا دێتە ئێرە، تەنها بۆ قسەکردن لەگەڵ کچێکی جاحێڵی وەک ئا ئەو کچە!

**پزیشکی نیشتەجێ:** وەی خوایە، ئەوە چییە خۆم لە بیرم چۆتەوە! کچێکی کەمدووی ماڵێک کە هەرگیز باسی پانتۆڵی تیا نەکراوەو مێشێکیشی میوان نەبووە... من دڵنیاشم لەوەی کە تەنها هێمان بۆئەوەی کە مێش لە خۆی پاس ناکات، لێرەوە وام ئەزانی قسە بۆ یەکێ ئەکەم، بۆ پەرستارێکی جاحێڵ کە کۆمەڵێ نوکتەی توێکاری بۆ هەموو بۆنەکان پێیە...

**پەرستاری یەکەم:** (**لەژێر لێوەوە پێئەکەنێ**) ئەوە ئێستاش هەر وەک خۆتی و نەگۆڕاوی. (**بە لە خۆبایی بوونەوە**) بێجگە لەوەش تەنها لەبەر ئەوەی بازاڕیی هەڵسوکەوت ئەکەم و لەم ناوە جرتو فرت ئەکەم... لە نێو ئێوەدا جێگای خۆم ئەکەمەوە. تۆ بۆچی بۆ دەقەیەکیش بیر لەوە ناکەیتەوە کە من چەند چێژ لە گۆڕین لە تایبەتییەوە بۆ گشتی وەرئەگرم... گەر پێت باش بێ با واز لەم باسە بێنین.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بە نیمچە گۆرانی گوتنێکەوە**) من هەمیشە ڕەپم بۆت. تۆ قەت پێت وا نییە ئەو شتەی کە من...

**پەرستاری یەکەم:** (**ڕەنگی سوور هەڵئەگەڕێ و لەژێر لێوەوە پێئەکەنێ**) دەی ئێستا بەسە بیبڕەوە، بەجدییمە!

**پزیشکی نیشتەجێ:** خانمەکە، ئێ دە باشە شووم پێ بکە. ئەگەر هیچ شتێکی تر نییە، شووم پێ بکە.

**پەرستاری یەکەم:** ئێستا، نا.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**لە یەک کاتدا هەم بە سوعبەت و هەم بە جیدییەتی**) شووم پێ بکە.

**پەرستاری یەکەم:** (**بەڕاشکاوی، بەڵام دڵڕەقانە**) من لەم قسانە بێزارم. باوکی کڵۆڵم لەوانەیە هەندێ بیرۆکەی سەیری هەبێ، ئەشێ ناڕەحەتی زۆر ببینێ بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ ئەو شتانەی کە هەن، بەڵام لەگەڵ من نا.

مانگی چل و شەش  دۆلار، وا نییە؟ ئەوەندە دروست ئەکەی وایە؟ مانگی چل و شەش دۆلار، کە ناتوانی بەو پارەیە تەنانەت بیر لە ژن هێنانیش بکەیتەوە. ناتوانی هاوسەرگیریم لەگەڵدا بکەیت... باشترین شتێک بتوانی بیکەی جووتبوونە. ئەمە چاکترین شتێکە کە بتوانی بیکەی.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بەتوند و تیژییەوە**) ئای... خانمە بەڕێزەکە... کچی سەدەی نۆزدەهەمی دەرەوەی شوێنی ئەم زەمەنە هیچ و پووچە... کچی نێو شیعری ئەقڵ بچوک و بەچرپە جوان لە کەش و هەوا...

**پەرستاری یەکەم:** ئێستا بەجددیمە... ئەتوانی بیبڕیتەوە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** ... باپیرە گەورەم بۆی جەنگاو لە پێناویدا مرد... مانگی چل و شەش دۆلار و باشترین شتێکیش کە بتوانم بیکەم جووتبوونە! خانم بۆ خاتری مەسیح!

**پەرستاری یەکەم:** زۆر باشە... بەسە ئیتر پێم ڕامەبوێرە. لەم دەقەیەوە ئیتر بەسە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** من! من بە  تۆ ڕابوێرم...!

**پەرستاری یەکەم:** من وەڕس بووم لەوەی کە ئەوەندە گەمەم پێ بکرێ؛ من وەڕس بووم لە داواکارییە نابەجێکانی جووتبوونت. بۆ ئەبێ لەسەر مەسەلەیەک بڕۆی کە بێ سەمەرە؟ بۆ ئەبێ بێ بڕانەوە و بەردەوام هەمان پرسیارم ئاراستە بکەی کە پێشوەخت ئاگادارم کردووی لەوەی هەمان وەڵامی پێشتر وەرئەگریتەوە؟ تۆ چێژ لەوە ئەبینی؟ تۆ چ ئاسوودەییەکی بێ مانا لەو واز نەهێنانە ئەبینی؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بەئەسپایی**) لەبەرئەوەی خۆشم ئەوێی؟

**پەرستاری یەکەم:** ئێ ئەمە چ کۆمەکییەک بە کێشەکە ئەکات؛ بە ڕاستی کۆمەکی پێ ئەکات... تەنانەت ئەگەر ڕاستیش لەوێ بێ. هەقیقەتە

ئابوورییەکان، کچ و ئاهەنگ و ڕۆیشتنەکانیان پێش تیروکەوانی بەرز و خۆشەویستیی سوارەکانیان هەڵئەبژێرن. سوارەکەی من کە خولیایەکی ڕاست و دروستە، گەر ڕێک باسی بکەین وەک ئاماژە پێکراوێک بۆ داخوازیی جووتبوون ئەوەیە و هەمیشەش هەر وا بووە کە تەختەخەوێکی سادەو گونجاوە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**جوامێرانە پێئەکەنێ**) داوام لێ کردی شووم پێبکەی.

**پەرستاری یەکەم:** بەڵێ... بە دڵنیاییەوە... داوات لێ کردم شووت پێبکەم. ئەمەریکا سیخناخە بەو کچانەی کە گوێیان لەو پەیمانە مەزنەیە؛ شووت پێ ئەکەم... شووت پێ ئەکەم ئەگەر پەیمانە مەزنەکە هەلومەرجێکی مەزنی هاوپێچ کرابێ...

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بە گاڵتەپێکردنەوە**) ئەتەوێ خۆتمان لێ بکەی بە کێ؟

**پەرستاری یەکەم:** (**کتوپڕ**) مەبەستت چییە؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**پێئەکەنێ**) مەبەستم هیچ نییە.

**پەرستاری یەکەم:** (**بەبێدەنگی بۆ ماوەی خولەکێک تەماشای پزیشکی نیشتەجێ ئەکات؛ پاشان**) بمخوازە! تۆ ئەزانی... تۆ ئەزانی ئەو قولەڕەشەی کە ناردم پاکەتێ جگەرەم بۆ بێنێ...ئەزانی ئەو قولە ڕەشە هەم لە ڕووی واقیعی و هەم لەڕووی ئابوورییەوە زۆر لە تۆ لەپێشترە بۆ ئەوەی داوام لێ بکات شووی پێ بکەم. ئەمە ئەزانی یان نا؟ ئەزانی ئەو قولەڕەشە زۆر لە تۆ زیاتر پارەی دەست ئەکەوێ.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**کرنووشی بۆ ئەبا**) ئەزانم پارەی لە من زیاتر دەست ئەکەوێ... ئەشزانم خۆت و بنەماڵە ناسراوەکەتان چ بەهایەک لەسەر

شتەکان دائەنێن... بۆیە پێشنیارێکیشم هەیە بۆت... ئەی تۆ بۆ داوا لەو قوولەڕەشە ناکەی کە بتخوازێ؟ دە یاڵڵا، دەی.. ئاخر ئەو قەت پێت ناڵێ. من دڵنیام گەر بە باوکت بڵێی شووی پێ ئەکەم، سەرەتا وچانێک ئەگرێ، چونکە ئەزانین باوکت چ جۆرە پیاوێکە... وا نییە؟... بەڵام پاشان بیری لێ ئەکاتەوە... هەروەها دەرک بە سوودەکانی ئەو هاوسەرگیرییە لە ڕووی واقیعی و ئابوورییەوە ئەکات و چەند ڕێگایەکیش ئەدۆزێتەوە بۆ ڕێکخستنەوەی بەهاکانی سەبارەت بە ئاسوودەیی و ئاسایش...

**پەرستاری یەکەم:** ( **قونکە جگەرەکەی زۆر بەتوندی ئەگرێتە پزیشکی نیشتەجێ و بەری ئەکەوێ**) چەند قێزەونی!

**پزیشکی نیشتەجێ:** ئەی بێ ڕەوشت، بەنەفرەت بی!

**پەرستاری یەکەم:** قێزەون!

**پزیشکی نیشتەجێ:** واقیعیانە... عەمەلیانە... (**ئێستا، تۆزێ لەسەرخۆتره**) بنەماڵەکەت ناسراوە، بەڵام ئەو هەزاران دۆنمە زەوییە ڕۆیی و کۆڵەکەکانی خانووەکەتان دەرپۆقی و هەپرون بە هەپرون بوون. (**قایمتر**) نەک ئەوەی کە بنەماڵەکەت لە یادەوەری مرۆڤدا شتی وای بە خۆیەوە نەبینیبێ لە دەستدانی هەزاران دۆنمە زەوی یان خانووەکەو کۆڵەکەکانی، کە هەر لە شوێنی یەکەمی خۆیدا...

**پەرستاری یەکەم:** (بە **توڕەییەوە**) من چاک ئەزانم کە چی ڕاستە و چی هەڵەیە. (**سەلارانە**) بڕۆ بە لای کارەکەتەوەو وازم لێ بێنە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بەخۆشییەوە**) ئاوا.

**پەرستاری یەکەم:** گوتم... وازم لێبێنە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**خۆی ئەتەکێنێ**) ئەوە تاوانە ئاگر لە پزیشکی نیشتەجێ بگریت... یان لەوانەیە کارمەندانیش بسوتێنی، مەگەر نەخشەیەکی ترت بەدەستەوە بێ بۆیان.... بەڵام پزیشکە نیشتەجێکان...

**پەرستاری یەکەم:** ... پزیشکە نیشتەجێکان زۆرو زەبەندن. (**لە ژێر لێوەوە پێئەکەنێ**) بۆ من تۆم سووتاندووە؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** نەخێر، منت نەسووتاندووە.

**پەرستاری یەکەم:** ئەی بە داخەوە...گەر وا بوومایە ئەو خزمەتەم ئەکردی. (**وچانێک؛ پاشان پێئەکەنێ**) داوای لێبوردنت لێ ئەکەم ئازیزم.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بە ڕەسمی گاڵتەی پێ ئەکا**) داوای لێبوردنەکەت قەبوڵ کرا...بوراوین... و چاوەڕوانم کۆڵ بدەی.

**پەرستاری یەکەم:** (**پێئەکەنێ**) باشە. هەر چاوەڕوان بە. (**وچانێک**) ئەی چی ئەکەی سەبارەت بە جەنابی بەڕێوەبەری شارەوانی، کە ئێستا لێرەیە؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** وەڵڵا چی بکەم؟ من لە بەشی فریاکەوتنم و ئەویش حاڵەتەکەی ئیمێرجنسی نییە.

**پەرستاری یەکەم:** پێم گوتی... پێم گوتی کە چی بکەی.

**پزیشکی نیشتەجێ:** ئەزانم... ئەبێ بچمە سەرەوە بۆ ژوورەکەی... کورسییەک ڕابکێشم و دابنیشم لە سەری و بڵێم فرتو فێڵەکانت چۆنن قوربان؟

**پەرستاری یەکەم:** بە هەرحاڵ گەر بتەوێ ئەتوانی ڕابوێری... بەڵام گەر گوێم لێ بگری ئەوەت بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە پێویستیت بە کەسانێکە پشتیوانیت لێ بکەن.

**پزیشکی نیشتەجێ:** کەسانی غەریب!

**پەرستاری یەکەم:** مەڵێ کەسانی غەریب... مەگەر خۆت لێیان نەگەڕێی. ئەگینا ئەتوانێ شتێکت بۆ بکات ئەگەر عەقڵی پێ بشکێ.

**پزیشکی نیشتەجێ:** بەڵێ لە ڕاستیدا ئەتوانێ... ئەتوانێ شتێکم بۆ بکات... ئەتوانێ سەیارەکەیم بداتێ... ئەتوانێ ئۆتۆمبێلەکەیم وەک دیاری پێشکەش بکات... ئەمەش باشترین شتە کە بەڕێوەبەری شارەوانی بۆ هاوڵاتییەکی بکات. تۆ ئەو سەیارەیەت بینیوە؟

**پەرستاری یەکەم:** ئەو سەیارەیەم بینیوە؟ بینیومە... نەمبینیوە؟ ئۆتۆمبێلەکەی و خۆرئاوابوون و ئەو شتانە.... چاک سەرقاڵیان کردووی. ئەمە ئەو شتەیە کە بیری لێ ئەکەیتەوە؟ سەیارەیەکی جوانت بەدەستەوە بێ و بەرەو خۆرئاوابوونێکی جوانیش بڕۆی؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بەهێمنی**) خوا ئەزانێ، چەند حەز ئەکەم لێرە دوور بکەومەوە.

**پەرستاری یەکەم:** (**سەرئەلەقێنێ**) ئەزانم... ئەزانم. هەرچۆنێک بێ لەوانەیە لێرە دوور بکەویتەوە. خەڵکی تۆیان هیچ بەدڵ نییە و لێت بێزارن... خەڵکی زۆریان دەربارەی ناپەسەندیت بیستووە... باوکیشم بیستوویەتی... خەڵکی بەر بای گوێیان کەوتووە کە شتەکان چۆن ئەبینی. خەڵکی ئێرە لە دیدی تۆوە زۆر باش نین... غەریبەکان... کۆمەڵە غەریبێک کە لەو سەرەوە خەریکی لەتو پەتکردنی یەکترن و بە کاری خۆیانەوە خەریکن... حەزت لێیە تۆش لەوێ بی، وا نییە؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بەهێمنی؛ بە جۆشەوە**) ئایا ئەزانی نزیکەی نیو ملیۆن کەسی مەدەنی لەو شەڕەدا بەس بە فڕۆکە کوژران!... تۆ خراپ لە من حاڵی بووی... باشە باوابێ... با ناپەسەند بم... تۆ وایان پێ ئەڵێی... ناپەسەندیم هیچ پەیوەندییەکی بە وەفاوە نییە. من زۆر حەزم لە سیاسەت

نییە... بەڵام هەستی ئەو پێویستییەم هەیە... حەزنەکردن لە بەفیرۆدان و سست و خاوی... من لێرەدا گیرم خواردووە... ڕۆشنبیرییشم لە ئاستێکی وادا نییە... بەڵام حاڵەتە کت و پڕەکانی ئەم فریاکەوتنە قاوشێکە لە نەخۆشخانەی پلە دووی ئەم وڵاتە پلە دووە ... نەخێر!... ئەمە بەس نییە. تۆ گوێ بگرە. ئەگەر بتوانم... ئەگەر بتوانم قۆڵی یەک بریندار بدورمەوە... ئەگەر بتوانم لەم چرکەیەدا لەوێ بم... شاری مەمفیس بۆ تۆ... هەموو وڵاتەکەش بۆ تۆ... و ئەوەشت لەبیر نەچێ من لێرە لەدایک بووم... ئەکرێ ئەو وڵاتە نەفرەتییە بۆ تۆ بێ...

**پەرستاری یەکەم:** (**بەڕەقییەوە**) بە هەرحاڵ، بیرۆکەیەکی باشم هەیە کە چۆن ئەو شتانە ڕێک بخەین. بیرۆکەیەکی نایابم هەیە... ڕێک چۆن هەست بە شتەکان ئەکەی، ئاوا بچین بە جەنابی بەڕێوەبەر بڵێین و ئەویش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە یارمەتیت بدات... لەم نەخۆشخانەیەت دوور بخاتەوەو لەوانەشە هەر لەم وڵاتەت دوور بخاتەوە، لەو باوەڕەشدا نیم وەکو دیاریی ماڵئاوایی، ئۆتۆمبێلەکەیت پێشکەش بکات. ئەتوانێ دوورت بخاتەوە... ئەتوانێ دوورت بخاتەوەو لەسەر قوونی خۆت داتبنێ! بەڵێ، ئەتوانێ ئەوە بکات.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**دڵتەنگانە نیوە پێکەنینێکی بۆ ئەکات**) بەڵێ... بەڵێ... پێشبینی ئەکەم. هەست ئەکەم شانسم هەیە ئێستا خۆم زۆر بە بەختەوەر ئەزانم... لەوەی کە تۆم هەیەو بەو شێوەیە بەرخورد لەگەڵ یەکتر ئەکەین.

**پەرستاری یەکەم:** تۆ زۆر بە تەوسەوە قسە ئەکەی!

**پزیشکی نیشتەجێ:** ئێ باشە پێشبینی چ جۆرە هەڵسوکەوتێکم لێ ئەکەی؟

**پەرستاری یەکەم:** (**پێئەکەنێ**)... دە وەرە... ئەمە خراپ نییە... ڕێک وەک ئەوەی بەو قوولەڕەشەم گوت... بە هێڵێکی ڕاستدا ئەڕۆی و کاری خۆی ئەنجام ئەدەی... (**لێرەدا شەرم دەیگرێ**)... و... و جگە لەوەی تۆ خۆت ئەهێڵیتەوە بە هۆی هەندێ حاڵەتی کتوپڕی لە خۆت زیاتر بەگیرهێنەر... (**بەگرژییەوە پێئەکەنێ**) ... "خۆشەویستم" لەبەر خاتری من... لەوانەیە ئەمشەویش لێت بگەڕێم بە شۆڤرلێتەکەت بمگەێنیتەوە ماڵ...

**پزیشکی نیشتەجێ:** ژنی باش، من وەک هەمیشە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەستپێشکەر بووم بۆ گەیاندنەوەت بۆ ماڵەوە... وەستان لە قەراغ جادەکە بۆ ماوەی نزیکەی پانزە خولەکێک لە هەست جوڵان و کۆتایی دەستبازی بە توڕەبوون و بەلایەکدا نەکەوتنی زۆرانبازیمان لەو ماوەیەی دەکەویتە فسکەفس دەربارەی شەرم شکان. کە نەدەبوایە قەبوڵی بکەم، و یەک دوو جاریش بە هۆی ئانیشکمەوە بە ڕێکەوت گوێم لە دەنگی هۆڕین ئەبێ. (**لەژێر لێوەوە پێئەکەنێ**)... دواجار لەناو سەیارەکەم و لە بەردەم ماڵی باوکت... ماچێکی گەرم و قایم... دەست لەسەر شوێنێکی زۆر تایبەتە... بەکورتی... لەو کاتەی بە پەلە چێژەکانت ئەگەن من لە چاوەڕوانی ئەو ڕێ و ڕەسمەدام... وەک پیشەی هەمیشەییم.

**پەرستاری یەکەم:** (**خۆشحاڵە**) ئاوا، سوپاس.

**پزیشکی نیشتەجێ:** من لەچاوەڕوانی ئەو ڕێوڕەسمەم. چونکە بەو شێوەیە لە پیاوانی تر جیا ئەبمەوە...

**پەرستاری یەکەم:** ئاوا...

**پزیشکی نیشتەجێ:** ... لەبەر ئـەوەی لەوانەیـە مـن تاقـە پیـاوێکی سـپی پێستی تەمەن کەمتر لە شەستساڵ بم لە دوو ناوچەی جیاوازدا کـە چێـژم نەبینیبێ لە ...

**پەرستاری یەکەم:** درۆ ئەکـەی! تـۆ هـیچ نیـت هـەی زۆڵـی کـوڕی قوولـە ڕەش!

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**پێئەکەنێ**) باوکە گیان! ئاگات لەدەمت بێ!

**پەرستاری یەکەم:** بەدڕەفتاری! تۆ بەدڕەفتاری!

**پزیشکی نیشتەجێ:** من ڕاستگۆم... پیاوێکی ڕاستگۆم. ڕیـم بـدە بتکەمـە ژنێکی ڕاستگۆ.

**پەرستاری یەکەم:** (**تورە بووە ...شێتگیرییەکەی لەسەر زمانە**) تـۆ کـاری خۆت کرد... گەمەی خۆت لەگەڵ کردم و کاری خۆت تەواو کرد. ئـەمجا مـن ئەتهێنم و ڕاستت ئەکەمەوە...ئەمجا لێرەوە لێت ئەڕوانم... تێئەگـەیت چیـت پێئەڵێم؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** هیچ لێڵییەک لە قسەکانتا نییە، دڵەکەم.

**پەرستاری یەکەم:** ڕاسـت ئەکـەی هـیچ لێڵییـەکی تیـا نییـە. (**کارمەنـد دووبارە لە پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە. پەرستار ئەیبینێ**) بڕۆ دەرەوە! ( **کارمەند هەر لەوێ وەستاوە**) گوێت لێم نییە؟ لێرە بڕۆ دەرەوە! دەی بڕۆ! ( **ئەکشێتەوە، ئەڕواتە دەرەوە**).

(**بێدەنگی**)

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**لەبەر خۆوە پێئەکەنێ**) پاشای کۆشک. وەڵڵا بابـە تۆ گرنگی.

**پەرستاری یەکەم:** تێگەیشتی چیم پێ گوتی؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** بەڵێ. وشە بە وشە... و هەموو بڕگەیەکم گوێ لێ بوو...

**پەرستاری یەکەم:** تۆ زیاد لە پێویست پێت لە بەرەکەت ڕاکێشاوە... هیوای ئەوەش ئەخوازی کە ئەوەت نەکردایە. من بە باوکم ئەڵێم... هەموو شتێکیشت لەگەڵدا یەکلایی ئەکەمەوە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** **(بە ئاگاوە)** ئاوا، فەرموو درێغی مەکە.

**پەرستاری یەکەم:** بە ڕاستیمە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** **(خراپ ڕائەکشێ)** ئێستا بڕوانە... بزانە لەو بڕوایەدا نیت کە بە جیددیم بوو...

**پەرستاری یەکەم:** **(لاسایی ئەکاتەوە)** ئێستا لەو بڕوایەدا نیت کە بە جیددیم بوو... **(بەناشیرینی پێئەکەنێ)** ئەی خوا کە.. چەند سوعبەت چیت. **(گەفوگوڕ ئەکات، ئێستا زۆر تووڕە نییە، بەڵام پڕە لە دڵنیاییەکی هێمن)** گوتم ڕاستت ئەکەمەوە... و ئەشی کەم. تۆش لەسەر کاری خۆت بەردەوام بەو ئیشی خۆت بکە... بەڵام ئەوەی پێم گوتی ئەو شتە گرنگە لە ئەقڵی خۆتی بچەسپێنە... ڕێک و ڕاست پێکەوە ئەڕۆین لەگەڵیاو شارستانی تر دەرئەکەوین... وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت... هیچ شتێک ڕووی نەدابێ. **(دیسانەوە پێئەکەنێ)** دڵەکەم تازە تێکەوتی... هەر سەرزەنشتی من ئەکرێ... و هەر وەختێکیش پێم خۆش بێ ئەسپەکەی ژێرت زین ئەکەم.

**پزیشکی نیشتەجێ:** **(بەتەوسەوە)** ئیتر ئێرە خۆش ئەبێت.

**پەرستاری یەکەم:** ئا، بەڵێ خۆش ئەبێ. منیش بەڕاستی چێژی لێ ئەبینم...

**پزیشکی نیشتەجێ:** بەهەرحاڵ... لە بیرم چوو کە ئەمشەو ئەتگەێنمە ماڵەوە.

**پەرستاری یەکەم:** نا.. نا... لەبیرت ناچێ کە ئەمشەو بمگەێنیتەوە ماڵ. دەبێ ئەمشەو بمگەێنیتە ماڵەوە... دەبێ ئەمشەو و سبەی شەویش بمگەێنیتە ماڵەوە... ئەمبەیتەوە پێش دەرگا... ئەبێ ببیتە دلْدارم. شتگەلێکمان لەنێواندا ئەبێ تۆزێک لەو جۆرەی کە پێشتر پێم گوتوویت. دەبێ دلْداریم لەگەڵدا بکەی و دەشبێ بە دروستی بیکەی!

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بۆ خولەکێک لە پەرستار ئەڕوانێ**) تۆ بە زۆر بۆ خۆتم ئەبەی. من ئەمە خۆشیم بێ یان ترشیم بێ ئەبێ قەبوڵی بکەم.

**( پەرستارەکە، هارو هاجانە بەمە پێئەکەنێ).**

**(مۆسیقا).**

**(ڕووناکی لەسەر ئەم نەخۆشخانەیە کز ئەبێ و لەسەر پەرستاری دووەم و مێزەکەی بۆ دیمەنی داهاتوو ئەگیرسێتەوە)**

## دیمەنی حەوتەم

**جاک:** (**بە پەلە دێتە ژوورەوە**) خانم، خێراکە. فریام کەوە!

**پەرستاری دووەم:** چیت ئەوێ؟

**جاک:** ڕووداوی هاتوچۆ بووە خانم... ژنێکی بریندارم پێیە لە دەرەوە لەناو سەیارەکەدایە...

**پەرستاری دووەم:** بە ڕاستتە؟ باشە دانیشەو چاوەڕوان بە... بڕۆ لەوێ دانیشەو هەندێ چاوەڕوان بە.

**جاک:** ئەمە حاڵەتێکی ئێمیرجنسییە! ڕووداوی هاتوچۆ بووە!

**پەرستاری دووەم:** چاوەڕوان بە! دانیشەو چاوەڕوان بە!

**جاك:** ئەو ئافرەتە خراپ بریندار بووە...

**پەرستاری دووەم:** لەسەرخۆ بە و چاوەڕێ بە!

**جاك:** خانم... بەسێ سمیس لە دەرەوە لەناو سەیارەکەدایە...

**پەرستاری دووەم:** حەقم چییە کێ لەدەرەوە لەناو سەیارەکەیە. لەسەرخۆ بەو چاوەڕێ بە!

**(مۆسیقایەک دێتە بەرگوێ. ڕووناکی لەسەر دیمەنەکە کز ئەبێ. دووبارە دیمەنی نەخۆشخانە سەرەکییەکە لەسەر پەرستاری یەکەم و پزیشکی نیشتەجێ ڕووناک ئەبێتەوە).**

## دیمەنی هەشتەم

**( مۆسیقا کز ئەبێ)**

**پەرستاری یەکەم:** (**بەدەنگی بەرز**) هێی ڕەش پێست... ڕەش پێست! **(کارمەند دووبارە دێتە ژوورەوە)** جگەرەکەم بدەرێ.

**پزیشکی نیشتەجێ:** وابزانم ئەڕۆم...

**پەرستاری یەکەم:** لێرە بوەستە! (**کارمەند جگەرەکە ئەداتە دەست پەرستار. بە وریایی و گوێڕایەڵییەوە ئەڕوانێ بزانێ چی ڕووی داوە**)..ماڵێکتە. تۆ ئەوەندەت پێ ئەچێ ئەکرێ کەسێ شێت بێ بۆ جگەرەیەک. ئەوە چیت ئەکرد... لە خوارەوە لەناو بەرمیلە زبڵدا دانیشتبووی و پێیە بچوک و خڕو پڕەکانت ئەحەساندەوە... وایە؟

**کارمەند:** تۆ خۆت پێت گووتم... بڕۆ دەرەوە...

**پەرستاری یەکەم:** پێش ئەوە چیت ئـەکرد... چوویتـە کارگـەی جگـەرە؟ ناکا بۆ کڕینی پاکەتێک بە قەڵـەمبازێک خـۆت گەیاندبێتـە کارگـەی ونسـتۆن سەلێم؟

**کارمەند:** نەخێر... من...

**پەرستاری یەکەم:** دە بیبڕەوە. (**ڕوو لە پزیشکی نیشتەجێ ئەکات**) کوێ؟ ئەتویست بۆ کوێ بڕۆی؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** (بـە شـێوەیەکی **زۆر ڕەسـمییانە**) ببەخشـە چیـت گوت؟

**پەرستاری یەکەم:** گـووتم... ئەتویسـت بـۆ کـوێ بـڕۆی؟ ئـەچووی قـاوە بێنی؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** تۆ ئەوەت ئەویست؟ جگەرەت هەیەو ئێستاش ئەوەت بەبیردا هات کە قاوەشت بۆ بێنن؟ کارمەند ئێستا لە پاکـەت کـڕین هاتـەوەو ئینجا ئەتەوێ من بنێری؟

**پەرستاری یەکەم:** (**کەتنبازانە پێئەکەنێ**) بـەڵێ... وا بـزانم پـێم خۆشـە هەردووکتان هەڵسوڕێنم. حەزم لە قاوەیەو پێم خۆشە تۆ بۆم بهێنی. ئێ بـۆ بە نەرمە لۆقەیەک ناچیتە ئەوبەری ڕاڕەوەکە و قاوەم بـۆ بێنـی؟ مـن حـەزم لە قاوەیەکی چاک و گەرم... و خەست...

پزیشکی نیشتەجێ:... و ڕەشیش بێ...

**پەرستاری یەکەم:** شیری تیا بێ!...شیرین بێ... بەپەلەش بگات پێم.

**پزیشکی نیشتەجێ:** پێموابێ خۆزگەکەت فەرمایشتە بۆم... وا نییە؟

**پەرستاری یەکەم:** بەدڵنیاییەوە وایە.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بـەرەو لای دەرگاکـەی پشـتەوەی شـانۆ ئـەڕوا... دواتـر وچانێـک**) هـەر ئێسـتا بیرکردنەوەیـەکی خۆشـم بـۆ هـات... لەوانەیـە

هەندێجار کاتێ لەسەر مێزەکەت دانیشتوویت و بە چەقۆیەکی تیژ نامەیەک ئەکەیتەوە، لەوانەیە چەقۆکە بترازێ و لایەکی قۆڵت هەڵبدڕێ... ئینجا بە پەلە بێیتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن... و من لەوێ بم کە تۆ بە پرتاو دێیتە ژوورەوە، خوێنی باسکت فیچقە بکا هەر وەک چۆن ئاو لە بەلوعەوە دێتە خوارێ... منیش بتوانم قۆڵت بگرم.. تەنها بیگرم... ئینجا ببینم شۆڕبێتەوە خوارەوە... منیش ڕاتوەستێنم و تەماشای خوێنی لەبەر ڕۆیشتووت بکەم...

**پەرستاری یەکەم:** (**دەست بۆ چەقۆیەکی تیژی نامەکەرەوە ئەباو بەدەستییەوە ئەگرێ...**) ئەمە؟ وەک ئەوەی بە پەراسووەکانتا ڕۆ بچێ!

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**ئەڕواتە دەرەوە**) کچی باش.. قاوەیەکمان بدەرێ.

**پەرستاری یەکەم:** ( **دوای خولەکێک لە بێدەنگی نامەکەرەوە تیژەکە فڕێ ئەداتە سەر مێزەکەی**) من خەمی ئەخۆم. خرچ! ئەو نووزە نووزکەرە ئەشکێنم. (**ڕوو لە کارمەند ئەکات**) ئەوە بۆ لەوێدا وەستاوی...ها؟ پێت خۆشە بزانی چی ڕوو ئەدا؟

**کارمەند:** نا خۆ سەرەتاتکێکەر نیم.

**پەرستاری یەکەم:** چی نیت؟ تۆ حەزت ئەکرد گوێ بگری؟ چێژی لێ ئەبینی؟

**کارمەند:** گوتم نەخێر.

**پەرستاری یەکەم:** (**بەژێر لێوەوە بۆ خۆی ئەدوێ**) دڵنیام وا نیت. خەمی ئەخۆم. بەو جۆرە قسەم لەگەڵ ئەکات ئەو نووزە نووزکەرە ئەشکێنم. با چاوەڕێ بکا جارێ. (**ئیستا ڕوو لە کارمەند ئەکات**) باوکم ئەڵێ فرانسیسکۆ فرانکۆ لەو جەنگەیا سەرئەکەوێ... ئەوەش شتێکی خۆشە.

**کارمەند:** سەرئەکەوێ؟

**پەرستاری یەکەم:** بەڵێ سەرئەکەوێ. باوکم ئەڵێ فرانسیسکۆ فرانکۆ ئەبێ بە سەریاندا زاڵ بێ و دارکارییان بکات. ئەوانە کۆمەڵێ کەسانی ڕادیکاڵن، بەهەرحاڵ خراپ نابێ... شتێکی خۆش ئەبێ.

**کارمەند:** ئاوا؟

**پەرستاری یەکەم:** پێمگووتی کە باوکم ... مێژوونووسە، بۆیە کەسێکی ئاسایی نییە. بۆچوونی بۆ هەندێ کێشە بەهەند وەرئەگیرێ. ئێستاش بۆ هەندێ بابەت بۆچوونی بەهەند وەرئەگیرێ. باوکم ئەڵێ هەر کەسێ ئەیەوێ، بڕوات بۆ ئەوێ و تێکەڵ بەو بەزمە بێ، ئەبێ بێت بۆ لای من... چی ئەبێ با ببێ.

**کارمەند:** من دڵنیام باوکت پیاوێکی سادەیەو ...

**پەرستاری یەکەم:** چی؟

**کارمەند:** گوتم... گوتم... من دڵنیام باوکت پیاوێکی سادەیەو ... ڕێز لە تێڕوانینی ئەگیرێ.

**پەرستاری یەکەم:** زۆر ڕاستە... کوڕە تۆ یەکسەر خۆتی پیا ئەکەی و ئەو شتە ئەڵێی کە خەڵکی حەز بە گوێ بیستنی ئەکەن... تۆ دوو دیوی یەک دراوی، تۆ گوێت لێی بوولەوێ کە هەڕەشەی لێ کردم، وا نییە؟

**کارمەند:** ها، نەوەڵا گوێم لێ نەبوو...

**پەرستاری یەکەم:** (**بە ڕەقییەوە**) گوێت لێی بوو کە هەڕەشەی لێ کردم!

**کارمەند:** باوەڕ ناکەم...

**پەرستاری یەکەم:** لە پێناو کوڕێکی زرنگی ئاوادا... تۆ زۆر گەمژەی. نازانم چیت لێ بکەم. (**ئێستا پەرستار بیر لە پزیشکی نیشتەجێ ئەکاتەوە و گوزارشت کردنەکەی نیشان ئەدا**) تۆ ناتەوێ لە شتەکان و پاشەڕۆژی

تاریکت تێبگەی... بەڵێ تاریکە. بە تایبەتی بیرکردنەوە هەموو شتێکە بەس تەرتیب نەکراوە...

**کارمەند:** ئەمانە چین ئەگەر تەرتیب نەکرابن؟

**پەرستاری یەکەم:** ( **قاقایەکی زل، بەڵام غەمگینانە. هەر ئەوەتە کۆنترۆڵی بەسەر خۆیدا هەیە**) بۆچی، کوڕە نازانی لەبەرچی؟ بۆ نەتئەزانی کە من و تۆ بە فیعلی مارەبڕی یەکترین؟

**کارمەند:** نەوەڵا... نازانم...

**پەرستاری یەکەم:** ئەی دەربارەی هەقیقەتە ئابوورییەکان نازانی؟ ئەی تۆ نەبووی کە شتەکانت وەک چۆن هەن، دەخەملاند؟ (**لەژێر لێوەوە پێئەکەنێ**) شۆڕە سوارەکانمان بەسەر پشتی ئۆتۆمبیلەکانەوە بەرەو پێش ڕووەو خۆرئاوا ڕۆیشتن... دۆنمە زەوییەکان بچوک ئەبوونەوە و دیمەنەکەش ورد ئەبێ... ئەی ئەمەش جێهێشتنێکی مەزن نییە؟

**کارمەند:** (**بە وریاییەوە**) تێت ناگەم...

**پەرستاری یەکەم:** بەڕاستتە؟ (**دەنگی ئەلەرزێ**) بە ڕاستتە... تێم ناگەی؟ بۆچی؟ مەسەلەکە چییە وا حاڵی نابی؟

**کارمەند:** (**بەردەوامە. بەڵام توڕەیە**) پێم وابێ ڕۆژێ دێ لەکۆڵم ببیتەوە. لەو بڕوایەدام ئەوە ئەکەی...

**پەرستاری یەکەم:** ئێستا ئەڕۆیتە سەرەوە بۆ ژووری ژمارە 206 ... ئەڕۆیتە سەرەوەو بە جەنابی بەڕێوەبەری شارەوانی ئەڵێی کە قوونی باشتر بوو ئیشمان پێی هەیە.

**کارمەند:** (**بە هەندێ نابەدڵییەوە**) بەڕاستتە...ئەوەندە پێ درێژی ئەکەی...

**پەرستاری یەکەم:** بەڕاست پێدرێژی ئەکەم؟ بەهەرحاڵ با شتێکت پێ بڵێم... من لە توانامدا نەماوە! تەواو بێزار بووم! من لە هەموو شتێکی ئەم دونیا گەرم و هیچ و پووچ و پڕ لە ڕاکەڕاکە بێزارم. بێزارم لە ناهاوسەنگی نێوان ئەو شتانەی کە هەن و بەو شێوەیەی کە هەن. بێزارم لەم مێزە... لەم جلوبەرگە... ئەمەش کوولەمەرگییە... بێزارم لە بینینی تۆ... لەو ئەقڵییەتەت کە تووشی ئالۆشم ئەکات... بێزارم لە پزیشکی نیشتەجێ. (**هەندێ هێواشتر؛ وەک سرود**) بێزارم لە قسەکردنی سەر تەلەفۆنی ئەم نەخۆشخانە نەعلەتییە... بێزارم لە بۆنی دیتۆڵ... کە خەریکە ئەمکوژێ... بێزارم لە خەوتن و هەستان... من ماندووم... من ماندووم لە ڕاستی... و ماندووم لە درۆکردن سەبارەت بە ڕاستی... ماندووم ئەمەوێ لە پێستی خۆم بچمە دەرەوە.

**کارمەند:** ( **دوای وچانێکی کورت**) ئەی بۆ ناچی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن و پاڵ بدەیتەوە؟ (**لە پەرستار نزیک ئەبێتەوە**)

**پەرستاری یەکەم:** لێم دوور کەوەرەوە.

**( لەم ساتەدا دەرگای دەرەوە تەقەی دێ و ئەکرێتەوە و جاک خۆی ئەکا بەژوورەوە. جاک بەم شێوەیەیە: سەرخۆش، تاساو، تۆقیو. دەموچاوی دەبێ بریندار بێ، بەڵام خوێنی لێ نایەت. جل و بەرگی پیس و شێواوە... وچانێک ئەداو چەند هەنگاوێک دێتە ژوورەوە و هەناسە بڕکێیەتی).**

**پەرستاری یەکەم:** هێواش، لە شوێنی خۆت بوەستە.

**کارمەند:** (**لەشوێنی خۆی ئەوەستێ**) چیت ئەوێ؟

**جاک:** (**پاش هەناسە بڕکێ؛ پەشۆکاوە**) چی...؟

**پەرستاری یەکەم:** تۆ بەو شێوەیە بە زرمەزرم لەو دەرگایەوە هاتیتە ژوورەوە؟ چیت لێ قەوماوە؟ (**ڕوو لە کارمەند ئەکات**) بڕۆ بزانە چیی لێ قەوماوە؟

**کارمەند:** ( **تۆزێک ئەچێتە پێشەوە**) چیت ئەوێ؟

**جاک:** (**تەواو پەشۆکاوە**) چیم ئەوێ...؟

**کارمەند:** ( **ئەگەڕێتە دواوە**) تۆ بۆت نییە بەم جۆرە بێیتە ژوورەوە... بە زرم و کوت بێیتە ئێرە... نازانی شێوازێکی جوانتر بەکار بهێنی؟

**پەرستاری یەکەم:** تۆ سەرخۆشی؟

جاک: ( **شڵەژاو دەرئەکەوێ بەهۆی لادانی لە بابەتەکەوە**) ئەخۆمەوە... بەڵێ.. ئینجا چییە سەرخۆشم. (**هەڵئەچێت**) برینداریکم پێیە وا لە دەرەوەیە.

**پەرستاری یەکەم:** هاوار مەکە. لەگەڵ تۆمە ئەمە نەخۆشخانەی سپی پێستەکانە.

کارمەند: (**زۆر لە پەرستار نزیک بۆتەوە**) ڕاستە. پەرستار ڕاست ئەکات. ئەم نەخۆشخانەیە، نەخۆشخانەیەکی تایبەتە. نەخۆشخانەیەکی نیمچە تایبەتە. ئەگەر بڕۆی... بۆ ناو شار...

جاک: ( **سەر بائەدا**) نەخێر...

**پەرستاری یەکەم:** ئێستا گوێم لێ بگرە و ڕێک حاڵی بە...(**وچانێک کە هەستی پێ بکرێ، پاشان وشەکان ئەڵێ، بەڵام بێ هیچ جەخت کردنێکی تایبەت**)... ڕەشپێست... ئەمە نەخۆشخانەیەکی نیمچە تایبەتە...

**جاک:** (**بەڕوویدا ئەوەستێتەوە**) ئەوەم بۆ گرنگ نییە!

**پەرستاری یەکەم:** زۆر چاکە دەستکەوتت ئەبێ...

**کارمەند:** ( **لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی پزیشکی نیشتەجێ کە دوو کوپ قاوەی بە دەستەوەیە**) بەردەوام بە... بەردەوام.

**پزیشکی نیشتەجێ:** ئەوە چی ڕووی داوە؟

**کارمەند:** پێمگوت بڕوات بۆ مەمفیس...

**پزیشکی نیشتەجێ:** بێدەنگ بە. (**ڕوو لە جاک ئەکات**) چی ڕووی داوە؟

**جاک:** تکایە... ژنێکم لەگەڵدایە...

**پەرستاری یەکەم:** پێت گوترا کە لێرە بڕۆی.

**پزیشکی نیشتەجێ:** تۆ ژنێکت لەگەڵدایە...

**جاک:** لە دەرەوەیە...لەناو سەیارەکەدایە... ڕووداوی هاتوچۆ بوو... خوێنی لەبەر ئەڕوا... قوڵی...

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**پاش خولەکێک لەبیرکردنەوە، تەماشایەکی پەرستار ئەکات، بەرەو دەرگاکەی دەرەوە ئەڕوات**) چاکە... ئەڕۆین بزانین چییە.( **ڕوو لە کارمەند ئەکات. کە لە پشتەوە وەستاوە**) یاڵڵا، لەگەڵ تۆمە... با بڕۆین.

**کارمەند:** ( **تەماشای پەرستار ئەکات**) پێیمان گوت کە بۆ مەمفیس بڕوات.

**پەرستاری یەکەم:** (**ڕوو لە پزیشکی نیشتەجێ ئەکات. چاوی دائەگرێ**) مەڕۆ دەرەوە!

**پزیشکی نیشتەجێ:** ( **پەرستار فەرامۆش ئەکا، و ڕوو لە کارمەند ئەکات**) گوێت لێم نەبوو...یاڵڵا دەی!

**پەرستاری یەکەم:** (**بەدەنگی زۆر بەرز**) پێم گوتی... مەڕۆ دەرەوە!

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بەهێواشی، غەمگینانە**) ئازیزم ئەتەوێ ڕاستم بکەیتەوە؟ ئەچی لە ڕێگەی بەڕێوەبەری شارەوانییەوە لێرە بە دەرکردنم

ئەدەی؟ یان لە واشنتۆن ئامادەکاری بەزۆر ناردنەوەم ئەکەی؟ دە بزانم چی ئەکەی؟

**پەرستاری یەکەم:** (**بە لێو کرۆژتنەوە**) مەڕۆ دەرەوە...

**پزیشکی نیشتەجێ:** بەهەرحاڵ دڵی من. هەرچییەک کە بە نیازی بیکەی... ئێستا بیکەی باشترە لەهەر کاتێکی تر.

(**لەگەڵ کارمەندا بەرەو دەرگای دەرەوە ئەڕۆن**)

**پەرستاری یەکەم:** ( لەگەڵ **چوونە دەرەوەیاندا نیوە تورەو نیوە غەمگینە**) مەڕۆ! (**پاش چوونە دەرەوەیان**) ئاگادارم کردیتەوە! ڕاستیشت ئەکەمەوە. گەر لەو دەرگایەوە بڕۆیتە دەرەوە... لێرەش ئەچیتە دەرەوە. (**جاک بەرەو لای شوێنە چۆڵەکەی لای کورسییە درێژەکەی لای ڕاستی شانۆ ئەڕوا. پەرستارەکە جگەرەیەک دائەگیرسێنێ**) پێم گوتی ڕاستت ئەکەمەوە... ڕاستت ئەکەمەوە. (**ئیستا ڕووی لە جاک ئەکات**) وا بزانم پێم گوتی ئەمە نەخۆشخانەی سپی پێستەکانە.

**جاک:** (**بەبێزارییەوە**) ئەزانم خانم... تۆ پێت گوتم.

**پەرستاری یەکەم:** ( **هۆشی هەر لای دەرگاکەیە**) وەرە ئەوەندە عەقڵت نەبێ ئەوەی پێت بگوترێ ئەنجامی بدەی... کێشە بۆ خۆت و بۆ کەسانی تریش دروست بکەی.

**جاک:** (**بە ئاخ هەڵکێشانەوە**) ئەوەم بەلاوە گرنگ نییە...

**پەرستاری یەکەم:** بەلاتەوە گرنگ ئەبێت.

**جاک:** ( **بەهێواشی، سەر بائەدا**) نەخێر... هەر بە لاشمەوە گرنگ نابێ. ( **ئێستا بە دەنگێکی نیمچە بیستراو بۆ خۆی و بۆ پەرستار**) لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بووین... زۆر خێرا لێم نەئەخوڕی... باوەڕ ناکەم خێرا لێم خوڕیبێ... پەلەمان بوو، بەڵێ... منیش خواردبوومەوە... هەردووکمان

خواردبوومانـەوە... بـەڵام بـاوەڕ ناکـەم خێـرا لێمـان خـوڕیبێ... زۆر خێـرا نەبووین...

**پەرستاری یەکەم: ( شێوازی قسەکردنەکەی ئێستا هێواشـتر و بـەتێبینی تره لەسـەر جـاک)** ... سـەرخۆش بـی و ئۆتۆمبیـل لـێ بخـوڕی... تەنانـەت هێشتا دونیاش تاریک دانەهاتووە...

**جاک:**... بەڵام پاشان سەیارەیەک لە فەرعێکەوە دەرچوو... نـەمبینی... ئەویش نەیبینیم... قایم... خێرا، کتوپڕ... (**ڕەق ئەوەسـتێ**) ... پێکـدادان ڕووی دا! (**خاو ئەبێتەوە**)... هیچمـان دەرنەپـەڕاین... هـەردوو ... هـەردوو ئۆتۆمبیل لەسەر جادەکە ماینەوە... بەڵام وەستاین... مەکینەی سـەیارەکەم هەر ئیشی ئەکرد... منیش کوژاندمەوە... دەرگاکە... دەرگای لای ڕاست بـە تەواوی داغان ببوو... ئەمـە هـەموو شـتێک بـوو... هـیچ زیـانیکی تـری بـەر نەکەوتبوو... ئێمە بەڕێی خۆماندا ئەڕۆیشتین... پێئەکـەنین... بـە زەوقـەوە سەیارەمان لێئەخوڕی، بەڵام دونیا گەرم بوو... ئەویش قـۆڵی لـە جامەکـەوە دەرکردبوو.

**پەرستاری یەکـەم:**... مافـەکانی خـۆت پیـادە ئـەکرد... لەسـەر جـادە ئەخۆنەوە...

**جـاک:** منـیش گـوتم... گـوتم دڵەکـەم ئـەوە دەعممـان کـرد... خـۆ سەلامەتی؟ (**دەموچاوی تێک ئەدا**) منیش تەماشـایەکم کـرد... دەرگاکـەش قوپاوەتە ژوورەوە... لەوێدا پێوە بوو... لەو شوێنەی کە دەرگاکە قوپـابووە ژوورەوە...لای ڕاسـتی سـەیارەکە پێکدادانەکـە بـوو، دەرگاکـەی هـەڵ تلێشاندبوو. دەرگاکە لەلای ڕاستەوە قوپابوو.... بەسێ! بـەسێ!..(**ئێسـتا ڕوو بە لای پەرستاردا وەرئەگێڕێ**) بەڵام خانم... قۆڵی... قـۆڵی ڕاسـتی...

هەڵتڵیشابوو... قۆڵی خەریک بوو لە شانی  ئەبۆوە... خوێنی لێ ئـەهات... خوێنی لەبەر ئەڕۆیی ئینجا...!

**پەرستاری یەکـەم:** (**لـە دوورەوە**) وەکـو چـۆن ئـاو لـە بەلوعـەوە دێـت ئاوا...؟ ئای کە ناخۆشە... ناخۆش...

**جاک:** چاوەڕێی هیچم نەکرد... نە چاوەڕێی خەڵکم کرد... نـە چـاوەڕێی سەیارەم کرد... سەیارەکەم خستە ئیش... خستمە ئیش و...

**پەرستاری یەکەم:** ( **بە گوێ قـوڵاغی زیـاترەوە**) ئـەوێت بەجێهێشـت؟... شوێنی ڕووداوەکەت بەجێهێشت؟

**جاک:** خانم، ئاخر قۆڵی...

**پەرستاری یەکەم:** ئەزانی ... لەوانەیە ئێستا پۆلیس بە دواتا بگەڕێ؟

**جاک:** بـەڵێ خـانم... پـێم وایـە... ئینجـا کـە سـەیارەکەم لێخـوڕی... نەخۆشخانەیەک نزیکەی میلێک لەسەرەوەتر بوو...

**پەرستاری یەکـەم:** (**سـەرنجی ڕائەکێشـێ**) ئـەوێ! چوویتەتـە شـوێنی تریش؟ شوێنی تریشتان کردووە؟ ئەی لەگەڵ ئەم ژنە چی ئەکەی لێرە، ها؟

**جاک:** لە نەخۆشخانە... چوومـە ژوورەوە بـۆ لای مێزەکـەو ئـەوەی ڕووی دابوو بۆیانم باس کرد... گووتیان دانیشەو چاوەڕێ بە... وەرە بچۆرە ئەوێ و دابنیشــە و بـۆ ماوەیـەک چـاوەڕێ بـە. چـاوەڕێ! نەخۆشـخانەی سـپی پێستەکان بوو خانم...

**پەرستاری یەکەم:** ئێ خۆ ئەمەش نەخۆشخانەی سپی پێستەکانە.

**جاک:** گوتـم... ئەمە نەخۆشـخانەی فریاکەوتنـە... پێکـدادان ڕوویـداوە... چـاوەڕێ بـە! بـەس دابنیشـە و چـاوەڕێ بـە... پـێم گـوتن... پـێم گـوتن حاڵەتێکی بە پەلەیە... گوتم ئەم ژنە خراپ بریندار بـووە... لەسـەرخۆ بـەو چـــاوەڕێ بـــە!... گـــوتم خـــانم، بەســـێ ســـمیس لـــە دەرەوە لـــەناو

ئۆتۆمبیلەکەدایە... حەقم چییە کێ لەدەرەوە لەناو سەیارەکەیە قوولـەڕەش.
لەسەرخۆ بەو چاوەڕێ بە! ... نـەمتوانی لـەوێ چـاوەڕێ بکـەم و 'بەسـێ'ش لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بێت... بۆیە ئەوێم بەجێ هێشت... سواری ئۆتۆمبیلەکە بوومەوە... لە ڕێگا وەستام و بە خۆم گوت بۆ کوێ بڕۆم... ئینجا هـاتم بـۆ ئێرە.

**پەرستاری یەکەم:** (**بێباکانە لە دوورەوە**) ئەزانم ئەو ژنە کێیە... گوێم لە گۆرانییـەکانی بـووە. (**کتـوپڕ**) نـاوتم پـێ بڵـێ! لـە ڕووداوی هـاتوچۆی وادا ناتوانی لە خۆتەوە بڕۆی... تەلەفۆنی پـۆلیس ئەکـەم؛ پێیـان ئـەڵێم کـە لـە کوێی!

**(پزیشکی نیشتەجێ و کارمەند دێنەوە ژوورەوە. جلوبەرگیان خوێناوییە، کارمەند ئەچێتـە لای پشـتەوەی شـانۆ و خـۆی لـە جـاک لائـەدا. پزیشـکی نیشتەجێش دێتە ژوورەوە و زەق تەماشای جاک ئەکات)**

**پەرستاری یەکـەم:** لـە ڕووداوەکـە هـەڵهاتووە... ئـەوێی جێهێشـتووە... یەکسەریش نەهاتووە بۆ ئێرە... چۆتە نەخۆشـخانەیەکی تـریش. ئاگاداریشـم کردیتەوە کە خۆت لەم شتانە هەڵنەقورتێنی...

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بەهێواشی**) دەمت داخە! (**بەرەو لای جاک ئەڕوا و لەبەردەمیا ئەوەستێ**) ئادەی شتێکم پێ بڵێ...

**پەرستاری یەکەم:** ئاگادارم کردیتەوە! گوێت لێم نەگرت...

**جاک:** تۆش ناومت ئەوێ... ئەمە ئەو شتەیە کە ئەتەوێ؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** نەخێر، ئەمـە ئـەو شـتە نییـە کـە ئەمـەوێ. (**خـۆی ڕاگرتووە، بەڵام ناخی شوێنی پێکدادانی هەستەکانییەتی**) شـتێکم پـێ بڵـێ وەختێ ئەو ژنەت هێنا بۆ ئێرە...

**جاک:** ئەو ژنەم هێنایە ئێرەو کەس یارمەتیی نەدا...

**پزیشکی نیشتەجێ:** زۆر باشە.. وەختێ هێنات بۆ ئێرە ... وەختێ ئەو ژنەت هێنا بۆ ئێرە...

**پەرستاری یەکەم:** ئای، ئەمە ژنێکی سادە نییە... ئەمە قولەڕەشێکی ئاسایی نییە... ئەمە بەسێ سمیسە!

**پزیشکی نیشتەجێ:** وەختێ ئەو ژنەت هێنا بۆ ئێرە... وەختێ سوار ئۆتۆمبیل بووی بۆ ئێرە... وەختێ ئەو ژنەت هێنا بۆ ئێرە... ئەتزانی کە مردووە؟

**(وچانێک)**

**پەرستاری یەکەم:** مردووە! ئەم قولەڕەشە ژنێکی مردووی هێناوە بۆ ئێرە؟

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**سڵ لە وەڵامەکە ئەکاتەوە**) بە هەرحاڵ...؟

**پەرستاری یەکەم:** (**بەساردییەکەوە**) مردووە... مردووە.

**جاک:** (**بە بێزارییەوە؛ ڕووی وەرئەچەرخێنێ، بەرەو دەرگای دەرەوە ئەڕوات**) بەڵێ... ئەمزانی مردووە. لە هاتنماندا بۆ ئێرە مرد.

**پەرستاری یەکەم:** (**چەقەنەیەک لێ ئەدا**) بۆ کوێ ئەڕۆی؟ پۆلیست بۆ بانگ ئەکەم بۆ ئێرە!

**جاک:** (**لای دەرگاکەوە**) وا لە دەرەوەم.

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**لەگەڵ چوونە دەرەوەی جاک**) پێشبینی چیت لێم ئەکرد بیکەم ها؟ دەبوایە چیم بکردایە؟ **(جاک بۆ خولەکێک وچانێک ئەدا ورد تەماشای پزیشکی نیشتەجێ ئەکا و دەرگاکە لە دوای خۆیەوە دائەخا)** پێمبڵێ! دەبوایە چیم بکردایە؟

**پەرستاری یەکەم:** (**مەکربازانە**) لەوانەیە... لەوانەیە وای زانیبێ ئەتوانی زیندووی بکەیتەوە... بەڕاستی پزیشکێکی سپی پێستی مەزنی. (**پێکەنینەکەی دەست پێئەکات، تا ئاستی هیستریا**) پزیشکێکی... سپی پێستی... مەزن... ئێستا بۆ کوێ ئەڕۆی پزیشکە... سپی پێستە... مەزنەکە؟ تەواو بووی. دوا نەخۆشت چارەسەر کرد... دەستت بەر بوو کوڕی باش! دوا نەخۆشت چارەسەر کرد... قولەڕەشێک... ئەو ژنە قولەڕەشە مردووەی کە گۆرانی ئەچڕی. کوڕە منیش گۆرانی ئەڵێم... گۆرانی زۆر چاک ئەڵێم. ئەتەوێ گوێت لێم بێ؟ ها؟ ئەتەوێ گوێت لە شێوازی گۆرانی گوتنم بێ؟ ها؟

**(لێرەدا پەرستار بۆ ماوەیەک دەست ئەکات بە گۆرانی گوتن و پێکەنین. گۆرانییەکە ناسازەو تەقرییەن وەک شیوەنەو پێکەنینەکەشی وەکو گریانە)**

**پزیشکی نیشتەجێ:** (**بەرەو لای پەرستار ئەڕوا**) بیبڕەوە! بیبڕەوە!

**(بەڵام پەرستار ناتوانێ بوەستێ، پزیشکی نیشتەجێ زللەیەک لە دەموچاوی پەرستار ئەدا، پەرستار لەگەڵ ئەوەی دەستی لەسەر شوێنی شەقازللەکە داناوە، لە گڵ چووە. پزیشکی نیشتەجێ بەرەو دەرگای پشتەوە ئەڕوا)**

**کارمەند:** (**پشتی بەدیوارەکەوە ناوە**) شتی وام قەت نەبیستووە... ژنێکی مردوو بێنی بۆ ئێرە... نازانم خەڵکی چۆن بیر لە هەندێ شت ئەکەنەوە....

**( پزیشکی نیشتەجێ ئەچێتە دەرەوە. ژوورەکە جارێکی تر تاریک ئەبێتەوە... خۆرئاوابوونێکی قەشەنگ شەوق ئەداتەوە؛ مۆسیقا بەرز ئەبێتەوە)**

پەردە دائەدرێتەوە

# شانۆگەری

# ناودار و لاو

چاوپێکەوتنێکی خەیاڵییە
1960

ئـەم شـانۆگەرییە بـۆ یەکـەمجار لـە 27ی مـانگی ئـابی 1960 لەسـەر شانۆی "وایت بارن" لە "وێست پۆرت" نمایشکراوە.

**کارەکتەرەکان:**

**شانۆنووسـێکی ناسـراوی ئەمـەریکییـە (کـە لێـرە بـەدواوە نـاوی دەنێـین ناودار) وەک جاران پیاوێکی قەد باریک نییە. دەوروبەری ساڵێکی تر ئەبێتـە پەنجا ساڵ. بەگشتی چـۆن دێتـە بـەرچاو؟... تۆزێـک سـیما ژاکـاو و ناکـارا دیارە؟... پرۆفیسۆرێکی بێهێز و لووتبەرزی مێژووە؟ ئەبێ یەکێکیان بێ.**

**شانۆنووسێکی ئەمەریکیی گەنجـە (کـە لێـرە بـەدواوە نـاوی ئـەنێین لاو) تێکسمڕاو و ئێسک پان، یەکێکە لەو کەسانەی پێویستی بە قژ کورتکردنەوە**

هەیە. گۆرەویی ئارەقاوی لەپێدایە و ملپێچێکی درێژی لە ملدایە. ژمارەیەکی کۆنی گۆڤاری 'ئێڤەرجین ڕڤیوو'ی لە بن هەنگڵدایە.

دیمەن

ژووری پێشوازی ماڵی ناودارە، لە یەکێک لە شوقەکانی خۆرهەڵات کە ئەڕوانێت بەسەر پردێکدا، دیوارەکانی سپین، قەنەفەیەکی ڕەنگ ئەرخەوانیی، دوو تابلۆی ئەمیدۆ مۆدیگلیانی، یەکێکی جۆرج بەراک، دانەیەکی تری ڕۆبەرت مەزەروێڵ و یەکێکی تری فرانز کلاین بە دیوارەکەوەن.

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی یەک شەممەیە.

لەسەرەتادا ناودار بە تەنیایە، لەسەر قەنەفە ئەرخەوانییەکەیە و خەریکی خوێندنەوەیە، سوراحییەکی لەبەر دەمدایە، پەرداخێک مەی لە تەنیشتەوەیە. دەرگاکەی لای چەپی شانۆ و لە دەرەوە زەنگێکی مۆسیقاداری لێ بەرز ئەبێتەوە. ناودار تەماشای دەمژمێرەکەی مەچەکی ئەکات، خۆی مۆن دەکاو کتێبەکەی دائەنێ و مەیەکەی ئەخواتەوەو هەڵئەستێتە سەرپێ و لەگەڵ دووبارە لێدانی زەنگی دەرگاکە بەرەو لای دەرگاکە ئەڕوات. لەگەڵ ڕۆیشتنیا قورگی پاک ئەکاتەوە. لەگەڵ لەچاو ونبوونیا دەنگێک ئەبیسترێ... (**چاکە، ئێستا تۆ چۆنی قوربان**)

ناودار دێتە ژوورەوەو لاویش بەدوایەوە.

**ناودار:** (**جارێکی تر تەماشای دەمژمێرەکەی مەچەکی ئەکاتەوە.**) چاکە، قوربان فەرموو وەرە ژوورەوە. وەرە ژوورەوە.

**لاو:** (**لە پشت ناودارەوە قونەقونیەتی**) داوای لێبووردن ئەکەم؛ زوو هاتووم.

**ناودار:** زوو هاتووی؟ (**جارێکی تر تەماشای دەمژمێرەکەی مەچەکی ئەکاتەوە**) باشە، زوو هاتووی. کێشە نییە. (**ئاماژە بۆ کورسییەک ئەکات کە لە تەنیشت قەنەفە ئەرخەوانییەکەوەیە**) دانانیشی...؟

**لاو:** (**بە چاوگێڕانێکی خێرا بە تابلۆکاندا**) ئەڵڵاههـ!

**ناودار:** ها؟

**لاو:** ئەبێ فرێدانی وێنەکان، مایەی خۆشی بێت!

**ناودار:** چی؟

**لاو:** تابلۆکانت ئەڵێم ... ئەبێ مایەی خۆشی بێت فرێدانی ...

**ناودار:** ئێ... بەڵێ. (**دووبارە ئاماژە بۆ کورسییەکە ئەکاتەوە**) دانانیشی؟

**لاو:** جێگایەکی زۆر خۆشە!

**ناودار:** ها... سوپاس. (**دووبارە ئاماژە بۆ کورسییەکە ئەکاتەوە**) دانانیشی...؟

**لاو:** زۆر سوپاسگوزارم بەم دیدارە. بەڕاستی سوپاسگوزارم.

**ناودار:** شایانی نییە؛ زۆر دڵخۆش بووم کە...

**لاو:** شەرمم کرد لەوەی نامەت بۆ بنووسم؛ دڵنیا نەبووم لەوەی کە... بە هەرحاڵ خۆت ئەزانی... دڵنیا نەبووم لەوەی کە بینووسم یان نا؛ ئەبوایە وا نەبوومایە.

**ناودار:** (**وچانێک**) ئم؟... ئێ! نا، نا؛ من زۆر ... ئەزانی... زۆر خۆشحاڵ بووم. (**بەرەو لای قەنەفە ڕەنگ ئەرخەوانییەکە ئەڕوات**) ئەشێ ئەگەر ئێمە...

**لاو:** (**ئێستا لای پەنجەرەکەوەیە**) ئەڵڵاهـ! ئەی ئەمە؟

**ناودار:** (**بەنیگەرانییەوە**) چی؟

**لاو:** ئەم دیمەنە!

**ناودار:** (**داكۆكیكەرانە**) چی... چییەتی؟

**لاو:** جوان كراوفۆرد، سوزان هەیوارد،... هەر هەموویان...!

**ناودار:** (**ترسی لێ نیشتووە**) چییانە؟

**لاو:** (**پێئەكەنێ**) ئاهـ، ئـەزانی چـی؛ هـەموو ئـەو فیلمانـەی دروسـتیان كردووە... و هەمووش شوقەیان لێرە هەبووەو ڕیک وەک تـۆ ئـەم دیمەنـەیان بینیوە...

**ناودار:** (**وچانێک** ) ئم. هم. من.. هاە.. نامەكەت لێرەیەو (**لـە نامەكـە ئەگەڕێ**)... ئەبێ بڵێم كە دڵئاوەدانی تۆیە كە...

**لاو:** ( **وەک ناودار نامەكە لە گیرفانیدا ئەدۆزێتەوە**) دڵئاوەدان.. نەخێر، شایانی نییە.ئەوە هەقیقەت بوو.

**ناودار:** (**بەشەرمەوە پێئەكەنێ: چاوێک بە نامەكەدا ئەخشێنێ**) ئێ بـە هەرحاڵ، ئێستا... من... وای بۆ ئەچم كە...

**لاو:** (**تێهەڵئەچێ**) نەخێر، ئەوە ڕاستی بوو. تۆ... لەگەڵ چەند كەسێكی تردا... میللـەر ویلیـەم تۆرنتـۆن وایڵـدەر و... ئـێ... (**شـان ئـەجوڵێنێ**)... ویلیەم ئینج... ئێ... تۆ... تۆ لە سەری سەرەوەی.

**ناودار:** (**بەبێ پەرۆشییەوە**) تۆ زۆر دڵنەرمیت.

**لاو:** پێم وابێ وەک زنجیرە وایە، بە ڕاستمە؛ ئەمە زۆر گرنگە.

**ناودار:** كا... هاە...؟

**لاو:** بـەو شـێوەیەی كـە بـەردەوام ... یـەک لـە دوای یـەک نامـەیان بـۆ ئەنووسی...

**ناودار:** (**بودەڵیانە پێئەكەنێ؛ بەرەو لای مەیەكە ئەڕوا**) بە هەرحاڵ، ئاوا ئاسانترە لەوەی هەموو بە جارێ نامەیان بۆ بنووسی. ها، ها، ها.

**لاو:** (**بەپەلە**)پێم وایە مەبەستم ئەوەیە کە تۆ بەڕاستی پڕۆفیشناڵی.

**ناودار:** (**بیری لێ ئەکاتەوە؛ دواتر، بە شانازییەوە**) بەڵێ... بەڵێ... پێموابێ ئەتوانی وا بڵێی.

**لاو:** پڕۆفیشناڵ گوزارشێکی دروستە. ناوی چییە... ئەوەی کۆڵۆمبیا... ئەزانی مەبەستم کێیە... لە کتێبەکەیدا ئەڵێ پڕۆفیشناڵ هاو واتایە لەگەڵ ئەسپی نایاب...بەڵام من کۆک نیم لەگەڵیدا.

**ناودار:** (**سوراحییەکەی بۆ ڕائەگرێ**) ئەخۆیتەوە؟

**لاو:** نا، سوپاس ناخۆمەوە...

**ناودار:** (**پێکێکی تر بۆ خۆی تێئەکا**) من ئەخۆمەوە.

**لاو:** ... هێشتا زووە. وای بۆ ئەچم ناوی، ناوی چی بوو مەبەستی ئەوەیە کە قەبوڵکردنی بەردەوامی جەماوەرییانەی ئیشی کەسێک وەک ئیشەکانی جەنابتان...

**ناودار:** (**بەدەنگی زۆر بەرز**) ڕێکورپەوان بۆچی ویستت بمبینی؟ لە نامەکەتا ڕوون نییە... مەبەستم ئەوەیە نامەیەکی زۆر دڵگیر بوو... پڕ لە مەراییە... بەڵام من ئێستاش لام ڕوون نییە...

**لاو:** ... بەڵام دواجار تۆ و پیاوی ئاوا بەیەک زمان نادوێن.

**ناودار:** (**چەواشە بووە**) ئم؟... چی؟... کێ؟

**لاو:** ناوی چییە... ئەو نووسەرەی کۆڵۆمبیا.

**ناودار:** من...

**لاو:** بۆچی ویستم تۆ ببینم... لەوانەیە بە ڕوونی لە نامەکەما ئاماژەم پێ نەکردبێ... ئەویش ئەوەیە... کە پێویستیم بە ئامۆژگاری جەنابتان هەیە.

**ناودار:** (**بەهێواشی و سادەییەوە**) چاکە، خۆشحاڵم... نازانم کە من...

**لاو:** (**نوقمی بیرکردنەوەیە**) ئەبینی... ئەبێ وتارێک لەسەر شانۆ بنووسم و ...

**ناودار:** (**لچی هەڵئەقورتێنێ**) ئەبێ بینووسی؟

**لاو:** بە هەرحاڵ، من ناچار نەکراوم.. بەس بیری لێ دەکەمەوە...

**ناودار:** ئێێێ، وتارێکی نا مسۆگەرە... (**بزەیەک ئەکات**)

**لاو:** هەروەها... هاە ... چی؟ ئێ، بەڵێ... زۆر چاکە، لە ڕاستیدا زۆر چاکە.

**ناودار:** (**بەردەوامە لە بزەکەی**) وشە؛ وشە... چەند چێژ بەخشن.

**لاو:** بەهەر نرخێک بووە ئەبێ ئەو وتارە هەر بنووسم...

**ناودار:** (**کارگوزارانە... لە ترسی ڕەنجاندن**) بەڵێ؛ بەڵێ بە گشت مانایەکەوە.

**لاو:** منیش سوپاسی ئامۆژگارییەکانت ئەکەم.

**ناودار:** (**برۆکانی ئەهێنێتەوە یەک**) بە دڵنیاییەوە. (**بەڕووخۆشییەوە**) ئا، من... من بیرم چوو پیرۆزبایی شانۆگەرییە... سەرکەوتووەکەت... لێ بکەم، ئەوەی ... هاە... لە دەرەوەی برادوای نمایش کرا.

**لاو:** (**دڵخۆشە**) ئا...

**ناودار:** بەڵێ؛ بەڵێ لە ڕاستیدا... پێویستە شانازی پێوە بکەی. ئەوە پێی ئەڵێن... هاە...

**لاو:** کێشە، کەمتەرخەمی و مەرگ.

**ناودار:** ئاە... بەڵێ... بەڵێ، ڕاستە... کێشە... مەرگ...

**لاو:** کێشە، کەمتەرخەمی و مەرگ.

**ناودار:** ئا، بەڵێ... خۆیەتی. خۆیەتی... ئەوەندە درێـژە نـابێژرێ. ئـەوە لە... کوێ...

**لاو:** لە هۆڵی شانۆی خۆرهەڵاتی جادەی سێیە.

**ناودار:** بەڵێ؛ بـەڵێ. (**وچانێـک**) دەبـێ دانـی پـیـادا بنـێم کـە تـا ئێسـتا دەرفەتی ئەوەم نەبووە... بڕۆم بۆ بینینی.

**لاو:** بەڵام، بەهەرحاڵ، من...

**ناودار:** تازە دەستی پێکردووە، وا نییە؟ ناوەڕۆکێکی باشی هەیە!

**لاو:** چوار مانگ ئەبێ؛ بەڵێ.

**ناودار:** بەڕاست، ئەی خوا ... ئەوەندە لەمێژە! (**وچانێـک**) بەهـەرحاڵ، کات زۆر بەخێرایی ئەڕوات... چوار مانگ ... بەڕاستتە!

**لاو:** (**لە ناخی دڵەوە پێئەکەنێ**) بەڵێ!

**ناودار:** (**دەستەکانی لێک ئەخشـێنێ و لەڕادەبـەدەر دڵخۆشـە**) نـەوەی نوێ لە دەرگا ئەدەن. گیلبەر، ڕیچاردسۆن، کۆپیت... (**شـان ئـەجوڵێنێ**)... ئەلبی... تۆ... (**خەمبارانە پێئەکـەنێ**) ئێـوەی گـەنجان جێگامـان پـێ لـەق ئەکەن.

**لاو:** (**بێئاگایانە بزەیەک ئەکات**) بەهەرحاڵ لەوانەیـە شـوێنی هـەموومان ببێتەوە.

**ناودار:** (**خۆی بە پشتدا ئەچەمێنێتـەوە**) هـاە... بەهـەرحاڵ... بـەڵێ! (**بەگومانەوە**) با ئەو هیوایە بخوازین!

**لاو:** (**وەک ناودار پێکێکی تر بـۆ خـۆی تێئـەکا**) بەهـەرحاڵ، ئێسـتا... سەبارەت بە وتارەکە.

**ناودار:** (**بە نیگەرانییەوە**) ئا... بەڵێ... ئەوە.

**لاو:** (**تێ هەڵئەچێ**) پێم باشترە بە هەرایەکی گەورە دەست پێبکەم! (**هەردوو دەستی لێک ئەداو ناوداریش بە هێواشی ڕائەچڵەکێ**) هیچ موماتەڵەیەک لەگۆڕێدا نییە.

**ناودار:** (**تۆزێک پاشەکشە ئەکا**) نەخێر... بەڵێ؛ بەگشت مانایەکەوە.

**لاو:** هێرشی ڕاستەقینە ئاوایە... دایان بنێ... ڕیزیان بکە... و زرمەیان لێ هەستێنە!

**ناودار:** (**چاوی لەسەر لاوە**) بەڵێ... بەهەرحاڵ پێویستمان بە... ها... ڕەخنەی بنیادنەرانەی ڕۆژنامەوانی هەیە. (**لەگەڵ کزبوونی دەنگیدا**) هیچ شتێکی لەو بابەتە هەیە کە...

**لاو:** (**قسەکەی پێ ئەبڕێ**) یەکەمجار ئەوە ئەکەم کە بڕوام پێ بوو... ڕێک لە سەرەتاوە کە لیستێکە لە شتە پووچەکان... ئەبینی ئەوە ناوی ئەنێم 'گەڕان بە دوای قارەماندا'.

**ناودار:** بەهەرحاڵ لەو بڕوایەدام کە...

**لاو:** داندی، هاە؟ (**بزەیەک ئەکا... بەردەوام دەبێ**) بەو شێوەیە، وامزانی لیستەکە دروست ئەکەم... لە سەری سەرەوە ناوی هەموویان ڕیز ئەکەم.

**ناودار:** هەموو کەس؟

**لاو:** هەموو کەس! (**نوقمی بیرکردنەوەیە**) ئەو شوێنەی کە لێی هاتویتەتە نێوەوە.

**ناودار:** (**ڕێک تەماشای هۆڵەکە ئەکا**) من؟... من دڵنیا نیم من...

**لاو:** لێرەوەیە پێویستیم بە یارمەتی جەنابتانە. ئێوە ئەو کەسانە ئەناسن... ئێوە دژایەتیان ئەکەن... ئەوە تۆی.. ئەوە تۆی پەردەت لە ڕووی گەمژەیی، لووت بەرزیی، هەلپەرستی هەڵماڵیوە... و ...

**ناودار:** بەهەرحاڵ من وای دائەنێم کە من...

**لاو:** ئەزانم تۆ وای دائەنێی... من دڵنیام لەوە. هیچ کەسێ ناگاتە ئەو شوێنەی کە تۆی پێگەیشتووی بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی پێوە هەبێ.

**ناودار:** (**ئاگایانە وەک پێکێکی تر بۆ خۆی تێئەکا**) بەهەرحاڵ ئێستا ... کاتێکی خۆشم ئەبوو... من...

**لاو:** بەڵام ئەبێ خۆتی پیادا بکەی!

**ناودار:** (**خۆزگەی ئەخواست خۆی یان لاو لە جێگایەکی تر بوونایە**) بەڵێ وای دائەنێم کە... من ئەبوایە.

**لاو:** بەدڵنیاییەوە هەرچۆنێ بێ تۆ ئەبوایە! ئەمە لیستی شتە پووچەکانە. (**هاتوچۆ ئەکات. بە پەنجەکانی ئەیانژمێرێ**) خاوەن هۆڵەکان... بەرهەمهێنەران... لایەنگران... شانۆی حیزبەکان... سەندیکا... ڕەخنەگران... دەرهێنەران... شانۆنووسان... خۆشیان... ئەوە لیستەکەیە. (**پێئەکەنێ**)

**ناودار:** (**هەرەسی هێناوە**) ئەوە... ئەوە ....(**پێکەنینێکی سارد**) ئەوە جێگایەکی تیا نەماوەتەوە بۆ قارەمان، وایە؟

**لاو:** (**ئەیقۆزێتەوە**) ئەوە بەس دەستنیشانکردنی کەسە خەتابارەکان بوو.

**ناودار:** ئەی خوا...

**لاو:** هیوادارم ڕاشکاوانە بدوێی.

**ناودار:** باشە... بە دڵنیاییەوە...

**لاو:** لەبەر ئەوەی نامەوێ نیوە ئامادە لێی دەرچم.

**ناودار:** (**جارێکی تر بەرەو لای سوراحی مەیەکە ئەڕوا**) چاکە، دڵنیام کەسمان وا ناکەین. تۆ دڵنیای کە وا ناکەی... تۆ حەزت لە خواردنەوە نییە؟

**لاو:** نەخێر ... نا، سوپاس. بەڵام تۆ ... تۆ بۆ خۆت بەردەوام بە.

**ناودار:** (**وچانێک... تووڕەیە**) سوپاس... بەردەوام ئەبم.

**لاو:** (**تۆنی دەنگی ناودار فەرامۆش ئەکا**) ئێستا بە نیسبەت خاوەن شانۆکان... پێم وابوو لەوانەیە کەسێک شتێکیان پێ بڵێ لە چەشنی... نەخوێندەوار، بێدەربەست، چڵێس، خاوەن عەقاراتی بەختەوەر.

**ناودار:** (**سەرسام بووە... ئاسوودەشە**) ئێ... ئێ، خوایە... ئەوە زۆر بەهێزە، وا نییە؟

**لاو:** پاشان بەرهەم هێنەرانیش... چۆنن؛ هەلپەرستن، بازرگانانی نان بە سکەوە سووتاون، ڕەفتارکەری ساختەو درۆزنانەن وەکو...

**ناودار:** ئێ، بەڵێ... جوانە... جوانە... زۆر بەهێزە. وەی خوایە!

**لاو:** ئێستا ئەزانیت چۆنە؟

**ناودار:** (**پیکێکی تر بۆ خۆی تێئەکا. لە هاتوچۆدایە. سوراحی بە دەستێکیەوەیە و پەرداخیش بەدەستەکەی تریەوە**) بەڵێ... بەڵێ ئەزانم. ئەمە بەڕاستی لەپاڵ یەک ڕیزکردنە. (**پێئەکەنێ**)

**لاو:** هەروەها پێموابوو خراپ نییە گەر بوترێ زۆربەی شانۆنووسەکانمان لە بازرگانێک باشتر نین... ئەزانی... خەریکی تاڵانن.. ڕێک وەک هەر کەسێکی تر خۆپەرستن...

**ناودار:** (**ئێستا نیوە سەرخۆشە**) ئێ، ها ها ها!

**لاو:** ... دەرهێنەرەکانیشمان تەرپۆشن، هونەرمەندی فیڵبازی جادووبازن زۆر سەرسەخت و خانەدانانە ئەدوێن... تا دەست ئەکەن بەپرۆڤە... پاشان...

**ناودار:** (**شادییەکەی دووقات ئەبێتەوە**) بەڵێ... بەڵێ! ها ها ها ها!

**لاو:** ... دەربارەی ڕەخنەگرەکانیشمان... وەک چۆن خۆیان وەکو ناوبژیکەرێکی سۆسیۆلۆجی... نیشان ئەدەن... ئاوا خراپ کەڵک لە ئیشەکەیان وەرئەگرن... و ...

**ناودار:** (**کێوییانە خۆشحاڵە...هانی لاو ئەدا**) بەڵێ... بەڵێ... بەردەوام بە... بەردەوام بە!

**لاو:** ... پاشان بەرەو لای بریکارەکان وەرئەچەرخێن... پێیان ئەگوترێ ڕیزی پێکەوەگرێدراو... یان شتی تر

**ناودار:** ها ها ها ها!

**لاو:** ... پاشان کەسە بێ مێشکەکان...

**ناودار:** (**بە پەستییەوە**) کەسە بێ مێشکەکان! هی هی هی... ئەوانە کێن؟

**لاو:** (**بە سادەییەوە**) ئێ، شانۆی حیزبەکان...

**ناودار:** شانۆی حیزبەکان. ( **جڵەو نەگیراوانە پێئەکەنێ... بە پەنجە لە مێزە نایابەکە ئەدات**) وەی گیان جنێویان پێ بدە ها؟... لەسەر هێڵەکە ڕیزیان بکە!... با بۆ وان بێ... ها ها ها ها... بیانبڕەوە!

**لاو:** (**لە خۆشیانا شەوق ئەداتەوە**) پێت خۆش بوو؟ بیرۆکەکەیت پێخۆش بوو؟

**ناودار:** پێم خۆش بوو! لام پەسەندە!هی هی هی هی! ئەمە خۆشترین شتە کە لە ژیانما گوێم لێ بووبێت.

**لاو:** (**زۆر مکوڕانە**) خۆشحاڵم.

**ناودار:** دە یەڵڵا..پێکێک بخۆرەوە.ها ها ها ها.

**لاو:** نەخێر... نەخێر... ئەبێ بڕۆم... من کاتی جەنابتانم زۆر گرت.

**ناودار:** چی، نەخێر... پەلەی چیتە.دەی بمێنەرەوە.ها ها ها ها.

**لاو:** ( **دەستی درێژ ئەکا، بەڵام ناودار دەستی گیراوە و تۆقەی لەگەڵ ناکات**) نا... نا، لە ڕاستیدا قوربان. ئەبێ بڕۆم.زۆر سوپاست ئەکەم لە دڵەوە زۆر سوپاس.

**ناودار:** هۆ هۆ هۆ... شایانی نییە. وەی خوایە... قەت ئاوا زۆر پێنەکەنیوم...

( **هەردوو بەرەو دەرگای هۆڵەکە ئەڕۆن لەوێوە... خواحافیز-سوپاس... شایانی نییە. دەنگی داخستنی دەرگاکە دێت. ناودار دووبارە دێتە ژوورەوە. ئەڕوا تا پێکێکی تر بۆ خۆی تێبکا**)

ها ها ها ها......... هی هی هی هی! وەی خوایە.(**سەر با ئەدا... پەرداخ و سوراحییەکە دائەنێ و ڕێک بەرەو لای خشتە بەرەوە بووەکە ئەچێ... هەر واش ئەکا** دەنبوسێکی پیا ئەکاتەوە).

......ها ها ها ها! (**بێمەبەست بەناو ژوورەکە ئەسوڕێتەوە، .........، پێئەکەنێ.**

**زەنگی تەلەفۆن لێئەدا. بەرەو لای تەلەفۆنەکە ئەجوڵێ**) ها ها ها. هەلاو؟

دەنگی **لاو:** (**بەدەنگی بەرز لە مایکرۆفۆنەوە**) ئاه... سڵاو بەڕێز ئەوە دووبارە خۆمم.

**ناودار:** ئەوە... خۆتی... وەرەوە سەرەوەو پێکێک بخۆرەوە.

دەنگی **لاو:** نا نا... نەخێر... هەر ویستم دووبارە سوپاست بکەم.من لە خوارەوەم... هەر ویستم سوپاست بکەمەوە.

**ناودار:** شایانی نییە، کوڕی خۆم! سوپاس ها ها ها ها!

دەنگی **لاو:** زۆر سوپاس بۆ چاوپێکەوتنەکە. سوپاس قوربان.

**ناودار:** شـایانی نییـە... شـایانی نییـە... هـا هـا هـا ( **تەلەفۆنەکـە دائەخات... لەسەرخۆ پیاسە ئەکا**) شایانی نییە... شایانی نییە. (**لەناکاودا ئەوەستێ**) چاوپێکەوتنەکە!!!! چاوپێکەوتنەکە!!!!!

**(ڕەنگـی زەرد هەڵئەگـەڕێ، دەمـی ئەکرێتـەوە، یـەکێک لـە تابلۆکـانی مۆدیگلیـانز ئەکەوێتـە خـوارەوە... بـەراک دائـەماڵرێ... فرانـز کلاّیـن لار ئەبێتەوە... و مەزەردوێڵیش ئەکەوێتە سەر زەوی).**

پەردە دائەدرێتەوە

سەرچاوە:

**Two Plays by Edward Albee**
**The Sandbox and The Death of Bessie Smith (with Fam and Yam)**
**Printed in the U.S.A**

## شانۆگەریی

# نهێنییەك لەناوجەرگەی ژیانێکی ئاساییدا

## دەربارەی دۆن دیلیلۆ



دۆن دیلیلۆی ڕۆماننووس و شانۆنامەنووس و وتارنووسی ئەمەریکی سەر بە ڕەوەندی ئیتالی – ئەمەریکی لە 1936/11/20 لە نیویۆرک لە ئەمەریکا لەدایک بووە. کارەکانی دۆن ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەمەریکای کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکە. ڕۆمانەکانی دۆن سەبارەت بە جەنگی ئەتۆمی، وەرزش، نمایشی هونەر و جەنگی سارد و ماتماتیک و سەردەمی دیجیتاڵ و تیرۆریزمی جیهانییە.

دۆن لە هەرزەکاری حەزی لەنووسین نەبووە. تا ئیشێکی دەست کەوت لە گۆڕەپانی وەستانی ئۆتۆمۆبێل. کە ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی خوێندنەوە بوو. وەک خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ 'زی ئوستورالیەن'دا ئەڵێ " تەمەنی بیستەکان و سییەکان بۆ من تەمەنی زێڕینی خوێندنەوە بوو پاشان دەستم بە نووسینەکانم کرد. لەنێو ئەو نووسەرانەی دۆن پێیان سەرسام بوو جەیمس جۆیس و ولیەم فاکنەر و فلانەری ئۆکۆنەر و ئەرنێست هەمەنگوای بوون. پاش تەواوکردنی زانکۆی برۆنێکس و وەرگرتنی بەکالۆریۆس لە هونەری کۆمینیکەیشن لە ساڵی 1958 دۆن کەوتە ئیشکردن لە بواری ڕیکلام. لەساڵی 1964 دۆن یەکەمین چیرۆکی بڵاو کردەوە. لە ساڵی 1971 تا 1978 شەش ڕۆمانی بڵاو کردەوە. دەیەی هەشتاکان بۆ دۆن دەیەی کارە نائاساییەکانی بوو. دەیەی نەوەدەکان دەیەی نووسینی کۆمەڵێ بەرهەم بوو لەسەر تیرۆر و تیرۆریزمی جیهانیی. دەیەی 2000 – 2010 کۆمەڵێ بەرهەمی تری تێدا نووسی.

دۆن دیلیلۆ شازدە ڕۆمان و پێنج شانۆگەری و نۆزدە کۆمەڵە چیرۆک و کۆمەڵێ وتاری نووسیوە. تا ئێستا 24 کتێبی دەربارە نووسراوەو بیست و چوار جاریش ڕێزی لێ نراوە و خەڵاتکراوە. دۆن دیلیلۆ ئێستا لە برۆنکسڤیڵ لە نزیک شاری نیویۆرک ئەژی.

شانۆگەری

# نهێنییەک لە ناوجەرگەی ژیانێکی ئاساییدا

نووسینی: دۆن دیلیلۆ

کارەکتەرەکان:

ژن

پیاو

(ژن و پیاوێک لە ژوورێکدان)

**ژن:** بیرم لەوە ئەکردەوە کە چەند سەیرە.

**پیاو:** چی سەیرە؟

**ژن:** ئەو خەڵکەی ئەتوانن پێکەوە بژین. شەو و ڕۆژ و ساڵ دوازدەی مانگ. ئەوا پێنج ساڵ وا تێئەپەڕێ. چۆن ئەتوانن ئەو کارە بکەن؟ دە، یازدە، دوازدە ساڵ. دوو کەس ژیانێک پێکدەهێنن. دەیان هەزار ژەمە خواردن پێکەوە دەخۆن. ڕووبەڕوو پێکەوە قسە ئەکەن. ڕوویەک کراوە هەر وەکو لەفەیەکی گەرم. هەموو ئەو وشانە ژوورەکە پڕ ئەکەن. ئەرێ خەڵک

به درێژایی ژیانیان باسی چی ئەکەن؟ قسەی هەلەق و مەلەق ئەدەن. هەر هەمان دەنگ. هەمان ئاوازی وزەوزکەری دووبارەوەبوو. شتێکت پێ ئەڵێم.

**پیاو:** شتێکم پێ ئەڵێی؟.

**ژن:** نهێنییەک لێرەدا هەیە. خەڵکانی پشت دیواری خانووە قاوەییەکەی دراوسێمان چی ئەڵێن و چۆن ئەژێن؟ هەموو ئەوانە وتو وێژی نموونەیین. منگەمنگ. قسەی پەڕپووت. بیرم لەوە ئەکردەوە کە چەند سەیرە. چۆن ئەتوانن شتی وا بکەن. شەو لە دوای شەو، ئەو هەموو شەوانە، ئەو هەموو قسەیە، کەمیان ئەتوانن ئیدارە بکەن.

**پیاو:** خۆشەویستی ئەکەن و زەڵاتە دروست ئەکەن.

**ژن:** بەڵام درەنگ یان زوو ئەبێ بەدەنگ بێن. ئەمە تێک و پێکدانی جیهانە. مەبەستم ئەوەیە ئایا تێک و پێکدانی لەسەرەخۆی دونیا نییە بەردەوام دابنیشی و گوێ لە کەسێک بگری بێ هیچ هۆیەک یان سەروایەک. ئەو وشانەی دەردەپەڕێنرێن. وچانەکان. ڕستە ناتەواوەکان. چەند هەزار جار ئەتوانی تەماشای هەمان دەموچاوی وشکەوەبوو بکەیت و بڕوانیتە ئەو دەمەی کە دەکرێتەوە؟ هەموو شتێک تا ئێستا باشە. تا ئەو کاتەی دەمیان ئەکەنەوە. تا دەست بە قسەکردن ئەکەن.

**(وچانێک)**

**پیاو:** من تا ئێستا لەم بیرکردنەوە ساردو سڕە حاڵی نەبووم.

**ژن:** ئەو شتانە بەرە کە ئەتەوێ بیان بەی.

**پیاو:** حەبەکان؟

**ژن:** نا کەپسوولەکان.

(وچانێک)

**پیاو:** ڕۆژێکی درێژە.

**ژن:** ڕۆژێکی درێژە.

**پیاو:** شەو و خەوێکی خۆش.

**ژن:** ڕۆژێکی درێژ و لەسەرەخۆیە.

**(ڕووناکی لەسەرەخۆ کز ئەبێ)**

(پەردە دائەدرێتەوە).

**تێبینی:**

ئەم شانۆگەرییە لەساڵی 2001 نووسراوە.

**سەرچاوەکان:**


**1- Discovering Literature**
**Hans P. Guth & Gabriele Rico**
**Third Edition 2003 U.S.A. page 1138**

**2- [http://en.wikipedia.org/wiki/Don_DeLillo](http://en.wikipedia.org/wiki/Don_DeLillo)**


**تێبینی:**

ئەم دەقە لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 70 ی ساڵی 2011 بڵاو بۆتەوە.

شانۆگەری

# کۆمەڵگە

## دەربارەی ئۆمەر هانسن



شانۆنامەنووس و گۆرانینووس و نووسەر و ئەکتەر ئۆمەر هانسن وانەی دراما لە کۆلیژی سەڵت لەیک کۆمینیتی دەڵێتەوە. ئێستاش بە وەرگێڕانی شانۆگەرییەکانی فرانز گریلپارزەرەوە خەریکە. شانۆگەری کۆمەڵگە لە ساڵی 1991 لەسەر شانۆ لە وۆرک-شۆپی پرۆگرامی گەشەپێدانی شانۆنامەنووسان خوێنرایەوە کە لە لایەن کۆمەڵەی شانۆ لە خوێندنی باڵا لە شاری سیاتڵ ڕێکخرا. لە کۆتایی ئەو ساڵەش خەڵاتی پریمیەر پرۆدێکشنی کارە شانۆییەکانی خۆرئاوای شاری سەڵت لەیکی وەرگرت.

ج. ئۆمەر هانسن حەوت شانۆگەریی نووسیوە لەگەڵ چەندین ڕۆمان و چیرۆک و شیعر بۆ منداڵ و مێرد منداڵان.

## دەربارەی نۆرمان بێرت و دێب بێرت

**نۆرمان بێرت**: پرۆفیسۆری شانۆ و سەمایە لە زانکۆی تێکساس تێک. نۆرمان بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە تیۆر و ڕەخنەی دراما لە زانکۆی ئیندیانا لە ساڵی 1975 و ماستەری هەیە لە هونەرەکانی شانۆ لە زانکۆی کانساس لە ساڵی 1972و بەکالۆریۆسی هەیە لە ئایینناسی لە ساڵی 1967و ئەدەبی ئینگلیزی لە ساڵی 1964. لە ساڵی 1969ەوە تاکو ئێستا لە گەلێک لە زانکۆکانی ئەمەریکا وانەی وتۆتەوە و خاوەنی ژمارەیەک شانۆگەری و کۆمەڵێ کتێب و وتاری بەنرخە لەسەر شانۆ و هونەری شانۆ. نۆرمان نزیکەی نۆزدە خەڵات و ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە.

**دێب بێرت**: بەکالۆریۆسی لە هونەری شانۆ لە زانکۆی مۆنتانا وەرگرتووە. دێب لە نەیتیڤەکان (خەڵکە ڕەسەنەکانی) مۆنتانایە و بەرهەمەکانی لەژێر

ناوی مادلین مـارتین بـڵاو دەکـاتەوە. دەقە شـانۆییەکانی لەسـەر شـانۆکانی مۆنتانا و تێسکاس و برادوەی نمایش کـراون. ئێسـتاش سـەرباری نووسـینی شانۆگەری سەرقاڵی نووسینی کتێبە بۆ منـداڵان. دێـب وەختـێ بە شـانۆوە خەریـک نەبێـت، خەریکـی گەشـتوگوزار دەبێـت و کـاتێکی خـۆش لەگەڵ هاوڕێکانی بەسەر دەبات.

دێب دوو کتێبی چاپکراوی لەگەڵ نۆرمان بیرت هەیە.

# شانۆگەری

# کۆمەڵگە

نووسینی: ج. ئۆمەر هانسن

(ڕووداوەکە لە ژوورێکدا ڕوو دەدات)

کارەکتەرەکان: بایرۆن، کیتس

شوێنکات: ژوورێکە مێزێک و دوو ئەسکەمیلی تێدایە. دەرگایەک هەیە — داخراوە- و پەنجەرەی تێدا نییە.

**(دوو پیاو لەناو ژوورەکەدان. یەکێکیان لەسەر مێزەکە خەوتووەو ئەوی تریشیان دانیشتووە و تەماشای ئەکات. دوای پیاکێشانی کیتس بە مێزەکەدا و بایرۆن بەخەبەر دێت. دەست پێدەکەن)**

**بایرۆن:** زۆر چاکە.

**کیتس:** بەڵێ زۆر چاکە. هاوڕام (کۆکم) لەگەڵتا.

**بایرۆن:** ئەوە ماوەیەکی زۆری برد.

**کیتس:** ماوەیەکی زۆری برد. وا بوو بە ساڵێکی تەواو.

**بایرۆن:** من پەرێشان بووم.

**کیتس:** دەبێت دەست پێبکەین.

**بایرۆن:** بێگومان. ڕاست دەکەی. ( **هەردوو پیاوەکە ئەچنە پشت مێزەکەوە. بایرۆن بەپێوە ئەوەستێت.**) بابزانرێت کە کۆمەڵگەی شاعیرانی جیهان و گەردوون. ئێستا بە فەرمانی شیعرییەوە دێن.

**کیتس:** جوان بۆی چووی.

**بایرۆن:** سوپاس. پێویستە حەز بکەین گوێبیستی خوێندنەوەی یادنامەکە بین. ( **بایرۆن دائەنیشێ و کیتس هەڵدەستێتە سەرپێ، پارچە کاغەزێکی بە دەستەوەیە**)

**کیتس:** من ئێستا یادنامەکەی دووایین کۆبوونەوە دەخوێنمەوە. خوێندنەوەی یادنامە. کردنەوەی تێبینییەکان. خوێندنەوەی شیعر. گفتوگۆی زیندوو، بەبێ کوشتارگە، ئابوونە کۆکردنەوە، داخستنی تێبینییەکان (**کیتس دائەنیشێت**)

**بایرۆن:** سوپاس. بەڕێزینە ئێستا ئێمە تێبینییە کراوەکانمان هەیە. وڵاتی هونەرەکان لەهەموو کاتێک لاوازترە. شانۆ بۆ چەندین ساڵ دەچێت مردووە. هونەری شێوەکاری لە گۆڕاندایە. مۆسیقا میلۆدیانە ئەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە دوو دڵ و بێبایەخە. (نابەجێیە). سینەماش هەرگیز شێوازێکی هونەر نەبووە، ڕۆمانیش بۆتە کرێی جەماوەر و کورتە چیرۆکیش هەموو ساڵێک درێژتر دەبێتەوە. ئەوە شیعرە و بەتەنها هەر شیعرە وەک هونەرێکی شایستە بە ژیان ئەمێنێتەوە. پرسیار ئەکەی بۆچی؟ بەوپەڕی سادەییەوە بەم جۆرەی دابنێ: ئێمە لە تۆڕی بۆگەنی مانا و لە بۆگەنی چاڵی هۆکار

هەڵاتـووین. ئـێمە هـونەرین و هـونەریش ئـێمەیە. ئـێمە شـیعرین و ئەوەش ڕووناکی شیعرە لە ناخمانەوە. ( **کیـتس دەسـت بەچـەپـڵە لێـدان دەکـات، بـایرۆن بە تـووڕەییەوە تەماشـای کیـتس دەکـات.**) ئـێمە ملکەچـی فەرمانەکانی دەرەوە نـین. فەرمـان ئـاژاوەیە و ئـاژاوەش فەرمـانە. لێـرە لەم شوێنە و بەتەنهـا ئەم شـوێنە لەوانەیە بیرکـردنەوە هەبێـت و گەشـە بکـات

(**بایرۆن دادەنیشێت و کیتس بە قایمی چەپڵە لێدەدات)**

**کیتس:** ئازیزم.

**بایرۆن:** سوپاس.

**کیتس:** ئەوە جوان بوو.

**بایرۆن:** تۆ زۆر میهرەبانیت.

**کیتس:** پێم وابێت ئەبێت بگرێم.

**بایرۆن:** نا مەگریێ.

**کیتس:** شاعیرانە بوو.

**بایرۆن:** بەڵێ.

**کیتس:** ڕاپۆرتەکە لە سکرتێرەوە بوو؟

**بایرۆن:** دەستگیرۆیی وەستێنرا. دەسەڵات یارمەتیدانی ڕەتکردۆتەوە.

**کیتس:** مەرگ بۆ ستەمکار. دەسەڵات بۆ دەبەنگەکان.

**بایرۆن:** هێمن بەرەوە.

**کیتس:** تۆ ڕاست دەکەیت...

**بایرۆن:** من دووەمم. کێ دەست پێبکات؟

**کیتس:** من دەست پێبکەم؟

**بایرۆن:** بەهەموو مانایەکەوە.

**کیتس:** ( **کیتس هەڵدەستێتە سەرپێ، وچانێک**) شێلان... سمی ئەسپ... دەموچاوێکی تەخت. ( **دادەنیشێت. بایرۆن دادەنیشێت و بەترسەوە لێی دەڕوانێت**)

**بایرۆن:** چ کورت و پڕ مانایە... ئەمبینی... ئەسپەکە... سمەکە... دەموچاوەکە... ئەوە شاکارە. ئەوەی مانا بێ نەیبوو.

**کیتس:** تۆ زۆر میهرەبانیت.

**بایرۆن:** بەڕاست؟

**بایرۆن:** ئۆ بەڵێ، تکایە. ئێمە لەسەرو بەندی دەستپێکردنێکی باشداین.

**بایرۆن:** ( **هەڵدەستێتە سەرپێ و چاویلکەی خوێندنەوە لەچاو دەکات**) چوون بۆ پارک و سەرما بوون لەشەوانی زستانا لە مانهاتان. وەختێ وامزانی پێمخۆشە، بەڵام هیچ نەبوو.

**کیتس:** ئەوە ناوو نیشانەکەیە؟

**بایرۆن:** (**واقی وڕماوە**) بەڵێ.

**کیتس:** ئۆی، بەڵام من پێمخۆشە. حەزم پێی هەیە. زۆر شاعیرانەیە.

**بایرۆن:** ئۆی، لەو بڕوایەدایت؟

**کیتس:** ئۆی، بەڵێ بەدڵنیاییەوە.

**بایرۆن:** سەرما بردنێکی خۆڵەمێشی ڕەش... پەنجەکان... ژانێکی ئەرخەوانی... تۆ، لێوێکی ڕەشی مەیلەو قاوەیی. (**نامەیەکی بچکۆلانە لەژێر دەرگاکەوە دەخرێتە ئەمدیوەوە. کیتس دەیبینێت**)

**کیتس:** ئەوەت بینی؟

**بایرۆن:** چی؟

**کیتس:** ئەوەی لای دەرگاکە.

**بایرۆن:** من تەواو نەبوومە.

**کیتس:** کەسێک نامەیەکی لەژێر دەرگاکەوە فڕێدایە ئەمدیوەوە.

**بایرۆن:** بەڵام من تەواو نەبوومە.

**کیتس:** کەسێک فڕێیدایە...

**بایرۆن:** ئەمە دادپەروەری نییە.

**کیتس:** من...

**بایرۆن:** تۆش ئەبێت ئەوەی خۆت بخوێنیتەوە.

**کیتس:** بەڵام کەسێک نامەیەکی لەژێر دەرگاکەوە فڕێدایە ژوورەوە. (**ئەمە بۆ یەکەمین جارە بۆ بایرۆن دێت. هاوار دەکات**) تەماشای بکەین بزانین چییە؟

**بایرۆن:** مەبەستت ئەوەیە لەو دیوی دەرگاکەوە فڕێدرایە ژوورەوە.

**کیتس:** بەڵێ. نازانم ئەبێ مانای چی بێت.

**بایرۆن:** (**ترساوە**) باشە لەوانەیە یەکێکمان تەماشای بکات بزانێت ئەوە چییە.

**کیتس:** من قایلم.

**بایرۆن:** (**نایەوێت**) ئەتەوێت بزانم چییە؟

**کیتس:** قەیناکە خۆم دەیکەم.

**بایرۆن:** باشە. ( **کیتس بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات و نامەکە هەڵدەگرێت. بەڕوانینێکی نیگەرانییەوە تەماشای دەرگاکە دەکات و ئەگەڕێتەوە لای بایرۆن**)

**کیتس:** ئەشێت هاوار بکەین بزانین کێ ئەو نامەیەی خستۆتە ژێر ....

**بایرۆن:** نا نا هاوار مەکە! لەوانەیە تێکدەرێکی کۆمەڵگە بێت. ( **کیتس بازێک لە دەرگاکە دوور دەکەوێکەوە**) ئەوە چییە؟

**کیتس: (نامەکە هەڵدەپچڕێت)** بۆچی... ئەوە شیعرە. ئەوە شیعرە. ئەتەوێت بۆتی بخوێنمەوە؟

**بایرۆن:** نا نا ئەوە هی دەرەوەیە. وابزانم باشترە هەر لەژێر دەرگاکەوە بیخەینەوە...

**کیتس:** ئەمە جێگای سەرنجە.

**بایرۆن:** نەتخوێندەوە وا نییە؟

**کیتس:** خوێندمەوە. ئەشمەوێت بۆ کۆمەڵگەی بخوێنمەوە.

**بایرۆن:** من دژی ئەوەم.

**کیتس:** پێویستە ئازایەتی لەخۆمان نیشان بدەین.

**بایرۆن:** زۆر چاکە. ئەوە لەسەر تۆیە ( **بایرۆن ئەچێتە لای ئەسکەمیلەکەی و دادەنیشێت. کیتس ئەچێتە لای ئەسکەمیلەکەی و بەپێوە دەوەستێت و دەست دەکات بەخوێندنەوە)**

**کیتس:** بەزۆری ئەوەستێتە سەر... چی ئەنووسم و... چۆن بیر ئەکەنەوە. بەڵام هەرگیز ئەم دووانە ناگەن بەیەک.

(**وچانێکی درێژ**)

**بایرۆن:** ئەوە بۆنی مانای لێدێت.

**کیتس:** چی؟

**بایرۆن:** ئەیڵێمەوە. ئەوە بۆنی مانای لێدێت.

**کیتس:** پێموابێت ڕاست ئەکەیت. ئەی چی بکەین؟

**بایرۆن:** بیخەرەوە شوێن خۆی.

**کیتس:** ژێر دەرگاکە؟

**بایرۆن:** بەڵێ، بەڵێ.

**كيتس:** ئێستا؟

**بايرۆن:** چەند زووتر بێت باشترە. ( **كيتس ئەچێتە لای دەرگاكە و دائەچەمێتەوە و وەختە نامەكە بيخاتە ژێر دەرگاكە و دەوەستێت)**

**كيتس:** بۆ پێتوايە ئەو نامەيەيان بۆ ناردين؟

**بايرۆن:** تا گەندەڵمان بكەن. ئەيانەوێت گەندەڵمان بكەن. بيخەرەوە ژێر دەرگاكە.

**كيتس:** بەڵام... دەرگاكە... قەت پێشتر ڕووينەداوە. كەسێك لەوديوەوە هەيە.

**بايرۆن:** گەندەڵی لەوديوەوەيە.

**كيتس:** بەڕاستيتە؟

**بايرۆن:** ئەگەر نايخەيتەوە ژێر دەرگاكە، لانی كەم لەسەر ئەرزەكە دايبنێ و شيعری زياتر بخوێنەوە... وەرە... بخوێنەوە.

**كيتس:** لەوانەيە ڕاست بكەيت.

**بايرۆن:** شيعرێكی تری خۆت بخوێنەوە.

**كيتس:** بەڵام تۆ شيعرەكەی خۆت تەواو نەكرد.

**بايرۆن:** قەيناكە. بيخوێنەوە. ( **كيتس بۆ ماوەی خولەكێك تەماشای مێزەكە دەكات و پاشان ڕادەوەستێت و بۆ خوێندنەوەی شيعرێكی تر. تەماشای نامەكە دەكات لای دەرگاكەوە**) تەماشای مەكە! ( **كيتس ڕوو وەردەگێڕێت و تەماشای شيعرەكەی دەكات)**

**كيتس:** شەوەكە ... تاريكييەكی فێنك... زۆر يان كەم... ئەوە...

**بايرۆن:** ئەوە كێشدارە.

**كيتس:** نا وا نييە.

**بايرۆن:** بەڵی وايە. تۆ شيعری كێشدارت خوێندەوە.

**کیتس:** نەخێر شیعری کێشدارم نەخوێندەوە.!

**بایرۆن:** ئەزانم خوێندنەوەی شیعری کێشدار کە بەر گوێم دەکەوێت. ئەوە کێشدار بوو.

**کیتس:** بەهەرحاڵ.. لەوانەیە وا بێت. هەندێکجار حەزم لە شیعری کێشدارە.

**بایرۆن:** چی؟

**کیتس:** حەزم لە شیعری کێشدارە.

**بایرۆن:** باوەڕ ناکەم. گەندەڵی دەستی پێکرد. ئەو نامەیە! وێرانمان ئەکات. ئەبێت لەناوی بەرم.( **بایرۆن بەرەو لای نامەکە ئەچێت، بەڵام کیتس پێشی پێدەگرێت و ناهێڵێت دەستی بگاتە نامەکە)** من پێتدەڵێم لێگەڕێ با لەناوی بدەم.

**کیتس:** بوەستە! بوەستە! تۆ زۆر عەبەس بوویت!

**بایرۆن:** سوپاس.

**کیتس:** مەبەستم ستایشکردنت نەبوو.

**بایرۆن:** ئەی چیتر بم؟

**کیتس:** من لەم دەرگایەوە ئەڕۆمە دەرەوە.

**بایرۆن:** ( **بایرۆن لەترسا هاواری لێهەڵدەستێت)** نەخێر.

**کیتس:** پێموایە ئەبێت بڕۆم.

**بایرۆن:** تۆ تێناگەیت... تۆ گەنجی... لەدەرەوە گەندەڵی هەیە... لەدەرەوە مانا هەیە.

**کیتس:** تۆ چۆن ئەزانیت؟

**بایرۆن:** ناتوانم پێت بڵێم!

**کیتس:** ( **بەرەو لای بایرۆن ئەڕوات و ڕووبەڕووی دەبێتەوە**) ئەمەوێت بزانم!

**بایرۆن:** ( **بەدەم هەنسکدانەوە بەچۆکدا دەکەوێت**) ناتوانم! ناچارم مەکە. تکایە ناچارم مەکە.

**کیتس:** ( **یەخەی کراسەکەی بایرۆن ئەگرێت**) پێمبڵێ!

**بایرۆن:** ( **بەهێواشی**) ... ئەزانم... لەبەر ئەوەی لەو دەرگایەوە چوومەتە ئەو دیو! بەڵام بەختم هەبوو. گەندەڵیم بینی. مانام بینی و زانیم لەناوم دەبات. چۆن ژوورەکەم جارێکی تر دۆزییەوە. نازانم. بەڵام تۆ نابێت ئەوە تاقی بکەیتەوە. تۆ ناتوانیت بگەڕێیتەوە ژوورەکە. هەندێک وێڵ بوون. کۆمەڵگە لەوێ ئەمێنێتەوە. بەڵام ئەوان ناگەڕێنەوە. تکایە گوێم لێبگرە.

کیت: بەڵام مەبەستت چی بوو؟ ئەو دووانە هەرگیز بەیەک ناگەن.

**بایرۆن:** نابینی چیت بەسەر هاتووە؟ تۆ پرسیارت کرد مانای چییە. گوێت لە خۆت نییە چیت گووت؟

**کیتس:** من وام گووت؟

**بایرۆن:** بەڵێ گووتت.( **کیتس بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات، نامەکە هەڵدەگرێتەوە**) هەڵی مەگرەوە! هەڵی مەگرەوە! بیخە ژێر دەرگاکە. لەدەرگاکە دوور بکەوە.( **بە وچانێکی درێژ کیتس ڕادەوەستێت و نامەکەی بەدەستەوەیە. دواجار لەژێر دەرگاکەوە دەیخاتە ئەودیوەوە. بەهێواشی بەرەو لای بایرۆن دەڕوات کە شەرمەزاری دەکرد**) کوڕە ئازیزەکە، تۆ بردتەوە، جەنگەکەت بردەوە... پێمواببێت ئەبێت بەردەوام بین... بەڵام شیعری تر ناخوێنینەوە. دوای ئەمە لەوانەیە وەک شتێکی بێکەڵک چاوی لێبکەن. وەرە با بگەڕێینەوە و کۆنفرانسەکە تەواو بکەین. هێشتا

کۆکردنەوەی ئابوونە ماوە و ئەنجام نەدراوە. (**هەردووکیان ئەچنەوە لای مێزەکە. بایرۆن قاپەکەی سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و فووی لێدەکات و تۆزەکەی سەری پاک دەکاتەوە و بەرەو لای کیتس پاڵی پێوە دەنێت. کیتس بە ڕوانینێکی نیگەرانییانەوە لێی دەڕوانێت. لەناو گیرفانییەوە هەستی پێدەکات. پاڵ بە قاپەکەوە دەنێت بۆ بایرۆن. بایرۆن ئاوڕ دەداتەوە و دەیبینێت. تۆزیک شەرمەزار دیارە**)... ئێستا بۆ دوا تێبینی... جارێکی تر خۆمان نوێ کردەوە. ئێمە بڕوامان وایە وەک هونەر بین.

**کیتس:** ئەوە زۆر جوانە.

**بایرۆن:** سوپاس. ئەوە ئێمە کۆتاییمان پێهێنا. وەرە باوەشم پێدا بکە. ئەوە ئەزموونێکی جوان بوو.

**کیتس:** بەڵێ.

**بایرۆن:** تا ساڵێکی تر؟

**کیتس:** ساڵێکی تر. (**بایرۆن پێدەکەنێت و بەرەو گۆشەیەکی ژوورەکە دوور لە دەرگاکەوە دەڕوات. پاڵ دەکەوێت و دەخەوێت. کیتس تەماشای دەکات و پاشان لە دەرگاکە دەڕوانێت. دەچێتە لای بایرۆن و ئەبینێ نووستووە. تەماشای دەرگاکە و ئینجا بایرۆن دەکات. بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات. دەست دەداتە دەسکی دەرگاکە و دەرگاکە دەکرێتەوە. ئاوڕ لە بایرۆن دەداتەوە. لەدەرگاکەوە دەچێتە دەرەوە. لەگەڵ کز بوونی ڕووناکی بایرۆن دەست بە پرخەپرخ دەکات**)0

کۆتایی

# سەرچاوەکان:


1- **Play It Again**
**By Norman A. Bert & Deb Bert**
**U.S.A. 1993 Pages 141 – 148**

2- **http://normanbert.files.wordpress.com/2011/02/curriculumvita1.pdf**

3- **https://www.meriwetherpublishing.com/AuthorsDetails.aspx?CatID=18**

# چاوپێکەوتنەکان

# چاوپێکەوتن لەگەڵ شانۆنامەنووسی کەنەدی ئێلن چۆرلی

سازدانی: ئەندریە بێکا



ئێلن چۆرلّی، ژنـە شـانۆنامەنووس و دەرهێـنەر و  ئەکتـەری لاوی تەمـەن بیست و شەش ساڵەی کەنەدی، لە شاری ئیدمۆنتۆن لـە هەرێمـی ئـەلبێرتای کەنەدا لەدایک بووە.. ئێلن-ی سەرقاڵ بـەردەوام ژیـانی لـەنێوان شـارەکانی ئیـدمۆنتۆن و کاڵگـەری دابـەش کـردووە. ئـێلن وەکـو شانۆنامەنووسـێک بـۆ کۆمپانیـای بەرهـەمهێنانی مـۆب هیـت کـار دەکـا و بـەرهەمەکانی خۆشـی دەردەهێنێ، هەروەها وەکو ئەکتەرێکیش کار ئەکات. ئێڵن دەرچـووی بەشـی پرۆگرامی مۆسیقای شانۆیە لە کۆلێژی گرانت ماکئیوان. ئەندریە بێکـا، وەک نماینـــدەی ژووری 101، چاوپێکـــەوتنێکی لەگـــەڵ ئـــێلن چـــۆرلّی، وەک شانۆنامەنووسێک لە هەشتی مارسی 2008 سەبارەت بە پرۆسەی نووسینی شانۆ لەگەڵدا ئەنجامداوە، منیش پێم باش بوو وەک شارەزابوون لەئەزموونی نووسەرێکی لاو وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی.

# دەقی چاوپێکەوتنەکە

**ئەندریە بێکا: خاڵی دەستپێکردنی شانۆ لای تۆ چییە؟**

ئێلن چۆرڵی: هەمیشە خاڵی دەستپێکردنی شانۆ لای من ئەو پرسیارەیە "چی ئەبێ ئەگەر؟" بۆ نموونە لەخۆ دەپرسم "چی ئەبێ ئەگەر بەڵایەک (نەفرەتێک) وا لەکەسێک بکات خۆشەویستە ڕاستەقینەکەی خۆی واز لێبێنێ دوای ئەوەی بۆ تەنها جارێک خۆشەویستی لەگەڵ کردبێ؟" سەبارەت بە نوێترین شانۆگەریم "ئیما بۆردن" پرسیارەکانم لە ئیحراج ترین کاتدا دێنە پێشەوە. "چی ئەبێ ئەگەر؟" زنجیرەیەک ڕووداو مێشکم ڕابتەکێنێ. ئەوسا منیش دەست ئەکەم بە بونیادنانی چیرۆکەکە لە مێشکی خۆمدا0

**ئەندریە بێکا: پرۆسەی نووسین لای تۆ چۆنە؟ ئایا یەکسەر دەست بە نووسین ئەکەی؟ سەرخەتەکان ئەنووسییەوە؟ یان گەڕان و لێکۆڵینەوە ئەکەی؟**

ئێلن چۆرڵی: دوای ئەوەی بیرۆکەیەکم بۆ دێ، لێی ئەگەڕێم بۆ ماوەی نزیک بە شەش مانگێک لەمێشکمدا بمێنێتەوە. ئەمە لەسەرەتادا وایە، بۆیە ئەچم پرۆژەکانی تری نووسینم تەواو ئەکەم کەپێشتر دەستم دابوونێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا لەچیرۆکەکە ئەکەم پێبگات، هەر ئەو کاتەی پرۆسەی نووسین دەست پێئەکات، حەز ئەکەم لێکۆڵینەوەکانم ئەنجام بدەم و واش ئەکەم.

**ئەندریە بێکا: لەسەر یەک شانۆگەری کار ئەکەی تا تەواو ئەبێ؟ یان لەیەک کاتدا لەسەر چەند شانۆگەرییەک ئیش ئەکەی؟**

ئـێلن چــۆرڵی: لەبەر ئەوەی شانۆنامەنووســـی نیشـــتەجێ (مقـــیم)م لەکۆمپانیای بەرهەمهێنـانی مـۆب هیـت لە شـاری کـاڵگەری، هەروەهـا کـاری خـۆم دەرئەهێـنم لە "پـرۆمیس پرۆداکشـن ئەنـد هـۆپ ئەن ئێڵـی" لەشـاری ئیـدمنتۆن و لە لیژنەشـدا بەشـدار ئەبـم، بـۆیە هەمیشـە لەیەککاتـدا لەسـەر چەندین شانۆگەری کار ئەکەم، پێموایە ئەمە ڕێگایەکی باشە بۆ هێشتنەوەی بیرۆکەکـان بە تـازەیی، ئەگەر بە پـارچەیەکەوە خـۆم بکێشـم بەدیوارێکـدا لەوانەیە لەمیانی دانەیەکی ترەوە بشکێم.

**ئەندریە بێکا: شوێنی تایبەتیت هەیە بۆ نووسین؟**

ئێلن چۆرڵی: لەڕاسـتیدا نەخێـر. مـن بەردەوام ئەمـبەر و ئەوبەر ئەکەم و بۆیە شوێنی تایبەت دەستەبەر نابێت، پێموایە نووسـین زۆر ئاسـانترە ئەگەر وەختێ ئاسوودە بم لەشوێنێکدا کەپێی ئاشنا بم، من وەکو ئەو کەسانە نـیم کە لە دەرەوە لە قاوەخانە، یان لە مەیخانە ئەنووسن.

**ئەندریە بێکا: کە شانۆگەری ئەنووسی، ململانێ لەگەڵ چیدا دەکەی؟**

ئێلن چۆرڵی: پێموابێ زۆرتر لەگەڵ ئەوجـی شـانۆگەرییەکە لەململانێـدام، من هەمیشە دیمەنێک ملیۆنانێک جار ئەینووسـمەوە. یەکەمـین کـارم لەگەڵ کۆمپانیای بەرهەمهێنـانی "مـۆب هیـت" ، شـانۆگەرییەک بـوو بەنـاوی "برایـد زێـڵە"، کە دیمەنــی ئەوجــی ســەرەکیم هەشــت جــار بەتەواوەتــی فڕێــدا و نووسیمەوە، هەر جارێکیش بە شێوەیەکی تەواو جیاوازتر ئەمنووسییەوە.

**ئەندریە بێکا: کەی پێت وایە شانۆگەرییەکەت تەواو بووە؟**

ئـێلن چـۆرڵی: هەرگیـز؟ شـەوی نمایشـکردنەکە؟ لەبەر ئەوەی وەکـو ئەکتەرێک ئەچمە سەرشانۆ، ڕێزێکی بێپایـانم هەیە بـۆ کـاری ئەکتەرەکـان و نەخشەکێشـەرانی دیکـۆر و جلـوبەرگ و دەرهێـنەر، بەڕاسـتیش سوپاسـی

پێشنیارەکانیان ئەکەم. ئەکتەرەکان، دەرهێنەران و نەخشەکێشەرانی دیکۆر و جلوبەرگ، پرسیار ئەکەن و بەڵگە ئەهێننەوە و شتەکان جیاواز ئەخوێننەوە. ئەمەش

بەهەق یارمەتی بەرجەستە بوونەوەی پرۆسەی نووسین و دووبارە نووسینەوە ئەدات. ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە لە شانۆدا پێمخۆشە.

**ئەندریە بێکا: کاتێ ئەنووسیت، چ شتێکت پێویستە پێت بێ؟**

ئێلن چۆرلی: لاپتۆپەکەم پێویستە.( من قەت یەکەم ڕەشنووس بەدەست نانووسم، بەڵام هەندێکجار بەدەست ئەیان نووسمەوە)، ئامێرێکی لێکۆڵینەوەی باشە، ئەرکی پاراستنی لەناو کۆمپیتەرەکەم لەئەستۆیە، هەروەها بەتانییەکم پێویستە چونکە بەئاسانی سەرمام ئەبێ.

**ئەندریە بێکا: یەکەمین شانۆگەرییت کامەیە کە نووسیبێتت؟**

ئێلن چۆرلی: فەلسەفەی من ئەوەیە کە شانۆنامەنووسی گەنج پێویستیانە بە " گەمەی دوو دڵیی لە تەمەنی هەرزەکار"دا ڕەت ببن، پێش ئەوەی هیچ شتێکی باش بنووسن، دیارە بەخۆشمەوە. یەکەمین شانۆگەریم ناوی" شەقامەکە" بوو، کە لە ژێر چاودێری براوەی خەڵاتی حاکمی گشتی کەنەدا، شانۆنامەنووس ڤێرن تیسن لەیەکەمین ۆرک شۆپ کاری شانۆیی هەرزەکاران لەهۆڵی شانۆیی قەڵا نووسرا. شانۆگەرییەکە دەربارەی سێ منداڵی سەر شەقامەکان بوو – هەرزەکارێکی لەشفرۆش، ماسیحە بەدەستێکی جام سڕەڕەوەی ئۆتۆمبێلەکانی سەرجادە، و ڕاکردوویەک لەماڵەوە، من ئێستا ئەڵێم دانە بە دانەی ئەو شانۆگەرییە ئەبێ بسووتێنرێ، بەڵام وانەیەکی گەورەی لەنووسینی شانۆگەری پێدام و ناچاری کردم وەک نووسەرێک دەنگی خۆم بدۆزمەوە. هەروەها فێری کردم، یەک: ئەوەی ئەیزانی بینووسی، دوو: لێکۆڵینەوەی خۆت بکەیت.

**ئەندریە بێکا: نوێترین شانۆگەریت کامەیە؟**

ئـێلن چـۆرڵی: نـوێترین بەرهەمـی شـانۆگەریم ئەوکـات نووسـی کە شـانۆگەری " ئیمـا بـوردن" لە کۆمپانیـای بەرهەمهێنـانی "مـۆب هیـت" لە پێنجی شوباتی 2009 نمایشکرا، (لەگەڵ سێ نووسەری تردا نووسیم) کە بۆ یەکەمین جار لە 26 ی شوباتی 2009 هاتە نمایشکردن.

**ئەندریە بێکا: دڵخوازترین شانۆنامەنووس کامەیە بەلاتەوە؟**

ئێلن چۆرڵی: جۆرج بەرنادشۆ.

**ئەندریە بێکا: ئەو شانۆگەرییە کامەیە کە پێت وایە هەموو کەس ئەبێ بیخوێنێتەوە و ببینێ؟**

ئێلن چۆرڵی: هەموو کەس پێویستە "ئاهەنگی زەماوەندی مێـری" ببیـنن، کە ستیڤن ماسـیکۆت نووسـیویەتی. شـانۆگەرییەکە دەربـارەی مرۆڤـایەتییە، سەرتاپای بینەران ئەخاتە گریان و پێکەنین.

**ئەندریە بێکا: ئەو تاقە ئامۆژگارییە چییە کە ئەتەوێ بەو کەسانەی بڵێی کە ئەیانـەوێ ببن بە شانۆنامەنووس؟**

ئـێلن چـۆرڵی: شـانۆ ببیـنن! ئەمە تـاکە ڕێگـایەکە بـۆ تێگەیشـتن لە پیشەکەت، بۆ ئەوەی ببینی کە چی هەیە لەوێدا و بـۆ تێگەیشـتن لەوەی کە سوپاسگوزاری چی ئەبـی، هەروەهـا بـۆ تێگەیشـتن لەوەی چ کارێـک لەسـەر شانۆ ئەکرێ ئەنجام بدرێ، یان نەدرێ.

**سەرچاوەکان:**


1- http://www.suite101.com/content/playwright-profile-ellen-chorley-a101192

2- http://www.noseflute.ca/ellen.html

# شانۆی ڕەش چییە؟

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمیری بەراکە
## شانۆنامەنووسی ڕەشپێستی ئەمەریکی

سازدانی: مایک کوڵمان



**مایک کولْمان: یەکەمین پرسیارم ئەوەیە شانۆی ڕەش چییە؟**

ئەمیـری بەراکە: لەڕاسـتیدا شـانۆی ڕەش دەسـت و پەنـجە لەگەڵ ژیـانی خەڵکی ڕەشپێست نەرم ئەکات، شانۆییەکە لەڕاستیدا کار دەکات بۆ ڕزگـاری ڕەشپێستەکان، شانۆییەکە هانی خەڵکـی ڕەشپێسـت دەدات بـۆ ڕزگارییـان و ڕێنماییان دەکات کە چییان لەسەر شانە و ئەبێ چیـبکەن. شـانۆی ڕەش لە ڕووی هەست و سۆزەوە بەشداری ڕەشپێستەکان ئەکـات، هەروەهـا هیـوادارم بەبەرنامە داڕێژراوییەوە کار بکـاتە سـەر ڕزگارییـان، کە نەک تەنهـا بەسـوود وەرگرتن لەشێوازی ژیانی ڕەشپێستەکان، یان شێوازی ژیانی خەڵکی ئەفریقا لە ئەمەریکـا، بەڵکـو پێویستیشـە ببێـتە یاسـای ڕزگاربوونیـان. چـونکە تـۆ دەتـوانی ژیـانی ڕەشپێسـتەکان نمـایش بـکەی کەهـیچ پەیوەنـدییەکیان بە پێناسەی منەوە نەبێت بـۆ شـانۆی ڕەش، شـانۆی ڕەش ئەبێـت دەربڕینێکـی بەتـین و گـوڕ دروسـت بکـات و خۆشـی ببێـتە یاسـای ڕزگـار بـوونی ڕەش پێستەکان.

**مایک کولْمان: ئەی کۆمەڵگە چۆن باشتر تێی ئەگات؟**

ئەمیـری بەراکە: ئەوە پەیوەنـدی بەو کەسـانەوە هەیە کە پێیـان ئەڵـێن هونەرمەندان، هونەرمەندە ناسیونالیستەکان، تا بـزانن کە شـانۆ بەتەواوەتـی لەگەڵ خودی خەڵکدا پەیوەسـت بـووە. نابێـت هـیچ لێـک جـوداکردنەوەیەک هەبێت، چونکە هونەرمەندان خۆیان ئەبێت پەیوەست بـن بەخەڵـکەوە. لێـک جودابـوونەوە هەمیشـە بەهـۆی ئەو ڕاسـتییەوە ڕوودەدات کە هونەرمەنـدان خۆیـان بەسـەر خەڵکدا ئەسـەپێنن. شـانۆ ئەبێـت لەهەمـوو شـتێکیتر زیـاتر پێویسـت بێـت بـۆ خەڵـک. بـۆ نمـوونە خەڵـک لەوێسـتگەی ڕۆحیـانەوە زۆر هەست بەو مۆسیقایە ئەکەن کە پێویستە بۆیان. هەست بەوە ئەکەن  کە لە

ڕاستیدا ناتوانن ژیانیان دروست بەرن بەڕێوە بەبێ مۆسیقا. هەرچەندە ئێمە دەزانین کەتائێستا زۆربەی ژەهراویین — ژەهری تێدایە — ئەمە ئەو خاڵەیە کەئەبێت پێی بگەین، ئەو شوێنەی کەشانۆ وەک زیندووترین بەشی کۆمەڵگە وەک هەر پێویستییەکی تری خەڵکە، چونکە لەناو کۆمەڵگەیە. ئەوەی کە هونەرمەندێکی بێبەڵێن ئەیکات هەمیشە لەدەرەوەی کۆمەڵگەکەیە، هەرچەندە شانۆ ئەشێ لەدەرەوەی کۆمەڵگەی ڕەشپێستەکانەوە بێت. ئەگەر جەغت کردنەوەکان وەکویەک نەبن، ئیتر ئەوا هێشتا جۆرە شتێکی نامۆ ئەبێت.

**مایک کوڵمان: تۆ وەکو ڕابەرێکی شانۆنامەنووسانی ڕەش پێست، ئەرکی شانۆنامەنووسی ڕەشپێست چییە؟**

ئەمیری بەراکە: ئەرکی سەرجەم ڕەشپێستەکانە خۆیان ڕزگار بکەن، ئاشکرایە ئەگەر خەڵکی ڕەشپێست مافی خودموختاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەبێت، ئەوکات لەڕووی سیاسییەوە گەلێکی بەهێز ئەبین. ئەمە ئەو ڕۆڵەیە کە ژنان و پیاوانی ڕەشپێست ئەبێت بیبینن بۆ خولقاندنی خەڵکی هۆشیار. گرنگ نییە ئەو کارە چۆن ئەنجام دەدەن، بەڵام پێویستە پەیوەست بن بە سەرجەم کایەکانی خەباتەوە. هیچ ڕێگایەکی سیاسی تر لەئارادا نییە بۆ ڕزگاربوون. هەر کردارێک پێی هەڵدەستین ئەبێ دەربارەی ئەم مەسەلەیە بێت.

**مایک کوڵمان: لەکوێدا هێڵێک ئەکێشی لەنێوان شانۆی ڕەش و نمایشی بازرگانی؟**

ئەمیری بەراکە: نمایشی بازرگانی هەر تەنها بۆ بازرگانیکردنە، پارە دروست ئەکات و ئاو بێنە و دەست بشۆ، من ناڵێم شانۆی ڕەش نابێ پارە دروست بکات، خۆزگە شانۆی ڕەش پارەی دروست ئەکرد، چونکە ئەگەر بتوانێ ئەو کارە بکات ئەوا کۆمەڵگەکە پارە دروست ئەکات، وەئەگەر

کۆمەڵگـەش پـارە دروسـت بکـات – لەپەیوەنـد بـە بـەکارهێنانی سـەرجەم هەرەوەزییـەکان– ئەمە ئەو شـتەیە کەئەبێـت ڕووبـدات، ڕاسـتی ئەوەیە کە شانۆی ڕەش ناتوانێ پارە دروست بکات، چونکە نەیتوانیوە بەپێی پێویست بەدەزگا ببێت و شێوەیەک بەخۆی بدات بۆ کەڵک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی کۆمەڵگە وەک ئەوانەی کە ئێستا هەن، تۆ کە ئەڵێـی نمایشـی شـانۆیی ئەوا مەبەستت شتگەلی مادیی و بازرگانییە وەک ئامانج، نیاز بـەڕوونی ئـاڵوویری بازرگانییە، هەروەها سەروکاری لەگەڵ نەستدا هەیە و بەشـتێک دەسـتەبەری ئـەکات کـە نائاگـا بیـان هێڵێتـەوە، شـانۆی بازرگـانی سـەروکاری لەگـەڵ هێشتنەوەی نائاگاییدایە، شانۆی ڕەش پێویستە ئاگـایی دەسـتەبەر دەکـات، شانۆی بازرگـانی هـیچ شـتێک ناکـات بـۆ بەرزکـردنەوەی ئاسـتی هۆشـیاری، بەڵکو ڕێک تەواو بەپێچەوانەی ئەوە ئەکات، ئەوە بریتییە لـە هۆشـیاری دژە شانۆیی، شانۆی بازرگانی تەنها ئەتوانێـت لەنـاو سیسـتەمدا بـوونی هەبێـت، ئێمە سەبارەت بە شانۆیەک ئەدوێین کەبەشێکە لە سیسـتمی نـوێ، بەشـێکە لە سیتەمی ڕەش.

**مایک کۆڵمان: ئەم شانۆیەی لێوەی ئەدوێی، هیچ جێگایەکی تێدا شک ئەبەی بۆ ڕەخنە؟ ئایـا ئەم شـانۆیە لەسیسـتمی نوێـدا ڕەخـنەی شـانۆیی بەرهەم ئـەهێنێت، وەکـو ئەوانـەی لـە هەستی ڕۆژئاوا بەرهەم هاتوون؟**

ئەمیــری بەراکە: ڕەخــنە ئاســاییە ئەگەر هەمــان بەهــای سیســتمی هونەرمەندەکەی هەبێت، کاتێ باسی بەهای سیستم ئەکەین مەبەسـتمان ئەو ئەخلاقەیە کە ڕاگەێنراوە و کار ئەبوژێنێتـەوە، ئەگـەر ئـەوە لـەخۆ نـەگرێت، ئەگەر نزیک نەبێت لەو بـەهای سیسـتمە، ئەوا ئـێمەیەک کەدەست بەبـەهای سیستمەوە دەگرین، ئەتوانین ڕەخنە بەرپا بکەین لەو بوارەدا، بـەڵام ئـەوەی ڕوو ئەدات ئەوەیە ڕەخنەگرتن هەیە کـە پراکتیکـی ڕیزێـک لـە بـەهای تـەواو

جیاواز ئەکات، هەمیشه ئـەوەی ڕەخنـەت لێئـەگرێت کـە بـەهاکانت قـەبارەی تـەکنیکی مەشـقکردنت نـین لـە دیسـیپلینێکی تایبەتـدا، ئـەو ڕەخنـە لـە بەهاکانت ئەگرێت. کوڕە سپی پێستێک هەمیشه ڕەخنەت لێئەگرێت، چـونکە تۆ هەڵگـری بەهـای سـپی نیـت، هەروەهـا ڕەخنـەگری ڕەش پێسـتی مێشـک سپی ڕەخنەت لێدەگرێت، چونکە هەڵگری بـەهای سـپی نیـت، بـەڵام لەگـەڵ ئەو کەسانەی هەڵگری هەمان بەهای سیستمن لەو بڕوایـەدام ڕەخنـەی سـەر ڕاست ئەتوانێت بگیررێت لەڕوانگـەی ئەوەی کە تـۆ چەنـد نزیکـی لـە بـەهای دیـاریکراوی سیسـتم، ئەگـەر ئێمـە هـەردووکمان بەڕواڵـەت هـەمان بـەهامان هـــەبێت، ئەگـــەر شـــانۆی ڕەش بخـــوڵقێنین، کە لە درێـــژ کـــردنەوەی ڕەشپێستەکان زیاتر شتێکی دیـکە نیـیە کـەپیادەی بـەهای سیسـتم بکـات و لەلایەن میللەتەوە بەڕەوا نیشاندراوە، ئەوکات پێویستە ڕەخنە دروسـت بێـت بـۆ نیشـاندانی ئـەوەی کەچەنـد دوورە لەبـەهای سیسـتمەوە بەتایبـەتی لـە کـارێکی هونـەری. بـۆ نموونـە، کەئاهـەنگی یـەکگرتن ئـەگێڕین — ئومۆجـا یەکەمین سەرچاوەی بەهای سیستم- ئینجا بڵـێ کـارێکی تایبـەت کـە پێـی ئەگووترێت هونەرمەندی ڕەشپێست بێت لەیەک جیابوونەوە بەرزبکاتەوە، بـە بۆچوونی من ئەبێت ڕەخنە لەوە بگیرێت.

ئەگەر ئێمە دەربارەی یەکگرتن و میللـەت و هەنـدێ کـاری تایبـەت قسـە ئەکەین  کە بەدەسـت تـاکی هونەرمەنـدانی ئـەفریقی لـە ئـەمریکا خوڵقـاون، ئەوسا پێویستە ڕەخنەیان لێبگیرێت لەوەی کە هونەرمەنـدانی میللـەت ئـەبێ ئاگاییان بەرز بکەنەوە تا ئەو شوێنەی هاوهەڵویست ئەبن لەگەڵ یـەکگرتن و کاری هاوبـەش و بەرپرسـیاریەتی، یـان هـەرەوەزی ئـابووری و بـەو شـێوەیە بڕۆنە پێشەوە. ڕەخنەگر ئێستا هەردەم کەسێکە نامۆ بەبەهای سیسـتم، کـە

سەرزەنشتت ئەکات لەبەر ئەوەیە تۆ سپی پێست نیت، یان لەناو ئەو بەها سیستمە نیت.

**مایک کوڵمان: لە نوێترین شانۆگەری بڵاوکراوەت "جێلۆ" کەلەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی جیهانی سێیەمەوە بڵاوکرایەوە، لەدەستپێکی شانۆگەرییەکە دەربڕینێک هەیە دەربارەی شانۆی ڕەشپێستی قەحبە، ئەتوانی نموونەیەکم بۆ بێنیتەوە لەوەی چۆن لەشانۆی قەحبە ئەڕوانی؟**

ئەمیری بەراکە: من بە شانۆی ڕەشپێستەکان ئەڵێم قەحبە، چونکە ئەو تەکان پێدانە لەلایەن ناسیونالیستەکانەوەیە، چونکە ئێمە دەربارەی شانۆی ڕەش قسەمان کردووە و ئەبێ شانۆی ڕەش و هونەری ڕەشمان هەبێت، ئەوەی کوڕە سپی پێستێک کردوویەتی، چوون بوو بۆ لای جیاوازی لابەرێکی ڕەشپێست و ئینجا دانانی لە شوێنێک وەک هونەرمەندێکی ڕەشپێست، بۆیە سەرزارەکییانە باسی لابردنی فشاری ئەکرد.

ئێمە دەربارەی شانۆی ڕەش ئەدوێین و سپی پێستێکیش کۆمپانیای نواندنی ڕەشپێستی داناوە، وەک شانۆی ڕەشپێستەکان. لەکاتێکدا بەهەقیقەت ئەوە شانۆی ڕەشپێستە لە گوندەکە، لەکاتێکدا بەهەقیقەت خەڵکانێک کەدەربارەی هونەری ڕەش ئەدوان لە گوندەکە دەرکران، چونکە ئەیانبینی هەوڵی بەرپەرچدانەوە لەئارادایە بۆ جێخستنی شانۆی ڕەش لەناو ڕەوەندی سپی پێستەکاندا.

بەڵام ئەوەی کوڕە سپی پێستەکان ئەیکەن، بەکارهێنانی جیاوازی لابەرێک وەک دەموچاوێکی ڕەش، لەکاتێکدا بەهەقیقەت ئەوەی پێی ئەڵێن جیاوازی لابەر هەڵگری هەمان بەهای سیستمە کە سپی پێستەکان هەڵگرین، بۆیە تۆ شانۆی سپی ئەبینی بەدەموچاوی ڕەشەوە، ئەتوانی بەردەوام لەهونەردا بیبینی، ئەمەش نەک تەنها هەر لەهونەردا. لەسیاسەتیشدا کە تۆ

ئەڵێی "ڕەش" ڕەشپێستێکت بۆ قیت ئەکەنەوە کە ئەڵێ" ڕەش کاتی بەسەر چووە". کوڕە سپی پێستەکان لەڕاستیدا دووبارە هەژموونیان بەسەر شانۆی شوێنێکی وەک نیویۆرکدا هەیە، ئەویش تەنها بە دووبارە بونیاد نانەوەی بناغەکەی لەسەر سەلماندن و ڕای سپی پێست. بۆ نموونە کۆمپانیای نواندنی ڕەشپێست و چارڵس گۆردۆن و لۆون ئێڵدەری و دۆگڵس تێرنەر وارد بۆ بەخشینەوەی پارە و خەڵات دایاننناوە، تۆ خوێنت وشک بووە تا خەڵاتی پۆلیتزەر ببەیتەوە کە بەنیسبەت ئەمەریکاوە پێویستە ببێتە جێگەی شانازی کە شانۆنامەنووسێکی ڕەشپیستی هەیە، کە زۆر بەبەهایە. پاشان تۆ ئەیدەیتە کەسێکی تر لەخوار ئەوەوە، کە لەوانەیە تۆزێک زیاتر توندو تیژتر بێت و خەڵاتی کەمتری پێدەدەی، بە وشەیەکی تر، ئەوە پڕ بەهاترین شانۆنامەنووسی دوای ئەوە، ئینجا بەلیستەکەیا ئەچیتە خوار، ئەوەی کوڕە سپی پێستەکان کردوویانە، دووبارە دروستکردنەوەی شانۆی ڕەشپێستەکانە لە هەمانکاتدا کە ئەڵێن "ڕەش". ئەوەی کردیان دووبارە خوڵقاندنەوەی بونیادی شانۆی ڕەشپێستەکانە، کە وەک هەمیشە ئەوەستێتە سەر ئەو سپی پێستانە کە وەک هەمیشە وەستاوەتە سەریان و هیچ جیاوازیش نییە.

**مایک کوڵمان: شانۆی ڕەش ئەبێ چ جۆرە گۆڕانێک لەخۆیدا ئەنجام بدات، تا بتوانێ تواناییەکانی بەرێتە سەر بۆ پەیوەندگرتن لەگەڵ خەڵک؟**

ئەمیری بەراکە: پێش هەموو شتێک ئەو خەڵکەی کەسەروکاریان لەگەڵ شانۆدا هەیە، ئەبێت لەوە تێبگەن کە شانۆ (یان هونەر) ئەبێت بیرۆکەیەکی گشتی هەبێت، نەک تەنها لەبارەی هونەرەوە "بەجیا لەپێداویستییەکانی گەشەی دامو دەزگاکان" کە هونەرمەندی ڕەشپێست ئەبێت بەشدار بێت لەخوڵقاندنی دامو دەزگاکان، بۆیە هونەرەکەی ئەبێتە مانیفێستێکی زیندووی پێداویستی گەشەی کۆمەڵگە، بۆیە شانۆی ڕەش دەزگایەکی ئابوورییە،

دەزگایەکی سیاسییە، دەزگایەکی خوڵقێنەرە، دەزگایەکی ئاینییە، شوێنێکە کە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا فێر ئەبن، ئەوە هەر بەتەنها هونەرمەندان نین کەلەدەوری یەکتر کۆئەبنەوە و نمایش ئەکەن و ئینجا ئەڕۆن بەشێوازێکی تەواو جیاوازتر ئەژین، ئەبێ ڕووخسارێکی داهێنەرانەی شێوازی ژیانی ناسیونالیستەکان بێ، یان تەکانی ناسیونالیستەکانە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس.

ئەو خەڵکەی ئارەزوویان لە داهێنانی هونەری ڕەشدا هەیە لەدەوری یەک کۆئەبنەوە بۆ دامەزراندنی دامو دەزگاکان، دامو دەزگاکانی شار، دامو دەزگاکانی وڵات، و دامو دەزگا میللیەکان و بەرخوردکردن بەڕێگایەکی وادا کەتەواو سەربەخۆ نەبن بێڕەزامەندی خەڵکە سپی پێستەکان، لە کۆتاییشدا بێ پارەی سپی پێستەکان، ئێمە دەزگاکانمان پێکهێناوە، نە تەنها لەسەر بنەمای بەدەست خستنی هەر بەخشینێک، دەزگاگەلێک کە ئەتوانن دەست وپەنجە نەرم بکەن لەگەڵ ئابوورییەک کەلەکۆمەڵگەدا هەیە و لەتوانایدایە، وەڵام بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بداتەوەو بەڕاستیش وەڵام بە پێویستییەکانی کۆمەڵگە بداتەوە، ئێمە شانۆیەکمان ئەوێ کەدەست وپەنجە لەگەڵ ئوربان ڕینوەڵ (نوێکردنەوەی شارستانی) نەرم بکات. شانۆیەکمان پێویستە کە چارەسەری گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەکەمان بکات، یان چارەسەرێکی بخاتە بەردەم، نەک ئەو شانۆیەی کە بەردەوام لە جۆرێک لە گۆشەنیگای هونەرێکی لیبراڵەوە هێرش ئەکاتە سەر هەر شتێکی بەپێوە وەستاو. شانۆنامەنووس نابێت پیاوێکی نەبینراو بێت.

## تێبینییەکان:

1- ئەم چاوپێکەوتنە لە ساڵی 1971 سازدراوە.

2- ئەمیری بەراکە: شانۆنامەنووس و ڕۆماننووس و شاعیر و ڕەخنەگری مۆسیقی ئەمەریکی، کە بە لیرۆی جۆنز ناسراوە، لە حەوتی تشرینی یەکەمی 1934 لە نیوجەرسی لەئەمەریکا لەدایک بووە، دوای خوێندنی ئامادەیی ئەچێتە زانکۆی کۆڵۆمبیا و هاورد، بەڵام تەواوی ناکات. سەرنووسەری چەند گۆڤارێک لەئەستۆ ئەگرێت، ساڵی 1968 دەست ئەکات بەوانە وتنەوە لەزانکۆی ویلایەتی سانفرانسیسکۆ. بەراکە سەرەتا وەک ڕەشپێستێکی ناسیونالیست دەست بەکار ئەبێت و دواتر ئەبێت بە مارکسیست، ئەم هونەرمەندە خاوەنی 28 کتێبە و لە 23 فیلمیشدا بەشداریکردووە و چەندین جار ڕێزی لێنراوە و خەڵات کراوە.

3- کۆمپانیای نواندنی ڕەشپێست: کۆمپانیایەکی شانۆیی بوو لەساڵی 1955 لەلایەن ئەکتەر و شانۆکارە ڕەشپێستەکانەوە هاتە دامەزراندن، وەکو چارڵس گۆردۆن 1925 — 1995، کە ئەکتەر و ڕۆشنبیر و شانۆنامەنووس بوو. لوون ئێڵدەر 1926 — 1996 کە شانۆنامەنووسێکی ڕەشپێست بوو. هەروەها دۆگلەس تێرنەر وارد 1930 - ؟ کە ئەکتەر و دامەزرێنەری کۆمپانیای نواندنی ڕەشپێست بوو.

تێبینی وەرگێڕی کوردی: لەم چاوپێکەوتنەدا وشەی قەحبە بەکار هاتووە. هەرچەندە ئەمیری بەراکە ڕێک ئەو وشەیەی مەبەستە، من هەوڵمدا وشەیەکی گونجاوتر بەکار بهێنم وەک زۆڵ، یان سۆزانی، یان گەواد. بەڵام دوواجار هەر ئەو وشەیەم لەهەموویان پێدروستتر بوو.

## سەرچاوەکان:

**1- Stages of Drama**
**Classical to Contemporary Theater**
**Fifth edition**
**Carl H. Klaus   Miriam Gilbert   Bradford S. Field Jr.**
**2003   U.S.A.  Pages 1694- 1695-1696**
**2- http://en.wikipedia.org/wiki/Amiri_Baraka**

# چاوپێکەوتن لەگەڵ ئان ـ ماری مەکدۆناڵد
# شانۆنامەنووس و ڕۆماننووس و ئەکتەری کەنەدی

**سازدانی: سارا کاسیدی**



ئان – ماری مەکدۆناڵدی شانۆنامەنووس و ڕۆماننووس و ئەکتەری کەنـەدی، لە بیست و نۆی تشرینی یەکەمـی 1958، لـە دایکبـووە. ئـان – مـاری کچـی ئەفسەرێکی سـەربازی هێـزە ئاسـمانییەکانی کەنـەدا بـوو، بۆیـە لـەنزیک بنکـەی ئاسـمانی بەیـدن- بەیـدن لەئـەڵمانیای ڕۆژئـاوا لـەدایکبووە، تـا تەمـەنی پێـنج ساڵیی لەئەڵمانیا دەژێ و دواتر دێنەوە و لە کەنەدا نیشتەجێ ئەبن0

ئان – ماری، خەڵاتی کۆمۆنوێڵس ڕایتەرس بۆ یەکەمین ڕۆمانی " کـەوتن بەسەر چۆکەکانت" ی بردەوە و ناوی یانەی کتێبـی ئـۆپرا وینفریشـی لێنـرا، هەروەها خەڵاتی حاکمی گشتی کەنەدا بۆ ئەدەب و خەڵاتی فلۆید چڵمەرسی شانۆی کەنەدی و خەڵاتی کۆمەڵەی دانەرانی کەنەدی بۆ شـانۆگەری " شـەو شـاد دێسـدەمۆنە ( شـەو شـاد جولیـەت)"ی وەرگرتـووە، ئەمـە بێجگـە لەبەشداری کردن لـە فـیلم، لەوانـە " گـوێم لێیـە پەرییـەکانی دەریـا گـۆرانی ئەڵێن" لە ساڵی 1987و لە چوکلێت باشتر" لە ساڵی 1989.

ساڵی 1985 یەکەمین کـاری ئـان – مـاری وەک شانۆنووسـێک ئەچێتـە قاڵبی داهێنانی فیمینیسـتەوە، بـەڵام دواتـر زیـاتر دەناسـرێت و ڕۆمانەکـەی سـاڵی 2003 ی ئـان – مـاری " شـێوەی فڕینـی قەلـەڕەش" بەشـێکی کاریگەری پەروەندەی " سـتیڤن تراسـکۆت"ی بەسـەرەوەیە کـە لـە زنجیـرەی CBC دۆکیومێنتەری " ژیان و زەمەن" کە لەنێوان 1996 – 2007 نمایش کرا. دووەم ڕۆمانی ئان – ماری مەکدۆناڵـد " شـێوەی فڕینـی قەلـەڕەش" کە لە "ڕانـدم هـاوس"ی کەنـەدا لەسـاڵی 2003 بـڵاو کرایـەوە، دوا بـەدوای بردنـەوەی ئـەو خەڵاتـە بـوو لەسـەر ڕۆمـانی " کـەوتن بەسـەر چۆکـەکانت" یەکەمین ڕۆمانی ئان – ماری کە 300000 دانەی لەکەنـەدا لـێ فرۆشـرا و هەڵبژێررا بۆ "یانەی کتێبی مانگ"ی ئۆپرا.

ئـان – مـاری هـەم شـانۆنووس و هـەم ئەکتەریشـە. ژنـی ئـەم خانمـە شانۆنامەنووسە " ئەلیسا پەڵمەر" شانۆنامەنووس و دەرهێنەری شانۆیی کەنەدییە کە لە ساڵی 2003 هاوسەرگیرییان کردووە و لە ئۆنتاریۆی کەنەدا ئەژین.

کتێبە چاپکراوەکانی ئان – مۆری مەکدۆناڵد

1- شـەو شـاد دێسـدەمۆنە ( شـەو شـاد جولیـەت) شـانۆگەری 1988

2- ڕۆح لەکوێ ئەژێت 1989

3- دەمی عەرەب شانۆگەری 1990

4- میوانخانەی نێگریدۆ شانۆگەری 1992

5- ئەسینابیەک، مرواری و سێ کچی عەیار شانۆگەری 1995

6- کەوتن بەسەر چۆکەکانت ڕۆمان 1996

7- هەر شتێ بجوڵێ شانۆگەری 2000

8- شێوەی فڕینی قەلەڕەش ڕۆمان 2003

9- بێلە نۆڕاڵ شانۆگەری 2004

10- دەیان کتێبی تر بە زمانی ئەڵمانی.

ئـان – مـاری مەکدۆنالـد، گـەلێ وتـار و نووسـین لەسـەر ڕۆمـان و شانۆگەرییەکانی نووسراون.

تێبینی:

1- ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لـە مـانگی ئـەیلولی 2003 ئەنجامدراوە.

2- ئان – ماری مەکدۆناڵد هۆمۆسکێشواڵە.

# دەقی چاوپێکەوتنەکە

**هاریزنز: هەروەک مادەلەین لەڕۆمانی " شێوەی فڕینی قەلەڕەش" تۆ منداڵی کارمەندێکی هێزی ئاسمانی کەنەدی بووی. تۆ لە ئەڵمانیاوە تا ئۆنتاریۆ ژیاویت و تەنانەت باخچەی ساوایانت لە سێنتراليا دەست پێکرد، چۆن ئەم هەموو گواستنەوە و بارباروٚکێیە بەرەو بوون بە نووسەری بردی؟**

ئان- ماری مەکدۆناڵد: وابزانم لەڕاستیدا ئەوە هەستێکە ئەبێ لەناوەوە و لەدەرەوە بێ، خزم و کەست هەبێ یان نەبێ. پێموایە ئەوە ئەو گۆشەنیگایەیە کە بۆ نووسەر گرنگ و پڕ بایەخە، هەروەها ئێمە وەختێ ئەمانگواستەوە لەوە حاڵی بووم کە بە بەراورد بە ژیانی پێشتر، ئەو گروپە چوست و بەهێزە و ئەو خەڵکە وەکو یەکن جا بۆ هەر جێگایەک بڕۆی.

**هاریزنز: یانی توانیت هێڵە هاوبەشەکان بدۆزیتەوە.**

ئان- ماری مەکدۆناڵد: ڕێک وابوو. پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کولتوورەکان و جوگرافیا و زەمەن، ئێمە ڕەگێکمان نەبوو. ئێمە یادگاری و چیرۆکمان هەبوو، توانای ئەو پەیوەندییانەشمان هەبوو وەکو میکانیزمێکی ڕزگار بوو، ئەمەش ئەو ئاگاییەی پێت ئەبەخشی کە بڵێی جیهان هەست دروست ئەکات، لەبەر ئەوەی هەرچۆنێک بێت پێنج ساڵ بەر لە ئێستا چ لە

مسەر بۆ ئەوسەری ئۆقیانووس ڕوویداوە، پەیوەندی هەیە بەوەی کەچی لەناو ئەم پۆلە، لە کینگستۆن لە ئۆنتاریۆ ڕوو ئەدات. من هەمان کەسم و ئەبووایە ژیانم هەر لەمنداڵییەوە وەکو حیکایەتخوانێک ڕێک بخستایە تا مانا ببەخشێت. ژیانم چیرۆکێک بوو بۆ خۆی.

**هاریزنز: ئەوە ئازایەتی بوو ڕۆمان بنووسیت، لەکاتێکدا شانۆنامەنووس و ئەکتەرێکی سەرکەوتوو بوویت؟**

ئان- ماری مەکدۆناڵد: ئەوە ئەبووایە ڕوو بدات، چونکە نەخشەم بۆ نووسینی شانۆگەری کێشا وەختێ لە"کەوتن بەسەر چۆکەکانت" گیرم خوارد بوو. ئەوە وەکو منداڵبوون وایە، تۆ واتزانی کوڕت ئەبێ کەچی کچت ئەبێ.

**هاریزنز: چ سوپاسگوزارییەکی ڕۆمان ئەکەی لە ئێستادا، کە تۆی دۆزییەوە؟**


ئان- ماری مەکدۆناڵد: ئەوەی لەهەمووی زیاتر ناڕەحەتم ئەکات ئەوەیە کاتی زۆری دەوێ، کە لەگەڵ نووسینی ڕاستەقینەدا بەو شێوەیە نییە. زۆربەی جار لەگەڵ سرەوت گرتنە بۆ ڕێگەدان بەچیرۆک، تا گوزارشت لەخۆی بکات. هەروەها هەوڵدانە بۆ

ئەوەی ڕاستگۆ بیت لەگەڵیا و ئەو باوەڕەی تێدا دەستەبەر بکەیت کەلە هەموو شتێک قورستترە. ئەو چرکەساتە ڕاستەقینانەی کە تێیدا دەنووسم هەست بە ڕژانی شلەیەک ئەکەم و منیش چێژ لە خواردنی هەندێکیان ئەبینم. وە هەمیشە ئەزانم چی لەگەڵ بێئەندازە بەها دانان و دەستەبەرکردنی خۆشەویستی بۆی دێت و تەنانەت ئەو کاتەی کە ئیتر کۆنترۆڵ ناکرێت.

## سەرچاوەکان:


1- **http://www.accessmylibrary.com/coms2/summary_0286-3526738_ITM**
2- **http://en.wikipedia.org/wiki/Ann-Marie_MacDonald**
3- **http://www.randomhouse.ca/newface/macdonald.php**

# چاوپێکەوتن لەگەڵ شانۆنامەنووسی کەنەدی ڕۆن مۆڕین



ڕۆن مۆرین-ی نووسەری کەنەدی، دوای نووسینی چوار ڕۆمـان لـەماوەی نـۆ سـاڵدا، دووچـاری نوشسـتییەکی چاوەڕواننـەکراو ئـەبێ و هۆکارەکەشـی ئەزانێ چییە و پێیوایە بەئاسانی چارەسـەر نـاکرێ. مـۆرین لـە تەمـەنی 60 سـاڵی واز لـە نووسـینی ڕۆمـان ئـەهێنێ و دەسـت ئـەکات بـە نووسـینی شـانۆگەری. ڕۆن وەک خـۆی ئـەڵێ" زیـاتر لـە 400 نامـەی ڕەتکردنـەوەی ڕۆمانەکانی لەلایـەن چەنـدین دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەوە پێگەیشـتووە" کـــەچی یەکـــەمین شـــانۆگەری " دووکـــەڵکێش" هـــەر دوو هەفتـــە دوای بڵاوکردنـــەوەی دەستنووســـەکە، لەلایـــەن گـــەورە هونەرمەنـــد و دەرهێنـــەر "جـەیمس جێنینگـز" لـە نیویـۆرک زەنگـی بـۆ لێئـەدرێ و پێـی ڕائەگـەیێنێ" شانۆگەرییەکەی بەدڵە و ئەیەوێ بیخاتە سەر شانۆ"

ڕۆن مۆرین، لەسـاڵی 1944 لـەدایک بـووە. ئـەو کاتـەی بـاوکی لـەهێزە دەریاییەکانی کەنەدا خزمەتی ئەکرد، ڕۆن چـوار سـاڵی سـەرەتای ژیـانی لـە وۆرسێستەر، لە ماساچوسێتس لەگەڵ دایکی و نەنک و باپیرەی بـردە سـەر، نەنک و باپیرەی ڕۆن خەڵکی بەشـی فـەڕەنسـی زمـانی کەنـەدا بـوون، بۆیـە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ڕۆن زمانی فەڕەنسی بوو0

لە سـاڵی 1949 دا، ڕۆن  سـەرکەوتوو نـەبوو لـە باخچـەی سـاوایان لـە قوتابخانـە، بـەهۆی نـەزانینی زمـانی ئینگلیزییـەوە. جـا گواسـترایەوە بـۆ قوتابخانـەی ڕێزمـانی کەنـەدی جـووت- زمـان کـە تـاقی بـەیانیان زمـانی فەڕەنسی بوو، تاقی ئێوارانیش زمانی ئینگلیـزی بـوو بەفـەڕەنسـی. ڕۆن بـۆ مـاوەی هەشـت سـاڵ بـەردەوام بـوو تیایـدا و زۆر لێهـاتووش بـوو. دوای قوتابخانـەی ئامـادەیی ئەچێتـە کـۆلێژ و بـەڵام زوو دوای کۆرسـێک داوای لێئەکرێ قوتابخانە جێبێڵێ بەهۆی سەرخۆش بوون و شـەڕکردنەوە. ڕۆن بـۆ ماوەی دوو ساڵ بووە باخەوان و هەندێ پارەی پاشەکەوت کرد و بۆ مـاوەی

نۆ مانگ چوو بۆ ئەوروپا. کاتێ گەڕایەوە لەگەڵ هاوڕێیەکیا بە ئۆتۆمبێل ئەڕوات بۆ مەکسیک. هاوڕێیەک کە لە تاوانی کوشتن و دەستدرێژی سێکسی پاراستی، لە ماڵەوەش باوکی کە پرسەخانەی هەبوو، بڕیاریدا تێچووی خوێندنی لە قوتابخانەی مۆمیا کردن لە بۆستن لە ئەستۆ بگرێ. ڕۆن بژێوی ژیانی بەژیان لەگەڵ لاشەی مردووەکانەوە بەدەست ئەهێنا، بەڵام تەنها یەک ساڵی لە زانستی مردوو ناشتندا، وەک حەز و غەمی باوکی خوێندی.

دوای چەندین ئیش و کاری سەیر و دوای چەندین ساڵ، ڕۆن ئەچێتە زانکۆی ماساچوسێتس لە بۆستن لەبەشی فەڕەنسی ئەخوێنێ، ساڵانی سەرەتا لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس ئەخوێنێ، ڕۆن لەسەردەمی خوێندنی زانکۆیدا بژێوی خۆی لەڕێگەی بوون بە شوفێری تاکسی و شەوانیش ئەچووە نەخۆشخانەی ماکلین، کە خوێندنی تەواو کرد، ڕۆن دەستی کردە وانە گووتنەوە لە باخچەی ساوایان لە بۆستن. بۆ ماوەی دوو ساڵ کەوتە گووتنەوەی زمانی فەڕەنسی ( ئەو زمانەی کەئەیزانی) زمانی ئیسپانی (ئەو زمانەی کە نەیئەزانی) وە زمانی ئینگلیزی ( ئەو زمانەی خەریک بوو بەباشی فێری ئەبوو). ڕۆن لەسەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەبەر تێکەڵاو بوونی هاوتای کارەکەی نەبوو، لە مامۆستای باخچەی ساوایانەوە گواسترایەوە بۆ پۆلی منداڵە کەمئەندامەکان کە تەمەنیان لەنێوان شەش بۆ پانزە ساڵان دەبوون، بۆ لای ئەو گەنجانەی تووشی نائارامی هاتبوون و هیچ ئاسانکارییەکیان لەبەردەمدا نەبوو، ڕۆن جێ پێی خۆی لەم کەشوهەوایەدا کردەوە و دواجار ئەبێتە ڕابەری مامۆستایان لە قوتابخانەی منداڵانی لێزلی لە کامبریج. بەڵام دوای دوو ساڵ لە وانە وتنەوە ڕۆن کەڵکەڵەی نووسین لە مێشکی ئەدا و ئەچێتەوە پاریس و نۆ مانگ بە نووسینەوە سەرقاڵ ئەکات.

وەک ج. س، لۆکوود ئەنووسێ" ڕۆن لەساڵی 1990 بڕوانامەی ماجستێر لە دەروونناسی بەدەست ئەهێنێ و پاشان ئەبێتە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی لە گلۆوسێستەر لە ماساچوسێتس" کە بۆ ماوەی دوانزە ساڵ بەردەوام ئەبێ تیایدا، ڕۆن ژمارەیەک خەڵاتی پێدراوە کە هیچ کام لەو خەڵاتانە پەیوەندییان نییە بە سێیەم داهێنانی وەک شانۆنامەنووسێک.

دوای لێک گرێدانەوەی فەرمانگەکەی و دوو نەخۆشخانە، ڕۆن ئەڕوات و بەردەوام ئەکەوێتە شوێن نووسینەوە. "دووکەڵکێش" یەکەمین شانۆگەرییەتی و "مادیی"ش دووەمین بەرهەمیەتی.

ئەمەش دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە کە لە ماڵپەڕە تایبەتییەکەی خۆیەوە وەرمگێڕاوە، چاوپێکەوتنەکە هیچ زانیارییەکی بەسەرەوە نییە وەکو کێ ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ساز داوە، لە کوێ و کەی بووە؟ بۆیە ئەم نامە کورتەم بۆ نووسی و ئەویش چاپووکانە وەڵامی دامەوە.

سڵاو ڕۆن

من ناوم عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)ە، شاعیر و نووسەرێکی کوردم، پێمخۆشە ئەو چاوپێکەوتنەت کە لە ماڵپەڕەکەتدایە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی. ئەگەر قایلیت بەمە تکایە پێمبڵێ :

1- کێ ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا سازداوی؟

2- ئەو چاپێکەوتنە کەی بووە و یەکەمجار لە کوێدا بڵاو بۆتەوە؟سوپاست ئەکەم

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**17-05-2010 ڤانکۆڤەر**

وەڵامی ڕۆن مۆری

ئازیزم عەبدوڵڵا

ئەتوانی چاوپێکەوتنەکە وەربگێڕی

1- خۆم چاوپێکەوتنم لەگەڵ خۆم سازداوە.

2- لە مانگی نیسانی 2007 بوو.

3- لە هیچ شوێنێک بڵاو نەبۆتەوە.

ئەگەر پرسیاری ترت هەیە بێ دوودڵی پرسیارەکەتم بۆ بنێرە.

ڕۆن.

2010-05-19

# دەقی چاوپێکەوتنەکە

**پرسیار: بۆ شانۆگەری ئەنووسی؟**

وەڵام: لە ماوەی چل ساڵی نووسیندا ئەوە تەنها شێوەیەکە کە وەڵامێکی بەهێز و گاریگەر بێت.

**پرسیار: بۆ وایە؟**

وەڵام: خۆزگە بمزانیایە بۆ، من دڵنیام زانستی هەستەدەمار لە هەزار ساڵی داهاتوودا ئەمە شی ئەکاتەوە.

**پرسیار: گرنگترین پێکهاتەکانی نووسین چین؟**

وەڵام: بەنیسبەت خۆمەوە ئەبێ چیرۆکم هەبێ. ئێستاش بڕوام وایە کە چیرۆک ڕۆحی حیکایەتخوانە، میزاج و کارەکتەر و چارەنووس و مەغزا بۆ من هاوڕێی چیرۆکن، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کەسێک چۆن پێی ئەگات، ئەو کەسانەی ئینجیل و ڤێدا و ئەفسانەکانیان نووسیوە، جوان لە بەهای چیرۆک تێگەیشتوون.

**پرسیار: هیچ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ نووسەرە لاوەکان؟**

وەڵام: هەمان ئەو ئامۆژگارییانەی بەخۆمی دەڵێم، لەخۆبایی مەبە، تۆ ناتوانی ڕێزی کارەکتەرەکانت بگری ئەگەر چیرۆکەکانیان سەبارەت بۆ خودی

خـۆت بـێ، تـۆ وەک نووسـەرێک ئـەبێ یارمـەتی کارەکتـەرەکانت بـدەی بـۆ دۆزینەوەی حەقیقەت. هەموو چیرۆکە باشەکان ڕاستگۆشن.

**پرسیار: چۆن چیرۆک هەڵئەبژێری؟**

وەڵام: من هەڵیان نابژێرم، ئەوان من هەڵئەبژێرن.

**پرسیار: مەبەستت چییە؟**

وەڵام: چیرۆک لەدەرەوە دێت وەکو هاوڕێی کچ، بەڵام تـۆ ناکەویتـە داوی خۆشەویستی هەموو کچێکـەوە، ئـەوەی سـەبارەت بـە هاوسـەرەکەم جێگـای سەرنج بوو، ئەوە بوو کـە سـەرباری ئـەوەی ئاشـکرایە هـەموو ئەگـەرەکـانی پەیوەنـدی لەگـەڵیا بـەرەو کەمبوونـەوە ئـەچوو، وە گـەلێ ئەگـەری تـریش لەئارادا بوو کە پێشبینیم نەدەکرد تـا شـتەکان خۆیـان کەوتنـە جووڵـە، بـۆ چیـرۆکیش هـەر وایـە، چیـرۆک تـا چەنـد ئـەتوانێ هـەڵگری گوزارشـت و دەربڕینی پەنجا ساڵم بێ. هەندێکیان پێشبینیان لێ ناکەم تا نەیان نووسم.

**پرسیار: بۆچی حەز ئەکەی شانۆگەری بنووسی؟**

وەڵام: مـن حـەزم لـە هەسـت وسـۆزە. شـانۆ ڕۆح ئـەبزوێنێ، شـانۆگەری ڕووداوێکـی هەسـت جووڵێنــەرە، لـەناو هــەموو هونەرەکانـدا شـانۆ زینــدوو ترینیـان و بـە دەسـتوبرد ترینیـان و کـەم خایـەن ترینیانـە، مـن وا هەسـت ئەکەم، بۆیە من هەم.

**پرسیار: پێشتر گووتت چیرۆک ڕۆحی حیکایەتخوانە، بۆچی؟**

وەڵام: چیـرۆک ئــەو ڕێگایەیــە کــە مـرۆڤ زۆر سروشـتیانە مانــای لــێ ئەبەخشتێتە جیهـان، ئـەو کەسـانەی کـە بڕوایـان بـە چیـرۆک نییـە بڕوایـان بەوەش نییە مانایەک بۆ ئەم جیهانە پەیدا بکـەن، مـن پێموایـە ئێمـە تـەنها لەبەر یـەک هـۆ لـەم جیهانـەداین: بـۆ ئـەوەی مانـای پێببەخشـین، نـەک بـۆ تاقیکردنەوەی کۆڵدان، یان پێچەوانەی هونەر.

## سەرچاوەکان:

1- http://www.ronmorin.com/

2- http://www.wickedlocal.com/amesbury/fun/entertainment/arts/x668812095

## تێبینی:

ئەم بابەتە لە لاپەڕەی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 731ی ساڵی 2011 بڵاو کراوەتەوە.

# چوار چاوپێکەوتن لەگەڵ
# ئێدوارد ئەلبی
# بوێرترین ڕۆشنبیر لەگۆڕەپانی شانۆی ئەمەریکی

چاوپێکەوتنی ستیڤن دروکمان لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی
ئازاری 2002

چاوپێکەوتنی تینا ـ تارا پێترۆڤا لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی
شوباتی 2003

چاوپێکەوتنی ئەکادیمیای دەستکەوتی ئەمەریکی لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی
لە دووی حوزەیرانی 2005

چاوپێکەوتنی پێری فۆکس لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی
پازدەی تشرینی دووەمی 2007

# چاوپێکەوتنی ستیڤن دروکمان لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی
# ئازاری 2002



**ستیڤن دروکمـان: یەکـەمجار کەیـەکترمان بینـی، پێمگـووتی تـازە یەکەمـین ڕەشنووسـی یەکەمین شانۆگەری خۆمم تەواو**

کردووە و تۆش هەندێ ئامۆژگاریت پێدام کە منیش پەیڕەوم کردن.

ئێدوارد ئەلبی: ببوورە.

**ستیڤن دروکمان:(پێئەکەنێ) ئامۆژگارییەکە ئەوە بوو " مەهێڵە کارەکتەرەکانت لە نمایشدا شلو شێواو بن"**

ئێدوارد ئەلبی: خراپ نییە.

**ستیڤن دروکمان: ئەوە ئامۆژگارییەکی باشە بۆ ڕۆژنامەنووسێک کەهەوڵی ئەوە ئەدا ببێت بـە شـانۆنووس. نـەک دەنگـی خـۆی بەسـەر کارەکتەرەکانیـدا زاڵبکـا. تـۆ گووتـت" لێگـەڕێ ناهۆشیارییەکانت خۆیان دابچۆڕێن"**

ئێدوارد ئەلبی: ئم- هممم. مانابەخشە.

**ستیڤن دروکمان: خەڵکی پێیان خۆشە پرۆسەی تایبەتی نووسینی شانۆگەرییەکانت بزانن.**

ئێدوارد ئـەلبی: شـتێکی زۆر سـادەیە. کـە بیـر لـە نووسـینی شـانۆیەک ئەکەمـــەوە. مـــن کەســـێک نـــیم بیرۆکـــە لـــە شـــانۆگەرییەکانمەوە وەرگرم:" ئێستا خراپ نییە شانۆگەرییەک لەسـەر ئـەم شـتە بنووسـی". مـن شانۆگەری ئەنووسم بۆ ئەوەی بزانم بۆ ئەنووسم، من وریـام بـەوەی کـە مـن "لەگەڵ شانۆگەریی"دام بەزۆریش بەئاکام ئەگات. ئەوکاتەی ئەو بەشە تـەواو ئەکـەم لەگـەڵ واقیعـی کارەکـە دێتـەوە و زۆر بیـر لـە هۆکـاری نووسـینەکە ناکەمەوە.

**ستیڤن دروکمان: گوێم لێیە کارەکتەرەکان لەناو سەرمدا ئەدوێن. ئەمە بۆ تۆش وایە؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵێ. لە ڕێگەی ئەزموونەوە ئەمەوێ ئەوەم بۆ دەربکەوێ کـە تـا چەنـد کارەکتـەرەکانم بەباشـی ئەناسـم. ئەچمـە کـەناری دەریـا و پیاسەیەک ئەکـەم و بیـر لەهەنـدێ بـارودۆخ ئەکەمـەوە کـە نـابێ لـەناو ئـەو

شانۆگەرییە بن کە بەنیازم بینووسم، بۆ ماوەی نزیکەی نیو کاتژمێر لەگەڵ کارەکتەرەکاندا پیاسە ئەکەم و دیالۆگێکی سەرپێیی بۆ ئەو بارودۆخەیان بۆ پێک دێنم. جا ئەگەر بزانم سێلایەنە لەو بارودۆخە سەرپێییەدا دەتوانن بژێن، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە کە لەوانەیە چاکیان بناسم و ئینجا ئەشێ متمانەی ئەوەم پێیان هەبێ لەناو شانۆگەرییەکمدا بن.

**ستیڤن دروکمان: جا من وام دێتە بەرچاو کە تۆ کەمتر ئیشەکانت دائەڕێژیتەوە و ئەینووسیتەوە وەک ئەوەی زۆربەی شانۆنامەنووسەکان ئەیکەن0**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵێ. زۆر چاوەڕێ ئەکەم پێش ئەوەی شانۆگەرییەکم بنووسم. متمانەم بە سەلیقەی خۆم هەیە و زۆر داڕشتنەوە و نووسینەوە ئەنجام نادەم، وەک هەر کەسێکی تر تۆزێک زۆر ئەنووسم تا دەنگی خۆم ئەدۆزمەوە، بەڵام ناتوانم واز بێنم، لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی گرنگ فێر بووم، ئەگەر هەر بۆچوونێکت هەیە و بۆ هەر شوێنێک ئەڕۆی و لەناوەڕاستی شانۆگەرییەکە گەیشتیە ئەو باوەڕەی کەئەبێ بگۆڕرێ، متمانە بە سەلیقەی خۆت بکە.

**ستیڤن دروکمان: بیر لەوە ئەکەمەوە چۆن ئەمە تەرجەمەی وانە گووتنەوە ئەکەی، چونکە ئاسان نییە کەسێک فێری ئەوە بکەی ناهۆشیارییەکانی دابچۆڕێ.**

ئێدوارد ئەلبی: ناتوانم هیچ کەسێک فێربکەم ببێ بە شانۆنامەنووس. بەڵام ئەتوانم یارمەتیان بدەم کە وەک شانۆنامەنووسێک گونجاو بیربکەنەوە و وە یارمەتیان بدەم بەو ئاراستەیەی تێبگەن لەوەی کە داهێنانەکانیان چۆن بێ. هەرئەوەندە ئەتوانم و هیچی تر. من بە قوتابییەکانم ئەڵێم نەتەنها ئەو شتانە بزانن کە کەسانی تر نووسیویانە، بەڵکو پێویستە وەکو شتە باشەکان، شتە خراپەکانیش بناسن. چونکە ناتەوێ شتە خراپەکان کارت تێبگەن، هەروەها ئەبێ تێبینی مێژووی مۆسیقای کلاسیکی بکەی لەو

کاتــەوەی تــۆ شــتگەلێک ئەنووســی کــە ئــەگووترێن و ئەبیســترێن؛ وە لــەو کاتەوەی لەگەڵ دیمەنی بینراو   کار ئەکـەی پێویستە لەسـەرت شـارەزاییت لەسەر نیگارکێشان و پەیکەرتاشی هەبێ.

**ستیڤن دروکمان: دەربارەی داگیرکەر بۆم بدوێ، شانۆ تازەکەت سەبارەت بە لویس نێڤلسن.**

ئێدوارد ئـەلبی: ئـەوە چیرۆکـی ژیـانی کچێکـە کـە لـە سـاڵی 1899 لـە ڕوسـیا لـەدایکبووە و نـاوی "لیـە لێرلیاوسـکی"ە، بـاوکی هاتـە مـەین و بـە دوکانی کۆنەفرۆشی دەستی پێکرد و دواترماڵومنداڵەکەی هێنا، لێرلیاوسکی درکی بەوە کـرد کـە هونـەر هەژاندوویـەتی، بۆیـە هـەر لەتەمـەنێکی زۆر زۆر گەنجییەوە دەستی کـرد بـە وێنەکێشـان، دوای چەنـد سـاڵێک  لیـە بـوو بـە ئەفراندەر و داهێنەر و ئەوسا بوو بە لویس نێڤلسنی

پەیکەرتاش، لیە بەدرێژایی ئەو ڕێگایە گەلێ هەڵـەی کـرد، هاوسـەرگیری کە نەئەبوو بیکردایە، منداڵی نەئەویست پاشـان وازی لەهـەموو ئـەو شـتانە هێنـا و چـووە ئـەوروپا و ژیـانێکی بوهیمیانـەی پـڕ کولەمـەرگی ژیـا، چـووە قوتابخانەی هونەر بۆ ماوەی نزیکەی سی و پێنج سـاڵ بەرهەڵسـتی کـرا تـا لەکۆتاییدا بوو بە بەناوبانگترین پەیکەرتاشی ئەمریکا.

**ستیڤن دروکمان: ئەو کچە هاوڕێی خۆت بوو؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئا بەڵێ، زیاتر لە بیست و پێـنج سـاڵە یـەکتر ئەناسـین، مـن زۆر حـەز لـەوە ئەکـەم بـزانم خـەڵک چـۆن خۆیـان پێئەگـەێنن، هـەموو هونەرمەندان ئەوە ئەکەن، من بە گەلێ هونەرمەندی نیگارکێشم گووتووە کە بــەنیازم شــانۆگەرییەکی لــەو بابەتــە بنووســم، ئــەیانگووت " ئــەوە زۆر خۆشحاڵمان ئەکا — ئیتر چۆن ئەوە بکەین و چـۆن ببینـە خـاوەنی هونـەری خۆمان" ئیتر شانۆگەرییەکەم بە دوو مانگ نووسی.

**ستیڤن دروکمان: بەڕاستتە؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵێ. هەروەکو فوارە بەجوانی ئەهاتە خوارەوە.

**ستیڤن دروکمان: ئێستا شانۆگەرییە تازەکەی ترت " بزنەکە"، وابزانم نزیکەی سێ ساڵ پێش ئێستا بوو کە من لەناو کۆمپیوتەرەکەتدا بینیم.**

ئێدوارد ئەلبی: ئەوکات تازە دەستم پێکردبوو، وە ساڵ و نیوێک پێش ئێستا تەواوم کرد. ( هەناسەیەک ئەدا)، چیت پێبڵێم، پەردەیەکی درێژە، سێ دیمەنە و چوار کارەکتەر و بزنێکە.

**ستیڤن دروکمان:( پێئەکەنێ) باشە ئەوە سەرەتا بوو، تۆ پێتگووتم یەکێک بووە لە شانۆگەرییە سیاسییە ئاشکراکانت.**

ئێدوارد ئەلبی: دەربارەی سنووردداربوونی لێبوردنمانە، ئێمە ڕێ بەخۆمان ئەدەین بیر لەچی بکەینەوە، بینیم چۆن بەرخوردی جوانمان نەکرد وەختێ سوزان سۆنتاگ لە گۆڤاری نیویۆرکەر شتێکی نووسی ( پاش یانزەی سپتەمبەر. کە هەوڵیدا ئەو ڕووداوە بخاتە چوارچێوەیەکی مێژووییەوە) وە بەڕاستی ڕەخنەی لێگیرا. ئەم شانۆگەرییە پەیوەندی بەوەوە هەیە، ئێمە ڕێ بەخۆمان ئەدەین بیر لەچی بکەینەوە، من پێم وایە ئەمە سیاسەتە.

**ستیڤن دروکمان: بزنەکە بزنی قوربانی نەبووە.**

ئێدوارد ئەلبی: نەخێر. من ئەو ناونیشانەم هەڵبژارد بزنەکە یان سیلڤیا کێیە؟— بزنەکە ناوی سیلڤیایە، چونکە دوو قوربانیم ئەویست. بزنێکم ئەویست و کەسێکیشم ئەویست کە ببێتە قوربانی، ئەمە شانۆگەرییەکە لەسەرەتادا پێئەچێ تەنها شتێک بێ، بەڵام دوواتر چەند زیاتر بچینە قوڵایی بابەتەکەوە، ناکۆکییەکان گەورەتر ئەبن. وە لەو بڕوایەدام ئەبێتە هۆی وڕو کاسبوون و قێز لێکردنەوەی ژمارەیەک لەخەڵک، گەر بەختیش یاوەر بێ

ئەوا خەڵک هەڵدەستنە سەرپێ و لەکاتی نمایشدا چەپڵە لێئەدەن و شت فڕێ ئەدەنە سەر شانۆ. کەهیوادارم وابێ!

**ستیڤن دروکمان: زۆر جوانە. حەزم لەشانۆگەرییەکە کێشە دروست بکات.،ئێستا لێرەو لەوێ تەنها چەند شانۆگەرییەکی لەو جۆرە هەن، لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ڕۆژنامەنووسان بەردەوام لێت ئەپرسن" شانۆگەرییەکانت چ مانایاکیان هەیە؟"**

ئێدوارد ئەلبی: مانای ئەو شتانە ئەدەن کە ئەیڵێن، هەر کارێکی هونەریی تۆزێک چاک، میتافۆر و دەنگدانەوە ومانا شاراوەکانی دەقی تێدایە، وە هەرگیز دوو کەس دوو شانۆگەری وەکو یەک نانووسن، چونکە دوو کەس ناتوانن هەمان ئامراز و توانای هەڵبژاردن بۆ بەشداربوون لە شانۆگەرییان هەبێ.

**ستیڤن دروکمان: لەو بڕوایەدای تۆ بەهێزی هەستی کەسێکەوە ئەنووسی کە بەخێوکرابی؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەهەرحاڵ بەخێوکراوم. دڵسۆزییەکانم بەئاراستەی دۆزینەوەی خودی خۆم بوو وەکو نێڤێڵسن. من هیچ بێگانە نەبووم بەپەیوەندییە خێزانییەکان. لەلای خۆمەوە دەبوو یەکەمین کەس بم کاری لەسەر بکەم.

**ستیڤن دروکمان: بەڵام بیرۆکەیەکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە گرنگ نییە کەسانێک چەند باش خۆیان بۆ خێزانە نوێکەیان ئامادە ئەکەن، کەچی هێشتا هەر ڕۆڵ ئەگێڕن.**

ئێدوارد ئەلبی: وەک کێشەیەک بۆ بەرخوردکردن لەگەڵ ژیانی خۆتت مەبەستە؟ بەڵێ، هەمیشە حەزم کردووە بیر لەوە بکەمەوە کە ئەتوانم خۆم دوور بگرم و و چاودێری خۆم بکەم لەهەر بارودۆخێک بەبێ ئەوەی بەشداری تێدا بکەم.

**ستیڤن دروکمان: ئایا ئەزانی ژمارەیەکی لەڕادە بەدەر ئەو کەسانەی بەخێوکراون، بوونەتە شانۆنامەنووس؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەڕاستتە؟ لەگەڵ تۆ، ئەوە ئێمە دووانین لێرە. (پێئەکەنێ)

**ستیڤن دروکمان: لەگەڵ گرەیگ لوکەس(نووسەری خۆئامادە کردن بۆ ماچ) ڕیچارد فۆرمان(هونەرمەندی دەرهێنەر و شانۆنووس)**

ئێدوارد ئەلبی: لەوانەیە هەمووومان نەوەی یەک دایک و باوک بین. (پێئەکەنێ) وە بەهەرحاڵ لەوانەشە هەموو زۆڵ بین.

**ستیڤن دروکمان: (پێئەکەنێ) پێم سەیرە چۆن ئەو ناو و ناوبانگەت بەدەست هێناوە کە ئاوا وشک و کەللە ڕەقیت.**

ئێدوارد ئەلبی: ئەمە پەیوەندی بەو ڕۆژانەوە هەیە کە زۆر شەرمنتر بووم لە ئێستا کە چاوپێکەوتنم لەگەڵدا ئەکرا، شەرمەکەم خۆی بەجۆرێک وەک ڕووگرژی نیشاندان ئەدا، ئێستا ئەم کارەکتەرەم گەشەی کردووە و بواری ئەوەمان ئەدا کە چاوپێکەوتنێکی زۆر جوان ئەنجام بدەین. (پێئەکەنێ)

**ستیڤن دروکمان: ئەی دواجار چۆن فێری ئەوە بووی بەسەر شەرما زاڵبی؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەهەمان شێوەی زاڵبوونم بەسەر ترسی سواربوونی فڕۆکە، شەوێکیان چووم بۆ دوورگەی کۆنی و بەسەر هەموو ئەو شتانەدا ڕۆیشتم کە لێیان ئەترسام. بازدان بەپەڕەشووت، سواربوونی (سکە الموت)و تاقیکردنەوەی هەموو ئەوشتانەی لێیان ئەترسام.

**ستیڤن دروکمان: منیش لەسواربوونی فڕۆکە ئەترسام، ئیتر خۆم جوان مەست ئەکرد پێش ئەوەی بچمە ناو فڕۆکەکەوە.**

ئێدوارد ئەلبی: منیش وام ئەکرد، بەڵام ئێستا وازم لە خواردنەوە هێناوە و ناتوانم چیتر ئەو کارە بکەم. (پێئەکەنێ)

**ستیڤن دروکمان: خواردنەوە دەبێ یارمەتی دابی بۆ زاڵبوون بەسەر شەرمدا.**

ئێدوارد ئەلبی: نەخێر، چونکە قەت بەسەرخۆشی چاوپێکەوتنم لەگەڵ نەکراوە. من مەشروب خۆرێکی ئاسوودە نەبووم. هەستم بەبەرپرسیاریەتی ئەکرد تا بەهەموو کەسێ بڵێم کە چۆن بژێن. کە ئەمخواردەوە کەسێکی بێهیوا و لاواز بووم و من لەوەدا نیشانەم لە ڕووشکێنی خەڵکی بوو. من لەگەڵ مەشروبدا جێی پەسند نەبووم.

**ستیڤن دروکمان: من هەمیشە نائاساییانە ئەو کەسانەم بەدڵ بووە کە نیشانە لەلاوازی کەسانی تردا ئەگرن. لانی کەم تیژبینی نیشان ئەدەن.**

ئێدوارد ئەلبی: ئەرێ، تەواو تیژبین، بەڵام دڵڕەقانە. تۆزێ بەزەیی جوانە هەم لە ئێستاو هەم لە داهاتوو.

**ستیڤن دروکمان: ئەتوانی خاڵێکی لاوازی من دەستنیشان بکەی؟**

ئێدوارد ئەلبی: یەک خاڵ؟ (پێئەکەنێ) لەوانەیە، بەڵام ڕاستیان گووتووە کە کەسی سادی ئەو کەسەیە کە ئارەزووی ماسۆشیستێکی پێ ناشکێ.

**ستیڤن دروکمان:( پێئەکەنێ) بەڵێ دەستنیشانت کرد! باشە. دوا پرسیار: هیچ ئامۆژگاریت بۆ هونەرمەندە لاوەکان هەیە؟**


ئێدوارد ئەلبی: ئەزانی چی، هەمیشە بە قوتابییە شانۆنامەنووسەکانم ئەڵێم، ئەگەر هەر شتێکی تر لە ژیان شک ئەبەن کە ئاسوودەتان بکات، واز لە نووسینی شانۆ بهێنن.

**ستیڤن دروکمان: بەڕاستتە؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئێستا فشاری ئابووری لەسەر شانۆنامەنووسەکان لەهەموو کاتێک خراپترە، ئەوەی بینەر ئەیەوێ زۆر جیاوازە لەوەی شانۆنامەنووسێکی جیددی ئەیەوێ، من تۆزێک زیادەڕۆییم کرد، بەڵام زۆر ئاسان نییە، گرفتی بوون بە شانۆنووس ئەوەیە ئەبێ بزانی کە سازش ئەکەی یان نا. ئەبێ بزانی کە ئایا بەرهەمەکەت ئەفرۆشرێ و بشتوانی ئەمە بزانی، پاشان نابێ بەو ئەنجامە پەشیمان بوونەوە بێمانایە ڕازی بی کە بەرهەمەکەت هەمووی فرۆشراوە، چونکە ئەو کات تۆ بڕیارت داوە ئەو کارە بۆ پارە بکەی، نەک بۆ نەوەی ڕۆژ. بەڕاستی پیشەیەکی زەحمەتە.

**تێبینی:** ئەم چاوپێکەوتنە لە گۆڤاری شانۆ ژمارە 19 ی ساڵی 2010 بڵاو کراوەتەوە.

# چاوپێکەوتنی تینا ـتارا پێترۆڤا لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی
# شوباتی 2003



**تینا -تارا پێترۆڤا: ئەگەر ئەمڕۆ هەموو جیهان شانۆیەک بێت، ڕۆڵی شانۆنامەنووسەکان ئەبێ چی بێ؟**

ئێدوارد ئەلبی: ڕۆڵی شانۆنامەنووسەکان ئەوەیە کە ئاوێنەیەک هەڵبگرن بۆ خەڵک و وایان لێبکەن تەماشای ناو ئاوێنە بکەن، جا ئەگەر ئەوەی ئەیبینن پێیان خۆش نەبوو، با ئاوێنەکە دوور نەخەنەوە، بەڵکو بیگۆڕن.

**تینا -تارا پێترۆڤا: تۆ خەڵکی شاری نیویۆرکیت و لەڕۆژی یازدەی سپتەمبەر هەر لەو شارە بوویت. ئەمە چ کاریگەرییەکی بەسەرتەوە داناوە؟**

ئێدوارد ئەلبی: وەک نووسەرێک نزیکەی سی یان چل داوام لێکراوە کە شانۆیەک یان وتار یان تەنانەت بۆچوونی خۆم دەربارەی یازدەی سپتەمبەر بنووسم. وەڵامی منیش هەمان ئەو وەڵامە بووە کە ئێستا ئەیدەمەوە. نازانم هەستم چۆنە و چۆن هەست ئەکەم و چۆن هەستەکەم وەربگێڕمە ناو کارێکی هونەریی. هێشتا زۆر زووە و بڕوام بە وەڵامدانەوەی خێرا و بەپەلە نییە، بڕوام بە وەڵامی بێ بیرکردنەوە نییە بۆ شتەکان. هەندێ شت بۆ چەندین ساڵ لەمێشکمدا ئەمێنن پێش ئەوەی وەڵامیان بدەمەوە. من سەرلەبەیانی ڕۆژی یانزەی سپتەمبەر لەناو شاری نیویۆرک بووم، هەر چەند خولەکێک دوای ئەوەی دووەم باڵەخانە هێرشی کرایە سەر، من لە قیتار لەسەر شەقامی چامبەر دابەزیم، هەردوو باڵەخانەکەم بینی گڕیان لێ بەرز ئەبۆوە. خەڵکم ئەبینی لە باڵەخانەی دووەمەوە خۆیان فڕێ ئەدا... چ ترسناک بوو، نەمئەزانی چی ڕوویداوە، وام مەزەندە ئەکرد کە فرۆکەیەک بەڕێکەوت کەوتبێتە سەر باڵەخانەکان، من نزیکەی پێنج کۆڵان دوور بووم لەباکووری مەڵبەندی بازرگانی جیهانییەوە. ئینجا گەڕامەوە بۆماڵەوە بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە ئەو باڵەخانەیەی تێیدا دەژیام ئاگری تێبەر نەبووبێ، باش بوو سەلامەت بوو، ئینجا تەلەفزیۆنم پێکرد و تێگەیشتم کە

پـەنتاگۆن هێرشـی کراوەتـە سـەر، پاشـان چوومـە سـەربان و ڕوو لەباشـوور ڕوانیم کە هەردوو باڵەخانەکە دارمان.

**تینا -تارا پێترۆڤا: ئایا بۆچوونـەکانت سەبارەت بـە ئازادییـە فەردییـەکان وەک مرۆڤێک کەوتنە ژێر کاریگەری یازدەی سپتەمبەرەوە؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئەتوانم بڵێـم بەهێزتر بوون نەک گـۆڕان، بـەڵکو بـەهێزتر بوون.

**تینا -تارا پێترۆڤا: تۆ لەو ماوانە شانۆگەریت هەبوو کە لەسەر بـرادوای نمـایش ئـەکران – بزنەکە یاخود سیلڤیا کێیە، وە داگیرکەر، لەگەڵ ئـان بانکرۆفت و لـەم دواییانـە لەسـەر برادوای تەواو بوون، ئایا هیچ کـام لـەم شـانۆگەرییانە وەک بەرئـەنجامی یـازدەی سپتەمبەر نووسراون؟**

ئێدوارد ئەلبی: نەخێر، وەک بەرئەنجامی یازدەی سپتەمبەر نەنووسراون.

**تینا -تارا پێترۆڤا: ئایا هەڵسەنگاندنت هەیە دەربارەی مەترسی جەنگ بەسەر عێـراق و ستراتیژی ئیدارەی ئێستای ئەمریکی دژ بە تیرۆریزم؟**

ئێـدوارد ئـەلبی: بـەڵێ. بەدڵنیاییـەوە هەمـە، ئیـدارەی ئەمـەریکـی ترساندمیان. کەمکردنەوەی مافە مەدەنییەکان ومافی مرۆڤ ترساندمیان، کـە کۆمارییەکان لەو بڕوایەدان وەک بەرئەنجامی هێرش کردن بۆ سەر ئەمریکا بەدەستیان هێناوە، من ئێستاش دڵنیا نیم لەوەی کە هیچ بیانوویەک لەئارادا بێ بۆ هێرش کردنە سەر عێـراق، هـەر وەک چـۆن دڵنیـاش نـیم کـە هێـرش بکرێتە سەر کۆریـای بـاکور، یـان ئێـران، یـان هـەر وڵاتێکـی تـر کـە بـۆمبی ئەتۆمییان هەبێ، من نازانم چەند وڵات لە نەخشەی سەرۆکی ئەمریکادا هـەن بۆ هێرش کردنە سـەریان و بـە چ حیسـاب و کیتابێـک ئـەکرێ، بـەڵام ئـەوە ئــەزانم ئەگــەر دەرکــەوێ عێــراق هــیچ چــەکێکی کۆمەڵکوژیشــی نــەبێت بیشارێتەوە، ئیـدارەی بـۆش بەهـەر حـاڵ هـەر هـەوڵ ئـەدات بیانوویـەکی تـر بدۆزێتەوە بۆ داگیرکاری.

**تینا -تارا پێترۆڤا: شانۆگەرییەکەت "کێ لە ڤێرجینیا وۆڵف ئەترسێ" کراوەتە فیلمێکی هۆلیوود کە هەریەک لە ڕیچارد بورتۆن و ئیلیزابێس تایلەر ڕۆڵی تێدا ئەگێڕن، ئەو ئەزموونە چۆن بوو؟**

ئێدوارد ئەلبی: نازانم چۆن بەرهەم هێنرا و چۆن ڕوویدا، لەو بڕوایەدام تواناکان و هێزی ئیلیزابێس تایلەر و ڕیچارد بورتۆن بوون کە هێزی گووتنی"نەخێر" یان هەبوو بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە بیرۆکەیەکی خراپیان هەبوو، منیش بەردەوام گوێ بیستی چیرۆکی ترسناک ئەبووم، وەک ئەوەی سیناریست منداڵێکی نەبوو بکاتە واقیعی کە لە ڕادەبەدەر ناقۆڵایە. من گووتوومە گەلێ شتی خراپ نووسراون — جا ئەمە ڕاست بێت یان نا، لەڕاستیدا نازانم– بەڵام گووتوومە کە هەندێ گۆڕان کراوە لەلایەن ئیلیزابێس تایلەر و ڕیچارد بورتۆن و دەرهێنەر، کە پەسند نەکراون ڕەتکرانەوە.

**تینا -تارا پێترۆڤا: لە ساڵانی ڕابردوودا ئایا هیچ داوایەک لەسەر بەرهەمەکانت هەبووە بۆ کاری سینەمایی؟**

ئێدوارد ئەلبی: شانۆگەری " هاوسەنگییەکی کارامە" کە کاترین هێپبێرن و پاوڵ سکۆفیلد دەوریان تێدا گێڕا لەدەوروبەری 1970 کرایە فیلم. داواکاری لەسەر ژمارەیەک لە شانۆگەرییەکانم هەبوون، بەڵام لام ڕوون بووە کە خۆم سیناریۆکەی نانووسم، بۆیە حەزم لێنەبووە بیدەم پێیان. من ئەمەوێ کۆنترۆڵی کارەکانم و هەروەها دوا دەستکاری بکەم. بۆیە چیتر هیچ خەڵکی ترم لێ نزیک نەبۆتەوە.

**تینا -تارا پێترۆڤا: (پێئەکەنێ) ئەزانم کە وانەی نووسینی شانۆگەری ئەڵێیتەوە.**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵێ، ئەوە ڕاستە. بەهاران وانە لە زانکۆی هوستن ئەڵێمەوە، هەروەها سەرپەرشتیاری شوێنێک ئەکەم لە مۆنتاوک لە نیویۆرک کە هونەرمەندانی شێوەکار هەر جارەی بۆ ماوەی مانگێک دێن و دەمێننەوە و کار ئەکەن.

**تینا -تارا پێترۆڤا: ئێدوارد، تۆ وەزیفەیەکی درێژ و ناسراوت لەناوەوە و دەرەوەی شانۆ هەیە کە بۆ ماوەی چوار دەیەیە بەردەوامە، ڕات چییە سەبارەت بە ئەرکەکانی نووسەری پرۆفیشناڵ لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆماندا؟ وەک نووسەرێک سەرەکیترین بەرپرسیاریەتی دەرحەق بە بینەرانت چییە؟**

ئێدوارد ئەلبی: ڕاستییان پێ بگووترێ و ئەوەشیان لێ ڕەچاو بکەی کە حەز لە ڕاستیی بکەن.


**تینا -تارا پێترۆڤا: هیچ ئامۆژگاریت هەیە بۆ خوێنەرانی کەنەدیت، کەلە سێبەری "برا گەورە" ئەمریکادا**

**دەژین، کە لەوانەیە وا توابێتەوە کە وەکو پەنجاو یەکەمین ویلایەتی لێهاتبێ؟**

ئێدوارد ئەلبی: کەنەدا پێویستە ناسنامە و کەسایەتی خۆی وەکو وڵاتێک بەدەستەوە بگرێ و تەنانەت وەک پاشکۆ بیر لەخۆی نەکاتەوە، لەوانەیە باشتر بێ گەر لەناو ئێمەدا نەتوابێتەوە.

* * *

# چاوپێکەوتنی ئەکادیمیای دەستکەوتی ئەمەریکی
# لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی
# لە دووی حوزەیرانی 2005



**پرسیار: وەک منداڵێک، گەورە بوون لە دەوروبەری شاری نیویۆرک بۆ تۆ چۆن بوو؟**

ئێدوارد ئەلبی: من منداڵێکی هەڵگیراوە بووم، و لەلایەن بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندەوە گەورە کرام کە سەروکاریان لەگەڵ بەڕێوەبردنی شانۆدا هەبوو، بەڕێوەبەرایەتی شانۆی ئیستعرازی. بازنەی کیس-ئەلبی ئیستعرازی. هەروەها هۆڵەکە بەردەوام بە نمایشکەرە ئیستیعرازییە خانەنشینەکان پڕ ئەبۆوە، بۆیە ئەبوایە هەریەک لە بیڵ گاگستۆن و ڤیکتۆر موور و ئێد واین (1) و هەموو ئەوانەم بناسیایە کە کەس هیچی لەبارەوە نەبیستوون، منیش هەر لە لاویما دەستم کرد بە ڕۆیشتن بۆ هۆڵەکانی شانۆ. پێموابێ تەمەنم شەش ساڵان بوو کە چووم بۆ بینینی شانۆگەری "جامبۆ" لە هۆڵی شانۆیی هیپۆدرۆم( 2). ئەو نمایشە مۆسیقییەی جیمی دورانت و فیلەکە (3). ئەوە یەکەمین ئەزموونم بوو لە شانۆ. بۆیە من لەناو شانۆ گەورە بوومە، کە تاقە شتێکی باشە لەم هەڵگیرانەوەیەم.

**پرسیار: چۆن وەسفی خۆت ئەکەی وەکو منداڵێک؟**

ئێدوارد ئەلبی: وای دائەنێم خەریکی خۆپێگەیاندن بووم. هەرگیز هەستم بەئاسوودەیی نەکردووە لەگەڵ دا بەخێوکەرم، لەو بڕوایەدام نەیان ئەزانی ببنە دایک باوک، لەوانەشە منیش نەمزانیبێ ببمە کوڕیان. هەروەها منیش زۆر بەداخراوی مامەوە، من ژیانێکی سامناکی ناوەوەی خۆم هەبوو، بەدڵنیاییەوە من کەمترین پەیوەندیم بەو شتانەوە نەبوو کە دەبوایە هەمبێ، لەتەمەنی نۆ ساڵان، یان دە ساڵان، ناردمیان بۆ قوتابخانە، چونکە نەیاندەویست لەبەر چاویان بم. ئەوەش ئاسایی بوو، کێشە نەبوو، من ئیتر خەمی خۆم خوارد.

**پرسیار: قوتابخانەت پێخۆش بوو؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵێ قوتابخانەم پێخۆش بوو، تەنها ئەو کاتانەی کە ئـەو شتانەی ئەمویست بیانکەم، دەمکردن. من زۆر زۆر باش بـووم لـەو وانانـەی کە حەزم لێئەکردن و زۆر خراپیش بووم لەو وانانەی کە حەزم لێنەئەکردن، پێموابوو زۆر بە زوویی زانیم- یان لانی کەم ئەو هەستەم هەبوو- کە ژیـانم چ ڕێڕەوێک لەخۆی دەگرێ. من هەمیشە حەزم لە وانەی هونەر بوو، مـن لـە تەمـەنی هەشـت سـاڵی دەسـتم کـرد بـە نیگارکێشـان و تـابلۆ نەخشـاندن و لەتەمەنی نۆ سـاڵی یـان دە سـاڵیدا دەسـتم کـرد بـە شـیعر نووسـین. دوای ئاشنابوونم بە بـاخ لەتەمـەنی دوانـزە سـاڵ و نیـوی ئەمویسـت ببم بـە ئـاواز دانەر، بەڵام ئەوەم بۆ نەچووە سەر.

**پرسیار: کە گەنج بـووی بـۆ پێت وابـوو کە ئـەتزانی چی ئەکەی؟ تـۆ ئەمە چـۆن لێک ئەدەیتەوە؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئاشکرایە کە نازانم. مێشکی من بەم جۆرە ئـیش ئـەکات، یان لەکاتی خۆیدا ئیشی ئەکرد. من حەزم لـەو شـتانەیە، مـن نـازانم دایـک و باوکی سروشتی من کێن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی هەڵگیرانەوەم. کە ئەو کات بۆت نەبوو شتی لەم جۆرە بزانی، بۆیە نەمتوانی، بـەڵام بەهـەرحاڵ زۆر بیر لـەو شـتە ناکەمـەوە. هەنـدێ لـەو منداڵـە گـەش و دڵخۆشـانەی کـە ئەمناسـین و دایـک و باوکیـانم بینیـوە، هـیچ پەیوەندییـەکم لەنێوانیانـدا نەبینیوە.

**پرسیار: لەگـەڵ گـەورە بوونتـا، هـیچ کتێبێـک هـەبوو بەلاتـەوە گرنـگ بـێ؟ چ کتێبێکت ئەخوێندەوە؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئا، بەدڵنیاییەوە. تا توانیم خوێندمەوە. چیرۆکێکی خۆشم لایە. ئەو خێزانە کتێبخانەیەکی گەورەیان هەبوو لە خـانووە گەورەکـەیان لـە "لارچمۆنت"پڕ لەکتێبی جزوبەند بوو، شـەوێکیان بـەدوای کتێبێکـدا ئەگـەڕام

بۆخوێندنەوە. ئەوکات تەمەنم چواردە ساڵ، یان لەوانەیە سیانزە ساڵان ئەبووم، ئەم ئیڤان تور-جەن-ئەف کێیە؟ دیارە مەبەست تورجینێڤە. جا منیش یەکێک لە کتێبەکانم لە کتێبخانەکە دەرهێنا، ئەویش"خاکی پاکیزە"بوو، لەڕاستیشدا خوێندمەوە. بۆ سبەی بەیانی هاتمە خوارەوە بۆ قاوەڵتیکردن — چونکە ئەندامانی خێزان دەبوایە پێکەوە قاوەڵتی بکەن، ئەمەش شتێکی فەرمی بوو — بینیم ئاسایی نین، گووتم"چی ڕوویداوە؟" گووتیان" کتێبێک لە کتێبخانەکە دیار نەماوە." منیش گووتم"بەڵی کتێبی ئیڤان تور-گەن-ئەف"ە، ناوەکەیم بە باشی بۆ نەگووترا."بەڕاستی کتێبێکی زۆر چاکە"من بردمە سەرەوە..." ئەوە کتێبی کتێبخانەکەیە. تۆ بۆشاییەکت دروست کردووە لەسەر ڕەفەکان." ئەمە هەندێ بیرۆکەی جیاوازی تێڕوانینمانت بۆ دەرئەخات. (4)

**پرسیار: چ شتێک لەژیانی بەرایی خێزانەکەتان بووە مایەی کێشە بۆت؟**

ئێدوارد ئەلبی: هەرگیز هەستم بەوە نەکردووە کە من پەیوەندیم بەو خەڵکانەوە هەبووبێ ئەمەش لەوانەیە سەیر بێ، چونکە زۆربەی منداڵان کەتبوونە داوی هەستکردن بە ئەرکی سروشتی دایک و باوکیان. لەپێناو چی؟ وابزانم تەنها لەبەر ئەوەی لەدایک بوون. لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانینێکی گەمژانە بوو. جا لەوساوە هیچ پەیوەندییەکم بەو خەڵکانەوە نەبووە و ئەشمزانی من لەوان نیم، من جۆرە هەستێکم هەبوو سەبارەت بە سەرجەم پەیوەندییەکان، بێگومان ئەمە دووەم گریمانە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە لەوانەیە لە لێکدانەوەی خۆمدا بووبێ. من ڕێبوارێکی هەمیشەییم کە لەوانەیە لە دێڕێکی شانۆگەری "چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان) دا هاتبێ " من ڕێبوارێکی هەمیشەییم. ماڵەکەم دڵ تێکهێنەرە کە لەلای سەرەوەی خۆرئاوای شاری نیویۆرکە، کە مەزنترین شارە لە جیهان ئامین!" من گرەوت

لەگەڵ دەکەم کە ئـەزانم ئـەو دێـڕە لـە کـوێی چیرۆکـی باخچـەی ئـاژەڵان دا هاتووە.

**پرسیار: وا تێئەگەین کە منداڵێکی بەناز نەبووی بۆ سەرکەوتن لە قوتابخانە.**

ئێـدوارد ئـەلبی: وابـزانم ... نـا. بـەڵـێ لـەزۆر قوتابخانـە دەرکـرام لەبـەر ئەوەی نەم ئەویست لەوێ بم. هەروەها نەشم ئەویست لە ماڵەوە بـم. نـەم ئەویست لە هیچ شوێنێک بم، بەڵام توانیم ئەو شـتانەی پـێم خۆشـە بخـوێنم پـێش ئـەوەی دەربکرێمـە دەرەوە، مامۆسـتاکان وا دەرئەکـەوتن و ئەهاتنـە بەرچاو کە بەشێوازێکی زۆر ترسناکانە وەک ئەوەی شتێک لە مێشکیاندا بێ و هانیـان بـدات. بۆیـە هـانی منیـان ئـەدا بـەرەو ئـەو شـتانەی کـە حـەزم لێیانە، ئەمەش شتێکی باش بوو، بۆیە لە قوتابخانەیەک شتێک فێـر ئـەبووم و دەرئەکرام و ئەچوومە قوتابخانەیەکی تر و شتێکی تر فێر ئەبووم.

**پرسیار : هیچ مامۆستایەک کاریگەری هەبووە لەسەرت؟ کێت بۆ گرنگ بووە؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵێ بەدڵنیاییەوە، هەندێ مامۆستا هـەبوون کـە زۆر زۆر یارمەتیدەرم بـوون و وەک ئـەڵێم هەسـتم ئـەکرد لەوانەیـە مێشـکیان بەشـتی چـاک کـێڵابم وە بەئاراسـتەیەکی دروسـت بـەرەو کۆمـەڵێ شـت ڕێنوێنییـان کردبم، من توانم زۆر بچمە ناو وردکارییەکانەوە، بەڵام ئەزانم ئاوا بوو. ئەمانە هەموو قوتابخانەی تایبەتی بوون نەک قوتابخانەی گشتی کـە لـە ناوچەرگـەی شاردا بوون. ئەو قوتابخانە تایبەتییانە گـەلێ منـداڵی دەوڵەمەنـدی لێبـوون، چونکە مامۆستاکان مووچەیەکی باشیان وەرئەگرت، بۆیە قوتابییـەکانیان زۆر ڕۆشنبیرتر بوون لەقوتابی هەمان مامۆستا کە ئەمڕۆ لە سیستەمی قوتابخانـە گشتییەکاندا دەخوێنن، وە یان هەندێ خەڵکی زرنگ و ناودار. پـۆلی بچـوک بچوکیان هەبوو. هەر پۆلێک حەوت، یان هەشت منداڵی تێدا بوو، ئـەیانتوانی کات تـەرخان بکـەن بـۆ ئـەوەی بـزانن کـە ئـەو منداڵانـە کـێن، مـن زۆر زۆر

سوپاسگوزارم کە هەرچەندە نەمتوانی لەگەڵ دایک و باوکی بەخێوکەرم هەڵبکەم. بەڵام ڕۆشنبیرییەکی لە ڕادەبەدەر چاکیان بۆ دابین کردم.

**پرسیار: تۆ ئەڵێی لەتەمەنی هەشت نۆ ساڵیدا دەستت کردووە بە نووسینی شیعر.**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵێ. تەنانەت پێش ئەو کاتەش دەستم بە وێنەکێشان کردبوو.

**پرسیار: چی هانی دای ئەو کارە بکەی؟**

ئێدوارد ئەلبی: لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە پێموابوو نیگارکێشم و پێشموابوو کە نووسەرم.

**پرسیار: تۆ زوو وازت لە کۆلێژ هێنا، وا نییە؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵی زوو وازم هێنا، ڕێکەوتنێکی دووسەرە بوو، من قۆناغی یەکەمی زانکۆ نە ئەچوومە زۆرێک لەو کۆرسانەی کە ئەبوایە بچم. من ئەچوومە ئەو کۆرسە بەسوودانەی کە گەورە ساڵان دەیانخوێند و لەئاستی دەرچووندا ڕۆشنبیری باشیان لێ وەچنگ ئەهێنا، بێگومان غایب ئەبووم و لە کۆرسە داواکراوەکانمدا دەرنەئەچووم. ئەوان ئەوەیان بەدڵ نەبوو، لێرەوە دوو ڕێگایان خستە بەردەمم: یان ئەوەتا بچمە کۆرسەکانم، یان واز لە قوتابخانە بهێنم، منیش وازم لە قوتابخانە هێنا، من یەکێک بووم لەوانەی کە خوێندم، وە لەو بڕوایەدا بووم ئەتوانم ناوێک لە سروشتی خوێندنی خۆم بنێم. ئەویش مەیلی دەبەنگی بوو.

**پرسیار: هەروەها ماڵیشت جێهێشت بۆ پەیداکردنی بژێوی، وایە؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵێ وا بوو، یەکەم هەوڵم ئەوکات بوو کە تەمەنم سیانزە ساڵان بوو، لەبەر ئەوەی یەکێک لە نەنکەکانم دیارییەکی بچووکی کرسمسی داپێم، کە چەند سەد دۆلارێک بوو، بۆیە بە جانتایەکی بچوکەوە چوومە ناو نیویۆرک و هەوڵم دا سواری پاپۆڕ بم —کونارد- یان هەرچییەک بوو.

ئینجا بۆم دەرکەوت کە پارەی تـەواوم پـێ نییـە، هـەروەها هـیچ ناسـنامە و شتێکیشم نەبوو. بۆیە نەیانهێشت سواری پاپۆڕەکە بم. (5)

**پرسیار: ئەتویست بۆ کوێ بڕۆی؟**

ئێـدوارد ئـەلبی: هـەر کوێیـەک بوایـە، لەنـدەن، پـاریس، لەوانەیـە بـەرەو پاریس بچوومایە. بەڵام بۆم نەچووە سەر. بۆیـە چـاوەڕێم کـرد تـا بەتـەواوی تاقەتمان لەیەک چوو و هیچی تیا نەمایەوە.

**پرسیار: کە ماڵت جێهێشت، چـووی بـۆ گونـدی گرینـوچ لـە شـاری نیویـۆرک. بـەدوای چیـدا وێڵ بووی؟**

ئێدوارد ئەلبی: پێم وابێ پێم گووترابوو کە هەر جموجـۆڵێکی ڕۆشـنبیری لـە نیویـۆرک بـێ، لـە گونـدی گرینـوچ ڕووئـەدا، ئـەو شـوێنەی کـە خەڵکـە سەرنجڕاکێشەرەکانی لێیە. بۆیە چووم بۆ ئەوێ.

**پرسیار: ئەی دۆزیتنەوە؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵێ.لەو ڕۆژەیا دۆزینەوەیان هەر زۆر ئاسان بـوو، کـەس وەکیلی نەبوو، کەسیش ناودار نەبوو.

**پرسیار: کەگەیشتیتە ئەوێ چیت کرد؟**

ئێدوارد ئەلبی: تەواوم کرد – یان تەواوم نـەکرد – بـەچوون بـۆ بینینـی تـابلۆی هونەرمەنـدە ئەبسـتراکتە تەعبیرییـەکان و گـوێگرتن لـە مۆسـیقای هاوچـەرخ لـەکۆڵۆمبیا و لەسـەر شـانۆی مـاک مـیلان، بینینـی چـاکترین شانۆگەرییەکانی دەرەوەی برادوای، درێژەم بە گەشەپێدانی ڕۆشـنبیری خـۆم دا، کتێبخانە لەو دەوروبـەرە هـەبوو، هـەرکاتێک نەمتوانیایـە کتێبێـک بـدزم، ئەچووم زۆر بەهەرزان ئەمکڕی. ئەوەش خـراپ نـەبوو، وە سـاڵۆنگەلێکی زۆر هەبوو کە ئێمەی نووسەران ئەچووین بۆی هەموو شـێوەکارەکانیش ئـەچوون بۆ مەیخانەی سێدەر. بڕۆ ئەوێ و ببینە چۆن بەلادا دێـن، (ئەکـەون) هەنـدێ خۆشـە. پاشـان هـەموو نووسـەرەکان ئـەچووین بـۆ ئـەو مەیخانەیـەی سـەر

دوورپیانی بلیکەر و مەکدۆگاڵ؟ ئەرێ چیان پێ ئەگووت؟ سان ڕۆمیۆ. هەموو لەوێ بووین و دائەنیشتین و قسەمان ئەکرد، ئەگەر بتویستایە لەگەڵ ئاواز دانەرە لاوەکان بوویتایە دەبوایە بچوویتایە بۆ چایخانەی ڕووسییەکان — نا چایخانەی ڕووسییەکان نەبوو — مەیخانەیەک بوو لە باشووری ڕۆژئاوای کارنیج هۆڵ. لەیادم نەماوە ناوی چی بوو. ئاوازدانەرەکان لەوێ کۆئەبوونەوە، هەموو یەکترمان ئەناسی، هەموو کەس گیانی هاوڕێیەتی تێدا بوو. بەڵێ، کاتێکی خۆش بوو. بەڵێ نزیکەی دە ساڵم لە کاری دوای تەواو کردنی خوێندن لەوێدا بردە سەر.

**پرسیار: چۆن پشتیوانی خۆت ئەکرد؟**

ئێدوارد ئەلبی: یەکێ لە نەنکەکانم بەشە میراتێکی بچکۆلەی داپێم، کە بووە هۆی دابینکردنی بیرە و سەندەویچ و بەشی کرێی شوقەیەک کە لەگەڵ پێنج شەش هاوڕێی نزیکمدا گرتبوومان، هەروەها جارناجار ئیشم ئەکرد. تاقە ئیشیک کە پێم خۆش بوو دابەشکردنی تەلەگرامی وێسترن یونیەن بوو، ئەوە ئیشێکی باش بوو. هەر کاتێک بتەوێ ئەتوانی کار بکەی. وە ئەگەر بەڕاستی زیرەک بیت ئەتوانی بەئاسانی بەخشیش کۆ بکەیتەوە

**پرسیار: چی وای لێکردی یان ناچاری کردی ببیت بە نووسەر؟**

ئێدوارد ئەلبی: نازانم. کە مێردمنداڵ بووم ئەمزانی بەجۆرێ لەجۆرەکان تێکەڵ بە هونەر ئەبم. بۆیە ویستم ببم بەئاواز دانەر و وێنەکێش و شێوەکار و نووسەر، ڕێگا چارەیەکی ترم نەبوو، من ئەو کەسە بووم و بۆیە واش ئەکەم. ئیتر مێشکیش بەو جۆرە ئیش ئەکات.

**پرسیار: هیچ چرکە ساتێکی برەڕەوە(حاسم) لە ئارادا بوو؟**

ئێدوارد ئەلبی: نەخێر. ئایا بۆ یەکەمجار گوێ لە باخ ئەگیرا؟ ئایا تەماشای تابلۆیەکی مەزن ئەکرا؟ ئایا تورجینێڤ ئەخوێنرایەوە؟ ناتوانم دڵنیا بم. نازانم.

**پرسیار: یەکەم شانۆگەریت، "چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان" چۆن نووسرا؟**

ئێدوارد ئەلبی: لەیادم نییە، بەڵام ئەزانم کە ئامێرێکی چاپکردنم لە کۆمپانیای "وێسترن یونیەن" دزی و بردمەوە ئەو شوقەیەی کە لەگەڵ هاوڕێکانم تێیدا ئەژیام و دەستم کرد بە نووسینی ئەم شانۆگەرییە. دوو هەفتەی خایاند. ناوی " چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان"بوو. من تا ئەو کات زۆر شتم ئەنووسی. دوو هەوڵی نیوە ناچڵم لە نووسینی شانۆ داو هەرگیز تەواوم نەکردن، لەناکاو شانۆگەری "چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان"م نووسی.

هەستێکی زۆر غەریبم هەبوو."ئەمە خراپ نییە، ئەمە لەوانەیە زۆر تایبەت بە خۆ بێت" ئەمە یەکەمین شتێکە کە بتوانم بڵێم نووسیومە." تۆ ئەمەت نووسیوە، سەرجەم کاریگەرییەکانت خستۆتە لاوە و خستۆتە ژێرەوە. تۆ باش فێربووی، ئەمە دەنگی تۆیە."ئەوکات ئەوەم بۆ ڕوون بۆوە. ئەوەش هەستکردنێکی خۆش بوو.

**پرسیار: بەردەوام ئەنووسرێ کە تۆ وات دائەنا دیاری ئاهەنگی سی ساڵەی لەدایکبوونت بێ. ئایا ئەمە ڕاستە؟**

ئێدوارد ئەلبی: زۆر ڕاستە. ئەوە لەوانەیە دوای دەرکەوتنی ڕاستییەکان بووبێ. ئەزانی لێرە لە وێسترن یونیەن تەلەگرامم دابەش ئەکرد، منداڵیش بیت ئەتوانی ئەو کارە بکەیت، بەڵام ناتوانی تا پەنجا ساڵی لەو کارە بەردەوام بیت، ئەبێت پیشەیەکی ترت هەبێت.

**پرسیار: چۆن هەنگاوی بۆ هەڵئەهێنی و چۆن شانۆگەری ئەنووسیت؟**

ئێدوارد ئەلبی: تۆ ئەگەر شانۆنامەنووس بیت، زۆر زەحمەتە شتێ بۆ کەسێک ڕوون بکەیتەوە کە شانۆنامەنووس نەبێ— من بۆیە شاعیرێکی زۆر باش نەبووم، ڕۆمان نووسێکی خراپ و چیرۆکنووسێکی خراپ بووم. پاشان کەوتمە نووسینی شانۆگەری و دوواتر بۆم دەرکەوت کە ئەمە ئەو شتەیە کە ئەبێ بەدرێژایی ژیان بیکەم. هەروەها لەو بڕوایەدام کە هەموو نووسەرێک-هەموو کەسێک لەهەر لقێکی هونەردا بێت- کاتی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ئەوەی تەنها خۆی بێت، ئەوەش جیاوازە لە خەڵکیتر، ئەزانی هەندێ کەس لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا ئەو کارە ئەکەن، هەندێکی کەش تا پەنجا ساڵی ناگەن پێی. چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان ئەو ساتە وەختە بوو کە زانیم شتێکی باش و تایبەت بەخۆم نووسیوە. ئیتر لەوێوە دەست پێ ئەکەیت و ئاواش ڕوو ئەدات.

**پرسیار: ئەتوانی بڵێی ئیلهامی ئەوە چی بوو؟**

ئێدوارد ئەلبی: چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان ئەڵێی؟ نەخێر، نازانم، لە یادەوەری ڕابردوو؟ بێگومان. ئاشکرایە دوو جۆر خەڵکی پێچەوانەم شرۆڤە ئەکرد، یەکێکیان زۆر سازشی کردبوو لەسەر شێوازی گەورە بوون ئەویتریان هیچ شوێنێک سازشی نەکردبوو. ئەمەش بەرەو پێکدادانی ئەبردن، بەڵام ئەمە تەنها گرێچنەیە، لەڕاستیدا نازانم و قەتیش نازانم. تەنها شانۆگەرییەک کە ئەمزانی بەچی دەستی پێکردووە کاتێ کە شانۆگەرییەکم دەربارەی بەسێ سمیسی گۆرانیبێژی ڕەشپێست نووسی، کە لە دەرەوەی مەمفیس لە ساڵی 1937 مرد، تەنها لەبەر ئەوەی ڕەشپێست بوو، نەخۆشخانەکەش هی سپی پێستەکان بوو. تەنانەت لەوێ بەسێ لە شانۆگەرییەکەدا نییە، کەچی خوێنەکەی لەوێیە، بەڵام جگە لەوە شانۆگەرییەکانم نووسیوە بۆ ئەوەی بزانم بۆچی ئەیان نووسم- من چی بەمێشکمدا بێت ئەبێتە شانۆگەری. وە

ئەو ئیدراکەی لەسەرمدایە ئەبێتە شانۆگەری، منیش ئەیان نووسم. زۆر سادە و زۆر ئاسان و زۆر ڕاست.

**پرسیار: تۆ زۆر ئاسانی ئەکەیتەوە؟**

ئێدوارد ئەلبی: خۆی وایە، من یەکێک لەو شانۆنووسە تەعلیمیانە نیم کە ئەڵێ"من ئەبێ ئێستا شانۆگەرییەک بنووسم لەسەر..." ئەم یان ئەو بابەتە و هەندێ کارەکتەر پەیدا بکەم، بۆ من زۆر بەهێواشی دێتە بەر تەرکیز، کاتێ بەپێی پێویست دێتە بەر تەرکیز، ئەوکات گوێم لە کارەکتەرەکان ئەبێ و ئەیان ناسم و لە شوێنی خۆیان دایان ئەنێم.

**پرسیار: چۆن ژیانی نووسەر وەسف ئەکەیت؟ چی وات لێ ئەکات ببیت بە نووسەر؟**

ئێدوارد ئەلبی: وا دێنمە بەرچاو، ژیانی هەر نووسەرێک زۆر تایبەتە، هەندێک لە ئێمە ناوبانگێکی گەورەی هەیە، هەندێکی تریش زۆر سامناکانە بێدەنگن، کە کەس نازانێ ئێمە کێین، ئەمەش خراپ نییە. هەندێ خەڵک سەرکەوتنێکی بازرگانانەیان هەیە و هەندێکی کەش نییانە، لێرەدا شتێک نییە بەناوی "ژیانی نووسەر"ەوە، ئەوەی هەیە تەنها ئەو کاتەیە کە لەسەرەوە، یان هەر شوێنێک دابنیشیت و شتێک بنووسیت، ئەمە زۆر تایبەتە و لەوانەیە زۆر تایبەتیش بێ بۆ هەر کەسێک.

**پرسیار: تۆ وەک تاکێک، چی وات لێئەکات ئەو شتە بنووسیت کە ئەبێ بینووسیت؟**

ئێدوارد ئەلبی: بیرۆکەیەک کەبەمێشکمدا گوزەر دەکات، ئەوە ئەو شتەیە کە ئەمەوێ لە مێشکی خۆمی بهێنمە دەرەوە. ئاوا بەسادەیی، من شانۆنامەنووسم، لەبەر ئەوە شانۆگەری ئەنووسم، من ئەوە ئەکەم و من ئەوەم، پێموابێ ئەمە بۆ هەموو کەسێکی داهێنەر ڕاستە، هەندێ خەڵک ئاواز دانەرن. هەندێ کەس بە دروست لەمە ناگەن، ئەزانی هێنری جەیمس

لەو بڕوایەدا بوو ببێ بە شانۆنامەنووس، بەڵام هەڵە بوو، ئارسەر میلەر لەو بڕوایەدا بوو ببێ بە ڕۆماننووس، بەڵام هەڵە بوو. دوواتر لەمە حاڵی بوون.

**پرسیار: جێ و شوێنی نووسەر لەگۆمەڵگەدا چۆن ئەبینیت؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئەشێ بێ بایەخانە! لێی بووردرا بێت. پێویستە کرداری نووسین سوودبەخش بێت. ئەگەر نەتوانرێ تۆزێ زیاتر خەڵک پەروەردە بکرێت سەبارەت بە هۆشیاری بەرپرسیاریەتی، ئیتر ئەنجامدانی گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام هەموو ئەنووسین، چونکە ئەوەی ئەبینین جێی خۆشحاڵی نییە و ئێمە ئەمانەوێ خەڵک باشتر و جیاوازتر بێ، بەڵی بۆیە ئەو کارە ئەکەین.

**پرسیار: ئەمە یانی مەبەستێک لەئارادایە؟**

ئێدوارد ئەلبی: بێگومان. مەبەست بۆ هەموو شتێک لەئارادایە – تەنها حیزبی کۆماریخوازان نەبێ. لەوانەیە – جگە لەوەی ئەشێ فێری ترس و قێز لێهاتنەوەمان بکات.

**پرسیار: لەهەر ئیشێکدا نوشوستی هەیە، بێهیوایی هەیە، چۆن بەرخورد لەگەڵ ئەمە ئەکەیت؟**

ئێدوارد ئەلبی: لەو بڕوایەدام ئەبێ وای دابنێی کە هیچ کەسێک بەڵێنی باخچەی پڕ لەگوڵی پێنەداویت. هەندێجار ئاساییە و هەندێجاری تریش زەحمەتە، بەڵام ئەگەر هەستکردنێکی تەواوت بەخود نەبێ بۆ زاڵبوون بەسەر شکست، یان سەرکەوتن، ئەوا کێشەت هەیە، ئەوە ئەزانم کە هەندێ لەو شانۆگەرییانەم کە زۆر جەماوەری نین، کەچی چاکترینیانن، لەدوا جاردا هەر تێئەگەن، من وەک نووسەرێک قەت متمانەم بە ڕۆشنبیری خۆم کەم نەبووە، ئەمەش هەڵە دێتە بەرچاو، ئەمەش جەرگ بڕە، بەڵام هەقیقەتە، من وەکو نووسەرێک قەت گومانم نەبووە سەبارەت بە تواناکانم.

**پرسیار: ئایا قەت ئازارت بەهۆی گومانی خودیی، یان ترس لە ژێرکەوتن چێژتووە؟**

ئێدوارد ئەلبی: نەخێر. نەخێر. نەخێر. بەڵام دوای ئەوەی ئێستا کە زۆر پیرو کەنەفت ئەبم، ئەزانی ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە عەقڵم هەمان ئەو چیرۆکە بەپێزەی سەبارەت بە بەرنارد شۆ، ئەنجام بدات؟ ئەوەش کاتێ تەمەنی بەرەو نەوەد ساڵی ئەچوو — هیوادارم ئەمە ڕاست بێت — ڕۆژێ شانۆگەرییە بەراییەکانی ئەخوێنێتەوە، و گرفتی تێگەیشتنی ئەبێ لێیان، ئینجا ئەیان نووسێتەوە و سادەتریان دەکاتەوە و تا تێیان بگات، بۆیە ئەبێ کارەکانی لەبن دەست دەربهێنن چونکە دەستکارییان ئەکات.( پێئەکەنێ) لەوانەشە کۆمەکی هەندێکیانی کردبێت.

**پرسیار: تۆ پێشبینی ئەوەت بۆ خودی خۆت نەکردووە.**

ئێدوارد ئەلبی: ئۆی خوایە، هیوادارم وا نەبێ! ئەگەر وا بکەم هیوادارم لەبن دەستمی دەربهێنن.

**پرسیار: گرنگ نییە لە چ مەیدانێکدا بێ، تۆ ناتوانی هەموو کاتێک خەڵک دڵخۆش بکەیت. بەتایبەتی کاتێ ڕووبەڕووی ڕەخنە و پێداچوونەوە ئەبیتەوە، تۆ ئەوە چۆن ڕایی ئەکەیت؟**

ئێدوارد ئەلبی: بۆ ئەبێ کەسێک حەز بەوە بکات؟ هەموو شانۆگەرییەک چڕی خۆی هەیە، گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە. هەندێ شانۆگەری سادەن، هەندێکی تر ئاڵۆزن. هەندێکیان ئەزموونگەرین و هەندێکیشیان سروشتخوازن. جا ئەگەر بتەوێت دڵی هەموو خەڵک خۆش بکەیت، ئەوا بەرەو شکست هەنگاو ئەنێی.

**پرسیار: جا کەواتە بۆ دڵنیایی خۆت ئەبێت ئازایەتیت هەبێت؟**

ئێدوارد ئەلبی: تۆ ئەبێ ئەو شانۆگەرییە بنووسی کە لە مێشکتدایە، و وای دابنێی کە ڕۆشنبیرییەکەت نەڕووخاوە و هەروەها ئەگەر خەڵک وریا بن لەوانەیە شتێک فێر ببن.

**پرسیار: ئایا تۆ پڕکێشیی ئەکەیت؟ ئایا گرنگە وەک نووسەرێکی شانۆیی پڕکێشیی بکەیت؟**

ئێدوارد ئەلبی: من هەموو بەیانییەک لەخەو هەڵناسم بڵێم" ئێستا ئەتوانم هەندێ پڕکێشیی بدۆزمەوە و ئەنجامیان بدەم؟" نەخێر. بەڵام لەو بڕوایەشدا نیم سازشم لەسەر کردبن، لەو بڕوایەدا نیم قەت بەخۆم گووتبێ"پەح ئەمە ئەبێتە بابەتێکی قەتیس ماو، لەوانەیە باشتر بێ نەینووسم" یان " پەح لەوانەیە باشتر بێ لێرە سادەی بکەمەوە." نەخێر. چاویشی پێدا ناخشێنمەوە، هەوڵ ئەدەم بە ئاڵۆز کردنیان باشتر بێمە بەرچاو. نەخێر. تۆ ئەوە ئەنووسی کەلەمێشکتدایە.

**پرسیار: چ بەشێکی ئەو پرۆسەیە زۆر گرنگن بۆ تۆ، نووسینی بەرایی، یان دووبارە نووسینەوە؟**

ئێدوارد ئەلبی: دووبارە نایان نووسمەوە، بەهەرحاڵ زۆر نا، لەو بڕوایەدام ئەشێ من هەموو نووسینەکان دووبارە بنووسمەوە ئەمەش پێش ئەوەی ئاگادار بم لەوەی کە من شانۆگەری ئەنووسمەوە، چونکە وەک ئاشکرایە داهێنان بەرەنگاری دەکا و لە نائاگاییدا دەژێت، وا نییە؟ لەوانەیە بەرەنگاری نائاگاییش بکات و لەناو نائاگاییشدا بژێت، شانۆگەرییەکانم لەو بڕوایەدام کەشف دەکرێن پێش ئەوەی من ئاگام لێیان بێت، پێموابێ خۆیان لەوێدا فۆرمۆڵە ئەکەن و پاشان بەرەو هۆش و هەست ئەبزوێن و دوواتریش بۆ سەر کاغەز. من چاک ئەزانم — یان متمانەم هەیە- بە کارەکتەرەکان شانۆگەرییەکم بۆ بنووسن. بۆیە هیچ ناسەپێنم بەسەریاندا. لێیان ئەگەڕێم دەست ئاوەڵا بن و چییان ئەوێ بیڵێن و بیکەن و ئەمەش بۆ خۆی ئەبێتە شانۆگەری.

**پرسیار: لەگەڵ شانۆگەری کێ لەڤێرجینیا وۆڵف ئەترسێت؟ دان پیانانێکی بەرفراوانت بردەوە، ئەوە پڕوپاگەندەی سەرکەوتن و هەروەها ڕەخنەیەکی سەرکەوتوو بوو؟**

ئێدوارد ئەلبی: وە یەکەم شانۆگەریم بوو لە پەنجاو پێنج خولەک درێژ تر بێت.

**پرسیار: ئەوە چ کاریگەرییەکی بەسەرتەوە هەیە؟**

ئێدوارد ئەلبی: چی؟ ئەوە لە پەنجاو پێنج خولەک درێژ تر نەبوو؟

**پرسیار: ناو و ناوبانگی لەگەڵدا نەبوو.**

ئێدوارد ئەلبی: بەهەرحاڵ، من ناودار نیم و بڕوام بەم جۆرە دەستەواژانە نییە، من ئەو کەسانەی بەدڵیان بوو، ئاسوودەم کردن، ئەمەش ئاساییە، بەڵام حەزیشیان لە چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان و خەونی ئەمەریکی و مەرگی بەسیّ سمیس و سندووقی لم بوو، ئەوانەشیان بەدڵ بوو. بەڵام ئەم شێوازە جیاوازە، ئەمەیان لەسەر برادوەی نمایش کرا، بۆیە ئەمەش بەو مانایە بوو کە دەبوایە لەپێشبڕکێدا بێت و هەڵوێستێکی گەمژانەی لەو جۆرە. شانۆی بازرگانی. تۆ ئەو شتانە لەگەڵ خۆتدا بەرز دەکەیتەوە، ئەزانی من تا ئێستا بیست و هەشت شانۆگەریم نووسیوە، لەو بڕوایەدام زۆربەیان لە هۆڵی شانۆی بچکۆلەدا جیهانی پڕ بایەخی خۆیان هەبووە، لەو بیست و هەشت شانۆگەرییە، لەوانەیە کەمتر لە نیوەیان لەسەر برادوەی نمایش کرابن، کەچی گوێشم لیّ نییە. زۆربەی هۆڵە شانۆییەکانی برادوەی زۆر گەورەن، من بۆ هەر شانۆگەرییەکم هۆڵێکی چوار سەد کورسی بە باشتر دائەنێم لە هۆڵێکی نۆ سەد کورسی، کە لە بنچینەدا ژووری شانۆن، وە بینەری هۆڵێکی شانۆگەری بچوک زۆر وریا ترن و چەند گەنجتریش بن ڕۆشنبیرترن. بۆیە من زۆر خۆم بە بەختیار ئەزانم کە هیچ شانۆگەرییەکی ترم لەسەر برادوەی نمایش ناکریّ، جگە لەوەی لەوانەیە بەرپرسیاریت هەبیّ بۆ وریاکردنەوەی ئەو خەڵکە.

**پرسیار: لەسەر خەتی ئیشکردنت، بەشێوەیەکی زاتی چ شتێک هەستێکی مەزنی دڵنیاییت پێ ئەبەخشێت؟**

ئێـدوارد ئـەلبی: بەرهەمەکـەت لـەبازاڕ تـەواو نـەبێ، درۆ نەکـەیت، شانۆگەرییەکانم بەو شێوەیەی کە ئەیانـەوێ دابنـرێن، نـەک سازشـکردن لەسەر بەرهەم هێنان، یان ڕۆڵ بینین، یاخود شتی لەو جـۆرە. مـن هەمیشـە توانیومە خودی خۆم بم، کە ئەمەش شتێکی جوانە، لەوانەشە زۆر بەئاسـانی بۆم ڕایی بووبێ بە هـۆی سـەرکەوتنی بـەرایی شـانۆگەری کـێ لـە ڤێرجینیـا وۆڵف ئەترسـێت؟ بـۆ ئـەوەی بەرهەمەکـەت لـەبازاڕ تـەواو بـێ ئـەم هـەموو فشـارەت لەسـەر بـێ و ئـەبێ شـتێکی جیـاوازیش ئـەنجام بـدەی. بـەڵام ڕووبەڕووی جۆرێ لە شەڕەنگێزی بوومەوە. ئەمـەش ئـەو شـانۆگەرییەیە کـە نووسـیومە و ئەمـەش ئـەو شـانۆگەرییە نایابەیـە کـە ئەمویسـت بەئـەنجامی بگەێنم.

**پرسیار: ئایا قەت سازشت کردووە؟**

ئێدوارد ئەلبی: یەک دوو جارێـک سازشـم کـردووە، ئاسـوودە نـەبووم بـە هەندێ ئەکتەر کە دەبوایـە دایـان بنـێم، وەکـو تـر نـەخێر. ئـەزموونێکم لـەو بارەیەوە پیـادە کـرد. گـووتم" باشـە هـەموو خـەڵکی پـێم ئـەڵێن کـە ئەمـە هاوکاریکردنی هونەرە." بەهەرحاڵ شـتی لـەو جـۆرە کـە هـەرگیز بـڕوام پێـی نەبووە. ئەوە نواندنێکی داهێنەرانەیە و پاشان خەڵکیش هەن ئەو کارەت بـۆ ئەکـەن. لـە شـانۆگەرییەکدا گـووتم "باشـە ئـەم هـەموو خەڵکـە وا ئـەزانن لێهاتوون، من ئەو شتە ئەکەم کە ئەوان خوازیارین." بـێ ئـەوەی دەسـتکاری دەقەکە بکەم، وە زۆر شتم هاویشتۆتە سەر کە حەزم لێیان نەبووە. یان هیچ چوونە پێشەوەیەکی تێدا نـەبووە، ئـەوەش دۆڕانێکـی حەیابـەر بـوو، لەگـەڵ ئەوەشدا ئەگەر حەیای خۆم بەرم ئەمەوێ لەسەر حیسابی خۆم بێ.

حەز ئەکەم متمانەی خۆم و  گازاندەی خۆم بۆ خۆم هەڵگرم، چونکە خۆت ئەزانی وەک کەسێکی تر  ئەتوانم هەڵەی زۆر بکەم. بەڵام پێموایە هەڵـەکانم زۆر خۆشن. بەهەرحاڵ بۆ من وان.

**پرسیار: بە ئاوڕدانەوە بۆ دواوە، ئێستا چ شتێک دەربارەی دەستکەوت ئەزانی، لەکاتێکدا کە گەنج بووی تێی نەئەگەیشتیت و نەت ئەزانی؟**

ئێدوارد ئەلبی: من تەواو دڵنیا نـیم بیـرم لـەو جـۆرە شـتانە کردبێتـەوە، کاتێ کە دەستم پێکرد. وە دڵنیاش نـیم لـەوەی کـە ئێسـتا زۆر بیریـان لـێ ئەکەمەوە، بەڵام لـەو بڕوایـەدام لـە ئێسـتادا ئـەکرێ زۆر بەباشـی بیـر لـەوە بکرێتـەوە کـە چ شـتێک بەسـوودە. ئەمـە هـەموو شـتەکەیە. چونکـە هـەموو هونەرەکان سوود بەخشن. ئەگەر تەنها جوان کردنیان دەرباز بوون بێت ئەوە کات بەفیڕۆدانە، تۆ ئەو شتە ئەنووسـی کـە ئەینووسـی بـۆ هەوڵـدان تـا وا لەخەڵک بکەی بەو جۆرە ڕەفتار بکەن کە تۆ ئەتەوێ. وایان لـێ بکـەی بـەو جۆرە بیر بکەنەوە کە تۆ پێت وایە ئەبێ بەو شـێوەیە بیـر بکەنـەوە. ئەگـەر جوان ڕەفتاریان نواند ئەوا باشە، ئەگەریش نا ئەوا زەحمەتە. من وای ئەبینم دەستکەوتەکە لە پێکانی ئامانجەکەدایە.

**پرسیار: ئەتوانی بە درێژی باسی ئەوەمان بۆ بکەی مەبەستت لە "سوودبەخش" چییە؟**

ئێدوارد ئەلبی: هەموو هونەر سوود بەخشە، چونکە زۆرمان سەبارەت بـە ئاگـایی پێئـەڵێ. وامـان لێئـەکات تێوەگلێینـە بیرکردنـەوە و دووبـارە هەڵسەنگاندن و دووبارە تاقیکردنەوەی بەهاکانمان بۆ دۆزینەوەی هـەر شـتێ کـە بیـری لـێ ئەکەینـەوە و بـۆ مـاوەی بیسـت سـاڵ بیرمـان لیکردۆتـەوە و شـەرعییەتی هـەر مـاوە، هونـەر یارمـەتی داویـن بـۆ تێگەیشـتن لـە گـۆڕانی بەهاکان. ئەگەر ئێمە لە دۆزینەوەی تواناییـەکانی مێشـکمان بوەسـتین ئـەوە یانی خەوتووین. ئەی ئەگەر وایە بۆ هەر بەتەواوەتی نەخەوین؟ لەبـەر ئـەوە

هـەموو هونـەرەکان فەلسـەفین و سوودبەخشـن. ئـەوەش یەکێکـە لـە شـتە گرنگەکان سەبارەت بە هونەری ئەفریقی کە وەکـو هونـەر نـەخولْقاوە، بـەڵکو فەلسـەفەیەکی بەسـوودە بـۆ ئـایین و سـەما دروسـت بـووە. خـەڵکیش کـە دروستی ئەکەن بیر لەخۆیان ناکەنەوە" ئەی خوایە من چ پەیکەرتاشێکم." نەخێر. شتێکی سوود بەخش بۆ خۆیان دروست ئەکـەن. مـن لـەو بڕوایـەدام ئەمـە لـە ڕۆمـان و شـانۆگەری و شیعریشـدا ڕاسـتە. لەڕاسـتیدا وای ئـەبینم هەموو کەسە داهێنەرە جیدییەکان، هەمان هەستیان هەیە. زۆربەمان ئەوەندە ژیرین کە قسەی لەبارەوە نەکەین.

**پرسـیار: تـۆ باسـی "بـەهاکان" ئەکـەیت. ئـەمڕۆ قسـە زۆرە سـەبارەت بـە بـەهاکان لـە ئەمریکا، ئەتەوێ بڵێی چی؟**

ئێدوارد ئەلبی: هەمیشە زۆر وشە هەن بەهەڵە بـەکار دەهێنـرێن. مـن زۆر بیـر لـە بـەهاکانم ناکەمـەوە. ئـەزانم چـین ئەگـەر کەسـێک دەرزی ئـاژنم بکات، هەرچی لەتوانامدا هەبێ ئەیکەم بۆ پاراستنمان لـە هێزەکـانی تـاریکی کە ئەیانەوێ بەسەر دیموکراسیمانا زاڵ ببن، وە پێشموایە ئێمـە بەهێواشـی، ئاشتییانە، کۆمەڵگەی شۆڕشگێڕانە گەشە پێئەدەین. بۆیە ئاوا لەلایەن چینـی بازرگانانەوە شکڵمان پێدراوە و هـەروەها بۆیـەش ئـەبێ کۆمەڵگـە ئاشـتییانە گەشـە بکـات، مـن هـەوڵ ئـەدەم خۆمـان لـەو ڕاسـتییە بێـدار بکەمـەوە کـە داواکارییـە دیموکراسـییەکان دەنگـدانیان ئـەوێ و ئـەو دیموکراسـییەش زۆر ناسکە. هەروەها ئەگەر ئێمە لەسەر شتەکان هەڵنەدەین، ئەوا ئەو شـتانەی کە شایانمانە وەچنگی ئەخەین، وەک ئـەوەی کـە ئێسـتا ئەیکـەین. هـەروەها بڕواشم وایە هەموو هونەر لەبنەڕەتدا لە دیدگای فەلسەفییەوە، سیاسییە.

**پرسیار: ئەتەوێ بڵێی کە لە کارەکانتا پەیامێک هەیە؟**

ئێدوارد ئەلبی: لەوانەیە، هیوادارم کۆمەڵێ پەیام هەبێ، بەشداری خودی ژیانت بێت- لە سادەیی و بێوەییدا نقووم مەبە. تا ئەو جێگەیەی ئەزانین تۆ یەکجار ئەژیت، هیچ لەوە خراپتر نییە لە کۆتایی ژیانتا هەست بکەیت کە نەژیاوی.

**پرسیار: کەدەستت بەنووسین کرد، پێشبینی ئەوەت ئەکرد سێ خەڵاتی پۆلیتزەر بەدەست دەهێنی؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئمممم! ئەوە زۆە نییە.

**پرسیار: ئەوە چەند گرنگە بۆت؟**

ئێدوارد ئەلبی: تەماشاکە، ئەگەر خەڵات ببەخشێنەوە، زۆر باشە بەدەستیان بهێنی. هەرکاتێ خەڵاتێکم بەدەست هێنابێ سەرم سوڕماوە، هەرکاتێکیش بەدەستم نەهێنابێ هەر سەرم سوڕماوە، من لە حاڵەتێکی بەردەوامی سەرسوڕماندا ئەژیم.

**پرسیار: چۆن پێوانەی دەستکەوت ئەکەیت؟ ئەی سەرکەوتن چۆن هەڵئەسەنگێنیت؟**

ئێدوارد ئەلبی: من ناتوانم لەگەڵ کارەکانی خۆمدا ئەوە بکەم، چونکە ناتوانم بەو جۆرە لەکاری خۆم بڕوانم، ئەگەر کتێبێک بخوێنمەوە، یان بچمە شانۆگەرییەک، یان تەماشای تابلۆیەک بکەم، یان گوێ لەپارچە مۆسیقایەک بگرم ،وام لێ ئەکات ڕادەی وەڵامەکانم فراوانتر بێتەوە- وام لێ ئەکات جیاواز بیربکەمەوە، وام لێ ئەکات بەتەواوی بیر لە شتێک بکەمەوە- ئەوسا ئەزموونێکی بەسوودم هەبووە، بەپێچەوانەوە، وەک گووتم ئەوە تەنها ئارایشت و کات بەفیرۆدانە.

**پرسیار: هیچ شتێک هەیە کە نەت کردبێ و حەز بکەی بیکەی؟**

ئێدوارد ئەلبی: بازدان بە پەڕەشووت! حەز ئەکەم ئەوە بکەم، ئەگەر دڵنیا بم لەوەی ئەو نەعلەتییە ئەکرێتەوە و لەکاتی کەوتنە خوارەوەمدا

لاقەکانم ناشکێن، خۆشە ئەوە بکەی، نەخێر ئەمەویٚ بۆ ماوەیەک تـەنها بـە نووسینی شانۆگەرییەوە خەریک بم، چونکە ئەتوانم باشتر و بەسوودتر بم.

**پرسیار: تۆ لەو بڕوایەدای هەمیشە بواری بەرەو پێش چوون لەئارادایە؟**

ئێدوارد ئەلبی: هەمیشە، بێگومان، بۆیە لەو بڕوایەدام ئێستا لەم کۆتـایی هەفتەیە، شتێک بەدەست ئـەهێنم پێـی ئـەڵێن خـەڵاتی دەسـتکەوتی هـەتا هەتایی برادوای، کەتۆزێک زووە ئەمدرێتیٚ، من هێشتا کارەکانی ژیانم تـەواو نەکردووە. بەڵام وای دائەنێم ئەبیٚ زوو بتدرێتیٚ، ئەگەر بکـریٚ پـێش ئـەوەی بمری بتدرێتیٚ.

**پرسـیار: چ بیرۆکەیـەک، یـان گرفتێـک، یـان بـەرەنگار بوونەوەیـەک لـە ئەمـەریکـا لەسەرەتای سەدەی بیست و یەک جێگای بایەختن؟**

ئێـدوارد ئـەلبی: مەترسـییەکانی سـەر دیموکراسـی لەسـەر بەشـێک لـە پـاڵێوراوان کـە لـەو بڕوایـەدام دەنگـدان زۆر خۆپەرسـتانە بـوو. زۆربـەی دەنگـدانمان هـیچ پەیوەندییـەکی نییـە بـەوەی چ شـتێکی بـاش دێتـە ڕێـی خەڵکی باش، ئەوە دەنگدانێکی خۆپەرستانە و نەزانییە، بۆم دەرکەوت ئەوە زۆر مەترسیدارە، ئەوە ئەتوانیٚ زۆر زۆر خێرا دیموکراسی بکوژیٚ، ئەبینم کـە سـەرکەوتنەکان بەسـەر ئازادییـە مەدەنییـەکان لـە کۆمەڵگـەی خۆمـان مەترسـیدارانە شـکاونەتەوە، لـە ئەمـەریکا هـەرگیز مەترسـی لەلایـەن چـەپی موتەتەریف لەئارادا نەبووە. مەرگی دیموکراسی، فاشیزمە. وە خۆمان ئەبینم بەردەوام نزیکتـر و نزیکتـر ئەبینـەوە لـەو ملدانـە، کـە ئـەوەش زۆر نیگـەرانم ئەکات.

**پرسیار: ئایا دەربارەی ئەمە ئەنووسی؟**

ئێدوارد ئەلبی: پێموابیٚ هەمیشـە ئەنووسـم، بـەڵام نـاچم شـانۆگەرییەکی سیاسی فێرکاریی بنووسم، لەبـەر ئـەوەی بێمانایـە و ئەمـەش ئـەوە نـاهێنیٚ،

گەر بتوانم خەڵک قایل بکەم بە بێدار بوون، پڕ بە پڕی ژیان بژێ، ئەمە مەفرۆشە و سازشی لەسەر مەکە. خەڵک هان بدە ئەوە بکەن و ئینجا ئومێدیش هەیە.

**پرسیار: ئەگەر یەکێ لەم گەنجانە بێن بۆلات و دوای ئامۆژگاریت لێبکەن، چییان پێ ئەڵێی؟**

ئێدوارد ئەلبی: هەوڵبدە تۆزێک بچۆرە ناو هۆشی خۆتەوە. بزانە ئەتەوێ چی بکەی لە ژیانتا، بەڕاستی چیت ئەوێ و بەڕاستی تۆ کێی، تۆ ژیانی خۆت بەفیڕۆ مەدە بە ئەنجامدانی کارێک کە لەکۆتاییدا بێزار ببی لێی، یان هەست بە بێ بەرهەمی، یان کات بەفیڕۆدان بکەی. ئەوە ژیانی تۆیە، پڕ بە پڕی ژیان بژی و تا ئەتوانی سوودی ببینە."سوودبەخشی" لێرەدا زۆر گرنگە. پێویستە سوود بەخشانە ژیابی نەک خۆپەرستانە. ژیانێکی سوود بەخشانە، لەوانەیە لە دووا جاردا زۆر لەبەر دڵان بێ.

**پرسیار: دوا پرسیار: چۆن حەز ئەکەی یاد بکرێیتەوە؟**

ئێدوارد ئەلبی: پێم باشە بڕۆم لەبری ئەوەی یاد بکرێمەوە.

**پرسیار: هیچ شتێکی تر هەیە کەباسمان نەکردبێ و پێت وایە گرنگە بۆ باسکردن؟**

ئێدوارد ئەلبی: با بزانین، ئێمە دەربارەی سێ شتی زۆر گرنگ نەدواین، کە شانۆنامەنووس حەز ئەکات دەربارەیان بدوێ، ئەوانیش سێکس و پارە و خواردنن.

**پرسیار: سەربەست بە، باسیان بکە.**


ئێدوارد ئەلبی: ئێستا هیچ کاتمان بەدەستەوە نییە. حەیف!

**پرسیار: زۆر سوپاست ئەکەم.**

ئێدوارد ئەلبی: شایانی نییە، خۆشحاڵ بووم بە قسەکردن لەگەڵتا.(6)

❊ ❊ ❊

# چاوپێکەوتنی پێری فۆکس لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی
## یازدەی تشرینی دووەمی 2007



**بێری فۆکس: پێمان بڵێ، هەڵسەنگاندنی گشتیت چییە بۆ بارودۆخی شانۆی ئەمەریکی؟**

ئێدوارد ئەلب: بارودۆخی شانۆی ئەمەریکی پێویستی بەگەشەکردنی زۆر هەیە، ئێمە لە قوتابخانەکاندا خەڵکی ڕۆشنبیر ناکەین بە هونەر. بەداخەوە ئێمە لەبنچینەدا ڕۆشنبیریی هونەرییمان وەستاندووە، چۆن کەسێک بەشداری بکات لەکاتێکدا بە هونەر ڕۆشنبیر نەکرێت؟ بەداخەوە ئەوەی لەڕووی بازرگانییەوە باشە، بە پێویست ئەوە نییە کە لە ڕووی ئیستاتیکییەوە باشە. وڵاتی ئێمە پاڵ بە بازرگانییەوە ئەنێ لەسەر حیسابی ئیستاتیکا، ئەم دوانە دوو گرفتی جیددین.

**بێری فۆکس: تۆش لەم شاڵاوە بەشداری، یان ئەمە هێرشی جارانە؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئەی چۆن، قسەم لەسەر ئەم بابەتە کردووە... کەسیش گوێی لێ نەگرتووم. بەڵام وا بۆ ماوەی چل ساڵە قسە لەسەر ئەم بابەتە ئەکەم و بەردەوامیش خراپتر ئەبێ، ئەمە کێشەکەیە.

**بێری فۆکس: بەڕای تۆ چارەسەر چییە؟**

ئێدوارد ئەلب: خۆت ئەزانی ئەبێ دوو شتت هەبێ، خەڵکانێکی ڕۆشنبیر و بەدەربەست بۆ هونەر،ئەمەش ئەبێ لەقوتابخانەدا بەئەنجام بگات. ئەبێت مامۆستات هەبێت کە لەبواری هونەردا شایستەی وانە گووتنەوە بن و ڕێ پێدراو بن بۆ ئەو کارە. بەڵام بەردەوام ئەبینم پرۆگرامە هونەرییەکان لە قوتابخانە تایبەتی و گشتییەکاندا لائەبرێن، ئەبێت ئەمەت هەبێت و هەروەها ئەبێ کۆمەڵگەیەکت هەبێت کە بیەوێ بەهونەر ڕۆشنبیر بێت.

**بێری فۆکس: ئەگەر ئەمڕۆ دەست پێ بکەیتەوە، هەمان ئەو پیشەیە هەڵ ئەبژێریت، کە هەڵت بژاردووە؟**

ئێدوارد ئەلبی: لەوانەیە زۆر زەحمەت بێت، بەڵام بەردەوام کەسێکی نەختێک کەللەڕەق بوومە و پێم باشتر بووە خۆم هەڵە بکەم لەوەی بە هەڵەی

خەڵکی ترەوە بژیم، من هەمیشە و بەزۆری شتەکانم بەو شێوەیەیە کە خۆم مەبەستمە، ویستوومە. هەمیشەش توانیومە زۆربەیان بەدەست بێنم.

**بێری فۆکس: تۆ ئەچیتە فێستیڤاڵە مۆسیقییەکانی برادوای وەکو (لاین کینگ)، یان ئایا بە بێ بایەخییەوە ئەڕوانیتە ئەو جۆرە شتانە ؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئەبێ بیر بکەمەوە، بە هەرحاڵ پازدە خولەکی یەکەمی (لاین کینگ)، یەکێک بوو لە چاکترین فێستیڤاڵی مۆسیقا کەلەژیانما دیبێتم. بەڵام دوای ئەو پازدە خولەکە، بەخەڵک ئەڵێم هەڵسن و بڕۆن، پازدە خولەکی یەکەم زۆر نایاب بوو. من یەکێک بووم لە دەنگدەرانی (لیژنەی دادوەر)ی خەڵاتی تۆنی، بۆیە بەهۆی بەرپرسیاریەتی ئەبوایە بچوومایە بۆ بینینی شتگەلی خراپ. من ناتوانم دەنگ بدەم تا شتی باش نەبینم. ئەمەش بەو مانایەیە کە زۆربەی ئەو شتانەی لەسەر برادوای پێشکەش ئەکرێن باش نین، ئەبێ بە ناچاری ژمارەیەک شانۆی خراپ ببینم کە بۆ خەڵاتی تۆنی هەڵ بژێرراون.

**بێری فۆکس: ئێستا چیت بەدەستەوەیە؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئەوەی ڕاستی بێ ئێستا من بە چوار بەرهەمەوە سەرقاڵم، هەموو وەرزەکە بۆ شانۆگەرییەکانم لە نیویۆرک و دەوروبەری تەرخان کراون، من شتێکی تر ناکەم بێجگە لەوەی لە مەشقێکەوە بۆ مەشقێکی تر و هەوڵدان بۆ ئەوەی هەموو شتێک لەژێر کۆنترۆڵدا بێت، بەڵام شانۆگەرییەکی ترم لە خەیاڵدایە کە لەوانەیە بۆ هاوینی داهاتوو ئامادە بێ.

**بێری فۆکس: شتێکی باشە تۆ ئێستاش هەر خەریکی نووسین0**

ئێدوارد ئەلبی: من زۆر بەچاکی بایەخ بەخۆم ئەدەم، ئەچم بۆ کۆرسی وەرزش و وەرزش ئەکەم، ئەزانم چی ئەخۆم، جگەرە ناکێشم و ناشخۆمەوە، بۆ ماوەیەک ئەڕۆم لەگەڵیا، پێموابێت هەتا ڕوخانی عەقڵ.

**بێری فۆکس: چ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ شانۆنووسە لاوەکان؟**

ئێدوارد ئەلبی: باشە، تۆ ئەشێ بزانی خەڵکی پێش تۆ چییان کردووە، تۆ لە یۆنانەوە دەست پێئەکەی، لە سۆفۆکلیس و ئەرستۆفانیس، تۆ خۆت ئاشنا ئەکەی بە گرنگترین ئەو شانۆگەرییانەی کە لە مێژوودا نووسراین. ئەمە یەکەم شتە کە ئەبێت بیکەیت، ئەبێ بزانیت بەگژ چیدا ئەچیتەوە و (پێئەکەنێ) وە لە کێوە شت فێر ئەبیت، ئەمە زۆر گرنگە. بەڵام گرنگتر لەمەش ئەوەیە هەندێک کەس بیر لەوە ئەکەنەوکە حەز ئەکەن ببن بە شانۆنامەنووس، لەڕاستیشدا ڕۆماننووسن، یان شاعیرن و شانۆنامەنووس نین، تۆ بەڕاستی ئەبێت ئەوەت لا ڕوون بێت کە شانۆنامەنووسیت. ئەمە زۆر گرنگە.

**بێری فۆکس: چ شارەزاییەک تایبەتمەندیی ئەداتە شانۆنامەنووس؟**

ئێدوارد ئەلبی: نووسینی شانۆ تا ڕادەیەکی زۆر هونەرێکی بینراو و هەروەها ئەدەبییە، ئەبێ بتوانی بیر لەوە بکەیتەوە کە چ کارێک لەسەر شانۆ ئەبینرێ و ئەو کارە چ کاریگەرییەکی لەسەر چاو و گوێ هەیە.

**بێری فۆکس: تۆ ئەمە لەسەر کاغەز ئەبینیت؟**

ئێدوارد ئەلبی: بەڵێ ئەیبینم، هەر کاتێ کە شانۆگەری ئەنووسم، ئەبینم و ئەبیستم، وەختێ شانۆگەرییەک لەبەردەممدا نمایش ئەکرێت، من خۆم ئەبینم کە تەماشای ئەکەم، چونکە ئەبێ ببمە بینەریش.

**بێری فۆکس: تۆ سێ خەڵاتی پۆلیتزەرت وەرگرتووە، جیهان بەچاوێکی ڕێزەوە ئەڕواننە بەرهەمەکانت.**

ئێدوارد ئەلبی: بە هەرحاڵ بەدڵنیاییەوە جیهان بەچاوی ڕێزەوە لە وەرگری خەڵات ئەڕوانن.

**بێری فۆکس: حەز ئەکەم بزانم چۆن کارەکانی خۆت هەڵ ئەسەنگێنیت، تۆ ئێستاش وەک شانۆنامەنووسێک هەر خەریکی فێربوونیت؟**

ئێدوارد ئەلبی: ئەی خوا گیان... خۆزگە وابووایە، هەندێ کەس پرسیارم لێ ئەکەن چ شانۆگەرییەکت باشترینیانە، منیش پێیان ئەڵێم ئەگەر نووسیبێتم، ئەگینا بۆ بەردەوامم لەنووسین؟ جا هیوادارم باشترین شانۆگەریم نەنووسیبێ، من ئێستاش زیاتر لەئیشەکەم فێر ئەبم و هیواداریشم دوو سێ شانۆگەری داهاتووم کەئەیان نووسم، خۆش و بەسوود بن. بەسوود بوون زۆر گرنگە لام من.

## تێبینییەکانی وەرگێر:

1- بیڵی گاکستۆن ئەکتەر و هونەرمەندی ئەمەریکی هاو زەمانی ڤیکتۆر موور و ئێد واینە و گەلێ کاری هونەری و نواندنی هاوبەشیان پێکەوە هەیە، بیڵــی گاکســتۆن کــوڕی هــەردوو ســەدەی نـۆزدە و بیسـتە و زۆرم هــەوڵ دا شتێک لەژیاننامەی بیڵی لە دونیای فراوانی ئەنتەرنێتـدا چنـگ بخـەم، بـەڵام بەداخەوە هیچم دەست نەکەوت.

ڤیکتــۆر فریــدریک مــوور ئەکتــەر و کۆمیــدی و نووســەر و دەرهێنــەری ئەمــەریکـی، لەبیسـت و چـواری شـوباتی 1876 لـە شـاری هـامۆنتۆن لـە ویلایـەتی نیوجێرسـی لـەدایک بـووە و لـە بیسـت و سـێی تـەممووزی 1962 لەتەمـەنی هەشـتاو شـەش سـاڵیدا بـە جەڵـدەی دڵ کـۆچی دوایـی کـردووە، ڤیکتۆر لە سی و دوو فیلمی بێدەنگ و بیست و نۆ فیلمی دەنگدار بەشـداری کردووە.

ئێد واین ئەکتــەر و هونەرمەنـدی ئەمــەریکییـە، لـەنۆی تشـرینی دووەمـی 1886 لە فلادیلیفیـا لـە دایـک بـووە و لـە نـۆزدەی حـوزەیرانی 1966 لـە کالیفۆرنیای ئەمەریکا کۆچی دوایی کردووە، ئێد لە ژیانی هونەریدا لە بیست و هەشت فیلم و شانۆگەری باشداری کردووە، یا بەڕێوەبەری هونەری بووە.

1- هیپۆدرۆم، مەیدانی پێشبڕکێی ئەسپ و عەرەبانە. پێشانگەی ئەسـپ و سێرک و یاری.

2- جیمــی فرانســیس دورانــت گــۆرانیبێژ و کۆمیــدی و پیــانۆژەن و ئەکتەری ئەمەریکی، لە دەی شوباتی 1893 لە نیویـۆرک لـە دایـک بـووە و لە بیست و نۆی کانوونی دووەمی 1980 لەتەمەنی هەشـتا و شـەش سـاڵی

کۆچی دوایی کردووه، جیمی له چل و نۆ فیلم بەشداری کردووه، هەروەها پێنج شریتیشی بڵاو کردۆتەوه. ئەمه بێجگه له دەنگی سەگی فیلمی کارتۆنی منداڵانی بەناوبانگ (تۆم و جێری) که دەنگێکی ناسراوه بۆ هەمووان.

3- ئیڤان تۆرجینێڤ چیرۆکنووس و شانۆنووس و ڕۆماننووسی ڕوسییه، که له ساڵی 1818 له بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی له ڕوسیا لەدایک بووه و له ساڵی 1883 کۆچی دوایی کردووه، تۆرجینێڤ شەش ڕۆمان و ده کورته ڕۆمان (چیرۆکی درێژ) و نۆ شانۆگەری نووسیوه. تۆرجینێڤ به مایسترۆی ڕیالیزمی ڕوسی دائەنرێ. شایانی باسه تۆرجینێڤ یەکەمین کەسه دەستەواژەی نیهیلیزمی بەکار هێناوه.

4- کونارد کۆمپانیای گواستنەوەی دەریایی بەریتانی بوو، که له ساڵی 1840 دامەزرا و مانگانه گەشتی لەنێوان نیویۆرک و بەریتانیا ئەنجام ئەدا، شایانی باسه ئەم کۆمپانیایه تا ئێستاش درێژه به گەشتەکانی خۆی له نێوان ئەمەریکا و بەریتانیا ئەدات.

5- ئەم چاوپێکەوتنه، له دووی حوزەیرانی 2005، له شاری نیویۆرک ئەنجامدراوه و منیش لەسایتی ( **Academy of Achievement**) ەوه وەرم گرتووه و وەرم گێڕاوه. [**www.achievement**](http://www.achievement). وه لەبەر ئەوەی ناوی ئەو کەسەی گفتوگۆکەی لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی ئەنجامداوه، نەنووسراوه ، منیش وەکو خۆی هەر بەناوی "ئەکادیمیای دەستکەوت"ەوه بڵاوی ئەکەمەوه. شایانی باسه ئەم ئەکادیمییه کەوتۆته واشنتۆن و لەساڵی 1961ەوه دامەزراوه.

ئەکادیمیای دەستکەوتی ئەمەریکی ڕێکخراوێکی نا حکومییه، تێدەکۆشێ لەپێناو ڕۆشنبیر کردن و ئیلهامی لاواندا. لەساڵی 1961 له ویلایەتی واشنتۆن لەئەمەریکا دامەزرا. ئەکادیمیا خەڵاتی پێشڕەوانێک ئەکات له

بوارەکانی هونەر، بازرگانی، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، زانست، دۆزینەوە و وەرزش. ئەکادیمیا دان بەو شەش کلیلەدا ئەنێ بۆ سەرکەوتن کەئەمانەن: عاتیفە، ڕوئیا، خۆ ئامادەکردن، ئازایەتی، کۆڵنەدان. ڕاستگۆیی.

هەموو بەهارێک ئەکادیمیا میوانداری لووتکەی دەستکەوتی نێو نەتەوەیی دەکات. کە پەنجا خەڵاتکراوی جیاواز پێکەوە کۆئەکاتەوە (سی هی سالانی پێشوو، بیست-یش هەموو ساڵێک تازە دێن) لەگەڵ دوو سەد و پەنجا قوتابی دەرچوو لەئاستی نێونەتەوەییدا، لەم چوار ڕۆژە درێژەی لووتکە و لە میانی خوانێکی ڕازاوەدا خەڵاتی دەفری زێڕینی ساڵانە ئەبەخشرێت.

بۆ زانینی ناوی ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی ئەنجامداوە، نامەیەکم لە دووی حوزەیرانی 2010، ئاراستەی ماڵپەڕی سەرەکی ڕێکخراوەکە کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی :

سڵاو

ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی لە دووی حوزەیرانی ساڵی 2005 ئەنجامدراوە، خوێندەوە.

پرسیارەکەم ئەوەیە:

کێ ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئێدوارد ئەلبی ئەنجامداوە؟ ئایا هیچ سەرچاوەیەک هەیە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەکادیمیا بەزمانەکانی کوردی یان عەرەبی؟

سوپاس

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

شاعیر و نووسەری کورد

ماڵپەڕی سەرەکی ئەکادیمیاش ئاوا وەڵامی دامەوە.

سلاو

سوپاس بۆ پرسیارەکەت، خۆشحالّم چێژت لەو چاوپێکەوتنەی بەڕێز ئەلبی وەرگرتووە، چاوپێکەوتنەکە لەلایەن یەکێک لەستافی ماڵپەڕەکەمانەوە ئەنجامدراوە، وە هەموو سەرچاوەکان سەبارەت بە ئەکادیمیا لە ماڵپەڕەکەماندایە www.achievement.org

لەگەڵ ڕێزدا


ئیمیلی لۆیەر

سێی حوزەیرانی 2010 .

## سەرچاوەکانی ئەم چاوپێکەوتنانەی ئێدوارد ئەلبی :


1- http://findarticles.com/p/articles/mi_m1285/is_2_32/ai_83450560/
2- http://blog.pennlive.com/go/2007/11/the_edward_albee_interview.html
3- http://www.commonground.ca/iss/0302139/edward_albee.shtml
4- http://www.achievement.org/

# پرۆفایلی عەبدوڵڵا سڵێمان (مەشخەڵ)



* عەبدوڵڵا سڵێمان (مەشخەڵ)، لە ساڵی 1964 لە شاری کەرکوک لە دایک بووە.

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی وپاشان پەیمانگەی تەکنەلۆجیای لە ساڵی 1986 هەر لە کەرکوک تەواو کردووە.

* لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنووسێ و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و سایتە ئەلەکترۆنییەکان شیعر و وتاری ڕەخنەیی ئەدەبی و سیاسی و جەماوەری بڵاو کردۆتەوە.

* بەشداری چەندین کۆڕی شیعریی کردووە لە شاری هەولێر، لە ساڵی **1983** و لە شاری کەرکوک، لە ساڵی **1985**، دوو کۆڕی شیعریی تایبەتی کردووە لە شاری ڤانکۆڤەر لە کەنەدا، لە ساڵی **2001** و لە ساڵی **2010** .

* له ســـالّی 1987 لەگەڵ بەڕێـــزان جەمـــال کۆشـــش و نەوزاد ئەحـــمەد ئەسوەد (هۆشەنگ ) حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دادەمەزرێنن و بۆ مـاوەی سـێ ساڵ 12 ژمارەی گۆڤاری ڕابەر دەردەکەن.

* یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی بێکاران لە کوردستان 1992

* یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق 1993

* یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانـی بـزووتنەوەی بنیادنـانی حیزبـی کۆمۆنیسـتی کرێکاری عێراق 1998

* سەرنووسەری چەندین ژمـارەی ڕۆژنـامەی "دەنگـی بێکـاران" بـووە لەنێـوان ساڵانی 1992 — 1994 .

* ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤـاری هانـا بـووە لەنێـوان سـاڵانی 1997 — 2000 .

* ئێستاش حەڤدە ساڵە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت.

# بڵاوکراوەکانی عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ)

* چرای شۆڕش– شیعر (دەستنووس) لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕابەر 1989

* دیوارەکان ئەڕوخێنین– وەرگێڕانی بەشێک لە شـیعرەکانی برێخـت، لە ژێـر ناوی (دلاوەر حوسێن) (دەستنووس) وەرگێڕان

لەعەرەبییەوە لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕابەر 1990

* چاوم لێیە– شیعر 1992

* چەند گۆرانی یەک لە جەنگەڵستانی ژیانەوە– شیعر 1992

* نـــامیلکەی ( دەربـــارەی قـــانونی جەمعیـــاتی حکـــومەتی هەرێـــم ) – لێکۆڵینەوە– دیداری سیاسی–1993

* نـاميلكەی (بـا ئاورێـک بـۆ دواوە تەكانێـک بێـت بـۆ پێشـەوە) لەژێـر ناوی (مارف عوسمان)، مێژوویی- سیاسی لەبڵاوكراوەكانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق- 1993

* ڕژانی دڵۆپەكانی مەنفا-شیعر- 2005

* بیابانێكی پڕ لە دووكەڵ- شیعر- وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە- 2006

* گوڵـە مۆرەكـان- منـداڵان — چیـرۆک- وەرگێـڕان لە ئینگلیـزییەوە- 2006

* ئەڵاس- شیعر- وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە- 2007

* ئاكشن- شانۆگەری- وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە- 2008

2009* لولا و سەگەكەی- منداڵان- چیرۆک- وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە.

* دڵی سەرباز- شانۆگەری — وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە- 2009

* ڕاكشان لەتەنیشت تارمایی نیشتمانەوە- شانۆگەری- 2011

## كتێبی ئامادە بۆ چاپ

* بە باوەشێک لەفەناوە نیشتمانی زویر ماچ ئەكەم - شیعر

* لە پەنای ئێوارەیەكی مەخمەلیدا.. گووتمان - دیدار و ووتار و وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە

* ئێدوارد ئەلبی - شانۆگەری و چاوپێكەوتن وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە

* لەژێر دووكەڵێكی ڕەشدا - بیرەوەری كارەساتی ڕۆژی هەولێر

* فیفوخان و هاورێكانی - شانۆگەری — وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە

* كۆمەڵێ دەقی شانۆیی - شانۆگەری — وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە

* پاسـارییەک گشـت سـبەینان ئەڵێـت سـڵاو - چیـرۆک بـۆ منـداڵان — وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە

* لەبەردەم خۆرئاوابووندا پێمدەگووتی خۆشم دەوێی - كۆی شیعرەكانم.